# شرۆڤە

وەرزە گۆڤارێکی سیاسیی هزرییە
بەشی دیراسات و پێگەیاندنی
پارتی دەری دەکات

ژمارە (٣٢) ئایاری ٢٠٢٣

خاوەن ئیمتیاز :

**بەشی دیراسات و پێگەیاندن**

سەرنووسەر :

**د. چنار سەعد عەبدوڵڵا**

بەڕێوەبەری نووسین :

**مەحمود ئەرگوشی**

دەستەی نووسەران :

**شەوکەت سەعید**

**مەریوان فەتحی**

**هیوا بەڵخەیی**

**د . حەسەن کاکی**

لۆگۆ و یونیفۆرم :

**ئاسۆ مامزادە**

دیزاین :

**هیوا کۆمپیوتەر**

................................................................................

ناونیشان :

بەشی دیراسات و پێگەیاندن

کوردستان – هەولێر – گەڕەکی خانزاد – نزیک بەنزینخانەی شۆڕش

سەرنووسەر : 0750 445 2367

بەڕێوەبەری نووسین : 0750 445 6824

w w w . c e d a p d k . c o m

govari _ shirova @ yahoo. com

# پێوەرەکانی بڵاوکردنەوەی بابەت
# لە گۆڤاری شرۆڤەدا

**شرۆڤە وەرزەگۆڤارێکی سیاسیی هزرییە ، ئەو بابەتانە بڵاودەکاتەوە کە ئەم تایبەتمەندیانەی تێدابێت :**

- باس و وتارە زانستییە بڵاونەکراوەکانی تایبەت بە هزر و سیاسەت و ئابووری و جوگرافیا و ژینگە و کۆمەڵگای کوردستان.
- ئەو باس وتارانەی تایبەتن بە سەرنجی پسپۆران و دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان لەسەر هەرێمی کوردستان.
- باسە هەڵێنجراوەکانی نامەی ماستەر و تێزی دکتورا کە بڵاونەکراونەتەوە.
- باس و وتارە زانستییە وەرگێڕاوەکان کە پەیوەندیدارن بە هەرێمی کوردستان بە مەرجێك دەقە ئەسڵیەکەی لەگەڵدا بێت.
- ئاماژە بە سەرچاوەکان بەم شێوەیە دەبێت : (نازناوی نووسەر، ساڵ ، لاپەڕە) و لە نێوان دوو کەوانەدا لە نێو دەقی باسەکەدا دەنووسرێت.
- ژمارەی لاپەڕەی باسەکان لە ( ٣٠ ) لاپەڕە زیاتر نەبێت، بەفونتی یونیکورد و بەقەبارە (١٤) نووسرابێت.
- دەستەی نووسەران بڕیار لەسەر بڵاوکردنەوەی باس و وتارەکان دەدات بە پشت بەستن بە هەڵسەنگاندنی پسپۆری زانستی متمانە پێکراو.
- باس و وتارەکان گوزارشت لە بۆچوونی نووسەرەکەی دەکات.

# [ پێڕست ]


١- بنەما هزرییەکانی کاری پارتایەتی
**پارتی دیموکراتی کوردستان**
- پ. ی. د. چواس حەسەن ٦

٢- پێکهاتەکان لە ناو هزری پارتی دیموکراتی کوردستاندا
- د. فەرهاد کاکەیی ٢١

٣- کوردستان و سێ حکومەت
- د. هەیسەم مەیاحی وەرگێڕانی : مەریوان فەتحی کەریم ٣٠

٤- هەرێمی کوردستان لە نێوان ململانێ سیاسییەکانی ناوچەکەدا
- د. سامان سۆرانی ٤٤

٥- کوردبوون و پلە بەندییەکانی !
- پ. د. ڕەشاد میران ٥٢

٦- وشکە ساڵی :
پێناسە و چەمك ، هۆکار وکاریگەری، بەرەنگاربوونەوەو بەڕێوەبردن
- د. ئازاد نەقشبەندی ٥٦

# پێرست


٧- عێراق و پێشێلکردنی یاساکان و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان بەرامبەر بە گەلی کوردستان

• کرمانج عوسمان ٧٧

٨- جیهانگیری و پێگەیاندنی سیاسی

• هیوا بەڵخەیی ٨٤

٩- هەڵبژاردنەکانی (١٤)ی مایس
خاڵێکی وەرچەرخان لە ژیانی سیاسی تورکیادا

• پ. ی. د. مۆفق عادل ١٠٤

١٠- ئینتەلێکتۆکراسی :
ئایدیۆلۆژیای سیاسیی سەدەی ٢١

• ماهێندار کۆمار وەرگێڕانی : هێمن غەنی ١٤٨

١١- ژیانەوەی چین :
ڕۆڵی (شی جین) لە گەیاندنی چین بە چەقی جیهان و سەرکردایەتی گۆڕەپانی سیاسەتی جیهانی

• وەرگێڕانی: کارۆخ عەبدوڵڵا ئاغا ١٧٢

## بنەما هزرییەکانی کاری پارتایەتی

# پارتی دیموکراتی کوردستان



نووسینی: پ. ی. د. چواس حەسەن
پسپۆر لە یاسای گشتی

### ١- چوارچێوە

دەکرێت بڵێین کە دامەزرانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەدوای جەنگی جیهانی دووەم، یەکێکە لە ڕووداوە گرنگەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان، لە کوردستانی باشووردا، کە دواتر ڕاستەوخۆ دەبێتە بنەما بۆ هەموو دەستکەوتە سیاسی و دامەزراوەییەکانی گەلی کوردستانی باشوور، تا ئێستاشی لەگەڵدابێت. لێرەوەیە کە ئەکت و هزرەکانی پارتی دەبنە ڕووداو و هەموو بە جیدییەوە لێی دەڕوانن، بە تایبەتییش پرۆگرامەکەی کە دەکرێت بڵێین هەمیشە مانفێستی گەلی کوردستان بووە نەك تەنها بەرنامەی حزبێك. وەك ئاشکراشە کە لە بەرنامەی حزبدا بنەما هزرییەکان کۆڵەکە و چوارچێوەی سەرەکی

هەموو بەرنامە و ئۆرگان و پلان و چالاکیەکانی حزبن، بۆیە بۆ ناسینی قوڵی هەر حزبێك، سەرەتا پێوویستە کە بنەما هزریەکانی شەن و کەو بکەین و لێك بدەینەوە و تێبگەین. لەم سۆنگەیەوەیە ئەم بابەتە تەرخان دەکەین بۆ بنەما هزریەکانی پارتی وەك لە دوا کۆنگرەی خۆیدا (کۆنگرەی ١٤) لە تشرینی دووەمی ٢٠٢٢ بڕیاری لەسەر دراوە، دەمانەوێت بزانین چوارچێوە سەرەکی و هێڵە گشتیەکانی تێڕوانین و لەوەشەوە کارکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ داهاتوو، لەسەر هەموو ئاستە جیاوازەکان، چیە و چۆنە؟

## ٢- بنەما هزرییەکانی حزب

بەلای (ئیدمۆند بێرك) ەوە حزب بریتیە لە (هەڵگری بیرورا)، لەلای (بنیامبن کۆنستانت)یش لە سەدەی نۆزدەدا، حزب بریتیە لە کۆمەڵە کەسانێك کە هەڵگری یەك بیروباوەڕی سیاسین. (کلسن)یش لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بەوە پێناسەی حزب دەکات کە "پێکهاتەیەکە ئەو کەسانە لەخۆ دەگرێت کە هەمان بیرورایان هەیە، و ئامانجیان ئەوەیە کە کاریگەریی ڕاستەقینە بخەنە سەر بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی" لەو میانەیەشدا (کارل فردريك) پێگەیەکی گرنگ دەداتە کاریگەریی ئایدیۆلۆژیا لەسەر بەردەوامبوونی حزب، و دەڵێت "بۆ ئەوەی حزب بگاتە ئاستێکی باش لەبەردەوامبوون، پێوویستە کە خاوەن بیرو هزری تایبەت بە ڕێساو یاساکان و حوکمڕانی بێت"[١].

لەکۆی ئەو بۆچوونانەی سەرەوە لەبارەی پەیوەندیی نێوان حزب و هزردا، دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە **حزب تۆڕێکە لەپەیوەندی کۆمەلایەتی لەنێوان کەسانێك کە هەڵگری هزرێکی دیاریکراون و لەڕێکخستنێکی دیاریکراودا ڕێکخراون.**

بایەخی هزر بۆ حزب هەر لەوەدا دەرناکەوێت کە دەبێتە بنەما بۆ دامەزراندنی حزب، بگرە وەك ئاماژەمان پێدا، ئەوە هزرە کە بەردەوامیی بە حزب دەدات، ئامانجەکانی دادەڕێژێت، ئەو ئامانجانەی کە هەموو بڕیارو چالاکی و ئەکتێکی حزب لەپێناو

---

[١] - د.عبدالرضا حسين الطعان، البعد الاجتماعي للأحزاب السياسية، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٠، ص ١١٨-١١٩.

بەدیهێنانیاندا دەبێت، و ناسنامەی حزب دیاری دەکەن و جیای دەکەنەوە لەوانی تر. بەرێگەی هزر و ئامانجەکانە کە حزب وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت و شەرعیەتی لەناو کۆمەڵگادا پێی دەدات. هزر و ئامانجەکانی حزب دەبنە بنەمایەکی عەقڵانی بۆ بڕیار و دیاریکردنی باشترین بژاردەکانی، پلان و بەرنامەکان لەبەر ڕۆشناییاندا دادەڕێژێت و پاشانیش هەڵسەنگاندنی ڕێکخستنەکانی پێ دەکات. لە کۆتاییشدا دەتوانین بڵێین کە وابەستەیی ئەندامانی حزب و ڕێکخستنەکان بە حزبەوە، یەکگرتوویی و یەکپارچەیی حزب هەر لە یەکڕیزیی و تۆکمەیی هزریی حزبەوە سەرچاوە دەگرێت.

## ٣- بنەما هزرییەکانی کاری پارتایەتی

لە ماددەی (٣)ی پرۆگرامی بڕیار لەسەردراوی کۆنگرەی ١٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان ساڵی ٢٠٢٢دا، لەدوای پێناسەی پارتی، بنەما هزرییەکانی کاری پارتایەتی پارتی لە پێنج بڕگەدا دیاریکراوە، کە بەپێی بابەتە سەرەکیەکانی لەم تەوەرانەی خوارەوەدا باسیان لێوە دەکەین:

### ٣-١: پارتی وەك حزبێکی جەماوەریی و نوێنەری نەتەوەی کورد:

**لە بنەمای یەکەمدا هاتووە ( پارتی وەك حزبێکی دیموکراتی جەماوەریی پێشکەوتنخواز، نوێنەرایەتی نەتەوەی کورد و گەلی هەرێمی کوردستان لە عێراق دەکات، پشتبەستن بە ڕێبازی بارزانی نەمر، بڕوابوون بە مافی چارەنووس، لەپێناو مافە ڕەواکانیدا تێدەکۆشێت.).**

ئەو ڕاستییەی کە پارتی نوێنەری ویست و مافەکانی نەتەوەی کوردە گرێدراوە بە سروشتی حزبیی پارتییەوە و لێی جیاناکرێتەوە، بەوەی پارتی حزبێکی جەماوەرییە، مەبەست لەو چەمکەش (حزبی جەماوەریی) لەڕووی پێوەرە ئەکادیمییەکان ئەوەیە، لەڕووی ئامانج و بیروباوەڕەوە حزبە جەماوەریەکان ئامانجی گەورەیان هەیە کە دەربڕی ویستی زۆربەی خەڵکە، پرۆگرامەکەیان فراوان و گەورەیە و هەوڵ دەدات بۆ پێشخستنی کۆمەڵگا. لەڕووی ڕێکخستنیشەوە باش ڕێکخراون، چونکە ژمارەی ئەندامانیان زۆرە و لەڕووی دیموکراسیەوەش، لەبەر ئەوەی حزبە جەماوەریەکان دەربڕی ویستی جەماوەرێکی فراوانی خەڵکن، بۆیە پەرە بە دیموکراسی

ناوخۆییان لە هەڵبژاردنی سەرکردەکانیان و پاڵێوراوەکانیان بۆ هەڵبژاردنە گشتیەکان دەدەن[٢].

هەرچی پەیوەندیشی بە نوێنەرایەتی نەتەوەی کورد هەیە، ئاشکرایە کە دامەزرانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لەدوای جەنگی جیهانی دووەم، لەگەڵ ئەوەی پەیوەندیەکی راستەوخۆی هەبوو بەو گۆڕانکارییە گەورانەی بەسەر تەرازووی هێزەکان لەسەر ئاستی جیهاندا، لەدەرەنجامی جەنگەکەدا، هاتبوو، و وای کردبوو کە خەون و خەباتی گەلانی ژێردەستە لە سەرتاسەری جیهاندا بگەشێتەوە و ڕەوتی یەکسانیی خوازیی نێوان گەلان و لە گۆڕنانی ئیستعمار گوڕوتینێکی دیکە بەخۆیەوە ببینێت، بەڵام لەهەمان کاتدا ڕووداوێکی کتوپر و بێ پێشینە نەبوو لەسەر ئاستی کورد خۆی، بگرە هەنگاو و بازێکی مێژوویی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردیش بوو لە دەرەنجامی کەڵەکەبوونی مێژوویەکی دوورودرێژی خەباتی گەلی کورد بۆ گەیشتن بەمافە نەتەوەییەکانی، هەر لە دوای ڕووخانی میرنشینە کوردیەکان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا کە دوا دامەزراوەی دەسەڵاتی کوردیی بوون بە شەرعیەتی ناوخۆیی، تا دەگاتە بێبەشبوونە گەورەکەی گەلی کورد لەهەموو مافەکانی لەدوای جەنگی جیهانیی یەکەم بە ڕێگەی کۆمەڵێك پەیماننامە و ڕێکەوتننامەی نهێنی و ئاشکرا (وەك سایکس بیکۆ و ئەوانی تر)ی نێوان زلهێزەکانی جیهانی ئەو سەردەمە (بەریتانیا و فەرەنسا بەتایبەتی).

پارتی دیموکراتی کوردستان لە دوای جەنگی جیهانی دووەم پێویستیەکی سەرەکیی خەباتی گەلی کوردبوو بۆ داهاتوو، ئەوەتا لەلایەك قۆناغی خەباتی گەلی کوردی لە شۆرشی ناوە ناوەی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی بەسەرکردایەتی سەرکردە تەقلیدیەکانی دوای نەمانی میرنشینەکان گواستەوە بۆ خەباتی سەرتاسەری و بەردەوامی گەلی کورد بەسەرکردایەتی نەوەیەکی نوێی سیاسی کە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە بەرەبەرە سەریانهەڵدابوو، لەلایەکی دیکەش پارتی بووە چوارچێوەیەکی سەرەکی کۆی ڕێکخراو و گروپ و ڕێکخستن

---

[٢] - بڕوانە د.طارق علي الربيعي، الاحزاب السياسية، جامعة بغداد-بغداد، ١٩٩٠، ص ١٢٦-١٢٧.

و کۆمـەڵـە و حزبـەکـانی ئەو سـەردەمی کوردستانی باشوور (وەك حزبی هیوا، حزبی ڕزگاریی کورد، ....هتد)[3]، کە لەم شـار و لـەوشـاری کـوردسـتـان، لـەلایـەن دەسـتـەبژێرێکی نوێی سـیاسـی گـەلی کوردسـتانەوە بۆ مەبەسـتی خەبات کردن لەپێناو گەیشـتن بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد دامەزرێندرابوون، بە شـێوەیەك کە هەموویانی لەناو بۆتەکەی یەك حزب و کاری ڕێکخراوەیی بۆ یەك مەبەست تواندەوە بە سەرکردایەتی سەرکردەی بەهێز و خاوەن کارێزمای نەتەوەیی (مستەفا بارزانی).

خاڵی هەرە گرنگیش لە مەغزای دامەزرانی پارتیدا ئەوەبوو، پارتی تاکە دامەزراوەیەکی سـیاسـی گەلی کوردسـتانی باشـوورە کە جێگرەوەی ئەو دەوڵەتە کوردیە بوو کە دەبوایە لـەدوای جـەنگی جیـهـانـی یـەکـەم، لـە گۆڕانکاریە گەورەکانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاسـتدا، وەك مافێکی ڕەوای نـەتـەوەی کورد دابمەزرێت، بەڵام بە کۆمەڵێك هۆکار، لەپێشـیانەوە نەبوونی وویسـتی زلهێزەکانی ئەوسـای جیهان وەك بەریتانیا، دانەمەزراو دواتر ڕێگریش کرا لە دامەزرانی.

لە ڕاستیدا ئەم پێگەیەی پارتی و چوارچێوە و سـەردەم و ئامانجەکان لە دامەزراندنیدا لەلایـەن بارزانی نەمرەوە، تا ئێسـتـاشـی لەگەڵدا بێت، دوای تێپەڕبوونی پتر لە ٧٠ ساڵ، لەلایەك کاریگەریی خۆی لەسەر بنەما هزری و ئامانجەکانی وەك خۆی ماوەتەوە، لەلایەکی دیکەش هێشتا وەك تاکە هێزێکی سیاسی کوردستانی لە کوردستانی باشوور و بگرە سـەرجەم کوردسـتـانی گەورەش لە گۆڕەپانی سـیاسـی ناوچەکەدا بەکارایی مـاوەتـەوە، بگرە هێشـتـاش وەك حزبێکی جەماوەریی دیمۆکراتخواز، وەك ئەوێ ڕۆژێی دامەزرانی، لەسەر ئاستی ناوخۆ و ناوچەکە و جیهان، لەلای دۆست و دوژمن، نوێنەرایەتی ویسـت و مافەڕەواکانی گەلی کورد دەکات، داکۆکییان لێ دەکات و سـازشـیان لەسـەر نـاکـات. نـەوە لـەدوای نـەوە، بـەش بـەش دەیانهێنێتەدی.

کەواتە پارتی و ڕێبازی بارزانی، وەك چۆن لە سەرەتای دامەزرانیەوە ئاوێتەی یەکدی بوون و لێکـدی جیـانـاکرێنـەوە، بـەوەی پـارتی

[3] - بۆ پترلەبارەی دامەزرانی پارتی دیموکراتی کوردسـتان بڕوانە حبیب محمد کریم، تأریخ الحزب الدیمقراطی الکوردسـتـانی-العراق، دهوك،١٩٩٨، ص ٢٥-٢٩. هەروەها بڕوانە عبدالسلام بەرواری، أثر التغیر الإجتماعی علی الأحزاب الکوردسـتـانیـة، مطبعـة روژهـەلات، أربیل،٢٠١٣،ص٦٨ ومابعدها.

دەربڕی ویست و ڕێباز و بڕوای بارزانی نەمرە، ئەو ڕێبازەی کە بڕوایەکی پتەوی بەمافی چارەنووسی گەلی کورد هەیە، میراتگری مێژووە پڕ خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردە بۆ گەیشتن بەمافە ڕەواکانی، باوەڕی بە دیموکراسی هەیە و جەماوەر بە قوڵایی توانا و هێزی خەبات دەزانێت.

### ٣-٢: دیموکراسی و فیدرالی لە هزری پارتیدا:

**لە بنەمای دووەمدا هاتووە (پارتی باوەڕی بە دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات هەیە وگەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە. بەگوێرەی بنەما دیموکراسیەکان کە خۆیان لە کێبڕکێی ئاشتیانەی سیاسی و هەڵبژاردنی ئازاد و دەوری دەبیننەوە، دەسەڵاتەکان ئاڵوگۆردەکرێن.).**

هەروەها لە **بنەمای سێیەمیشدا هاتووە (پارتی لەگۆڕەپانی سیاسی عێراقیدا وەك پارتێکی دیموکراتخواز کار بۆ چەسپاندنی سیستەمی دیموکراسی فیدرالی دەکات. لەسەر بنەماکانی هاوبەشێتی ڕاستەقینە و هاوسەنگی و بەشداریی کارا، بۆ بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد و کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵدا.)**

لەدوای ڕاوەدوونان و وەدەرنانی ڕژێمی داگیرکاری بەعس لە کوردستان لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، سەرۆك بارزانی، گەرما و گەرم، لە کۆیە لەبەردەم ئاپۆڕای خەڵکدا، داوای ئەوەی کرد کە دەبێت ئەو ئازادیەی گەلی کوردستان لە سیستەمێکی دیموکراسیدا بەرجەستە و ڕێکبخرێت، کە بەئیرادەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بەرێگەی هەڵبژاردنێکی گشتیەوە بهێنرێتەدی. ئەم وتار و داوایەی جەنابی سەرۆك بارزانی هەروا زادەی ساتە وەختی ڕاپەڕین و دیمەنە هەست بزوێن و وروژێنەرەکانی نەبوو، نە داوای لایەنێکی نێودەوڵەتی دەرەکی بوو، بەڵکو ئەوە ئەوساتە بوو کە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد پتر لە ٧٠ ساڵ بوو ڕاستەوخۆ خەباتی بۆ دەکرد، ئەو ساتە بوو کە پارتی پتر لە ٤٥ ساڵ بوو بەرنامەی بۆ دادەنا و تیۆریزەی دەکرد و کاری لەسەر وەدیهاێنانی دەکرد، ئەو ساتە مێژوویە بوو کە بارزانی نەمر لەپێناو پێگەیشتنیدا پارتی بۆ دامەزراند و سەرکردەی وەك سەرۆك بارزانی بۆ پێگەیاند، چونکە دیموکراسیەت هەر لەسەرەتاوە،نەك هەر ویست و ئامانجی پارتی بووە، بگرە ناو و ناونیشانیشی بووە.

لەلایەکی دیکەوە، ئاشکرایە کە دوای ئازادبوونی عێراق لە دیکتاتۆریەتی سەددام و بەعس، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی کە عێراقی پێوە دەنالاند، وویستی پارتی بوو لەوەی عێراقیکی نوێ لە چوارچێوەی دەستوری ساڵی ٢٠٠٥دا، لەسەر بنەمای دوو گۆڕانکاری گەورە دابمەزرێندرێتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە:

**یەکەم**، بەدیموکراسی کردنی سیستەمی حوکمڕانی لە عێراق وەک بنەمایەک بۆ بنبڕکردنی ئەگەری سەرهەڵدانەوەی حوکمی دیکتاتۆری،

**دووەم**، بەفیدراڵیکردنی دەوڵەت وەک بنەمایەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پێکهاتەی نەتەوەیی و تایفی و ڕەنگاڵەیی ئایینی و ئیتنی عێراق بە گشتی و دابینکردنی مافەکانی کوردستانیان بەتایبەتی.

کەواتە هەریەك لە وویستی دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسی لە کوردستان و عێراق لەلایەك و گۆڕینی شێوەی دەوڵەتی عێراق لە دەوڵەتێکی سادەی مەرکەزیەوە بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵی، دوو ویست و ئامانجی سەرەکی پارتی بوون و پارتین. پرسیارەکە ئەوەیە ڕەگ و ڕیشەی ئەو داواکاری و ئامانجانە بۆ کوێ دەگەڕێنەوە؟ پەیوەندی نێوانیان دیموکراسی و فیدراڵیزم چیە؟ گرنگی و بایەخی ئەو دوو ئامانجە بۆ پارتی و گەلی کوردستان لە عێراقدا چین ؟

لە سەروبەندی جەنگی جیهانی یەکەم و ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانیدا، پەیوەندی مرۆڤەکان لە خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا بەدەست دوو گرفتی سەرەکییەوە دەینالاند، یەکەمیان، پەیوەندی نێوان تاك و دەوڵەت کە تای تەرازووی بەلای دەوڵەتدا قورس بوو، واتا تاك خاوەن ماف نەبوو لە بەرامبەر دەوڵەتدا، یان بەلایەکی دیکەوە دەوڵەت خاوەن هەموو دەسەڵات و مافێك بوو لەبەرامبەر تاکدا، دەیتوانی ژیان و سەر و ماڵ و ئازادیی زەوت بکات، دووەمیشیان، پەیوەندی نێوان کۆمەڵگاکان، یان نەتەوەکان لەگەڵ یەکتریدا، بەوەی هەندێکیان دەسەڵاتدار و خاوەن ماف و دەسەڵاتی ڕەها بوون بەسەر هەندێکی دیکەیاندا، جا بە بیانووی نەتەوەیی بێت یان تایفی یان ...هتد، واتا هەندێك نەتەوە یان تایفە دەسەڵاتدار و هەندێکی دیکەشیان ماف

زەوتکراو، سەرکوتکراو، داگیرکراو ...هتد.
بەواتای لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا مافەکانی مرۆڤ لەسەر هەردوو ئاستی مافە تاکیەکان و مافە بەکۆمەڵ یان گروپیەکان، لە دواوە و لەکێشەدا بوو. بۆیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە دەبوایە کە هەردوو سیستەمی حوکمڕانی و شێوە و شکڵی دەوڵەت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مافانە و تەرازوو و هاوسەنگییان لە نێوان تاك و دەوڵەت یان لەنێوان گروپ و کۆمەڵگاکاندا، پێداچوونەوەیەکی جیددییان بۆ بکرێت و دووبارە فۆرمەلە بکرێنەوە. ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانیش ئەو دەرفەتە زێڕینە بوو بۆ ئەو پێداچوونەوە و فۆرمەلە کردنەوەیە.
لەوانەیە لێرەدا ئەستەم بێت کە ڕەوشی حوکمڕانی و مافی تاکەکان و گروپەکان بۆ سەرجەم خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لەماوەی سەدەی ڕابردوودا، بە وردی هەڵبسەنگێنین و بزانین دەرفەتی ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی و دووبارە فۆرمەلە کردنەوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، چەندی لەو دووکێشە سەرەکیانەی سەرەوە چارەسەرکردووە، بەڵام دەتوانین بڵێین بەدڵنیاییەوە بەگوێرەی گەلانی عێراق بەگشتی و گەلی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا بە تایبەتی، لە دوای دامەزرانی دەوڵەتی عێراقی لە ساڵی ١٩٢١دا، هیچ کام لەم کێشانە چارەسەر نەبوون. بگرە دۆخی مافەکانی مرۆڤ بەگوێرەی نەتەوەی کوردەوە لەوپەڕی خراپی و پێشێلکاریدا بوو تا گەیشتە ئەوەی کە جینۆساید بکرێت، چونکە لەلایەك دەوڵەتی عێراقی دەوڵەتێکی سادەی یەك ناوەندیی چڕ بوو و بەهیچ شێوەیەك بەشداریی کورد لە دەسەڵاتدا بایەخی پێ نەدراو پشتگوێخرا، لەلایەکی دیکەش خودی سیستەمی حوکمڕانی نەبووە سیستەمێکی دیموکراسی و بگرە بووە دیکتاتۆریش لەسەردەمی سەدام حسێن دا.
لەو ڕاستیەی سەرەوە بوو کە خەباتی گەلی کورد لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردووە بۆ گۆرینی ئەو واقیعە تاڵەی بێ مافیی کورد بوو لەسەر هەردوو ئاستی تاك و گروپ. لەو میانەیەشدا پارتی بە ووردی و دیقەتەوە ئەسڵ و بنەچەی کێشەی دۆزی ڕەوای گەلی کوردی لە عێراقدا بەوە دیاری کردبوو، کە خۆی دەبینیەوە لە نەبوونی دیموکراسی لەلایەك و سادەیی و ناوەندیی شێوەی دەوڵەت لەلایەکی دیکە، بۆیە لە بەرنامە و ئامانجی خۆیدا ساغی کردبۆوە کە بۆ گەیشتن بە مافەکانی نەتەوەی کورد

پێوویستە سیستەمی حکومڕانی لەعێراقدا ببێتە سیستەمێکی دیموکراسی و شێوەی دەوڵەتی عێراقیش، بۆ ئەوەی بەشداریی و پشکداریی نەتەوەی کورد لە حوکمڕانی لە دەوڵەتی عێراقدا مسۆگەر بکات، ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی.
بۆ ویستی حوکمڕانییەکی دیموکراسیانە، چونکە ئەوە دیموکراسیە کە دەتوانێت هاوسەنگیەك لەنێوان تاك و دەوڵەتدا، باشتر لەهەر سیستەمێکی دیکەی حوکمڕانی، دێنێتەدی. وا دەکات کە دەوڵەت بۆ ئەوە و تا ئەوەندە بوونی هەیە کە لە خزمەتی تاکدا بێت، نەك مافەکانی زەوت بکات، یان وەك زەبەلاحێك پانی بکاتەوە. بۆیە لەهزر و جیهان بینی پارتیدا پێویستە عێراق و هەر قەوارەیەکی دیکەی تریش کە ببێتە چوارچێوەی مافەکانی گەلی کورد (وەك هەرێمی کوردستان لەم قۆناغەدا)، پێویستە بە ڕێگەی سیستەمێکی دیموکراسیەوە دابمەزرێن و بەڕێوەببرێن، تاکەکان تیایاندا بناغەبن و دابین کردنی ئەوپەری مافەکانیان ئامانج بێت.
ویستی بە فیدراڵیی کردنی دەوڵەتی عێراقیش، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستیەی کە لە ئێستادا، لەبەر هەر هۆکارێك بێت، بارودۆخ ڕێگە نەدات نەتەوەی کورد، وەك گەلێکی ڕەسەن و سەرەکیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، چارەنووسی خۆی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا دیاری بکات، ئەوا ڕێگەچارەی مام ناوەندیی بۆ پشکداری و بەشداریەکی هاوسەنگ و کارا لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقدا بریتیە لە شێوازی دەوڵەتی فیدراڵی، چونکە ئەوە دەوڵەتی فیدراڵییە کە دەتوانێت تاڕاددەیەك لانی کەمی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە خۆبەڕێوەبردندا دابین بکات .
دەبێت ئاماژە بەو ڕاستیەش بکەین، کە لەبەر رۆشنایی تاقیکردنەوەی حوکمڕانی دیموکراسی و فیدراڵی لەعێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣، هێشتا کێشەی گەورە لە دیموکراسیەکە و فیدراڵیەکەی عێراق دا هەیە، بە شێوەیەك هێشتا پێویستە کاری جیددی و قولی لەسەر بکرێت. و لەبەر رۆشنایی ئەو ڕاستیەی کە زانای زانستە سیاسیەکان **ویلیام لیڤینگستۆن** William Livingston (١٩٢٠-٢٠١٣) لە ساڵی ١٩٥٦دا لە نووسینێکیدا بەناونیشانی (فیدراڵیزم و گۆڕانی دەستوریی) لە چوارچێوەی سۆسیۆلۆژیای فیدراڵیدا دەڵێت:

**"حکومەتی فیدراڵیی تەنها بۆ ئەو سیستەمە سیاسیانە گونجاوە کە لەسەر بنەمای دیموکراسی.... دامەزراون. بەو مانایەی لەگەڵ هیچ شێوەیەک لە شێوەکانی دیکتاتۆریدا ناگونجێت. پێشمەرجی حکومەتی فیدراڵی بریتیە لە ئارەزوو و توانای گەرەنتی کردنی هەرێمەکان لە بەرامبەر دەست درێژیەکانی حکومەتی ناوەندیدا. ئەگەر ئەوەی دواییان (حکومەتی ناوەندی) دیکتاتۆری بێت، چۆن ستراکچەری فیدراڵی گەرەنتی دەکرێت؟! لەوانەیە هەرێمەکان بە ئەرکەکانی خۆیان هەڵسن بەڵام بێگومان لەژێر سایە و رەحمەتی دیکتاتۆریدا دەبن".**

ئەوا پێویست دەکات کە پارتی وەك حزبێکی نوێنەری مافە نەتەوەییەکانی کورد هەردوو بابەتی دیموکراسی و فیدراڵی بوونی عێراق بەیەکەوە گرێبدات و بە شێوەیەکی لەیەك دانەبڕاو مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، چونکە وەك سەرنج دەدەین لە ڕایەکی لیڤینگستۆن، لە وڵاتانی دیکتاتۆریی بەناو فیدراڵیدا، حکومەتی ناوەندیی کەسانی دەستەمۆ و بێدەسەڵات لەحکومەتی هەرێمەکاندا دادەمەزرێنێت، بۆیە هەرێمەکان تەنها دەبنە وەکیلێکی حکومەتی ناوەندیی، بە شێوەیەک ناوەڕۆکی فیدراڵی لەڕووی سەربەخۆیی و هەماهەنگی هەرێمەکان لە پراکتیکدا بەتاڵ دەبێتەوە، لەوەشەوە جەختدەکاتەوە لەسەر ئەوەی دیکتاتۆریی و دیموکراسیی لەشێوازی حوکمڕانی فیدراڵیدا کۆنابنەوە.

کەواتە وەك بۆمان دەردەکەوێت دیموکراسی و فیدراڵیی دوو ڕووی یەک پرۆسەن لەو دەوڵەتانەی کە وەك عێراق کۆمەڵگاکانیان لە ڕووی نەتەوەیی یان ئایینی یان ئیتنیەوە فرەپێکهاتەن. ناکرێت فیدراڵیەکی راستەقینە بەبێ دیموکراسیبوون بونیادبنرێت.

لێرەوە لەبارەی پەیوەندیی جەدەلیی نێوان دیموکراسیەت و فیدراڵیزم دەگەینە ئەو دەرەنجامە سەرەکیەی کە خودی فیدراڵیزم بریتیە لە تاکە شێوازێکی پەیڕەوکردنی دیموکراسی لەو کۆمەڵگایانەی کە لە پێکهاتەی دانیشتووانیاندا فرەیین، هەروەها دیموکراسیبوونیش پێشمەرجی دامەزراندنی دەوڵەتێکی فیدراڵییە. بەمانای شکەستی دیموکراسی لەهەر دەوڵەتێکی فیدراڵیدا، ئەوا ئاماژەیەکە بۆ شکەستی فیدراڵیزمیش لەو دەوڵەتەدا.

لێرەوەیە کە پارتی هەردوو ئامانجی بە دیموکراسی کردنی عێراق و بەفیدراڵی کردنی دەکاتە بنەمایەکی سەرەکی هزریی کاری سیاسی خۆی.

## ٣-٣: فرە پێکهاتەیی هەرێمی کوردستان لە هزری پارتیدا:

**بنەمای چوارەم کە تەرخان کراوە بۆ فرە پێکهاتەیی هەرێم، دەڵێت: (پارتی باوەڕی بە فرەپێکهاتەیی لە هەرێمی کوردستان هەیە و، دان بەمافی پێکهاتەکاندا دەنێت. خەبات دەکات بۆ هێنانەکایەی کۆمەڵگەیەك، کە لەسەر بنەمای هاووڵاتی بوون و یەکسانی و ڕێزگرتنی مافی هەمووان بێ ڕەچاوکردنی ڕەگەز و ئایین و مەزهەب و جیاوازییە کلتورییەکان.).**

باسکردن لەمافی پێکهاتەکان/ کەمینەکان[٤]، دەمانباتەوە بۆ باسکردنی خودی مافی مرۆڤ لە هەمبەر مرۆڤدا، جا چ لەسەر ئاستی تاك بەرامبەر بە تاك بێت یان گرووپ لە بەرامبەر گرووپدا بێت. لێرەشەوە دەچینەوە سەر ئەو راستیەی کە ئەگەر بێتو ئەو مافانە لە نێوان مرۆڤەکاندا رێکنەخرێن ئەوا مانای ئەوەیە، بە گوتەی هۆبز و لۆك و رۆسۆ، هێشتا لە دۆخی سەرەتاییدا دەژین. ئەو دۆخەی ئەگەر بێتو چارەسەر نەکرێت و وەك خۆی بمێنێتەوە، واتای وایە هەموان دوژمنی هەموانین، لەشەڕ و شۆڕی بەردەوامداین، تا هەموو یەکدی لەناو دەبەین.

لە سەردەمی ئەمڕۆدا کە ژمارەی دانیشتوانی جیهان ٧ ملیار کەسە، نزیکەی یەك ملیاری بە پێکهاتە/کەمینە لەناو وڵاتەکانیاندا وەسف دەکرێن، ئەوەش رێژەیەکی گەورەیە و ٧/١ یان ئاسانتر دەکاتە نزیکەی (١٤,٥٪) مرۆڤایەتی. بۆیە بابەتی پێکهاتەکان دەمێکە لە بابەتێکی ناوخۆیی ئەم دەوڵەت یان ئەو دەوڵەتانە دەرچووە کە لە ڕووی پێکهاتەی دانیشتوانەوە جۆراوجۆرن. بەڵکو بووەتە بابەتێکی نێودەوڵەتی و جێگای بایەخی سەرجەم کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و، گەلێك پەیماننامەی لە بارەوە بەستراوە و پرەنسیپی بەرفەرمانی لە بارەوە بۆ دانراوە، چونکە ئەوە کێشەیەك نیە کە تەنیا لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتدا بمێنێتەوە، بەڵکو ئاگرەکەی پەل بۆ دەرەوەی سنووری دەوڵەتان و بگرە ئاستی نێودەوڵەتیش دەکێشێت. لەوسۆنگەیەشەوە لەئێستادا ئاستی مرۆڤدۆستی و دیمۆکراسی بوونی کۆمەڵگاکان بە هەڵوێستی سیاسیی و یاسایی و کۆمەڵایەتییان لە هەمبەر مافی

---

[٤] لەڕاستیدا لەسەر ئاستی یاسایی (ناوخۆیی و نێودەوڵەتی) چەمکی (کەمینەکان) بەکار دەهێنرێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان و عێراقیشدا چەمکی (پێکهاتەکان) لەسەر ئاستی یاسایی و سیاسی بەکاردەهێنرێت، بەهۆکاری ئەوەی کە دەستەواژەی کەمینە وەك بەکەم سەیرکردن بۆ ئەو پێکهاتانە لێك نەدرێتەوە.

پێکهاتەکان دەپێورێت و دیاریدەکرێت.
لە ڕووی پێکهاتەوە، گەلی کوردستانیش هەمیشە بە گەلێکی ئاڵ و واڵا ناسراوە. هەر لە مێژەوە گەلێك ئایین و ئایینزا و تایفە و مەزهەبی جیاجیا لە کوردستان ژیاون، ئەوەی جێگای سەرنجیشە هەرێمی کوردستان نەك تەنها باوەشێکی میهرەبان بووە بۆ پێکهاتەکانی، بەڵکو لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ ەوە بووەتە پەناگەیەك بۆ سەرجەم پێکهاتەکانی ناوچە جیاجیاکانی عێراقیش، ئەوەش بووە مایەی دانپێدانان و پێزانینی ناوەندە ئایینی و سیاسییە نێودەوڵەتیەکانیش، کە ئەوەش بە پلەی یەکەم لە سیاسەت و تێڕوانینی پارتی بۆ پێگەی پێکهاتەکان سەرچاوەی گرتووە.
لەوەش زیاتر کورد بە گەلێك ناسراوە کە لای خۆی لێبووردەیی برەو داوە. ئەوەش تەنیا لە بۆچوونی کۆمەڵایەتییدا نەوەستاوە، بەڵکو بووەتە بەرنامەیەکی سیاسیش کە لەدوای راپەڕینەوە، رەنگدانەوەی لەسەر ئاستی سیستەمی یاسایی هەرێمی کوردستان هەبووە. پارتیش هەر لە سەردەمی خەباتی رزگاریخوازییەوە روئیایەکی تێروتەسەلی بۆ بابەتی پێکهاتەکان و پێگە و گرنگی و بایەخیان لە کوردستاندا هەبووە. بۆیە هەر لە سەرەتای دامەزرانی هەرێمی کوردستانەوە لە ساڵی ١٩٩٢، ئەو بایەخە لەسەر ئاستی یاسایی رەنگدانەوەی هەبووە و لە یاساکانی هەرێمدا لە بوارەکانی دانپێدانان بە بوون و کولتور و زمان و بەشداریی حوکمڕانی و رەخساندنی دەرفەتی یەکسان و ...هتد بە شێوازی جۆراو جۆر بە مەبەستی گەرەنتیکردنی مافەکانی پێکهاتەکان دەقی یاسایی بۆ دانراوە. دواترینیشیان یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥ ، کە بەهەق دەرچوونی ئەو یاسایە لە پەرلەمانی کوردستان بە هەنگاوێکی گەورە و جیددی لە دانپێدانان و فەراهەم کردنی مافەکانی پێکهاتەکان و پاراستنیان دەژمێردرێت.

### ٣-٤: بنەمای دۆزی ڕەوای گەلی کورد:

**هەروەها لە بنەمای پێنجەمدا هاتووە (پارتی باوەڕی بە ڕەوایەتی دۆزی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ناوچەکە هەیە و تێدەکۆشێت بۆ ئەوەی لەژێر رۆشنایی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و بنەما چەسپاوەکانی مافی گەلان لە چارتەری نەتەوە یەکگرتووەکان و دامەزراوە نێودەوڵەتیەکانی دیکە، هەمووان پێکەوە لە ئاشتی و ئارامی لە ناوچەکەدا بژین و زەمینەی ژیانێکی شایستە و ڕێزلێگیراو بۆ هەموو لایەك فەراهەم بکرێت.)**

بە درێژایی سـەدەکانی هەژدە و نۆزدە، مـافـی دیـاریـکـردنـی چـارەنـووس وەك مـافێکی گەلان لەوەی کە ئازادانە باری سـیاسـی خۆیان دیاری بکەن، ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری لەسـەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بووە. لەوەشەوە، بەڵگەنامەی جاڕدانی سەربەخۆیی ئەمریکا و پاشانیش جـاڕنـامەی مـافەکـانی مرۆڤ و هـاوڵاتی فەرەنسـیدا لە سـاڵی ١٧٨٩ جەختی کـردەوە لەسـەر مـافی گەلان لە دیـاریکردنی چـارەنووسـیـانـدا. لەسـەر ئاستی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانیش، بۆ یەکەمین جار پرەنسـیپی مافی گەلان لە دیـاریکردنی چـارەنووسـیـانـدا لەلایەن سـەرۆکی ئەمـریـکـی ودرو ویـڵسـن (Woodrow Wilson) لە سـاڵی ١٩١٨ لە چواردە پرەنسـیپەکەیدا بـاس کراوە. لەدوای جەنگی جیهـانـی دووەمیش لە ئامـانجەکـانی نەتەوەیەکگرتووەکـانـدا لە بڕگەی دووەم مادده (١) و ماددەی (٥٥) و مـاددەی (٥٦)ی بەڵگەنـامەکەیـدا بۆ یەکەمـیـن جـار لە بەڵـگەنـامەیەکی نێودەوڵەتـیـدا جێگـای پرەنسـیپەکە کرایەوە.

جێگای ئاماژە پێکردنیشـە کە پرەنسـیپەکە بەرەبەرە لە ڕێگەی گەلێك لە بڕیار و جاڕنامە نێودەوڵەتیەکانەوە پتر چەسپا، بڕیاری (XV) 1514 ی سـاڵی ١٩٦٠ کۆمەڵەی گشـتی نەتەوە یەکگرتووەکـانیش، کە بە (بڕیـاری نەهێشـتنی ئیسـتعمار) ناسراوە لەوبارەیەوە دەرچووە، سـەرەڕای ئەوەی کە لە مـاددەی یەکەمـی هەردوو پەیماننـامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسیەکان(ICCPR) و مافە کەلـتـوری و کـۆمەڵایەتی و ئـابـووریـیەکـان (ICESCR) جێگـا و بـایەخێکی تـایبەتیی پێدراوە.

لەوەشـەوە پرەنسـیپی مـافی دیـاریکردنی چارەنووس لەتەنها پرەنسیپێکی سیاسییەوە گۆڕدرا بۆ پرەنسیپێکی یاسایی، هەروەها رای بەهـێـزی زانـایـانـیـش ئەوەیە کە مـافی دیاریکردنی چارەنووس بووەتە ڕێسـایەك لە ڕێسـا بەرفەرمانەکـان (القواعد الامره)، بە شێوەیەك کە دەکرێت داواکاریی و پابەندیی یاسـایی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی دروسـت بکات. بەڵکو ناکرێت تەنانەت بە ڕێکەوتنیش سـەرپێچی لێ بکرێت مەگەر بەڕێسـایەکی بەهێزی لە سرووشـتی خۆی نەبێت. لەبارەی ناوەرۆکی مافی دیاریکردنی چارەنووسیشەوە، بە تێپەڕبوونی کـات گۆڕانکـاریی لە رووی ناوەرۆك و ماناوە بەسەردا هاتووە. کە دەکرێت بەوە ئاماژەی بۆ بکرێت **کە بریتیە لە توانای گەلـێـك یـان کەمـینـیەك ئـازادانە لەبواری پەیـوەنـدیـیە نـێـودەوڵەتـیەکـانـدا بـژاردەی سـەربەخـۆیـی یـان یەکـگـرتـن لەگەڵ**

**دەوڵەتیکی تردا هەڵبژێرێت. یان ئاماژەبێت بۆ مافی هاوڵاتیانی وڵاتێك لە بەشداریی کردن لە پرۆسەی دروست کردنی بڕیار لە وڵاتەکەیاندا.**

پێویستە ئاگاداری ئەوەشبین کاتێك گەلێك پیادەی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی دەکات، وەك مانەوەی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا، مانای ئەوە ناگرێتەوە کە ئەو گەلە لە داهاتوودا بێبەش دەبێت لە هەڵبژاردنی شێوازێکی دیکەی مافی دیاریکردنی چارەنووس، وەك هەڵبژاردنی سەربەخۆیی لە داهاتوودا. ئەمەش چونکە مافی دیاریکردنی چارەنووس مافێکە کە بە تێپەڕبوونی کات و بەکارهێنان لەکار ناکەوێت. بۆ نموونە گەلی کورد لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلولەوە لە ساڵی ١٩٦١، شێوازی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراسدا هەڵبژارد، بەڵام بە نەهاتنەدی مافەکان و ئامانجەکانی بەپێی ئەو شێوازە، داواکاری خۆی گۆڕیی بۆ شێوازی فیدراڵیی کە لە پەرلەمانی هەڵبژێردراوی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ بڕیاری لەسەر درا.

ئەو بەڵگەنامانەی لەپێشەوە ئاماژەمان پێدان، بە ووردی دیاریان نەکردووە کە کێ (کۆمەڵێك، گەل، ئوممەت) مافی دیاریکردنی چارەنووووسی خۆی هەیە؟ چونکە پرەنسیپەکە ئاماژەی بە مافی گەلان داوە، بەواتای تەنها گەلان ڕێپێدراون بۆ پیادە کردنی ئەو مافە و چارەنووسی سیاسییان. بۆیە لێرەدا پێویستە دیاری بکەین کە مەبەست لە (گەلان) کێن؟ بەڵام بۆچوونی بەهێز و ڕاست، کە لەگەڵ روحی بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و مەنتیقی مافی دیاریکردنی چارەنووس و هەڵویستی نەتەوەیەکگرتووەکان و پەرەسەندنەکانی ئێستای پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و یاسای نێودەوڵەتیدا دەگونجێت، ئەوەیە کە ئەوانەی پرەنسیپی مافی گەلان لە دیاریکردنی چارەنووسدا دەیانگرێتەوە، ئەوا لەلایەك مەبەست لێی گەلانە نەك دەوڵەتان و لەلایەکی دیکەش سەرجەم گەلانی ژێر دەسەڵاتی ئیستعمار و ئەوانەشی ژێر دەستەی ئیستعمار نین مافی یاساییان هەیە کە ئازادانە داهاتووی سیاسییان دیاری بکەن و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دابمەزرێنن[٥].

---

[٥] د.حكمت شبر: الجوانب القانونية لنضال الشعب العربي من أجل الإستقلال، اصدارات وزارة الاعلام: بغداد،١٩٧٤، ص٣٤-٣٥.

لەراستیدا باس نەکردنی دەستوری فیدراڵیی لە مافی هەرێمەکان بە جیابوونەوە، هەرچەندە هەرێمەکان رووت دەکاتەوە لە بنەمای یاسایی بە جیابوونەوە لەسەر ئاستی ناوخۆ، بەڵام ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە بێبەش دەبن لە پیادەکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسیان و جیابوونەوەیان لە چوارچێوەی نێودەوڵەتیدا ئەگەر هاتوو بۆ پیادەکردنی دیاریکردنی چارەنووس گەل پێك بهێنێت و مەرجەکان و پاساوە یاساییەکانی تێدابێت، چونکە یاسای گشتی نێودەوڵەتی قەدەغەی جیابوونەوە ناکات، هیچ رێسایەکی نێودەوڵەتی نییە کە جیابوونەوە لە دەوڵەت تەحریم بکات. واتا لە یاسای نێودەوڵەتیدا رێگرییەك نیە لە جیابوونەوەی هەرێمەکان لە دەوڵەتی فیدراڵییدا.

لەڕاستیدا پارتی لەبەر رۆشنایی ئەو ڕاستیە یاسایی و سیاسییانەی سەرەوە لەلایەك و لەبەر رۆشنایی باری گەلی کورد لە ئازار و سەرکوت کردن و چەوساندنەوە و دەربەدەرکردن و رەتکردنەوەی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بۆ سەرجەم ئەو تەرتیباتە سیاسی و یاساییانەی کە دەکرا گەرەنتی مافەکانی کوردی وەك گەلێکی ئازاد و جیاواز بکردایە، بڕوای وایە کە گەلی کورد گەلێکی ڕەسەن و یەکێکە لەگەلە سەرەکییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، شان بەشانی گەلانی عەرەب و فارس و تورك، بۆیە بەپێی سەرجەم ڕێساکانی مافەکانی مرۆڤ و بەڵگەنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان، دۆزێکی ڕەوای هەیە و مافی هەیە کە پێگەی شایستە بە خۆی لەڕووی مافەکانی مرۆڤ و مافە نەتەوەییەکانی تا دەگات بەمافی دیاریکردنی چارەنووس پێ بدرێت.

کەواتە لە کۆتایی ئەم بابەتەدا دەتوانین بڵێین کە سەرجەم بنەما هزریەکانی کاری رێکخراوەیی پارتی لە خەباتی نەتەوەیی و دیموکراسی و نیشتمانیدا، ئەو پێنج بنەما سەرەکیە بوون، کە لێیانەوە سەرجەم پرۆگرام و ئامانجەکان و پەیکەربەندی ڕێکخستنی پارتی داتاشراون بۆ قۆناغی دوای کۆنگرەی ١٤ کە لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢٢دا لە دهۆك بەسترا.

# پێکهاتەکان لە ناو هزری پارتی دیموکراتی کوردستاندا



فەرهاد کاکەیی
مامۆستای زانکۆ

پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەرەتای دامەزراندنیەوە لە سەر دەستی مەلا مستەفا بارزانی ساڵی ١٩٤٦ گرنگیەکی زۆری بە پێکهاتەکانی کوردستان دەدا، یەکێك لە گرنگیانە پارتی ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٥٣ لە کۆنگری سێ لە شاری کەرکوك ناوی خۆی گۆری لە پارتی دیموکراتی کوردە وە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان چونکە پارتی دەیویست نەك تەنها کورد لە خۆ بگریت بەلکو هەموو کوردستانیان کە لە سەر خاکی کوردستان دەژین بە هەست کردن بە یەکسانی لە ماف و ئەرك لە نێوان هاولاتیانی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانیەوە. هەر بۆیەیش دەبینین لە ئامانجە نیشتمانیەکانی

پارتی دیموکراتی کوردستان گرنگیەکی زۆر دراوە بە پاراستنی مافی پێکهاتە نەتەوەیەکان و پێکهاتە ئاینیەکان وەك (ئاشوری، کلدانی، ئەرمەنی، تورکمان، ئیزیدی، کاکەیی، زەردەشتی،....هتد) .

پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵقولاوی کەلتوری کوردستانە کە حەز بە پێکەوەژیان دەکەن لە دێرزەمانەوە. پارتی هەستاوە بە نۆێکردنەوەی ئەم کەلتورە جوانەی کوردەواریە لە ناو پرۆگرامی خۆی بۆ بە سیستەماتیك کردنی ئەم پێکەوەژیانە. مێژوو ئەوەی سەلماندوە کە لە کوردستان جۆرەها پێکهاتە هەبوو وە هیچ گرفتێك لە نێوانیانە نەبوو بۆ نمونە لە یەك گوندا کرستیان و جوو و موسلمان و ئیزیدی دەژیان بە بێ گرفت بەڵکو هاوپشتی یەك بوون لە شین و شادی. بۆیە دەبینین بە درێژای مێژووی پارتی، پێکهاتەکان رۆلی گرنگیان گێراوە لە ناو ئۆرگانەکانی پارتی و لە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە ناو شۆرشە جیاوازەکانی کوردستان دژ بە داگیرکەران .

ئەم جۆرە تێکەڵبوونە پێکهاتەکانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دوو لایەنەیە، یەکەم روئیای جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی کە پەروەردەی دەستی شیخانی بارزانە و لە سەر هەمان رێچکەی پیرۆزی شیخ عەبدولسەلام بارزانی و مەلا مستەفای بارزانی دەروات، جەنابیان گرنگیەکی زۆر بە پێکهاتەکان دەدات چونکە پێ وایە هەموومان یەکسانین لە ماف و ئەرك بە لکۆ هەندێك جار مافی پێکهاتەکانی خستوەتە پێش مافی زۆرینە پارتی. لە هەمان کاتدا لایەنی دووەم کە پێکهاتەکانن هەست بە بوونی خۆیان دەکەن وە هەست دەکەن مافەکانیان لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان مسۆگەرترە وەك ئەوی لە ناو پارتێکی تردا. بە لکو هەندێك جار پارتی لە ناو ئۆرگانەکانی خۆیدا وەك دەولەتێك دەردەکەویت بەرانبەر بە پێکهاتەکان نەك وەك پارتێکی سیاسی .

بۆچی پارتی دیموکراتی کوردستان گرینگی بە هەمەچەشنی پێکهاتەکان دەدات لە ناو ئۆرگانەکانی خۆیدا و لە هەمان کاتدا تێدەکۆشیت بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان لە ناو کوردسان و عێراقدا؟

زۆربەی ولاتانی جیهان تازە هەست بە گرنگی فرە پێکهاتەی دەدەن بۆ نموونە یەکێتی ئەوروپا سالّی ٢٠٠٠ گرینگی بە هزری فرەچەشنی دا وەك دورشمێك بۆ هەموو ولاتانی ئەوروپا بە ناوی یەکیتی لە

فرەچەشـــنی (وحدە فی التنوع) بەلام پارتی دیـموکراتـی کـوردســـتـان و نـوێـنەرایەتـی کەلتوری فرەچەشـنی کوردسـتان دەکات لە سـالّەکـانی چلەکـانەوە گرینگی بە هەموو پێکهـاتەکـان داوە نموونەش بونی فەیلی و کرســـتیـان و ئیزیـدی و کـاکەیی لە نـاو سـەرکردایەتی پارتیدا هەر لە سەرەتاوە پارتی تا دوای کۆنگرەی (١٤) کە لە شـاری دهۆك ئەنجـام درا و پێـداگری جەنـابی ســەرۆك بـارزانی بە بوونی هەموو پێکهاتەکـان لە نـاو سەرکردایەتی نوێی پارتی وە بۆ هەموو لایەك دیار بوو چۆن کەسـێکی ئیزیدی زیاد کرد بۆ ئەوی بیتە نـاو ســەرکردایەتی نوێی پـارتی دیموکراتی کوردســـتـان، چونکە ســەرۆك بـارزانـی دەیـزانـی بە بـێ بـوونـی هەمـوو پێکهاتەکان لە ناو ســەرکردایەتی کارێکی بـاش نـابیـت و بۆیە جەنـابیـان پێداگربوو لە بوونی هەموو کوردســـتـانیـان لە نـاو پـارتی دیموکراتی کوردســـتان کە ئەمە کارێکی بێ وێـنەویە لە نـــاو عـێــراق و رۆژهەلاتـــی ناوەراستدا .

بۆیە دەبینین چۆن بارزانی نەمر باســـی لە پێکەوەژیـان کردووە ئەمە دەقی وتەی مەلا مسـتەفا بارزانی سـەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردە لە کونفراسی گشتیی باکۆ لە یەکێتی سۆڤیت ١٩٤٨ دەربارەی پێکهاتەکان **" ئەی میللەت قەول و پەیمانـت پێ دەدەین، کە لەسەر ئەساسی دیموکراتی ڕاست عەدالەتی ئیجتماعی لە کوردســـتـانـدا دامەزرێنیین و بەبێ فەرق و جودایی یحتیرام و حقووقی هەموو تەبەقەکان، عەشـائری کورد، تەوائیف و هەموو میللەتانی غیر کورد لە کوردســتاندا بپاریزین".**

ئەم وتە بەنرخەی بـارزانی نەمر ئەو راســـتیە دەسەلمینێت کە پارتی لە سەرەتای دورست بوونی وەك دەولەتێـك مـامەلەی لە گەل ئەو پێکهاتەنە نەتەوییانە کردووە کە کورد نەبوونە، بە لام لە مـاف یەکســـان بوونە لە گەل کورد چونکە بە بـاوەری بـارزانی نەمر ئەوانەی لە سـەر خاکی کوردسـتان دەژێن یەکسـانن لە ئەرك و مافدا .

لە کـۆنـگـرەی دووەمـی پـارتـی دیـمـوکـراتـی کوردی عێراق لە ســـالـی ١٩٥١ پەیمانی میللی نووسرا کە لە برگەی ٤ ئەو پەیمانەدا هـاتووە **" دەوڵەتی کوردســـتـانی دیموکراتی رێگـا بە تەواوی میللەتـان دەدا کە لە داخلی ســـنـوری کـوردســـتـانـدا دەژین لە ئـازادی کۆبوونەوە و کۆمەلایەتی و سیـاسـی و زمان و ئـازادی دین و عەقیـدە بۆ خۆیـان بگرن و هەروەهـا مـوڵـکـیـیەتـی فەردیـی و ئـازادی شەخسی دەپارێزێ".** ئەم برگەیەش دوپاتی

پێکەوەژیان دەکات لە ناو هزری پارتی دیموکراتی کوردی ئەو سەردەمەو دووپاتی جوانی رەفتار کردنی پارتی بەرانبەر پە هەموو پێکهاتەکان دەکات وەك دەستورێکی پێکەوەژیانی ناو دەولەتێکی دیموکراتی کە پارتی هەولی بۆ دەدا لەو سەردەمەدا .

لە سالی ١٩٥٣ لە کۆنگری سێ لە شاری کەرکوك ناوی خۆی گۆری لە پارتی دیموکراتی کوردە وە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان چونکە پارتی دەیویست نەك تەنها کورد لە خۆ بگریت بەلکو هەموو کوردستانیان کە لە سەر خاکی کوردستان دەژێن بە هەست کردن بە یەکسانی لە ماف و ئەرك لە نیوان هاولاتیانی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانیەوە.

لە دەقی پرۆگرامی کۆنگرەی چوارەمی پارتیدا هاتوو دەربارەی پێکەوەژیان"**پارتی دیموکراتی کوردستان خەبات دەکات لە پێناو پتەوکردنی پەیوەندی برایانە و دۆستانەی نێوان گەلانی کورد و عەرب و گشت کەمە نەتەوایەتێکان وەك ئاشوری و تورکمان و ئەرمەنی."** هەروەها لە درێژەی پرۆگرامی کۆنگرەی چوارەمی پارتیدا هاتوو "پارتی هەوڵ دەدات بۆ زامنکردنی مافە کولتوری ئابووری و کۆمەلایەتی ئەو کەمە نەتەوایەتییانەی لە کوردستاندا دەژین واتە ، ئاشوری ، تورکمان و ئەرمەنی و هەروەها بوژاندنەوەی کەلەپووری نەتەوایەتی پێشکەوتوویان بە رێگای کردنەوەی قوتابخانەی تایبەتەوە." ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە پارتی تەنها مافی ئەوان نادات بەلکو داکۆکیش دەکات بۆ بەدەست هینانی مافەکانی ئەوانیش چونکە لە سەر خاکی کوردستان دەژێن و لە مافەکان دەبێ یەکسان بن .

لە دەقی پرۆگرامی کۆنگرەی پێنجەمی پارتیدا لە سالی ١٩٦٠ هاتوو لە مادەی (٥)ی کە (**تێکۆشان بۆ پتەوکردنی پەیوەندی برایەتی و دۆستایەتی لە نێوان دوو نەتەوەی عەرەب و کورد و کەمایەتییە نەتەوەییەکاندا کەوا گەلی عێراقیان لێ پێك دێ و پەرەپێدانی خۆشەویستی و برایەتی لە نێوان هەموو رۆلەکانی گەلدا و بەهێزکردنی یەکێتی نیشتمانی تەواو لە سەر بناغەی وەکیەکی رەبەق لە نێوانیاندا لە ماف و فەرماندا و لەسەر بنجینەی جێبەجێکردنی مادەی ٣ ی دەستوور بە چەشنێکی تەواو و بەجۆریك کە بگونجێ لەگەل ئاواتە مەشروعەکانی نەتەوەی کورد لە نێوانی یەکێتییەکی راستەقینەی عێراقیدا و بە**

**گژداچوونی شۆڤێنایەتی و جیابوونەوەخوازی و کۆسمۆپۆلیتایەتی.**) بە هەمان شێوە لە بڕیارە سیاسییەکانی کۆنگرەی پێنج هاتوو لە بڕگەی ٢ی دیسان جەخت کراوەتەوە سەر مافی پێکهاتەکانی کوردستان و ڕێگرتن لە جودایی لە نێوانیاندا و تەنانەت ڕێگر بووە لە جیاکاری لە نیوان چینەکانی گەلدا و ئەمەش زۆر بە ڕوونی بڕیاری لە سەر داوە .

لە پرۆگرامی کۆنکرەی شەشی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٦٤ بە هەمان شێوەی پێشوو پێداگری کردووە لە مافی پێکهاتەکان وەك لە مادەی ٨ بڕگەی یەکەم و دووەمی هاتووە و لە هەمان کاتدا لە بڕیارە سیاسییەکانی ئەم پارتە هاتووە کە دەبێ حوکمەتی عێراقی هەرچی زووە مافی ناسنامەی عێراقی بۆ برا فەیلی و گۆیان و ئۆمریان و ئەوانی دیکە بگەڕێنێتەوە کە لە مادەی ٢٤ یش ئاماژەی پێکرابوو. لە دوای کۆنگرەی شەش بارزانی نەمر و هاوەلانی بڕیاری هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولیان دا بەڵام ئەوەی کە جێ سەرنج بوو شۆڕش تەنها مولکی پارتی دیموکراتی کوردستان نەبوو بەڵکۆ شۆڕشی هەموو گەلانی کوردستان بوو و هەموو هۆزەکانی کوردستان تیدا بەشداربوون بە کەسایەتی ئاینی و نیشتیمانێکانیاندا وەك موسلمان و کرستیان و ئیزیدی و کاکەیی بۆ نموونە گۆرگیس مەلك و تەحسین بەگ و حاجی ئیبراهیم و جەمال فەتاح کاکەیی و شەهید کەمال هاواری. شۆڕشی ئەیلول بە رابەرایەتی ملا مستەفا بارزانی نمونەیەی بێ وینەی پێکەوەژیان و بەرخودان بوو لە سەر خاکی کوردستان تەنانەت لە کاتی شەر و ناخۆشیشدا کەلتوری پێکەوەژیان هەر هەبووە.

پرۆگرامی کۆنگرەی حەوتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٦٦ لە مادەی ٧ دا دیسان جەختی کردۆتە سەر دابینکردنی مافی پێکهاتەکان و هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی مافی ئەوان وەك مافی گەلی کورد هەرچەندە دوای وەستانی گفتۆگۆ و دانوستان بوو و شەر لە نێوان کورد و حکومەتی عێراقی دەستی پێکردبوو، بەڵام پارتی دەسبەرداری پرنسیبە سەرەتایەکانی خۆی نەبوو لە کەیسی پێکەوەژیان. بەهەمان شێوە لە کۆنکرەی هەشتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٧٠ لە بەندی بیست وسێ دا گرینگی زۆری داوە بە ئەدەب و کەلتوری هەموو پێکهاتەکان وەك کەلتور و

ئەدەبی کوردی و بۆیان خەباتی دەکرد.
دوای نسکۆی ئەیلول و ئاوارە بوون و دوای نۆ ساڵ لە نەبەستنی کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە تشرینی دووەمی ساڵ ١٩٧٠ کۆنگری نۆیەمی خۆی بەست لە رۆژهەلاتی خاکی کوردستان. لەم گۆنگرەیەدا سەرۆك مسعود بارزانی وەك سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا و ئەم کۆنگرەیە درێژەپێدەری خەباتی پارتی بووە بۆ بەدەست هێنانی مافی گەلی کورد و هەموو پێکهاتەکانی کوردستان هەر وەك لە بەندی حەوتەمی برگەی (ب) کۆنگرەی نۆیەمی پارتی هاتووە **" لە سنووری کۆماری عێراقیدا خەبات دەکەین بۆ بەهێزکردنی برایەتی کورد و عەرەب و کەمایەیتیەکان و چەسپاندنی یەکێتی نیشتمانی لە عێراقدا"**. هەروەها لەم کۆنگرەیەدا لە کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان کەسایەتی پێکهاتەکان بوونی هەبوو وەك (مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی و مامۆستا فرەنسۆ هەریری کە سەر بە دوو پێکهاتەی جیای کوردستان بوون). ئەمانە هەمووی ئەوە دەسەلمێنێت کە پارتی لە خەباتی شاخ و شار وەك یەك سەیری مافی پێکهاتەکانی کوردستانی کردووە و داکۆکیکاری سەرەکی مافی کوردستانیان بووە .

دوای هەندێك رووداوی مێژووی گرنگ لە ناوچەکە وەك شەری نیوان عێراق و ئێران و کیمیابارانی شاری هەڵەبجە و ئەنفال کردنی گەلی کوردستانیان و چەندین رووداوی تر، پارتی دوای دە ساڵ لە کانوونی یەکەمی ١٩٨٩ کۆنگرەی دەیەمی خۆی بەست لە رۆژهەلاتی کوردستان. بە هەمان شێوەی پێشوی پارتی گرنگی زۆری بە پێکهاتەکانی کوردستان دەدا هەر وەك چۆن لە بەندی هەشتەم لە برگەی أ پرۆگرامی پارتیدا هاتووە **" لە سەر ئاستی کۆماری عێراقیدا خەبات دەکەین لە پێناو چەسپاندنی کۆڵەگەکانی برایەتی نێوان هەردوو گەلی کورد و عەرەب و کەمەنەتەوایەتییەکانی بۆ پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانی."** . کەواتە پارتی هیچ گۆرانکاریك لە هەڵوێست نەبوو بەرانبەر مافی پێکهاتەکان بەڵکو گرنگی زۆری بە مافی پێکهاتەکان داوە وەك مافی گەلی کورد بە درێژایی مێژووی .

لە دوای راپەرینی سالی ١٩٩١ و ئازاد کردنی بەشێکی خاکی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان یەکگرتوو و دوای تێکەل بوونی هەریەك لە حزبی (حسك و

پاسۆك و پارتی گەل) پارتی لە ئابی ساڵی ١٩٩٣ کۆنگرەی یازدیەمی خۆی بەست لە شاری هەولێر پایتەختی کوردستان. ئەم جاریش پارتی لە پرۆگرامی خۆی ئاماژەی بە گرینگی مافی پێکهاتەکان کرد کە لە مادەی دوازدەهەمی خزبەکەی باسی کردوو کە ئەمە دەقەکەیەتی " **پارتیمان بە چاوی ڕێزەوە سەیری هەست و دابونەریتی ئەو نەتەوە و ئاینە دەکات کە لەگەڵ کورد لە کۆمەڵگای کوردستاندا دەژین وەك تورکمان و ئاشوری و کلدان و ئەرمەن و هی تر، ڕێز لە تایبەتمەندێتی نەتەوەیی و ئاینی دەگرێ و هەوڵ دەدەین بۆ ئەوەی بەچاکی مومارەسەی رۆشنبیری و ئیداری خۆیان بکەن و بەشداری لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمدا بکەن و دەربەدەرەکانیان بگەرێنەوە شوێنی ئەسڵی خۆیان ."**.

ئەمە ئەو راستیە دەسەلمێنیت کە پارتی پارتێکی ئازادی خوازە و باوەری بە دیموکراتی و مافی هەموو پێکهاتەکان هەیە و هەر ئەمەش وایکرد کە پارتی هەوڵبدات بۆ دیاری کردنی کۆتا بۆ مسیحیەکان و تورکمانەکان لە ناو پەرلمانی کوردستاندا و دیاری کردنی ١١ کورسی کۆتا بۆ پێکهاتە نەتەوییەکانی کوردستان .

پاش تێپەربوونی زیادتر لە شەش ساڵ بەسەر کۆنگرەی ١١ و دوای دەستیوەردانی دەرەکی لە کوردستان و باری نالەباری ناوخۆی کوردستان، پارتی توانی لە رۆژی شەشی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٩ کۆنگرەی دوازدەمینی خۆی بەبەستێت لە شاری هەولێر. لە مادەی چوارەمی برگەی ٢ پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستاندا هاتووە " **خەبات دەکەین لە پێناوی هێنانەدی باشترین پەیوەندی برایەتی و هاوکاری لە گەڵ ئەو نەتەوە و گەلانەی کە لەگەڵ نەتەوەی کورددا دەژین."**. هەروەها لە مادەی یازدەهەمی ئەو پرۆگرامە هاتووە **"پارتیمان رێز لە هەست و نەست و دابونەریتی کەمەنەتەوە و ئاینییانە دەگرێ کە لەگەڵ کورد لە کۆمەڵگای کوردستاندا دەژین وەك تورکمان و ئاشوری و کلدان و هی تر و تەقدیری تایبەتمەندی نەتەوەیی و ئاینییان دەکات و کار دەکا لە پێناوی مسۆگەرکردنی بەدەستهێنان و پیادەکردنی مافە رۆشنبیری و ئیدارییەکان و بەشداربوونیان لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمدا بەپێی رێژەیان لە چاو دانیشتوانی هەرێم و ئاسانکردنی گەڕانەوەی کۆچکردووەکانیان بۆ**

**ناوچە ئەسلێکانی خۆیان ."**.
لە کۆنگرەی سـێزدەی پـارتی دیموکراتی کوردسـتان لە ١١ی کانونی یەکەمی ٢٠١٠ لە شاری هەولێر لە ژێر دروشمی (نوێبوونەوە ، دادپەروەری، پێکەوەژیان) دیسـان پارتی جەختی کردەوە لە سـەر پێکەوەژیـان هەر چۆن لە دروشـمی خۆی داینابوو و بە هەمان شێوە لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی ئەم پێکەوەژیان ڕەنگی دایەوە. هەر لە کۆنگرەی سـێزدە لە مادەکانی ١٤ و ١٥ پێکەوەژیان وەك پرنسـیپی ئەسـاسـی پارتی دیموکراتی کوردسـتـاندا هـاتوو. لە مـادە ١٤ هـاتووە **"مسـۆگەرکردنی مافە نەتەوەیی و کەلتوری و ئیدارییەکانی تورکمان و کلدان و سریان و ئاشوری و ئەرمەن." و لە مادە ١٥ دا هاتووە "** دابینکردنی مافی هەر پێکهاتەیەکی ئاینی و مەزهەبی (لە جێبەجێکردنی سرووده ئاینیەکـان و دامەزرانـدنی ئەنجومەن) بۆ پەرەپێدان و ڕێکخستنی کاروبارە کەلتوری و کۆمەلایەتییەکان و گەشەپێدانی لە هەرێمی کـوردسـتـانـدا.". ئەم دوو مـادەیـە ئەوە دوپـاتـدەکـاتەوە کە پـارتی پێکەوەژیـانی کردووەتە پرنسیپی ئەساسی خۆی بێ ئەوەی هیچ گۆرانکاریەك لە هەڵویسـتی هەبیت بۆ ئەو پرسـە بە درێژای تەمەنی کـارکردنی و خەبـات کـردنـی لە پـێـنـاو مـافـی گەلـی کوردسـتـان بە تێکرا نەك تەنهـا بۆ گەلی کورد .

لە دوای هێرشی تیرۆرستی داعش بۆ سەر خـاکـی کـوردسـتـان و نـاوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە ٢٠١٤ و زەرەری زۆری بە هەمـوو پێکهاتەکانی کوردسـتان و عێراق **گەیاند** وە بـریـنـی بەشـە بـودجەی هەرێـمـی کوردسـتان، بە لام پارتی نەیهێشـت ئەم جۆرە هزرە ترسـناکە کاریگەری هەبێت لە سـەر کوردسـتان و کوردسـتانیان بە ڵکو ئاوارەیەکی زۆری لە خۆگرت بێ ئەوەی جوداکـاری لە نیوانیـانـدا بکـات بۆ نمونە زیـادتـر لە یەك مـلـیـون عەرب هـاتـنە کوردسـتـان هەندێکیـان هـاوسـنوریش نەبـوون لەگەل کـوردسـتـانـدا وەك عەرەبەکانی شـاری رومادی چونکە هەموو ئەو ئاوارانە بروایان بە کوردسـتـان هەبوو وەك جێگایەکی ئارام و ڕێز لە فرەچەشـنی دەگرێت. و لە دوای ریفراندۆمە گەورەکەی گەلی کوردسـتـان و هێرشـی نـارەوای هەندێك هێزی عێراقی بۆ سـەر قەوارەی هەرێمی کوردسـتان بە تایبەتی لە ١٦ی ئکتۆبەری ٢٠١٧ و دورست بوونی بارێکی

نالەبار لە هەرێمی کوردستان وەك هێرشی درۆن و موشك بۆ سەر هەرێمی کوردستان و هاوولاتیانی ئەم هەرێمە. دوای ئەم هەموو کێشانە کە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتبوو و بەتایبەتی دژ بە پارتی دیموکراتی کوردستان. بە لام پارتی توانی بەسەر هەموو ئەو گرفتانە زاڵبێت بە سەرۆکایەتی رێزدار سەرۆك مەسعود بارزانی و کوردستان بگەێنێتە کەناری ئارامی و زۆر بەهێزتر لە جاران دەرکەوێت وە توانی کۆتا کۆنگرەی خۆی ببەستێت لە شاری دهۆك لە ٢٠٢٢/١١/٣ . لە کۆنگرەی ١٤ پارتی دیموکراتی کوردستان زیادتر هزری پێکەوەژیان لە ناو پرۆگرامی ئەم پارتە دێرینە رەنگی دایەوە هەر چۆن لە مادەی ٣ بڕگەی چوارەم هاتووە "**پارتی باوەری بە فرەپێکهاتەیی لە هەرێمی کوردستان هەیە و دان بە مافی پێکهاتەکان دەنێت خەبات دەکات بۆ هێنانە کایەوەی کۆمەڵگەیەك کە لە سەر بنەمای هاوولاتیبوون و یەکسانی و رێزگرتنی مافی هەمووان بێ رەچاوکردنی رەگەز و ئایین و مەزهەب و جیاوازییە کەلتوورییەکان.**" وە بە رون تر هزری **پێکەوەژیان لە مادەی ١٣ی دوا کۆنگرەی پارتی باسکراوە لە برگەی یەکەم هاتووە "** چەسپاندن و پتەوکرنی یەکریزی نیشتمانی و ئاشتی ناوخۆیی و پێکەوەژیان و گیانی لێبوردەیی لە نیوان هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاییینەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق." . لە برگەی دووەمی ئەو مادەیە دیسان هاتووە **"مسۆگەرکردنی مافی نەتەوەیی و کەلتووری و ئیدارییەکانی تورکمان و کلدان سریان و ئاشوری و ئەرمەن لە هەرێمی کوردستان و عێراق ".**

کوردستان لە سایەی حوکمی حەکیمانەی جەنابی سەرۆك بارزانیەوە پەناگەیەکی ئارامە بووە بۆ هەموو کوردستانیان و گەلانی تری ناوچەکە و پارتی دیموکراتی کوردستان بە رابەرایەتی قوتابخانەی بارزان لە شیخ عەبدولسەلامەوە تا سەرۆك مەسعود بارزانی لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تا ئەمرۆژ کە زیادتر لە ٧٧ ساڵە پارتی هیچ گۆرانکارێکی لە هزری خۆی نەهێناوە بە رانبەر پێکهاتەکانی کوردستان و سور بووە لە سەر داکۆکی کردن لە مافی هەموو پێکهاتەکان لە پاڵ مافی گەلی کورد .

# کوردستان و سێ حکومەت



نووسینی: هەیسەم مەیاحی
وەرگێڕانی : مەریوان فەتحی کەریم

لە سەردەمی دیموکراسی و عێراقی نوێ لە دوای (٢٠٠٣)، هەموو ئەو چاودێر و خوێنەرانەی گرنگی بە پرۆسەی سیاسی لە عێراق دەدەن، دەزانن کە کێشمەکێش و پێکهاتن، ناکۆکی و جارجار لێکتێگەیشتن، ململانێیەکی زۆر لە نێوان بەغدا و هەولێردا هەیە، تەنانەت گرژبوونی ناکۆکییەکان گەیشتە داخستنی فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان و پێنەدانی مووچە و شایستە داراییەکانی هەرێم و پێکهاتەی کورد و ئەوانی تریش، تا کار گەیشتە بۆردومانی فڕۆکەخانەکانی هەرێم بە ڕاکێت بە بیانووی بنکەی هێزە ئەمریکییەکان و خەڵکی تر.

هەرچەندە چەندین حکومەت و سەرۆکایەتی لە بەغدا و حکومەتی فیدراڵی گۆڕان بەڵام هەرێم هەرگیز سەقامگیرییەکی سیاسی بەخۆیەوە نەبینی و هیچ پێکهاتنێکی دامەزرا و لەسەر بناغەیەکی پتەوی نەگۆڕاویش نەهاتە ئارا، لەم توێژینەوە

وتارەدا باس لەو ئەنجامانە دەکەین کە لە دوو توێی توێژینەوەکەمان پێی گەیشتووین، هیوادارین مایەی سەرنجی هەموو لایەك بن، بەوەی کە پێنووسی نووسەری عێراقی دەیەوێ وڵاتەکەی دابەش نەکرێ و دووربێ لە دووبەرەکی و تۆڵەکردنەوە، عێراق نیشتمانێکی دیموکراتی بێت و هەمووان تیایدا بژین و ڕێزلێگیراویش بن، هەمووان ماف و ئەرکەکانیان لە نێوانیان دابەش بکەن و ڕێزیش لەبەرپرسیاریەتییەکانیان بگرن.

ئێمە لێرەدا تەنیا باس لە ماوەی سێ حکومەت دەکەین، لە دواهەمینیانەوە دەست پێدەکەین، بۆ هەر حکومەتێك سێ بڕگەی گرنگی وەردەگرین، بە حکومەتەکەی بەڕێز سودانی دەست پێدەکەین و پاشان بەڕێز مستەفا کازمی و دواتر حکومەتەکەی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی.

**بەشی یەکەم: ئاسایش.**

**بەشی دووەم: ڕامیاری.**

**بەشی سێیەم: ئابووری.**

## حکومەتی بەڕێز محەمەد شیاع سودانی

### لایەنی سیاسی

ڕۆژنامەی شەرق ئەوسەت "**سودانی لە هەولێر سەردەمی پەیوەندییەکی دوور لە نیگەرانی دێنێتەکایەوە**".

دوای گیروگازێکی زۆری هەموو حیزبە سیاسییە عێراقییەکان، بە هەموو نەتەوە و ناوچە و بیروباوەڕەکانیانەوە، وە لە سۆنگەی دەستێوەردانی دەرەکی و نا ئارامی ئاسایش لەکاتی سەرۆکایەتی بەڕێز مستەفا کازمی و نارەزایەتی و کێبرکێ پڕ مەترسییەکەی نێوان چوارچێوەی هەماهەنگی (حیزبە سیاسییە شیعەکان بەڕێبەرایەتی و مالکی و هادی



عـامڕی و قەیس غەزعەلی) بەرامبەر ڕەوتی (التیار) ڕێبەرایەتی بەڕێز موقتەدا سەدر.
ئەو دەورانە سیخناخ بوو بە جیاوازی بۆچوون و دیدگا و نەخشـــە و بڕیارە جیاوازەکان، لە دوای ئەوە عێراق کەوتبووە هەلومەرجێکی پڕ لە کێبڕکێی گەورەوە، کۆمەڵێ هێزی شیعە و ســوننە و کورد بەیەکەوە هاوپەیمانیەتێکیان پێکهێنا ناویان نا (هاوپەیمانێتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت) دواتر بە کۆی هەموو لایەکیـان و دوای پـێـکـهـاتـنـی هەمـووان لە ژێـر هـاوپەیمانیەتەکە و دوای پرس و ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ بەڕێز محمد شــیاع ســودانی بۆ چارەسەری ئەو ئاریشەیەی زیاتر لە دوو دەیە لە نێوان هەرێم و نـاوەنـد دا هەبوو ببووە بابەتی ڕۆژانەی میدیاکان، بۆ ئەم مەبەســتە هەردوو لا لیژنە تەکنیکی و لۆجســتی و سیاسی و ئابوورییەکانیان ئاڵوگۆڕکرد و ناردە لای یەکتری و پاشــان ســەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان بەڕێز"مەسرور بارزانی" لە ماوەی کەمتر لە ســاڵێکدا بۆ پێنجەمین جار و بەدوای یەکدا سەردانی بەغدای کرد و لە دوای ســەردانی بەرێزیاندا ڕێکەوتنێك کە بە ڕێکەوتنی (کاتی) ناونراوە بەدیهات، بریتی بوو لە چارەسەرێکی هاوبەش لە نێوان بەغدا و هەولێر بۆ پێداچوونەوە بە ناردنی نەوت لە ڕێگەی بەندەری جیهانەوە بەتایبەتیش دوای بڕیـارەکەی پـاریس لە دژی تورکیـا و هەرێم، پـاشـــان گـفـتـوگـۆ دەربـارەی کـێشـە هەڵپەسـێردراوەکـانی تر دەسـتی پێکرد، بەتـایـبەتـی ئەوەی پەیـوەنـدی بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ەوە هەیە کە تـایـبەتە بە پـارێـزگـای کەرکـوك و نـاوچە جێناکۆکەکانی تر، جگە لە بەشــە بودجەی هەرێم لە میزانیەی عێراق و لیوای (٢٠) و قەرزەکان و شایستە داراییەکانی پێشمەرگە و ئەوانـی تـریـش. کەواتە ئەوەی کـراوە ســەرەتایەکی باشــە هیوا دەخوازین بەڕێز سـودانی بتوانێ پشـتیوانی سـیاسـی ڕێزدار مەسـعود بارزانی بەلای خۆیدا بهێنێ و ببێتە ڕێککەوتنێکی درێژخایەن و بتوانین یاســای نەوت و غـاز دابڕێژین و دادپەروەرانە مـافی هەردوو لا دابین بکات، ســەرۆکی حکومەتی هەرێـمـی کـوردســـتـان مەسرور بـارزانـی دەربارەی ئەو ڕێکەوتنە گوتی:

**"دەتوانیـن قـۆنـاغـێـکـی نـوێ لە مـتـمانە و هاوکاری دەست پێبکەین".**

سیاسـەتی هەرێم لەگەڵ (سـودانی) ڕوون و ڕاشــکاوانەیە و لە هەردوو لاوە هاوکاربوون بۆ لادانـی قەیران و کـێشــە هەڵواسراوەکـان، ســودانی لەلای خۆیەوە دەیەوێت لە لوتکەوە

بەسـەرەتایەکی بەهێز دەسـت پێ بکات کە زیاتر لە دوو دەیەیە لە نێوان هەرێم و ناوەند گرفتەکان درێژەیان هەیە، وە ناوبراو دەیەوێ لایەنگری و سـوود لە پاڵپشـتی هەمووان وەرگرێ و دواجـار ببێتە مـایەی ڕەزامەنـدی شـەقامی عێراقی بێ گومـان دوای ئەوەی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانیشیان بۆ پێش بخات و پەرەپـێـبـدات، کە بەدڵـنـیـایـیـەوە حـکومەتەکـانـی پـێش خـۆیـی لەم ڕووەوە سـەرکەوتـوو نەبـوون، سـودانـی دەیەوێ بەڕێـکـکەوتـن لەگەڵ حـزبە گەورەکـان و هەمـاهەنـگـی دوولایەنە لەگەڵـیـانـدا ئەم پێشـکەوتنانە ئەنجام بدا و بەمەش دەتوانێ هێزی سیاسی خۆی پیشانی دەرەوە بدات و متمانەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و پاڵپشتیان بۆخۆی ڕابکێشێ.

**لایەنی ئارامی (ئاسایش)**

دیـارە کە بەڕێز محمد شـیـاع سـودانی بە پشـتـیـوانـی هـێـزەکـانـی چـوارچـێـوەی هەماهەنگی دەسـتنیشـان کرا بەتایبەت لەلایەن سەرۆکی (دولت القانون) بەڕێز نوری مالکی و سەرۆکی هاوپەیمانی فەتح و قەیس غەزعەلـی، کەواتە ئەو لایەنـانە دەیـانەوێ خودی سـودانی و ئەو حکومەتەش کە ئەوان دایانمەزراندووە سـەرکەوتن بەدەسـتبێنێ، بەتـایـبەت گـرنـگـتـریـن لایەنـی حـکـومەتەکە بـابەتی ئارامی و ئاسـایشـی حکومەتی کوردستانە، چونکە ساڵانێك پێشتر بە ڕاکێت بۆردومـان دەکرا، بەتـایـبەت فـڕۆکەخـانەی هەولێر و هەنـدێ نـاوچەی ئاوەدان و ببووە هـۆی تـێـکـدانـی هەرێم، بەڵام بە پـێـی ئەم ڕێـکـکەوتـنە ئـێـسـتـا ئـارامـی بەردەوامە و ڕێـکـکەوتـنەکەش لەم ڕووەوە ڕەنـگـدانەوەی هەیە، لەبەرئەوەی بەرژەوەنـدی چوارچێوەی هەمـاهەنـگـی لەوەدایە حـکـومەتەکەیـان سەرکەوتوبێت کە کوردیش بەتایبەتی (پارتی دیموکراتی کوردستان) بەسەرۆکایەتی ڕێزدار مەسعود بارزانی تێیدا بەشدارە.

**لایەنی ئابووری**

سـەرەتای چارەسـەری قەیرانەکە، لەدوای ئەو فشـــارانەی بەرەو ڕووی هەرێـم بـوونەوە بەتـایـبەت لەلایەن دادگـای فـیـدراڵـی لە بەغـداوە بە ڕێککەوتنی سـیـاسـی نێوان سـەرۆك وەزیرانی حکومەتی فیدراڵی محمد شیاع سودانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردسـتـان بەڕێز مەسرور بارزانی دەسـتی پێـکـرد، کە بریـتـی بوو بە پـێـداچوونەوەی نـاردنی نەوت لە کوردسـتـانەوە بۆ بەندەری

جیهان لە تورکیا، پاش ئەوە ناردنی موچەی فەرمانبەران و ڕێککەوتنەکانی تریش کە هاوکار دەبن بۆ بوژانەوەی ئابوری هەرێم و بێ گومان بەم هۆیانەوە ئابووری عێراقیش گەشە دەکات.

لەلایەکی ترەوە سودانی نرخی فەرمی دۆلاری دابەزاند و بێ گومان ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەمکردنەوەی ئەو گوشارە ئابوورییەکی لەسەر هاوڵاتی هەیە لە عێراق و هەرێم، پاشان زیادبوونی جوڵەی بازرگانی ئابووری، لەکاتێکدا بە قۆناغێکدا ڕۆیشتبوو کەنرخی (١٠٠$) کەیشتبوو بە (١٧٥٠٠٠) هەزار دینار، هەروەها بۆ هەرێمەکان گوژمەی پارە دیاری کرا، بەشی هەرێم بریتی بوو لە (٢٧٦) ملیۆن دۆلار، بێگومان ئەمەش پاڵپشت دەبێ بۆ ئەو کۆمپانیایانەی لە بوارەکانی بنیادنان و ئاوەدانکردنەوەدا کاردەکەن، لەلایەکی ترەوە کەمکردنەوەی گوشار لەسەر هەرێم بە گرێدانی لیوای (٢٠)ی پێشمەرگە لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی حکومەتی فیدراڵی.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی دەبارەی دوا ڕێککەوتننامەی بەغدا و هەولێر فەرمووی: "ئەم ڕێککەوتنە زۆر گرنگە و دوادجار بۆ بەرژەوەندی هەموو عێراق، ئێمە هەر لە ڕۆژانی یەکەمەوە وتمان چارەسەری عێراقیانە هەیە بۆ قەیرانەکە".

## حکومەتی بەڕێز مستەفا کازمی

### لایەنی ڕامیاری

سەرۆکی وەزیرانی پێشووی عێراق مستەفا کازمی، نەسەر بە هیچ کام لە حیزبەکان و نە پاڵ پشتی ئەوانیشی هەبوو، بەڵام ئەو زۆر هەوڵی دەدا تا پەیوەندییەکی هاوسەنگی لەگەڵ هەموویاندا هەبێ، بێ گومان هەوڵێکی ئاوا لەناو عێراقدا هەرگیز



سەرکەوتوو نابێ، چونکە لایەنەکان لە کێبڕکێ ی زۆر بەهێزدان.

هەرچەندە ڕەوتی سەدریەکان بە سەرۆکایەتی موقتەدا سەدر زۆر پشتیوانی حکومەتەکەی کازمی بوون و لێکتێگەیشتنێکی زۆریش لە نێوانیاندا هەبوو، بەڵام ئەم پەیوەندییەش نەبووە هۆی بەهێزی حکومەتەکە چونکە لایەن و حیزبەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی و بزووتنەوەی فەتح هەر لە سەرەتاوە لەم حکومەتە ڕازی نەبوون. هەر بۆیە هەوڵەکانی بەڕێز کازمی بۆ مانەوەی تا کاتێکی درێژتر یان هەڵبژاردنەوەی ببووە هیوایەکی دوورە دەست و هەموو هەوڵەکانی شکستی هێنا.

هەرچەندە پێشتر کازمی بەر لەوەی ببێتە سەرۆکی حکومەت، ئەوکاتەی سەرۆکی دەزگای موخابەراتی عیراق بوو، توانی بووی پەیوەندییەکانی دەرەکی هەرێمایەتی وعەرەبی فراوان بنیادبنێ، بەڵام بەڕێوەبردنی دەوڵەت پێویستی بە ئەزموونێکی سیاسی و پاڵپشتی حزبێکی گەورەی سیاسی هەیە، هەرگیز بە تێڕوانینێکی موخابەراتی دوور لە ئەزموونی سیاسی حکومەت بەڕێوەناچێت.

هەروەها بەڕێز کازمی نەیتوانی ڕاوێژکارو پسپۆری بەتوانا و خاوەن ئەزموون هەڵبژێرێ بەداخەوە ڕاوێژکارەکانی شارەزاییەکی ئەوتۆیان نەبوو، دواتریش هەندێکیان لە پرۆسەی گەندەڵی زۆر گەورەوە تێوەگلابوون.

هەندێ لە لایەنە سیاسییەکانیش حکومەتی بەڕێز کازمیان بەوە تاوانبار دەکرد کە ڕێگەی داوە دەوڵەتان دەست لە کاروبار و سیاسەتی ناوخۆیی عێراق وەربدەن و کاریگەریان لەسەر بڕیارە گرنگەکان هەبێ، هەربۆیە هەردوو لایەنی دەرەکی و ناوخۆیی کاریگەری خراپیان لەسەری هەبوو، لێرەوە دەمەوێ بە ئاماژە بە گوتەیەکی سوکرات بکەم:-

**"گەر کارێکت کرد یان پلەیەکت هەبوو خراپەکان لە خۆت دوربکەوە، چونکە هەموو عەیبەکانیان دەدرێنە پاڵ تۆ".**

## لایەنی ئارامی (ئاسایش)

دەبێ بڵێین کە پێکنەهاتن و ڕێکنەکەوتنی ئۆپۆزسیۆنەکانی حکومەتەکەی کازمی لەگەڵیدا، بووە هۆی تێکچوونی باری ئارامی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی هەولێری پایتەخت، ئەو ڕاکێتانەی بۆردومانی هەردوو فرۆکەخانەی هەولێر و سلێمانیان پێ دەکرا، کە زۆریش نزیکن لەناوچەکانی نیشتەجێی هاوڵاتیان، بەردەوامی پێ دەدراو بەناو دووبارە

دەکرایەوە، هەر هەمووی لە ئەنجامی لاوازی بڕیارەکانی ئەوسـای حکومەتەوە بوون و بە هیچ جۆرێـك نەیانـدەتوانی کۆنتڕۆلی ئاسـایش بکەن و هیچ کام لە پەلەکان و هێزەکانی بەرگری کە لە ڕووی میدیاییەوە ئەم ناوەیان لێنابوون گوێیان بە بڕیارەکانی حکومەت نەدەدا و سەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران بوون.

لەگەڵ هەر ناکۆکی و پێك نەهاتنێکی هەرێم و بەغـدا، لێـدانی ڕاکێـتمان دەبینـی و مەبەستیش تەنها نەهێشتنی متمانەی لایەنە دیبلۆماسـی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بوو بەوەی کە لە هەرێم ئارامی و ئاسایش نەماوە. وە لێرەوە دەڵێم دڵسۆزی و لایەنداری بۆ هەر لایەن و وڵات و ڕێکخراو و کۆمەڵەیەك جگە لە عێراق، بێ گومان ئەوە لە بەرژەوەنـدی و سەروەری عێراق نابێ و کارکردن بۆ داخوازی دەرەکی و لە پێنـاوی بەرژەوەنـدی دەرەکی دا، زۆر بە خـراپـی کـار لە سـیاسـەتی لێکتێگەیشـتنی نێوان هەرێم و نـاوەنـد دەکات، هەروەکو حەسـەن ڕوحانی لە وتە بەناوبانگەکەیدا گوتی: **"ئێمە وەکو سەرکردە پێویستە واز لە سیاسەتی چەوت بهێنین و لەبری ئەوە شوێن پێ ی بەرژەوەندی وڵاتمان بکەوین".**

ئامـاژە بەوە دەکەیـن کە بەڕێز کـازمی لە بەیاننـامەیەکدا بڕیـاری پاراسـتنی هەموو دیبلۆمـاسـییەکـانی دابوو دوای ئەوەش کۆمەڵـێـك ڕاکـێـت نـرانەهەولـێـر، ئەمەش نامەیەکی ئاشکرابوو بۆ دیبلۆماسییەکان کە ڕێز لە بڕیارەکانی سـەرۆکی حکومەت ناگرن و لەبەردەم سـەرکـردایەتـی هەرێـمـی کوردسـتانیش شـەرمەزاریان کرد، هەرچەندە پێشـتر کازمی چەند سـاڵێك بەرپرسـی دەزگـای موخـابەراتـی عـێـراق بـوو لەگەڵ ئەوەشدا نەیدەتوانی چارەسەری قەیرانی ئەو چەکدارە لەیاسا دەرچووانە بکات، لەکاتێکدا ببووە سەرۆکی وەزیرانی عێراقیش.

لەهەموو سـەردانێکی بۆ هەولێر کـازمی داوای لێ دەکرا ڕێ لەو هێرشـانە بگیرێ و ئەویش هەمـوو جـارێ بەڵـێـنـی دەدا و دواتریش نەیـدەتوانی جێبەجێی بکـات هەربۆیە سـەرۆك مەسـعود بـارزانی زۆر نیگەران بوو لەو دەسـتدرێژیانەی دەکرانە سـەر هەولێر و هەرێم و دەسـتی دەرەکی هەمیشە وەردەدرایە ناو سیاسەتی عێراق، بەڵام هەمیشـە دانی بەخۆیـدا دەگرت و باوەڕی بە چارەسـەری دیبلۆماسـییانەی قەیرانەکان هەبوو لە نێوان بەغدا و هەولێر، هەرچەندە لەناخی خۆشـیدا هەسـتی بە

غەمباری دەکرد کە بەمجۆرە کورد لەلایەن براکانەوە لە بەغدا پشتگوێ خراوە.
لێرەوە قسەیەکی فیۆدۆردیستۆیفسکی بیردێنمەوە:
**"وا زەند دەکەم پیاوانی مەزن لەسەر ئەم زەوییە هەست بە خەمێکی گەورە بکەن".**

## لایەنی ئابووری

بەمجۆرە هەردوو فاکتەری قەیرانی سیاسی و ناسەقامگیری ڕەوشی ئاسایش، کاریگەریان بەسەر ئابووری هەرێمی کوردستانەوە دانابوو، ببووە هۆی پێکنەهاتن لەسەر خاڵەکانی میزانیەو نەناردنی مووچە و شایستە داراییەکانی هەرێم و بەمەش حکومەتی هەرێم لەبەردەم خەڵکەکەیدا دەستوستان بێ، بەهۆی ڕەوشی سەربازی و ئاسایشیشەوە لەسەر سنوورەکانی هەرێم لەگەڵ ئەم دوو وڵاتەدا گرفت بۆ داهاتە بازرگانیەکانیش دروست ببێ، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەوشەکە بەرەو خراپی دەڕۆیشت و لە هەموو بازاڕەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانیش نرخی دۆلار لەبەرزبوونەوەدابوو، ئەمەش ڕاستەخۆ کاریگەری کردبۆوە سەر ئاستی ژیانی هاوڵاتیانەوە.نابێ ئەوەش لە یاد بکەین کە لەسەردەمی دەسەڵاتی بەڕێز کازمی دا لێکترازان و کێشە سیاسییەکان لەنێوان لایەنەکان و بەتایبەتی پارتی و یەکێتیی لە هەڵچووندا بوو ئەمەش کاریگەریەکی خراپی لەسەر ئابووری هەرێم دانابوو ببووە هۆی دواکەوتنی ڕێککەوتنەکان و پێش پێکهێنانی حکومەتەکەی بەڕێز محمد شیاع سودانی، پەکی دانوستانە سیاسییەکانی بەغدای خستبوو، بەڵام سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان پشوو درێژو سنگ فران بوون لە هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی بەرامبەر هاوڵاتیەکانیان و ئەو فشارە زۆرانەش کە لە بەغداوە لەلایەن براکانەوە لەناو پرۆسەی سیاسی بەرامبەریان ئەنجام دەدرا، وەك چۆن ئیمامی عەلی دەفەرموێ:-
**"ئامرازی سیاسەت سینگ فراوانی یە".**
هەر بۆیە دەتوانین بڵێین حکومەتەکەی کازمی پڕاوپڕبوو لە قەیرانی سیاسی و ئاسایش و ئابووری گەورە و نرخی نەوتیش زۆر بەخێرایی بەرز و نزمی دەکرد و لەو قەیرانانەشدا بەداخەوە بەر لە دانانی میزانیەی عێراق سیاسەتێکی بێ دەربەستانە بەرامبەر هەرێم پەیڕەودەکرا.

# حکومەتی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی

## لایەنی سیاسی

ناونرابوو حکومەتە ناسەقامگیرەکە، بە شۆڕشە میللییەکەی تشرین بەڕێز عادل عبدالمهدیان لادا، دەمەوێ زۆر بەساکاری بڵێم عبدالمهدی دوور بوو لە تایفە گەرایی و ڕەگەزپەرستی بەڵکو پەیوەندی لەگەڵ هەموو پارتە سوننی و شیعییە عەرەبییەکان و کوردەکانیشدا هەبوو، بەڵام ئەوەی زۆر کاری لێکرد بریتی بوو لەو ڕێککەوتننامەیەی لەگەڵ چین دا کردی و پەیوەندییە ڕاستەوخۆکەشی بوو لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، جگە لەوەشدا دەستوپێوەند و دەورورپشتەکەی لە ئاستی پێویستدا نەبوون و کارەکان زۆر بەخراپی بەڕێوەدەبران.پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ سەرکردەکانی هەرێمی کوردستاندا هەبوو، هەوڵی لادانی کۆسپ و تەگەرەکانی دەدا و دەیویست قەیرانەکان تێپەڕێنێ، بەڵام خۆپیشاندانەکان تا دەهات فراوانتر دەبوون، پرۆسەی سیاسیان بەتەواوی پەك خستبوو هەر هەموو پرۆژە سیاسییەکانیش وەستابوون.

لەسەردەمی بەڕێز عبدالمهدی ڕێککەوتنێك لە نێوان بەغدا و هەولێر ئیمزا کرا و بەپێی ئەوە دەبوو هەرێم ڕۆژانە ٢٥٠ هەزار بەرمیل بدا و لەبەرامبەریشدا حکومەت فیدراڵی بەرامبەر حکومەتی هەرێم بە ئەرکەکانی خۆی هەستێت، ئەم ڕێککەوتنەش خراپە بودجەی ساڵی (٢٠٢٠).



بەڵام لە لایەنی دەرەکییەوە ململانێی ئەمریکا و ئێران لەوپەڕی دابوو و بەشێوەیەکی نێگەتیف کاریگەری بەسەر ناوخۆدا هەبوو، ببووە هۆی پشتگیری نەکردنی

ئەمریکییەکان لە حکومەتی عادل عەبدولمەهدی، ئەمەش وایکردبوو لە زۆبەی پارێزگاکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقدا دۆخەکە تێکبچێ و بەهۆی گرتنی شەقام و جاددەکانەوە پرۆسەی سیاسی ئاڵۆزببێت و تێکبچێت، بەم جۆرە عبدالمهدی دەستی بەسترابوو کاروبارەکان بەرەو خراپتر دەڕۆیشتن تا گەیشتە ئەوەی داوای وازهێنان پێشکەش بکات و دەست بکرێ بە پرۆسەی دەستنیشانکردنی سەرۆکێکی نوێ کە بریتی بوون لە عدنان الزرفی و محمد توفی علاوی، دواتر عەلاوی تەکلیف کرا حکومەتێك پێکبهێنێ بەڵام بەهۆی تێنەپەڕینی کابینە وزاریەکەیەوە داوای لێبوردنی کرد.

تا ئێستاش بیروڕای جیاواز هەیە دەربارەی عەبدولمەهدی هەبوون دەیانگوت حکومەتەکەی بڕیاری زۆر باشی دەرکرد بە نەهێشتنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و لابردنی دیوارە کۆنکرێتییەکان و کردنەوەی ناوچەی سەوز بۆ هەمووان، کابینەکەیشی خاوەنی زۆر وەزیری بە توانابوو لەگەڵ ئەوەشدا کەم نەبوون ئەوانەی پێیان وابوو حکومەتێکی خراپ بوو بووە هۆی داڕوخانی ئاسایش و ئابووری و سیاسی لە عیراقدا.

**لایەنی ئارامی (ئاسایش)**

لە ڕووی ئاسایشەوە حکومەتی عەبدولمەهدی کەوتە بەردەمی خۆپیشاندانی وا تا ئەوکاتە عێراق بەخۆیەوە نەبینی بوو، پێکدادانی هێزە چەکدارەکان و هێزەکانی دژی تێکدەران و دژی خۆپیشاندەران کە سەدان کەسی تیادا لەناوچوو ڕوحی دەیان بێ تاوانی کێشا لە هەردوولای خۆپیشاندەران و چەکدارەکانیش بەداخەوە حکومەتەکەی عبدالمهدی نەیتوانی چارەسەری دۆخەکە بکا و بەشێوەیەکی بەرچاویش ئاڵۆزی پەرەی سەند.

لەوکاتەدا هەرێمی کوردستان ببووە پەناگەیەك بۆ ئەوانەی لە ئەنجامی خراپی بارودۆخەکەدا ڕایان دەکرد کە زیاتربوون لە دەیان هەزار کەس بێ گومان ئەوە قورسترین قۆناغ بوو کە عێراق پیایدا تێپەڕی و گەلێك لایەنی ناوخۆیی و دەرەکی هەوڵیان دەدا زیاتر بەرەو قەیرانی بەرن و لایەنیش هەبوون هەوڵی چارەسەری قەیرانەکانیان دەدا، تا کار گەیشتە ئەوەی حکومەتی بەڕێز عەبدولمەهدی بڕوخێ و خۆپیشاندانەکانیش کۆتاییان هات و حکومەتی کازمی سەریهەڵدا.

لەم هەلومەرجە سەختەدا بە بڕیاری سەرۆك مەسعود بارزانی نەخۆشخانەکانی هەولێر بەمەبەستی چارەسەریان بەرووی سەدان برینداردا کردەوە و بەشێوەیەکی بەردەوام هاوکاریان دەکردن. لەم هەلومەرجە ناسکەشدا کە عێراق پێیدا تێدەپەڕی هەڵوێستی سەرۆك زۆر حەکیمانە بوو چەندین جار داوای دەکرد هێز بەرامبەر خۆپیشاندەرانی سیڤیل بەکارنەهێنرێت بێ گومان ئەوەش ئاکامی حەکیمەکانە هەروەك تۆماس جیفرسۆن گوتویەتی:

**"هیوادارم تا بەهێزتر دەبین حیکەتیشمان زیاتر ببێ، بێ گومان بۆ ئەوەی فێربین تا هێز کەمتر بەکاربێنین مانای مەزنتربوونمانە".**

لەوکاتە پڕشێواویەدا، هەرێم بەبەردەوامی سنورەکانی خۆی دەپاراست و هەوڵی دەدا هیچ کردەوەیەکی تیرۆریستی لە دژی دا ڕوونەدا و تیرۆریستان ئەو بۆشاییە ئەمنییە نەقۆزنەوە کە هێزەکانی عێراق لە ترسی کودەتا گەڕابونەوە بۆ ناوەند و چۆڵیان کردبوو، بۆ پاراستنی بەغدا و شوێنە گرنگەکان دەبێ بگوترێ کە ئەو چەند مانگە قورسترین قۆناغی نا ئارامی بوو کە هەرێم و هەموو عێراقی پێدا تێپەڕی بوو.

**لایەنی ئابووری**

لە ١٦ ی ئیبریل سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق عادل عەبدولمەهدی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستانی ڕاگرت گوایە وەك ئاماژەی کرد لەبەر کورتهێنان ڕێککەوتننامەی نەوت وەك خۆی جێبەجێ ناکرێ، دواتر ڕوون و ئاشکرابوو کە لە هەموو جیهاندا بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە کورتهێنان و باری خراپی دارایی و ئابوری سەریهەڵدابوو، نرخی نەوت دابەزیبوو کاری لەو وڵاتانە کردبوو کە بەشێوەیەکی سەرەکی پشتیان پێ دەبەست.

لێرەوە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە گرنگیەوە ئەو هەلەی قۆستەوە و بڕیاری بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی دا و تا قەیرانی ئابووری کەمتربکاتەوە بەکردەوە لە ناوەڕاستی یەنایەری ساڵی (٢٠٢٠) بڕیاری چاکسازی دا و مووچەی بەرپرسە پلە باڵاکانی کەمکردەوە ویاسای خانەنشینی یەکخست و بڕیاری بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی داو و زۆر لێ براوانە دەستیان برد بۆ فایلە جۆربەجۆرەکان و توانیان سنورێك بۆ کورتهێنان دابنێن.

وە پەرەیان بە پرۆژە بچوکەکان دا و گرنگیشیان بە کەرتی کشتوکاڵی داو

پشتیوانی جوتیارانیان کرد و دەستیان کرد بە بونیادنانی پەیوەندییەکی فراوانی هەرێمیایەتی و نێودەوڵەتی بێ وێنەی وا کە فاکتەرێك بوو بۆ وەبەرهێنان لەناو هەرێم هەر لە ساڵی (٢٠٢٠) تا ڕۆژی ئەمڕۆ هەرچەندە زۆربەی چاودێرە ئابووریناسەکان پێیان وابوو کە ڕەوشی ئابووری هەرێم لە قۆناغی دەسەڵاتەکەی عبدالمهدی خراپترین قۆناغ بووە تەنانەت خراپتریش لە ساڵی (٢٠١٤) بەڵام هەرێم بەهۆی ئەم بڕیارانەوە کە سەرۆکی حکومەت بەڕێز مەسرور بارزانی دەریکردن توانی چارەسەری ڕیشەییان بۆ بدۆزێتەوە و تێیان پەڕێنێ.

لە ئەنجامی دابەزینی نرخی نەوت و خۆپیشاندانە ملیۆنییەکان و نەمانی پشتیوانی نێودەوڵەتی و بەتایبەت ئەمریکا و چوونە دەرەوەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە هاوکارەکان و خراپی پرۆسەی سیاسی و ئەمنییەوە حکومەتەکەی عادل عبدالمهدی لە ڕووی ئابوورییەوە شکستی هێناو و ئەم قەیرانانەش بەشێوەیەکی نێگەتیڤ کاریان کردە سەر ئابووری هەرێمی کوردستان و نرخەکان بەرزبوونەوە و نەختینەی پارە لەناو هەرێم زۆر کەمبۆوە و پێدانی موچەش ڕاگیراو هەرچەندە لەسەرەتادا هەندێك لە شایستە داراییەکان بۆ مووچە خۆرانی هەرێم نێردرا بەڵام دواتر ئاڕاستەکان بەشێوەیەکی تر بوون و ڕەوشە بەرەو قەیرانێکی گەورە ملی نا.

بەهۆی ڕەوشی خراپی ئەمنی و سەربازییشەوە نەتوانرا کەلوپەلی وەك خۆراك و پێداویستی پزیشکی و شتی تر بهێنرێن بۆ عێراق چونکە ڕێگا سەرەکییەکان گیرابوون و باری ئەمنی زۆر خراپ بوو بەمەش قەیرانێکی ئابووری گەورە باڵی بەسەر عێراقدا کێشابوو. ئەوکاتە هەرێم لە هەوڵدابوو بۆ باشکردنی باری ئابووری و تاکە دەرچە و دەرگای عێراق بوو هەرێم بۆ کەمکردنەوەی فشار لەسەر بەغدا و پارێزگاکانی تری ناوەڕاست و خوارووی عێراق و ئەمەش بووە فاکتەرێك کە کار لە ئابووری هەرێم بکا و نرخەکان بەشێوەیەکی بەرچاو لەناو هەرێمیش بەرزببنەوە.

لەکۆتاییدا ئەوە سیاسەتی عێراق کە زۆر بەسەیری زوو زوو گۆڕانکاری بەسەر بڕیارەکانیدا دێت و دەستێوەردان لە نێوان دەسەڵاتەکاندا هەیە بەهۆی باوەڕە ئاینی و مەزهەبییەکان و لایەنی نەتەوەیی و دەستێوەردانی دەرەکی و کێشمەکێش و ناکۆکییە ناوخۆییەکانی و کێبڕکێ ی فکری و سۆزی زیاد لە پێویستەوە.

ئەوە ئەو عێراقەیە کە لەوەتی زەوی خولقاوە پڕیەتی لەشەڕ و ئاشتی و پێکهاتن و دووبەرەکی وا کە سالانی وەك ڕۆژان و لێبوردنیشی وەك تۆلەکردنەوە وایە نیشتمانێکە پڕ لە دەنگی جیاواز و کەسایەتی لەیەك نەچوو هەموو کاتێك قەیرانێکی هەیە هەموو شوێنێکیشی پێویستی بە عەقڵانیەت و حیکمەت هەیە. ئەوەی باسمان کرد بۆ ئەوە بوو بەراوردێك بکەین لە نێوان شێوازی کارکردن و تێگەیشتن و زەمانە و مەکان و کەسایەتییەکان و ناکۆکییەکان و پێکهاتنەکان هەر هەموویان بەیەکەوە بخەینە سەر مێزی گفتوگۆ و سوود لە هەڵەکانمان وەگرین و ڕێگای تازە بدۆزینەوە بۆ ئەوەی بە ئاشتی و ئارامی و یەکگرتووییەوە وەك یەك گەل و یەك نیشتمان، دوور لە قەیران و کێبرکێ، بەیەکەوە بژین.

بەڵام کۆتایی ئەم وتارەش بەوە دەهێنم کە باس و تێڕوانینێك دەربارەی دوارۆژی پەلەکانی بەرگری و حەشدی شەعبی لە عێراق و ناوچەکە بکەم.

**سەرنج و لێکدانەوەیەك دەبارەی داهاتووی پەلەکان و دەستەی حەشدی شەعبی:**

بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ڕووداوەکان و گۆڕانکارییە پۆزەتیڤەکانی ئەم دواییە بەتایبەت ئەو پەیوەندییە پۆزەتیڤەی لەم دواییە کەوتە نێوان ئێران و ڕکەبەرەکانی لە سعودیە و قەتەر و تەنانەت لێکتێگەیشتنەکان لەگەڵ واشنتۆن و ئەو گوشارانەی کرانە سەر چوارچێوەی هەماهەنگی وەك کۆمەڵێك لایەنی سیاسی کە پەیوەندییەکی گەرم و گوڕیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەیە و دوای دوورکەوتنەوەی بەڕێز موقتەدا سەدر بە تەواوی لە پرۆسەی سیاسی، دەرکەوت کە هەمووی ئاماژەیەکن بۆ ئەوەی ڕۆڵی لایەنە سیاسییەکان گرنگتر دەرکەوێ لە ڕۆڵی چەك و بەسەربازکردن، بەتایبەت دوای ئەوی لێکتێگەیشتنی باشتر لەم ڕووەوە لەگەڵ دۆستان و ناحەزاندا هاتە ئارا و محمد شیاع سودانی کرایە نوێنەری هێزەکانی شیعە و دەبوایە هەموو لایەك پێی ڕازی بن و مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و بەهەموو هێزیانەوە پشتیوان بنبەمەبەستی سەرخستنی و سەرکەوتنی بەتایبەتی هەردوو لایەنی هاوپەیمانێتی ئیدارەی دەوڵەت و چوارچێوەی هەماهەنگی.

وە بەپێی زانیارییەکان هەندێك لە هێزەکانی حەشد و گروپەکانی تر لەناو هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و بەرگری دا جێگەیان بۆ دەکرێتەوە و

وردە وردە لەناوچە جێناکۆکەکان دوردەخرێنەوە و ژمارەی چەکدارانی حەشد و گرووپەکانی تر کەم دەکرێنەوە تاوەکو ڕەوشەکە بەرەو ئەو شوێنە دەبرێ کەپێشتر نەخشەی بۆ کێشراوە.

قەیرانی کەرکووکیش بەم زوانە چارەسەردەکرێ، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لەژێر گوشارە ناوخۆییەکانی و جەنگی ئۆکرانیا و ڕوسیا و چین دا گوشاری ئابووری زیاتری کەوتۆتە سەروو کار لە هاوکێشە سەربازییەکانیش دەکات ئەم قەیرانانە وا دەکات عێراق هەموو فایلەکانی بخاتە سەر مێزی گفتوگۆوە بەم دواییەش گرنگی دانی سەفارەتی ئەمریکا زیاتر لایەنی مەعنەوی یە نەوەك ماددی چونکە فایلی مەترسیداتریان لەبەردەستە، بەتایبەت ئەوانەی مەترسیان بۆیان هەیە کە بریتین لە گرووپەکانی مقاوەمە، کە لەوەتی سودانی دەست بەکاروبوە ئەوانیش کەوتونەتە لێدانی سەفارەت و دەستە دیبلۆماتکارەکانیان بەڕاکێت و هێرشی جۆراوجۆر بەتایبەت تریش دوای ئەوەی تاران و ڕیاز بەیەکەوە دانیشتن و قەیرانی جەنگی یەمەن و حوپییهکان و حیزبوڵای لوبنان و گرووپەکانی عێراق و حەماس و ئەوانی تریشیان لە فەلەستین چارەسەرکردووە. لەکۆتایشدا کە ئاشتی بەرپابێ هەموومان لەسەقامگیرییەکی سیاسی و ئەمنی و ئابووری و کۆمەڵگەیی گشتگیر دەژین و جگە لە بەغداوە یان لە هەرێمی کوردستان، وە پێمان وایە حکومەتەکەی سودانی هەوڵی بەردەوام دەدات لە پێناوی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوە و بنیادنانی پەیوەندی پۆزەتیڤ لەگەڵ هەرێم و خۆشترکردنی زەمینەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ناوخۆ و دەرەوەش لە پێناوی چارەسەری گرنگترین ئەو بابەتانەی کە داواکاریی شەقامی عێراقی یە، وە پێمان وایە ئێرانیش لەم ڕووەوە پاڵپشتی دەبێ لە پێناوی هێشتنەوەی دەنگی پاك و بێگەرد و بەهێزی شیعە کە توانای هەیە لە قەیرانەکاندا ئیدارەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بکات.

بێ گومان دوای ئەو هەموو قەیران و نەهامەتیانە ئێستا دەرفەتێکی باش لەبەردەم عێراق و گەلەکەی و سودانیش دا هەیە.

**(نیشتمانێك خاوەنی هەموو شتێکە، بەڵام بەدوای سەرکرەیەکی دادپەروەردا دەگەڕێ وەك یەك جەستە سەیری هەموو عێراق بکات).**

# هەرێمی کوردستان

## لە نێوان ململانێ سیاسییەکانی ناوچەکە



**دکتۆر سامان سۆرانی**
پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیبلۆماسیەت.
دکتۆرا لە فەلسەفە، زانکۆی هایدڵبیرگ، ئەڵمانیا

**دەسپێك:**

ئاشکرایە کەوا گۆڕاوە ناوخۆیی و هەرێمییەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستان، بۆیە پێویستە خاوەند بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان گرینگی بە میکانیزمەکانی دیاریکردنی ئەو ئالنگاری و هەڕەشانە بدات، کە دەبنە مایەی مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان و سروشتی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی، کە کاریگەرییان هەبووە لەسەری لە ڕابووردوو، بە تایبەتی پاش ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لەساڵی ٢٠٠٣ و دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقی فیدڕاڵ.

هاوکێشە جیۆسیاسییەکان دۆخی نوێیان بەسەر ناوچەکە سەپاند، ئەوەش وایکرد قەوارەی هەرێمی ببێت بە دی فاکتۆ. بۆیە کاتێ باس لە دووبارە داڕشتنەوەی سیستەمی هەرێمی

دەكرێت، پێویستە خوێندنەوەی ورد بكرێت بۆ ئالنگارییە گەورەكان و ئایندەی سیاسی و پێگەی قەوارەی هەرێمی كوردستان لەسەر نەخشەی جیهان.

ململانێ سیاسییەكانی ناوچەكە ڕەهەندی جیاواز و دیاریكراو دەگرنە خۆ لەسەر سەرجەم دەوڵەتەكانی دەوروبەر، چونكە مێژوو ئەوەی پشتڕاست كردۆتەوە، هەر كاتێ ململانێیە هەرێمییەكان لەسەر ناوچەكە فراوانتر بووبێت، كاریگەری نەرێنیان هەبووە لەسەر ناوچەكە و گرفتی ئاسایشی و ناسەقامگیری سیاسییان دروستكردووە بۆ وڵاتانی دەوروبەر لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە.

ئێمە پێمان وایە دەستێوەردانی بەهێزی هەرێمیی لە ڕابووردوو فاكتەری سەرەكیی دروستبوونی ناسەقامگیریی بووە، چونكە هەبوونی دەستێوەردان دەسەڵاتەكان لە هەرێمی كوردستان سنووردار دەكات و هەڕەشە بۆ ئاسایشی قەوارەی هەرێمی كوردستان درووست دەكات لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقی فیدڕاڵ.

لە بەرامبەردا هەرێمی كوردستان لەگەڵ هێزە هەرێمییەكان و وڵاتانی ناوچەكە سیاسەتێكی پەیڕەو كردووە، كە بریتیە لە بێ لایەنی نواندن و دەستێوەرنەدان لەكاروباری ئەو وڵاتانە. هەرێمی كوردستان وەكو فاكتەرێكی گرینگی سەقامگیری لە كاتە هەستیارەكان بەردەوام كاری كردووە لەپێناو تێكەڵبوون و بەشداریكردن لە چارەسەركردنی كێشە گەورەكانی ناوچەكە، بۆ نموونە دیاردەی تیرۆر، كە لە ڕابووردوو بوو بوو بە مایەی هەڕەشەی وجودی بۆ سەر هەرێم و ناوچەكە.

ڕۆڵگێڕانی هەرێم لە پەیوەندییەكانی سیاسەتی نێودەوڵەتی بابەتێكی سەرنج ڕاكێشە، چەندە بەهای ئەو ڕۆڵگێڕانە زیادبكات، ئەوەندە پێگەی سیاسی هەرێم بەرز دەبێتەوە.

لە هەمان كاتدا ڕۆڵگێڕان ئەركێكە و گرێدراوە بە توانا و شیان و پڕكردنەوەی پێداویستییەكان و جێ بەجێكردنی پابەندوونە سیاسییەكان و گێڕانی ئەو ڕۆڵەی، كە بۆ هەرێم دیاریكراوە.

هەرێمی كوردستان كاتێ دەتوانێت پێگەیەكی هەرێمی و نێودەوڵەتی گرینگی هەبێت، ئەگەر بتوانێ لە ناوخۆ زاڵ بێت بەسەر كێشە سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتی و ئاسایشییەكانی و بەرنامەیەكی تۆكمەی هەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئالنگارییە ناوخۆیی و دەرەكییەكان، كە گۆڕاوە هەرێمی و نێودەوڵەتییەكان بەرهەمیان هێناوە.

## کاریگەری ململانێ هەرێمییەکان لەسەر هەرێمی کوردستان:

ململانێی هێزە هەرێمییەکان لەسەر هەرێمی کورستان زادەی ئەم ساتەوەختە نیە، بەڵکو ململانێیەکە ڕیشە و نەگۆڕی مێژوویی هەیە. دەوڵەتانی خاوەند هێزی هەرێمی هەوڵ دەدەن بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەدەست بهێنن و ویستی خۆیان بەسەر هەرێم و ئەو دەوڵەتانە بسەپێنن، کە ڕکابەرن.

ئەم قۆناغەی ئێستا لەسەر ئاستی سیستەمی نێودەوڵەتی بە قۆناغی گواستنەوە دادەنرێ، تیایدا هەوڵ دەدرێ قاڵبێکی نوێی هەرێمایەتی لە ڕووی فۆرم و سروشتی کارلێك و هاوپەیمانی و هاوسەنگییە ڕێژەییەکانی هێز لە نێوان هێزە جیاوازەکانی ناوچەکە پێکبهێنرێ، کە لە ناویاندا هێزی کاریگەری وەکو ئێران و تورکیا و سعودیە و ئیسرائیل زیاتر بەرجەستەن.

ململانێیەکانی ئەم ناوچەیە لە دەوری چەند بابەتێ دەخولێنەوە، لەوانە هەوڵی ئەو دەوڵەتانە بۆ پاراستی سنوورەکانیان و یەکگرتوویی نیشتمانیان.

پاراستنی شوناسی نیشتمانی، کە گەلانی ئەو دەوڵەتانە لە دەوری کۆبوونەتەوە، چ ئەو شوناسانە ئایدیۆلۆژی یان ئایینی و ڕەگەزی بێت.

چوارچێوەی هاوپەیمانێتی نوێ و پێکهێنانی جەمسەری هەرێمی و جەمسەری تری دژبەرهۆکار و پاڵنەربوون بۆ درووسبوونی ململانێ لە ناوچەکە.

لە تەنیشت ئەوەشەوە چەندین قەیران و کێشەی سەرەکی تر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونیان هەیە، بۆ نموونە قەیرانی سوریا و کێشەکان لە عیراق و قەیرانی یەمەن، هەموو ئەمانە بواریان ڕەخساندووە بۆ هێزە هەرێمییەکان، هەژموونی خۆیان لە ناوچەکە فراوان بکەن.

دواتر ڕووداو وپەرەسەندنەکانی ناوچەکە بوون بە هۆکاری سەرهەڵدانی هێز و فاکتەری نادەوڵەتی و درووستبوونی دیاردەی بڵاوبوونەوەی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان، کە پاشاگەردانی و جەنگ و ململانێ و هاوپەیمانێتی تریان لە نێوان هێزە هەرێمییە گەورەکان بەرهەم هێنا و دەستێوەردانی سەربازی هەرێمی و نێودەوڵەتییان لەگەڵ خۆیان هێنا، کە بیانوویان بۆ ڕەفتارەکانیان سەپاندنی ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بوو.

ناسەقامگیری سیاسی، کە چەمکێکی ڕێژەییە، و بە پێی لێکدانەوەکانی بیرمەند و زانای ئەمریکا، سامۆئێل هانتینگتۆن، کە خاوەندی تێزی ململانێی شارستانییەتەکانە، یەکسانە لەگەڵ خواستە سیاسیەکانی دابەشبوو بەسەر دامەزراوە سیاسییەکان، بە زیادبوونی خواستە سیاسییەکان و ناتوانایی دامەزراوە سیاسییەکان بۆ وەڵامدانەوەی ئەو خواستانە زیاد دەکات.

بۆیە دەوڵەتەکان لەپێناو پاراستنی جوگرافیا و دانیشتوانیان و توانا نیشتمانییەکانیان و ترسی بەردەوامیان لە دراوسێ گرینگی زیاتریان داوە بە ئاسایشی نەتەوەییان و بێ وچان پەرە بەو بوارە دەدەن.

سەقامگیری سیاسی بە بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی و زەوتکردنی مافی پێکهاتەکان دەستبەرناکرێت، چونکە هێز بەتەنها هیچ کاتێ ناتوانێ و نەیتوانیوە خواستی سیاسی هەڵوەشێنێتەوە.

سەقامگیری سیاسی مەرج و سیستەمی سیاسی دیاریکراوی خۆی هەیە بۆ شێوازی بەڕێوەبردن و گەشەپێدانی وڵات، سەقامگیری لە ڕێگەی ڕەوایەتی و تێکەڵبوون و هاوبەشی لایەنەکان بۆ درووستکردنی سەقامگیری سیاسی دەستەبەردەکرێت.

هەرێمی کوردستان، کە لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ گەشەسەندنێکی سیاسی و ئابوری و دەستووری و دیبلۆماسی فراوانی بەخۆیەوە بینیوە، هاوشێوەی دەوڵەتێکی دی فاکتۆ مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە و وڵاتە زلهێزەکان دەکات.

هەرێمی کوردستان پێگەیەکی گرینگی هەیە لەناوچەکە و سەرکردایەتی سیاسی لەسەر ئاستی ناوخۆ لە بەردەوام هەوڵی داوە بۆ کاراکردنی بەشداری سیاسی جددی سەرجەم پێکهاتە ئێتنی و ئاینییەکان و کاری جددی کردووە بۆ ڕێگریکردن لە سنووردارکردنی دیاردەی گەندەڵی ئیداری و کەمکردنەوەی هەڵئاوسانی کار لە ئۆرگانە ئیدارییەکانی حکومەت، بە مەبەستی بەهێزبوونی سەقامگیری سیاسی و شیانی هەرێم لەڕووی ئابوری و تەبایی کۆمەڵایەتی.

وڵاتانی دراوسێ بە چاوی گومانەوە دەڕواننە ئەم گەشەسەندنەی هەرێم و هەوڵی بچووککردنەوەی ڕۆڵی هەرێم دەدەن و مەبەستیانە هەرێم بۆ هەمیشە وابەستە بێت و خاوەند بڕیاری سەربەخۆی خۆی نەبێت.

دەوڵەتی ئێران بە تایبەتی لەگەڵ بەهێزبوونی هەرێمی کوردستان نییە، چونکە بەهێزبوونی هەرێمی کوردستان و

هەنگاونانی بۆ سەربەخۆیی دەبێتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر هەژموونی ئێران لە سوریا و ناوچەکە و ئەرکی هەناردەکردنی یارمەتییە لۆجستییەکانی بۆ پرۆکسییەکانی لە سوریا و لوبنان قورستر دەکات.

لای خۆیەوە تورکیا، کە لە ساڵی ٢٠٠٨وە بە شێوەیەکی کرداری و بەرژەوەندیخوزانە پەیوەندییەکی ناهاوسەنگی لەگەڵ هەرێم دروستکردووە و زیاتر فاکتەری ئاسایشی و کەمتر فاکتەری ئابوری و وزە لەم پەیوەندییەی تورکیا لەگەڵ هەرێم ڕۆڵدەگێڕی، لەهەمان کاتدا تورکیا هاوکاری هەرێم دەکات، بۆ ڕێگریکردن لە فراوانبوونی هەژموونی شیعە و دەستبەسەرداگرتنی عیراق لەلایەن ئێرانەوە.

گۆڕینی وتاری تورکیا بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان هاوکاربووە لە کەمبوونەوەی پشێویی لە ناوخۆی تورکیا، ئەم نەرم ڕەفتارکردنەی تورکیا لە ڕووی ئابووریی و بازرگانییەوە بەسوودی پارێزگا کوردییەکان باکوروی کوردستان بووە، کە لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابووردوو بە چەندین هۆکار ڕاپەڕین و ناسەقامگیری بەخۆیەوە بینی.

ڕێگریکردنی هەرێم لە هەژموونی ئێران لە ناوخۆی هەرێم وای لە وڵاتانی کەنداو کردووە پەیوەندییان لەگەڵ هەرێم بەهێز بکەن، بەڵام ئێران ئەو دەستکەوتانەی، کە لە عیراق دەستەبەری کردووە، بۆ نموونە بەکارهێنانی خاکی عیراق وەکو ڕێڕەوێ بۆ سوریا و لوبنان، لەدەست دەچێت، ئەگەر هەرێمی کوردستان و عیراق لە وڵاتانی کەنداو نزیك ببنەوە، بۆیە لای خۆیەوە ئێران کار بۆ پووچەڵکردنی هەر پەرەسەندێکی پەیوەندی نێوان هەرێم بەگشتی و عیراق بە تایبەتی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو دەکات.

لە نێوان ئێران و تورکیا ڕکابەری و لە هەمان کاتدا یەك هەڵوێستی هەیە سەبارەت بە هەرێمی کوردستان. ئێران پێی وایە وەبەرهێنان لە کەرتی گاز لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی دەوڵەتە عەرەبییەکان و بە تایبەتی لە ڕێگەی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو و هەوڵەکانی هەرێم بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ناوخۆ دەبێتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران، بۆیە ئێران و تورکیا هاوکاری یەکتر دەبن بۆ لەباربردنی ئەو پرۆژەیە و پرۆژەکانی تر، کە دەبنە مایەی سەربەخۆیی ئابوری هەرێم.

لێرەدا بە پێویست دەزانرێ هەرێم بە زووترین کات لەگەڵ بەغدا بگاتە ڕێکەوتن و هەوڵی جددی بدرێ بۆ دەرکردنی یاسای نەوت و

گاز، تا لەو ڕێگەیەوە هەرێم دەستی واڵاتر بێت بۆ بەڕێوەبردنی دۆسیەی نەوت گاز و ئەنجامدانی مانۆڤری ئابوری لە دەرەوەی سنوورەکانی هەرێم.

درووستبوونی ناسەقامگیری لە ئەنجامی زیادبوونی گرژی نێوان هێزە هەرێمی و زلهێزەکان دەتوانێ کاریگەری نەرێنی هەبێت لەسەر چارەنووسی هەرێمی کوردستان. ڕاستە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم توانی لە چوارچێوەی جیۆپۆلیتیکی ناجێگیر دووبارە پێگەی خۆی بەهێز بکاتەوە، بەڵام بەهۆی گرژییەکانی ئەم دوایەی نێوان هەردوو حزبی سەرەکی لە هەرێم. هێشتا نەتوانراوە، ئاسۆیەکی کرانەوەی سیاسی جددی پێشکەش بکرێ.

## درووستبوونی هاوپەیمانێتی نوێ لە ناوچەکەو هەڵوێستی هەرێمی کوردستان:

لە ناوچەکە ماوەیەکە هەوڵدەدرێ بۆ درووستکردنی هاوپەیمانێتییەکی هەرێمیی سەربازیی، کە پێی دەوترێ "هاوپەیمانێتی ستراتیژی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" (MESA)، یان ئەوەی لە میدیاکان پێی دەوترێ ناتۆی عەرەبی.

ئەم هاوپەیمانێتییە بێجگە لە ئیسرائیل و میسر و ئوردن هەر شەش ئەندامانی ئەنجومەنی هاوکاری کەنداو لەخۆدەگرێ، ئەمەش هەوڵیکە و دیدگای ئەمریکا سەبارەت بە نەخشیی ڕۆژەڵاتی نوێ دەخاتە ڕوو و تیایدا بە ڕوونی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ناوچەکە ڕەنگدەداتەوە.

ئامانجی سەرەکی ئەم هاوپەیمانێتییە لە ئێستادا بریتیە لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی ئێران بۆ سەر ناوچەکە.

دواتر ڕێکەوتننامەی ئەبرەهام (ئیبراهیم) جاڕدرا، کە بە مەبەستی ئاساییکردنەوەی پەیوەندی ژمارەیەك لە وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ ئیسرائیل ئەنجامدرا، بۆ ئەوەی وڵاتانی هاوپەیمان بتوانن ئاڵوگۆڕی زانیاری هەواڵگری و هاوبەشی هەماهەنگی تەکنەلۆژی و بەهێزکردنی بەرگری دەستەبەربکەن.

لە ساڵی ٢٠٢١ پێنتاگۆنی ئەمریکا ئاشکرای کرد، ئیسرائیل لە تەنیشت ژمارەیەك لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە فەرمی چۆتە ناو چوارچێوەی بەرپرسیارێتی ناوچەی سەرکردایەتی ناوەڕاستی سەربازی، کە پێی دەوترێ "سینتکۆم".

ئەم هەنگاوە دەرفەت بە پێنتاگۆن دەدات، هەماهەنگی نێوان هێزەکانی ئەمریکا، کە لەناوچەکە بوونیان هەیە، لەگەڵ هاوبەشە عەرەبەکان و ئیسرائیل بەهێزتر بکات، لەکاتێکدا ئیدارەی جۆ بایدن فۆکۆس دەخاتە سەر ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی ئێران.

چوونی ئیسرائیل بۆ ناو ناوچەی ئۆپەراسیۆنەکانی "سینتکۆم" دانپێنانە بەو ڕاستییە نوێیەی، کە قەوارە و هێزی پەیوەندییە سەربازییە فراوانەکانی ئیسرائیل لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییەکانی ئاماژەپێکراو زیادی کردووە.

ئەو ناوچەیەی، کە لە ژێر بەرپرسیارێتی "سەرکردایەتی ناوەڕاستە" بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی ئەمریکا زیاتر لە نیوەی یەدەگی نەوت و گازی جیهان لەخۆدەگرێ.

بەو هۆیەوە ناوچەکە چالاکترین ڕێگا بازرگانییەکانی جیهان دەگرێتەوە، کە سێ مەرزی سەرەکی دەریایی هەیە بۆ بازرگانی جیهانی، ئەویش تەنگەی هورمز و کەنالی سوێس و گەرووی باب ئەلمەندبە.

پێویستە هەرێمی کوردستان، کە لە ڕووی جوگرافییەوە دەکەوێتە ناوجەرگەی ئەم هەموو گۆڕانکاریی و ڕێکەوتننامانە، کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر هەرێم، هەموو هەوڵێکی خۆی بدات، بۆ چوونە ناو ئەو هاوپەیمانێتییە، لەبەر ئەوەی هاوپەیمانێتی "میسا" هاوپەیمانێتییەکی ئاسایشی و ئابورییە، مەبەستییە سەقامگیری ئابورییەکی بەهێزی گرێدراو بە سیستەمی دراوی جیهانی درووست بێت.

ئەمریکا پاڵپشتی ئەم هاوپەیمانێتییە دەکات و ڕێگر دەبێت لە هەڕەشەکردن لەسەر ئاسایش و ئابووری ئەندامەکانی.

بەرنامەش دارێژراوە بۆ ئاییندە، کە هاوپەیمانێتی (میسا) لەگەڵ پەیمانی ناتۆ پێکەوە کاربکەن بۆ ڕێگریکردن لە مەترسییەکانی ڕوسیا و چین.

گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانە، وەکو ڕێکەوتنی نێوان سعودیە و ئێران و هەوڵەکانی تورکیا بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ میسر و عەرەبستانی سعودیە، پێداچوونەوەن بۆ پێکهاتەی ناوچەکە و چارەسەری نێوان هەردووجەمسەر، لەپێناو چارەسەرکردنی گرفتەکانی و دەستەبەرکردنی ئاشتی و ئاسایش لە ناوچەکە.

**لە کۆتاییدا:**

پێویستە سیاسەتی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ژینگەی هەرێمی، پەیوەست بە مافەکانی کارا بکرێت، ئەمەش لە چوارچێوەی سنووری سیاسی و دەستوری خۆی و سامانە سروشتییەکانی.

پێویستە هێزی پێشمەرگە وەکو هێزێکی بەرگری نیشتمانی یەکبخرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر دەستدرێژییەك بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستانێکی یەکگرتوو.

پێویستە گرینگی بە بەها دیموکراسییەکان و سیکۆلاریزم و یەکسانیی لیبراڵی و ئینتمای نەتەوەیی و نیشتمانسازی بدرێت وەکو پشتیوانییەکی سەرەکیی پرۆسەی دەوڵەتسازی، کە دەکرێت لە ڕێگەیانەوە یەکڕیزیی نەتەوەیی دروست بێت.

ئەو یەکڕیزییە نەتەوەییە دەبێتە مایەی بەهێزبوونی حکومەتی هەرێم و لەو ڕێگەیەشەوە هەرێم دەتوانێ وەکو ئەکتەرێکی دیار بەردەوام بێت لەسەر گێڕانی ڕۆڵێکی چالاك لە ململانێی هێزە ناوخۆیی و هەرێمییەکاندا.

سەنگەرەکان لە هەرێمی کوردستان تێکەڵکێش بوون، ململانێیە هەرێمییەکان لەسەر هەرێم لە ئێستادا لە بەرزترین ئاستن، چونکە هەرێم بەدیاریکراوی دەبێتە نەخشەیەکی نوێی پەڕینەوەی وزە بەرەو سوریا، کە لەلایەن هەندێ وەبەرهێنی ناوچەکە پاڵپشتی دەکرێ، وەکو ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو، لە بری ئەوەی وزە لە ڕێگەی تورکیاوە هەناردە نکرێ.

ئەمەش دژ بە خواستەکانی تورکیایە، کە مەبەستیە خاکی وڵاتەکەی بەکاربهێنرێ بۆ پەڕینەوەی وزە، بۆ ئەوەی بتوانی بەو هۆیەوە ڕۆڵ بگێڕێ لە بەڕێوەبردنی هاوسەنگییەکانی ململانێی نێودەوڵەتی.

بۆیە تورکیا هەوڵ دەدات دەستبەرداری بوونی سەربازی خۆی لە هەرێمی کوردستان نەبێت، بۆ ئەوەی ئەو هێزە سەربازییە وەکو کارتێکی فشار بەکاربهێنێ بۆ سەر هەرێم و حکومەتی عیراقی فیدراڵ.

هەبوونی پەیوەندی هاوپەیمانێتی بەهێز لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی، گەورەترین هەژموون و کاریگەریان هەیە لەسەر جیهان، بۆ نموونە بەریتانیا، کە لەئایندەدا لەبری ئەمریکا ئیدارەی دبلۆماسی و سیاسی ناوچەکە بەڕێوەدەبات، بوار بە هەرێمی کوردستان دەدات، ڕۆڵی کاریگەر بگێڕی و زەمینەی بۆ دەرەخسێنێ جوڵەی گونجاوی هەبێت، کە لە ئێستادا بەهۆی هێزە هەرێمییەکانی وەکو ئێران و تورکیا سنووردار کراون.

# کوردبوون و پلەبەندییەکانی !



پ. د. ڕەشاد میران

[ ئەم باسە چەند پرسێک دەوروووژێنێ ؛ پرسگەلێکی پەیوەست بە ڕەوشی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی ئێمەی کوردەوە ؛ هاوکات هەوڵدەدات هەندێ چەمک و لایەن و بواری ئاڵۆز، تێکچزراو و نادیار ڕوونبکاتەوە بۆ ڕاست لێ حاڵیبوون و تێگەیشتنیان. کوردبوون، کوردایەتی، هوشیاریی نەتەوەیی، ئینتیما بۆ نەتەوە و بۆ نشتیمان... ئەمانە جێی بایەخی ئەم تۆژینەوەیەن، بەوپێیەی کە، بەلای تۆژەرەوە، ئەم چەمک و پرسانە پڕبایەخ و هەمانکاتیش ناڕوون و تێک ئالاون، بۆیەش پێویستیان بە لەسەر وەستان و شرۆڤەکردنی وردە...]

کوردبوون، ئەو حاڵەتەیە کە کۆمەڵبوونێکی مرۆیی بە هەندێ نیشانە و مۆرکی دیاریکراوەوە تیایدا دەژی و پێیانەوە دەناسرێ؛ بە گوتەیەکیدی، ئەم نیشانە و مۆرکانە دەبن بە شوناس و ناسنامەی ئەندامانی کۆمەڵبوونەکە، زیاد لەوە، ئەمانە دەبن بە مەرج بۆ هەبوونیان وەک کۆمەڵەیەکی جیاواز و تایبەت کە زانستی ئێتنۆگرافیا چەمکی "ئێتنۆس"ی بۆ بەکاردێنێ .

لێرەشدا، کۆمەڵبوونە مرۆییەکان جۆراوجۆرن ؛ چەمک و شوناسیان، بە ناوەرۆک و چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکیانەوە، گوزارشت لەو قۆناغە مێژوویی و کۆمەڵایەتییە دەکەن کە تێیدا دەژین. بۆ نموونە، ئێتنۆس هەیە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە خێڵێکە- تەنیا یەک خێڵ مەرج و مۆرکی ئێتنیکیی تایبەت بە خۆیی هەن ؛ لە ڕابردووی زوودا، کۆمەڵبوونی گەورە نەبوون، بەڵکو هەر خێڵێک ئێتنۆسێکی سەربەخۆ بوو- ناو، زمان، جێنشین، ئایین و دابونەریتی خۆیی هەبوون کە ببوون بە مۆرکی کۆمەڵەکەیان. لە قۆناغی دواتر، لەبەر هۆکاری جۆراوجۆر، چەند خێڵێک یەکیانگرتووە و مەرج و مۆرکیان بۆ دروستبووین وەک ئێتنۆسێک، لەگەڵ پاراستنی هەندێ تایبەتمەندیی هەر یەکێکیان، ئەمە "کۆنفیدراسیای خێڵەتی" بوو و ئێتنۆسەکە بەناوی خێڵە هەرە بەهێز و گەورەکەوە ناسراوە- ئەگەرچی ئەمە ئێتنۆسێکی یەکگرتووی پتەو نەبوو، بەڵام لە مێژوودا کۆنفیدڕاسیای خێڵەتی، لە زۆر حاڵەتدا، هەنگاوێک بووە بەرەو دروستبوونی دەوڵەت ؛ درەنگتر، ئێتنۆسی میللەت (قەومیەت) دروستبوو کە مەرج و مۆرکەکانی ڕوونتر و دیارتر دەردەکەون، تیایدا یەکبوونی توخمە پێکهێنەرەکانی بەڕادەیەکی باش دەردەکەوێت و دەوری سیاسی و کولتووری دەگێڕێ لە ناوچەکە. لە ئەنجامی وردە وردە گەشەکردن و گەورەبوونی ئێتنۆسی میللەت دا، کاملبوونی یەکێتیی توخمەکانی، زێدەبوونی ڕۆڵ و کاریگەرییە سیاسی و کولتوورییەکانی، ئێتنۆسی ئاستی نەتەوە ( الامة nation ) سەرهەڵدەدات کە، ئەمە، ئێتنۆسی هەرەباڵا، پتەو و کاریگەرە لەنێو هەموو جۆرەکانی کۆمەڵبوونە مرۆییەکاندا – ئەمە یەکێتییەکی ئێتنیکیی قاییم و پتەوە، لە ڕووی سیاسی و کولتووریشەوە پێشکەوتووە- مەرج و مۆرکە ئێتنیکییەکانی، هەروەها بنیادە کۆمەڵایەتییەکانی ڕەگ داکوتراو، کارا و ئاشکرا دیارن.

لەم ڕوانگەیەوە، مەرج نییە هەموو کۆمەڵبوونە مرۆییەکان بەم قۆناغ و پلەبەندییانەدا تێپەڕن، بەڵام ئێتنۆسی نەتەوە دەبێ هەموو ئەو قۆناغانەی بڕیبن- گەورەیی، توندوتۆڵی و بەهێزیی نەتەوەش هەر لەم ڕەوتە مێژووییە دوورودرێژەیەوە هاتوون .

لێرەشدا، چەند پرسیارێک قووت دەبنەوە؛ کورد لە کام قوناغەکانی ئێتنۆس دایە ؟ ئایا کورد نەتەوەیە یان میللەت ؟ ئەگەر خێڵ ئێتنۆسی سەربەخۆ بێت، چۆن دەبێ لەناو کورددا هەبێت کە ئێتنۆسی میللەت یان نەتەوەیە ؟

سەرەتا، هەر کۆمەڵبوونێکی مرۆیی خاوەن نیشانە و مۆرکی تایبەت و جیاواز لە ئەوانیدی ئەوا ئێتنۆسێکی سەربەخۆیە ؛ نیشانە و مۆرکی ئێتنیکی بریتین لە : ناو، زمان، خاک، مێژوو، کولتوور، سایکۆلۆگیای هاوبەشی ئەندامانی کە ئەمانە هەمان کات، وەکو گوتمان، دەبن بە پێشمەرجی هەبوونی کۆمەڵبوونەکە .

**هەبوونی خێڵیش لەنێو ئێتنۆسی میللەتدا ئاساییە و بەشیکە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی یان توخمێکی سستێمی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کۆمەڵبوونە مرۆییەکە . خێڵی ئەم قۆناغە جیایە لە خێڵە سەرەتاییەکانی مێژووی زوو، کاتێک کۆمەڵبوونی گەورەتر لە خێڵ نەبوون- ئەمە خێڵی کۆمەڵگای مەشاعیەتی سەرەتایی بوون. خێڵ لەنێو ئێتنۆسی میللەتدا توخمێکی کۆمەڵایەتییە نەک ئێتنیکی، ئەگەرچی هەمیشە وردەکولتووری خۆیشی دەبێ، بەڵام هەر بەشێک دەبێت لە کولتووری ئێتنۆس دا.**

هەرچی ئێتنۆسی نەتەوەیە، ئەوا وردەکولتوورەکان ناهێڵێ، یان هەر زۆر کاڵیان دەکاتەوە بەڕادەیەک هەست بە جیاوازیی قووڵ ناکرێت لە نێوان توخمە کۆمەڵایەتییە پێکهێنەرەکانی و ئەندامەکانی، جیاوازیی ئابووریی لێ دەرچێت، نزیکەی هەموویان یەک ئاست و شێوازی ژیانیان دەبێت. هەروەها ئەوەی نەتەوە جیادەکاتەوە لە ئێتنۆسەکانیتر، ئەندامەکانی لە ئەنجامی بەرزیی ئاستی مەعریفییاندا، دەبن بە خاوەنی هوشیاریی نەتەوەیی، واتە هوشیاری و مەعریفە دەربارەی لایەنە نەتەوەییەکانیان- ناو، زمان، مێژوو، خاک و نیشتمان، کولتوور و... هەموو ئەمانەش لە ئێتنۆسێکی پێگەیشتوو و پێشکەوتووی وەک نەتەوەدا دەڕەخسێن، بە پەروەردەکردنێکی زانستییانەی ئەندامانی لە چوارچێوەی سستێمێکی کۆمەڵایەتیی تۆکمە و پێشکەوتوودا.

لەم گۆشەنیگایەوە، ئێتنۆسی کورد لە ڕۆژی ئیمڕۆدا، لە سۆنگەی لێکدابراندنی دەستکردانەی بەشەکانییەوە، بە هەر هۆکاری دەرەکی بە گشتی، دووربووە لە پێشقەچوونێکی ئاسایی و هەردەم دووچاری چەوساندنەوە و تەنگ و چەڵەمەی دەرەکی بووە ؛ تەنانەت ناکۆکییە نێوخۆییەکانیشی بێ دەستوەردانی دەرەکی نەبوون کە هەموو ئەمە ڕەنگدانەوەی نەرێنیی بەهێزی هەبووە وەک چۆن لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی (هەژاری، نەخوێندەواری، پەروەردە، تەندروستی، چینایەتی...)، ئاواش، بگرە توندتریش، لەسەر لایەنی ئێتنیکی نەتەوەیی. لێکدابڕاندن، واتە دوورخستنەوەی توخمەکان لە یەکتر، ڕێگرتن لە یەکبوون و گەشەکردنی پێکەوەی ئەندامان و ناهاوسەنگیی "پێشقەچوون" لە بەشە لێکدابڕاوەکاندا.

لە دۆخێکی لەم جۆرەی ئێتنۆسی کورد دا، کە ئێستاکەش هەر لە ئارادایە، بێگومان یەکێتییەکی ئێتنیکیی پتەو و قاییمی نییە، توخمە نەتەوەییەکانی لێکدابڕاون، لە بوارە کۆمەڵایەتییەکانیدا، ئەگەرچی هەنگاوی سەختی بڕیوون،بەڵام هێشتاش نەگەیشتووە بە پێشکەوتن لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا . وەکو ئاشکرا دیارە، هوشیارییەکی سیاسیی ئاستی شیاو لە بەشەکانی کوردستان بەرپابووە، هەڵچوونێکی گەورەی ئەندامانی ئێتنۆسی کورد لە سەرانسەری کوردستان و لە دەرەوەشی هەیە و لەگەڵ ئەوەیش کە ئاستی مەعریفی و زانستی و پەروەردەیی مرۆی کورد وەکو پێویست نییە، ئینتیمای بنەماڵەیی و خێڵەتی، هەروەها ئینتیمای ئایینی لای ئەم هێشتا کەریگەرییان هەر هەیە، بەڵام ڕووداوە سیاسی- ئێتنیکییەکان لە کوردستان بەڵگەی ئەوەن کە هوشیاریی نەتەوەیی کورد، بەگشتی، لە هەڵکشان دایە و لە پرۆسەی نەتەوەبووندا لە بەرەوپێشچوون دایە.

**دەکرێ پڕۆسەی نەتەوەبوونی کورد بە گەڕ بخرێ، تاو و گوژمی پێ بدرێ، ئەویش لەپاڵ کاراکردن و بەهێزکردنی دەزگا مەعریفییەکاندا، ئێلیتی ڕۆشنبیری و زانستی و، بە تایبەتیش، سیاسی ڕۆڵی نەتەوەیی زێتر و کاریگەرتر بگێڕن- سەرکردەی سیاسیی کورد دەبێ پێشەنگ و ڕێبەری نەتەوەیی بێ، بە پلەی یەکەم مامۆستا و خاوەن ڕۆنیای نەتەوەیی بێت ... چونکە کۆمەڵگا و نەتەوە دەبێ وەکو تاکەکەس بەردەوام فێربکرێ.**

# وشکەساڵی

## پێناسە وچەمك ، هۆكار وكاریگەری ، بەرەنگاربوونەوە و بەرێوەبردن



پ. د. ئازاد محەمەدئەمین کاکەشێخ نەقشبەندی

azad.ameen@mhe-krg.org

پێشەکی :

(وشـكە سـاڵی) دیاردەیەکی سروشـتی کۆنە لە ئەفسـانە کۆنەکان و لە پەرتووکە ئاینیەکاندا ، لە نێوانیاندا لە قورئانی پیروزدا ، ئاماژەی بۆکراوە. لە مێژوی نوێدا، و لە ماوەی سێ سەدەی رابردوودا ، شەپۆلە (وشکە ساڵی)یە بەهێز ودرێژخایەنەکان زیانی زۆر گەورەیان بەچەندین ناوچەی جیهان گەیاندوە. ئەو (وشـکە ساڵی)یەی

**لە ساڵی ١٧٢٦ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا روویدا و (٢٣) ساڵ بەردەوام بوو و (وشکە ساڵی) ساڵی ١٩٣٠ لە هەمان وولات کە (١٠) دە ساڵی خایاند وئەو (وشکە ساڵی) یانەی لە کەنارەکانی ئەفریقیا لە نێوان سالەکانی (١٩٦٨ - ١٩٧٣) روویدا نموونەی دیاری ئەو (وشکە ساڵی) یە کاولکارانەن کە زیانی زۆر گەورەیان هەبووە.[١]**

**ئامانجەکانی نووسینی ئەم باسە ، کە دەستپێکێەکە بۆ هێنانەکایەی باسێکی تر تایبەت بە (وشکە ساڵی) و دووبارەبوونەوەی لە هەرێمی کوردستاندا ، بریتین لە :**

١- پێناسەکردنی دیاردەی (وشکە ساڵی Drought) و روونکردنەوەی چەمکی.

٢- دیاریکردنی هۆکارەکانی روودانی ودووبارە بوونەوەی (وشکە ساڵی) وکاریگەریەکانی.

٣- ئاشنابوون بە سیاسەت و پلانەکانی بەرەنگاربوونەوە وبەرێوەبردنی (وشکە ساڵی).

**نووسین لەسەر دیاردەی (وشکە ساڵی) گرنگی خۆی هەیە بەهۆی :**

- روودانی (وشکە ساڵی) ودووبارەبوونەوەی لە دیاردە سروشتیە گرنگەکانە وجێگای بایەخ پێدانی جوگرافی ناسان وپسپۆرانی بوارەکانی تری زانستە چونکە کارەساتێکی جیهانی گەورە و مەترسیدارە وکاریگەریەتیە نەرێنیەکانی رووبەرێکی فراون لە وشکایی گۆی زەوی دەگرێتەوە.
- روودان ودووبارەبوونەوەی لە جیهاندا لە زیادبوونی بەردەوامدایە بەهۆی گەرمبوونی گۆی زەوی وگۆرانکاریە ئاووهەوایەکان.
- (وشکە ساڵی) پەیوەندی بەهێزی هەیە لەگەڵ بەرهەمهێنانی خۆراك کە خواست لەسەری لە زیادبوونی بەردەوامدایە بەهۆی زیادبوونی بەردەوامی ژمارەی دانیشتوان بە پلەی یەکەم.
- (وشکە ساڵی) لە پەیوەندیەکی بەهێزدایە لەگەڵ کەمبوونەوەی (ئاو) ی بەردەست

کە خواســـت لەســـەری لە جیهاندا لە زیادبوونی بەردەوامدایە بەهۆی زیادبوونی بەردەوامی ژمارەی دانیشـــتوان وگەشـــەکردنی چالاکیەکانی وبەرزبوونەوە ئاســـتی رۆشنبیری. ئامارەکان ئاماژە دەکەن خواست لەسەر (ئاو) لە جیهاندا لە نێوان ١٩٦٠ – ٢٠١٠ دا ، (٣) ســێ هێندە زیادی کردوە وتێکرای زیادبوونی ســاڵانەی خواســت لەسەر (ئاو) لە ئێستادا (٦٤) ملیار م٣ یە. [٢]

- روودان و دووبارەبوونەوەی (وشکە ساڵی) ، لە هەرێمی کوردستاندا لەم دەیانە دوایدا، بەشێوەیەکی سەرنج راکێشراوە لە هەڵکشانی بەردەوامدایە و بەشێوەیەکی بەهێزتر دەرکەوتووە بۆیە پێشبینی ئەنجامی نەرێنی وترسناکی لێدەکرێت.

دووبارەبوونەوەی (وشـکە سـاڵی) ، لە هەرێمی کوردسـتاندا ، لە سـەدەی (٢١) بیسـت و یەکدا، بابەتی لێکۆڵینەوەیەکی ترە هیوادارین لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەنجامی بدەین.

بۆ گەیشـتن بە ئامانجەکانی باسـەکە بە باش زانراوە ، جگە لە پێشـەکی ، بەسـەر ئەم تەوەرانەدا دابەش بکرێت :

**تەوەری یەکەم** :پێناسەکردنی دیاردەی وشکە ساڵی (Drought) و روونکردنەوەی چەمکی.

**تەوەری دووەم** :دیاریکردنی هۆکاری روودان ودووبارە بوونەوەی وشکە ساڵی و کاریگەریەکانی.

**تەوەری سێیەم** : :ئاشـنابوون بە سـیاسـەت و پلانەکانی بەرەنگاربوونەوە وبەڕێوەبردنی (وشـکە ساڵی).



## تەوەری یەکەم : پێناسەکردنی دیاردەی وشکە ساڵی ورروونکردنەوەی چەمکی

(وشکە ساڵی Drought) وەك هەموو زاراوەیەکی تر، پێناسەی جۆراوجۆری بۆکراوە کە لە رێگایانەوە دەکرێت چەمکی روونبکرێتەوە و لە زاراوەی (ئاووهەوای وشك Aridity) ، کە زۆر جار بە هەڵە بۆ ئاماژەکردن بە دیاردەی (وشکە ساڵی ) بەکار دەهێنرێت، جیابکرێتەوە. لێرەدا بە باش دەزانرێت ئاماژە بە چەند پێناسەیەك بۆ (وشکە ساڵی) بکەین کە بریتین لە :

لە (Oxford Dictionary) دا بەم شێوەیە پێناسەی (وشکە ساڵی) کراوە : " بارێکی کاتی ئاووهەوای وشکە کە لێقەومانی لێدەکەوێتەوە لە ئەنجامی کەمی باران بارین". [٣]

لە (فەرهەنگی زاراوە جوگرافیەکان) هاتووە کە دیاردەی (وشکە ساڵی) مانای "ماوەیەکی کاتیە لە کەشی وشك و هۆکارەکەی دەگەرێتەوە بۆ کەمی بڕی باران ". فەرهەنگی زاراوەکان ئاماژە بەوەیش دەکات کە " ترسناکترین جۆری (وشکە ساڵی) یش ئەوە جۆرەیە لە هەرێمە پەراوێزخراوەکان یان ئەو هەرێمانەی دەکەونە ناوچە سنووریەکانی نێوان هەرێمی بارانی زۆر ، یان بەلای کەم خاوەن بارانی رێك وپێك ، و هەرێمی بارانی کەم یان هەندەی پێویست ، بەڵام نا رێك و پێك ". [٤]

(فەرهەنگی جوگرافیا) پێناسەی (وشکە ساڵی) بەم شێوەیە کردوە : " کەمبوونەوەی زۆری دابارین یان نەبارینی بەتەواوی لە ماوەیەکی دیاریکراودا بەراورد بە تێکرایەکی دیاریکراو ". [٥]

لە (ئنسکلۆپیدیای بەریتانی) دا هاتووە دیاردەی (وشکە ساڵی) بریتیە لە : " کەمبوونەوە یان کورت هێنانی باران بۆ ماوەیەك کە ببێتە هۆی تێکدانی هاوسەنگی ئاو ، زیان گەیاندن بە بەروبوومە رووەکیەکان ، کەمبوونەوەی ئاوی رێکردوو لە چەم ورووبارەکاندا ، کەمبوونەوەی ئاوی ژێر زەوی و نەمانی شێی خاك ". (وشکە ساڵی) لە کارەساتە سروشتیە ترسناکەکانە کە رووبەرووی (کشتوکاڵ) دەبێتەوە لە هەموو جیهاندا. [٦]

رێکخراوی کەشناسی جیهانی (٢) دوو پێناسەی بۆ (وشکە ساڵی) پێشنیار کردوە کە بریتین لە : [٧]

**یەکەم** : (وشکە ساڵی) بریتیە لە "دواکەوتنی باران بارین یان خراپی دابەشبوونی بۆ ماوەیەکی درێژ ".

**دووەم** : (وشکە ساڵی) بریتیە لە " باڵادەستبوونی (کەشێکی وشك) بەشێوەیەکی نائاسایی و درێژەکێشانی بۆ ماوەیەك کە کەم بارانی ببێتە هۆی لاسەنگی هایدرۆلۆجی ترسناك ".

لە بەندی یەکەمی ریکەوتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی (بە بیابان بوون) بەم شێوەیە پێناسەی (وشکە ساڵی) کراوە : " (وشکە ساڵی) دیاردەیەکی سروشتیە کاتێك روودەدات باران بەشێوەیەکی هەست پێکراو کەمتر بێت لە ئاستە تۆمار کراوەکانی و ببێتە هۆی روودانی لاسەنگیە هایدرۆلۆجیەکان کە زیانیان لەسەر شێوەی بەرهەمهێنانی دەرامەتەکانی گۆی زەوی دەبێت ". [٨]

(وشکە ساڵی) بە بۆچوونی ئێمە " دیاردەیەکی ئاووهەوایی وکارەساتێکی سروشتی ترسناکە لە ئەنجامی کورتهێنانی کاتی باران بارین دروست دەبێ و بە نارێك وپێکی دووبارە دەبێتەوە و ئەگەری روودانی ودووبارە بوونەوەی ، بە پلە وریژەی جیاواز ، لە هەموو شوێنێکی سەر گۆی زەوی هەیە ".

لەبەر رۆشنایی پێناسەکەمان بۆ (وشکە ساڵی) وئەو پێناسانەی ئاماژەیان بۆکرا دەتوانرێت چەمکی (وشکە ساڵی) لەم خاڵانەدا روونبکرێتەوە :

**١ -** (وشکە ساڵی) بریتیە لە کەمبوونەوەی بڕی دابارین ، باران بەتایبەتی، لە تێکرای ساڵانەی بە رێژەیەکی کاریگەر بۆ ماوەیەك ، (مانگ ، وەرز یان ساڵێك وزیاتر).

**٢ -** (وشکە ساڵی) دیاردەیەکی سروشتی کاتیە وسیمای خولی نیە وئەگەری روودانی ، بە پلە و رێژەی جیاواز ، لە هەموو شوێنێکی جیهان هەیە.

**٣ –** دیاردەی (وشکە ساڵی) جیاوازە لە دیاردەی ( ئاووهەوای وشك Aridity). (ئاووهەوای وشك) بریتیە لە : " دیاردەیەکی هەمیشەیی و جۆرێك لە جۆرەکانی ئاووهەوا لەو شوێنانەی کە تێکرای بڕی (بەهەڵمبوون) و(بەهەلمبوون لە رووەك) ی ساڵانە تیایاندا زیاترە لە تێکرای بڕی دابارینی ساڵانە ، (بیابانەکان و نیمچە بیابانەکان). بەگشتی ( ئاووهەوای وشك) لەو شوێنانە بەدی دەکرێت کە :

- دەکەونە ژێر زۆنەکانی پەستانی بەرز.
- دەکەونە ناوچەی (سێبەری باران).
- دەکەونە ناوەراستی کیشوەرەکان و دوور

لە کاریگەریەتی زەریا و دەریاکان.

- دەکەونە ئەو کەنار دەریایانەی کە (تەوژمە دەریاییە ساردەکان) بەلایاندا تێپەردەکەن.

## تەوەری دووەم : دیاریکردنی هۆکاری ڕوودانی ودووبارە بوونەوەی (وشکە ساڵی) و کاریگەریەکانی

تەوەری دووەمی باسەکە تایبەتە بە باسکردنی (٢) دوو بابەتی گرنگی (وشکە ساڵی) و بابەتەکان ، کە بە جیا باسیان لێوە دەکرێت. بریتین لە :

**A - دیاریکردنی هۆکارەکانی ڕوودانی دیاردەی (وشکە ساڵی) ودووبارە بوونەوەی :**

(وشکە ساڵی) ، وەك پێشتر ئاماژەی بۆکرا ، ئەگەری ڕوودانی ودووبارە بوونەوەی ، بە پلە و ڕێژەی جیاواز ، لە هەموو شوێنێکی سەر گۆی زەوی هەیە بەڵام دووبارە بوونەوەی و جۆروە ترسناکەکانی زیاتر لە هەندێك ناوچەی جیهان و لە هەندێك کاتدا ڕوودەدات لە ئەنجامی کۆمەڵە هۆکارێك کە بریتین لە :

**١ -** شوێن لەسەر بازنە پانەکان : ئەو ناوچانەی ئەگەرەکانی ڕوودانی (وشکە ساڵی) ودووبارە بوونەوەی تیاندا زیاترە دەکەونە نێوان بازنەکانی (٣٠ – ٤٠) پلە. ئەم ناوچانە کە بە (ناوچەی گۆڕین Transition Zone) ناسراون دەکەونە نێوان هەرێمی (باران بارانی زۆر ورێك وپێك) و هەرێمی (باران بارانی کەم یان هەندەی پێویست و نارێك وپێك) هەمیشە هەرەشەی ڕوودان و دووبارە بوونەوەی دیاردەی (وشکە ساڵی) ترسناکیان لەسەرە.

**٢ -** جۆری ئاو و هەوای باو : هەر چەندە (وشکە ساڵی) ئەگەری ڕوودان و دووبارە بوونەوەی لە هەموو هەرێمە ئاووهەوایەکاندا هەیە، (هەریمە وشکەکان ، نیمچە وشکەکان، نیمچە شێدارەکان وهەرێمە شێدارەکان)، بەڵام ئەگەری ڕوودانی ودووبارە بوونەوەی بە پلەی توند لە هەرێمە وشك و هەرێمە نیمچە وشکەکاندا زیاترە بەراورد بە هەرێمە شێدارەکان وهەرێمە نیمچە شێدارەکان.

**٣ -** گۆڕانکاریە ئاوهەوایەکان : دووبارە بوونەوەی دیاردەی (وشکە ساڵی) لەم دەیانەی دوایدا بەهۆی گۆڕانکاریە ئاوهەوایەکان، (گەرمبوونی گۆی زەوی) ، ڕووی لە زیادی کردوە. بۆنموونە } تیمی حکومی نێودەوڵەتی تایبەت بە گۆڕانکاریە

ئاو و هـــــەوایەکان Intergovernmental ، } (Panel on Climate Change (IPCC پێشــبینــی روودان و دووبـارە بـوونەوەی دیاردەی (وشکە ساڵی) سەخت لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراســت دەکەن کە دەکەویتە (نــاوچەی گــۆڕیــن) و (هەرێــمــی کوردستان)یش، وەك بەشێك لە رۆژهەڵاتی ناوەراست ، دەگرێتەوە.

٤ – روودانی دیاردەی (ئیل- نینۆ El Nino و لا– نینا La Nina) : لێکۆڵینەوە زانستیەکان ســەلماندویانە پەیوەندی دیار هەیە لە نێوان دیاردەکانی (ئیل- نینۆ El Nino و لا – نینا La Nina) و روودانی (وشکە ساڵی) و دووبارە بوونەوەی لە زۆر شوێنی جیهان .

(ئیل- نینۆ El Nino) زاراوەیەکی ئیســپانیە بەمانای (منداڵی کورِ Boy Child) یان بە (منـداڵی مەســیحChrist Child ) دێـت و لەلایەن مـاســیگرەکـانی (پیرۆ و ئەکوادۆر Peru and Ecuador) بەکاردێت بۆ ئاماژە کـردن بە دەرکەوتـنـی دیـاردەی (تەوژمـی زەریــایــی گەرم) ، لە کــاتــی (جەژنــی لە دایکبوونی مەسـیح Christmas Time) دا. ئەم تەوژمە زەریاییە گەرمە ئاوی گەرم دێنێت بۆ کەنـارەکـانی ئەمریکـای بـاشــور دەبێتە هۆی:[٩]

- کەمبـوونەوەی مـاســی لە ئاوی کەنـار زەریـاکەدا بە شـێوەیەك ، کـاتێـك ئاوی کەنـار زەریـاکە زۆر گەرم دەبێـت ، وەرزی راوە ماسی چەند مانگێك پەکی دەکەوێت.
- برِیـکـی زۆر لە بـاران دەبـارێـت و لافـاو بەشـــێوەیەکی فراون لە نـاوچە (نیمچە بیابانەکانی) ئەمریکای باشور روودەدات.
- بە پێچەوانەی ئەمریکای باشـــور لە کاتی روودانی دیاردەی (ئیل- نینۆ El Nino) ، کە لە نێوان (٣ – ٨) ســـاڵـدا دووبـارە دەبێتەوە ، لە زۆر شـوێنی سـەر گۆی زەوی (باکوری رۆژهەڵاتی برازیل ، ئوســترالیا ، باشـوری رۆژهەڵاتی ئاسـیا ، ئەندەنوسـیا و باشــوری رۆژهەڵاتی ئەفریقیا) باران بارین کەم دەبێت ودیاردەی (وشـــکە ســـاڵی) روودەدات.

ئەوەی تـایبەتە بە دیـاردەی (لا – نینـا La Nina) ، کە زاراوەیەکی ئیســپانیە بەمانـای (منداڵی کچ) دێت ، کاتێك روودەدات ئاوی رۆژئاوای (زەریای پاسفیك Pacific Ocean)، نزیك لە کەنارەکانی (ئەمریکای باشــور) ، بە شـێوەیەکی نائاسـایی سـارد دەبێت و دەبێتە هۆی :[١٠]

- روودانی دیـاردەی (وشــکە ســـاڵی) لە کانەرەکانی (پێرۆ).
- زیـادبـوونـی بـاران بـاریـن لە رۆژهەڵاتـی ئوستراليا.

**B - کاریگەریەکانی ڕوودانی دیاردەی (وشکە ساڵی) و دووبارە بوونەوەی:**

(وشکە ساڵی) ، وەك لە پێناسەکەیدا ئاماژەی بۆکراوە ، کارەساتێکی سروشتی ترسناکە بۆیە دەبێت چاوەڕوانی کاریگەریە نەرێنیەکان وزیانەکانی بین لە کاتی ڕوودانی ودووبارەبوونەوەیدا. (وشکە ساڵی) ، بە پێچەوانەی کارەساتە سروشتیەکانی تر ، (لافاو، گەردەلولە خولگەیەکان ، بومەلەرزە... تاد) ، زیان و لێکەوتەکانی کەمتر ڕوونن و دیاریکردنیان بە ووردی و ڕێك وپێکی کارێکی ئاسان نیە بە هۆی :

١ – کۆکردنەوەی ئامارەکانی تایبەت بە زیانەکان و لێکەوتەکانی (وشکە ساڵی) سیمای درێژ خایەنیان هەیە وجگە لە چەند وولاتێکی کەمدا نەبێت ناتوانرێت بە شێویەکی وورد و ڕێك وپێك ئامارەکانی تایبەت بە زیانەکان و لێکەوتەکانی کۆبکرێنەوە.

٢ - هۆکاری هەندێك لە زیان و لێکەوتەکان مەرج نیە ڕاستەوخۆ ، یان بەتەنیا ، ئەنجامی ڕوودان ودووبارە بوونەوەی دیاردەی (وشکە ساڵی) بن.

ئاست وپلەی زیان و لێکەوتەکانی (وشکە ساڵی) پشت بە (٢) دوو هۆکار دەبەستێت کە بریتین لە :

١ – پلەی بەهێزی (وشکە ساڵی) : پلەی بەهێزی (وشکە ساڵی) پشت بە بڕی لادانی نەرێنی باران بارین لە تێکرای بارانی ساڵانە دەبەستێت. پلەی بەهێزی (وشکە ساڵی) لە پەیوەندیەکی ڕاستەوانەدایە لەگەڵ بڕی لادانی نەرێنی باران بارین لە تێکرای بارانی ساڵانە. بەهێزی (وشکە ساڵی) یش لە پەیوەندیەکی ڕاستەوانەدایە لەگەڵ زیان و لێکەوتەکانی (وشکە ساڵی).

٢ – ماوەی ڕوودانی (وشکە ساڵی) و دووبارەبوونەوەی : پەیوەندی ڕاستەوانە لە نێوان ماوەی ڕوودانی (وشکە ساڵی) ودووبارەبوونەوەی و زیان ولێکەوتەکانیدا هەیە. واتە (وشکە ساڵی) یە درێژخایەنەکان ، ئەوانی چەند ساڵێك دەخایەنن ، و یان لە ماویەکی کەمدا دووبارە دەبنەوە زیان و لێکەوتەکانیان زیاترە.

ئەوەی ڕوودانی (وشکە ساڵی) سەختر دەکات بەرزبوونەوەی پلەی گەرمایە لە ئەنجامی گورانکاریە ئاووهەوایەکان ، کە دەبێتە هۆی زیادبوونی بەهەڵمبوون وزیادبوونی خواست لەسەر (ئاو) و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و گەشەپێدانی چالاکیە ئابووریەکانە کە دیسان هۆکاری زیادبوونی

خواستە لەسەر (ئاو).
كاریگەریەتیەكانی (وشكە ساڵی) جۆراوجۆر وهەمە لایەنەن و تەنیا تایبەت نین بە كەرتی كشتوكاڵی وتوانای بەرهەمهێنانی بەروبوومە كشتوكاڵیەكان وەك هەندێك پێیان وایە.
(وشكە ساڵی) كاریگەریەتی راستەوخۆ و ناراستەوخۆی لەسەر (تەندروستی مرۆڤ ، كەم ئاوی ، وزە ، گەشت وگوزار ، گواستنەوە... تاد) هەیە ، كە مەترسی گەورەن لەسەر دابینكردنی (ئاسایشی تەندروستی ، ئاسایشی ئاو ، ئاسایشی وزە ، ئاسایشی خۆراك).

**دەكرێت كاریگەریەتیەكانی (وشكە ساڵی) لەم خاڵانەدا چڕ بكرێتەوە :**
**A - كاریگەری (وشكە ساڵی) لەسەر ژیانی مرۆڤ :** راگەیەنراوەكانی ناوەندە نێودەوڵەتیەكان ، تایبەت بە زیانەكانی روودان و دووبارە بوونەوەی دیاردەی (وشكە ساڵی) لە نێوان (١٩٠٠ – ٢٠٠٩) دا ، ئاماژە بە مردنی (١١) یانزدە ملیۆن كەس و زیان گەیاندن بە (٢) دوو ملیار كەس دەكەن. بە بۆچوونی (رێكخراوی تەندروستی جیهانی WHO) (وشكە ساڵی) هۆكاری مردنی نیوەی قوربانیەكانی كارەساتە سروشتیەكانە.[١١]
لەدەستدانی ژیانی مرۆڤ لە ئەنجامی روودان و دووبارە بوونەوەی دیاردەی (وشكە ساڵی) دەگرێتەوە بۆ كۆمەڵە هۆكارێك كە ئەنجامی روودانی (وشكە ساڵی) یە وەك : (بڵاوبوونەوەی هەژاری ودابەزینی ئاستی بژێوی دانیشتوان وداهاتی تاكە كەس و توانای كرین وبڵابوونەوەی چەندین نەخۆشی وەك (مەلاریا ، گەڕی... تاد) ، كە بە بۆچوونی (رێكخراوی تەندروستی جیهانی WHO) ، لە پەیوەندیەكی بەهێزدان لەگەل روودانی (وشكە ساڵی) دا. [١٢]

**B– كاریگەری (وشكە ساڵی) لەسەر ئابووری (وشكە ساڵی) كاریگەری نەرێنی لەسەر هەموو كەرتە ئابووریەكان ، بە پلەی جیاواز ، هەیە وەك لەم خاڵانەدا دەردەكەوێت :**
**١ -** (وشكە ساڵی) زیانی گەورە بە ئابووری وولاتان دەگەیەنێت. بۆنموونە :

- ئاژانسی فیدراڵی بەرێوەبردن بارە فریاكەتنەكانی ئەمریكی (FEMA) لە ساڵی ١٩٩٥ دا تێكرای زیانی ساڵانەی (وشكە ساڵی) لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكای بە (٦ - ٨) ملیار دۆلار خەملاندوە ، كە زیاتر بووە لە هەموو زیانی

کارەساتە سروشتیەکانی تر. زیانەکانی ئەو (وشـکە سـاڵی) یەی لە ٢٠١٢ روویدا بە (٣٥ – ٧٠) ملیار دۆلار خەملێنراوە.(١٣)

- زیـانەکـانی (ئوسـترالیـا) ، لە ئەنجـامی روودانی (وشکە سالّی) ساڵەکانی ٢٠٠٢ – ٢٠٠٣ بە (٢,٣٦) مـلـیـار دۆلاری ئەمریکی خەملێنراوە و زیانی جوتیارەکانی (چین) لە نێوان سـاڵانی ٢٠٠٤ – ٢٠٠٧ بەهۆی روودانی (وشـکە سـاڵی) یەوە نزیکەی (٨) ملیار دۆلار بووە.(١٤)

**٢ -** کاریگەری (وشکە ساڵی) لەسەر کەرتی (کشتوکال):

کەرتـی (کشـتـوکـاڵ) زۆرتـریـن زیـانـی بەردەکەوێت لە ئەنجامی روودان و دووبارە بوونەوەی دیـاردەی (وشـکە سـاڵی). بۆ دیاریکردنی کاریگەری (وشکە ساڵی) لەسەر کەرتی کشـتوکـال ئـامـاژە بەم زانیـاریـانە دەکەن:(١٥)

- لەناوچوونی ژمارەیەکی زۆر لە سـامـانی ئاژەڵی.
- بەهۆی روودانی (وشکە ساڵی) لە ساڵی ٢٠٠٢ دا بەرهەمـهـێـنـانـی دانەویلە لە (هـیـنـد) بە بـڕی (٢٩) مـلـیـۆن تەن کەمیکردوە بەراورد بە سـاڵی پێشـتـر ، لە (٢١٢) ملیۆن تەن بۆ (١٨٣) ملیۆن تەن.
- (٧٥٪) ی جوتیـارانی (سـوریا) ، بەهۆی روودانی (وشکە ساڵی) لە وەرزی (٢٠٠٧ – ٢٠٠٨) دا بـێ بەشـبـوون لە هەمـوو بەروبوومەکانیان و ژمارەی ئاژەڵەکانیان بە رێژەی (٥٠٪) کەمیکرد بەراورد بە وەرزی پێش روودانی (وشکە ساڵی) یەکە.
- (وشکە سـاڵی) کاریگەری نەرێنی لەسـەر (خـاك) هەیە ، کە بـوونـی مەرجـی ئەنجـامـدانی چـالاکی کشـتوکـاڵ و بەرهەمـهێـنـانـی بەروبوومەکـانیەکـاتـی ، چونـکە لەلایەك کـاریگەریەتـی هـۆکـارە دەرەکیەکانی وەك راماڵینی خاك بەهۆی زیـادبوونی رامـاڵیـنی ئاوی ، لە نـاوچە چیـاییەکـانـدا بە تـایبەتی ، و زیـادبوونی راماڵینی بایی خاك هەیە و لەلایەکی تر هـۆکـاری کەمـگـردنـی رێـژەی تەنە ئەندامیەکان لە خاکدا.
- روودانـی دیـاردەی (بەبیـابـان بوون) کە بریتیە لە دابەزینی توانـای بەرهەمهێـنـانی زەوی.
- کەمبوونەوەی بەروبوومە کشـتوکاڵیەکان. لە نێوان ١٩٩١ – ١٩٩٦ لە کۆی (٢٩) ووڵاتی (رۆژهەڵاتی نزیك) تێکرای گەشەی بەرهەمهێنانی خۆراك ، لەسـەر ئاسـتی تاکەکەس ، لە (١٥) ووڵاتیان نەرێنی بووە.

• بەهۆی (وشـکە سـالّی) ، لە ئەنجامی کەمبوونەوەی بڕی باران بە ڕێژەی (٣٦٪) دا لە تێکرای سـالانەی وبەرزبوونەوەی پلەی گەرما ، بەرهەمهێنانی (ڕۆنی زەیتون) لە سالّی ٢٠١٧ دا لە (ئیتالّیا) بە ڕێژەی (٦٢٪) کەمیکرد بەراورد بە سالّی ٢٠١٦.

• دووبارە بوونەوەی (وشـکە سـالّی) لە پارێزگای هەولێر لە نێوان سالّەکانی (١٩٩٨ -٢٠٠٨) دا ، کاریگەری نەرێنی لەسەر ڕووبەری چێنراو ، بڕی بەرهەمهێنان و برشتی یەکەیەکی ڕووبەری بەروبوومە کشتوکالّیە زستانیە وهاوینیەکان هەبووە. بۆنموونە لەو ماوەیەدا هەندی لە کاریگەریە نەرێنیەکانی (وشـکە سـالّی) لەسـەر کشتوکالّی پارێزگاکە بەم شێویە بووە :

• ڕووبەری چێنراو بە (گەنم ) لە وەرزە وشکەکاندا بەرێژەی (٢٤,١ – ٣٦,٥٪) و ڕووبەری چێنراو بە (جۆ) بە ڕێژەی (٣١,٧ – ٦٨,٤٪) کەمیکردوە.

• کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی (گەنم) وبەرهەمهێنانی (جۆ) لە وەرزە وشکەکاندا بەرێژەی (٢٥ – ٧٥,٣٪) و (٧١,٤ – ٧٩,٨٪) یەك لەدوای یەك.

• برشتی دۆنمێك زەوی چێنراو بە (گەنم) لە وەرزە وشـکەکانـدا بەرێژەی (٦٧,٤ – ٧٨,٣٪) و برشتی دۆنمێك لە زەوی چێنراو بە جۆ بە ڕێژەی (٣٦,١ – ٦١,٢٪) کەمیکردوە.

• ڕووبەری چێنراو بە (تەماتە) لە وەرزە وشـکەکاندا بەرێژەی (٦٠,٢ – ٦٩,٢٪) و ڕووبەری چێنراو بە (گەنمە شـامی) بە ڕێژەی (٣٣ – ٦٧,٢٪) کەمیکردوە.

• کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی (تەماتە) لە وەرزە وشـکەکـانـدا بەرێژەی (٧٠,٩ – ٧٧,٦٪) و بەرهەمهێنانی (گەنمە شـامی) بە ڕێژەی (٢٧,١ – ٨٦,٥٪) دا.

• دابەزینی برشتی دۆنمێك لە زەوی چێنراو بە (تەماتە) لە وەرزە وشـکەکاندا بەرێژەی (٥,٤ – ٤٣,٥٪) و برشـتی دۆنمێـك لە زەوی چێنراو بە (گەنمە شـامی) بە ڕێژەی (٢٨,٧ – ٥٨,٨٪) دا.

کاریگەریەتیە نەرێنیەکانی (وشـکە سـالّی) لەسـەر کەرتی (کشتوکالّ) مەترسی گەورەن لەسـەر دابینکردنی (ئاسایشی خۆراك) ، کە بە پێی پێناسـەی ڕێکخراوی خۆراك و کشـتوکالّ (FAO) سـەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ، کاتێك بەدیدێت کە : " هەموو کەس لە هەموو کـاتێکدا بتوانێت دەسـتی بەو خۆراکە بگات کە پێویسـتە بۆ

پارێزگاری لە ژیانێکی تەندروست و چالاك ".
واتە تەنیا بەرهەمهێنانی خۆراك تاکە مەرجی پێویست نیە بۆ دابینکردنی (ئاسایشی خۆراك) بەڵکو پێویستە لە توانای هەموو تاك و خێزانێکدا بێت کە دەستی بگات بەو خۆراکەی پێویستیەتی بۆ ژیانێکی تەندروست وچالاك و لە هەموو کاتێکدا.(١٦) بەهۆی گرنگی دابینکردنی (ئاسایشی خۆراك) جاردانە نێودەوڵەتیەکان (ئاسایشی خۆراك) بە مافێکی سەرەکی مرۆڤ ئەژمار دەکەن. بێگومان هۆکارێکی سەرەکی دابین نەکردنی (ئاسایشی خۆراك) بۆ مرۆڤ (وشکە ساڵی) یە.

٣ – کاریگەری (وشکە ساڵی) لەسەر (خەرجیە گشتیەکان یان خەرجیە میریەکان Public or Government Spending ) : (وشکە ساڵی) دەبێتە هۆی زیادبوونی (خەرجیە گشتیەکان یان خەرجیە میریەکان) لە ئەنجامی یارمەتیدان و قەرەبوکردنەوەی زیان لێکەوتوەکانی رووداون و دووبارەبوونەوەی (وشکە ساڵی). بۆنموونە:[١٧]

- تێچوونی ئەو یارمەتیانەی لە (١٠) دە دەوڵەتی باشوری ئەفریقیا پێشکەش کران لە ئەنجامی رووادنی (وشکە ساڵی) ، لە ساڵەکانی ١٩٩١ و ١٩٩٢ دا ، (٩٥٠) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بووە.
- لە ئەنجامی رووداں و دووبارە بوونەوەیی (وشکە ساڵی) لە (کینیا) ، لە نێوان ٢٠٠٧ - ٢٠٠٩ دا ، (٧٠٪) ی دانیشتوانی یەکێك لە هەرێمەکانی ئەو وولاتە پشتیان بەو یارمەتیە خۆراکیەکان بەستووە کە پێشکەشیان کراوە.
- خەرجیە ئابووریەکانی (وشکە ساڵی) لە (٣٠) سی ساڵی رابردوودا بە چەندین ملیار دۆلار خەملێنراوە.
- کۆی خەرجیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ دانیشتوانی شار و شاروچکەکانی هەرێم لە ئەنجامی (وشکە ساڵی) ساڵی ٢٠٢١ ، تا مانگی ئابی ساڵەکە ، گەیشتووەتە (٤) ملیار دیناری عێراقی ، کە یەکسانە بە زیاتر لە (٢,٧٥) ملیۆن دۆلار.

٤ - کاریگەری (وشکە ساڵی) لەسەر بەرهەمهێنانی (وزە وچالاکی پیشەسازی) : (وشکە ساڵی) کاریگەری نەرێنی لەسەر بەرهەمهێنانی (وزە وچالاکی پیشەسازی) هەیە وەك لەم خاڵانەدا دەردەکەوێت : :[١٨]

- رووداني (وشکە ساڵی) ئەوروپی و شەپۆلی گەرمی ساڵی ٢٠٠٣ دا بووە هۆی ئەوەی توانا بەرهەمهێنانی وزەی ناوەکی (فەرنسا)، بە رێژەی (١٥٪) ، دابەزێت بۆ

ماوەی (٥) پێنج حەفتە هەروەها هۆکاری دابەزینی بەرهەم هێنانی وزەی کارۆئاوی ئەم وولاتە بوو بە ڕێژەی (٢٠٪) دا.

- بە هۆی (وشکە سالّی) نێوان سالّەکانی ١٩٩١ – ١٩٩٥ لە (ئسپانیا) بەرهەم هێنانی وزەی کارۆئاوی ئەم وولاتە بە ڕێژەی (٣٠٪) دا کەمیکرد و (١٢) دوانزە ملیۆن کەس ، لە دانیشتوانی شارەکان ، بە توندی کێشەی کەم ئاویان هەبوو.
- ئەو کۆمپانیانەی پشت بە چالاکی کشتوکالّی دەبەستن ، کۆمپانیەکانی دروستکردنی ئامێری کشتوکالّی و کۆمپانیەکانی پیشەسازی خۆراك ، کارەکانیان لە دەست دەدەن کاتی (وشکە سالّی) زیانی گەورە بە بەروبوومەکان و ئاژەل دەگەیەنێت.
- کۆمپانیا پەیوەندی دارەکان بە دەرامەتە ئاویەکانەوە وەك کۆمپانیەکانی (دروستکردنی بەلەم و ئامرازەکانی راوکردن ، بەرهەم هێنانی وزەی کارۆئاوی ، گواستنتنەوەی ئاوی.... تاد) زیانیان پێ دەگات و پارەی زیاتر خەرج بکەن.
- مرۆڤ ناچار دەبێت پارەی زیاتر خەرج بکەن بۆ دابینکردنی خۆراك و پێداویستیەکانی ژیانی.

٥ - کاریگەریەتی (وشکە سالّی) لەسەر چالاکی (گەشت وگوزار) : (وشکە سالّی) کاریگەری راستەوخۆ و ناراستوخۆی نەرێنی لەسەر (گەشت وگوزار) هەیە بەتایبەتی لەسەر ئەو چالاکیە گەشتوگوزاریانەی کە پەیوەندیدارن بە (بەفر ، تاقگە و رووبارەکان).

C- کاریگەریەتی کۆمەلّایەتیەکانی (وشکە سالّی) : لێکەوتە کۆمەلّایەتیەکانی (وشکە سالّی) جۆراجۆرن وگرنگترینیان بریتین لە :

- کوچکردن مرۆڤ. کۆچکردن لە کێلگە کشتوکالّیەکانەوە بۆ شار ، لە شارێکە بۆ شارێکی تر ، لەهەرێمێك بۆ هەرێمێکی تر. زانیارەکان ئاماژە دەکەن :[١٩]
- (١) یەك ملیۆن کەسی دانیشتوانی ناوچە لادێیەکانی (سوریا) ، لە نێوان سالّکانی ٢٠٠٧ - ٢٠٠٩ دا ، کۆچیان بۆ شارەکان کردوە دا بەهۆی شکست هێنانی یەك لە دوا یەکی بەروبوومە کشتوکالّیەکان لە ئەنجامی روودانی (وشکە سالّی) بە پلەی یەکەم.
- بەهۆی روودان ودووبارەبوونەوەی (وشکە سالّی) وخراپی باری ژیانی لادێکانی (مەکسیك) نیوەی دانیشتوانەکانیان لە سەدەی (٢٠) بیست دا کۆچیان بۆ شارەکان کردوە.
- بە هۆی دووبارەبوونەوەی (وشکە سالّی) لە ویلایەتی (راجاستان) لە (هیند) ، کە لە

سەدەی رابردوودا (٤٧) ساڵ دووبارە بووەتەوە ، (وشکە ساڵی) هۆکاری کۆچکردنی زۆرەملێ دانیشتوانی ئەو ویلایەتە بووە بە بەردەوامی.

- بەهۆی (وشکە ساڵی) و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما لە ساڵی ٢٠١٧ دا (٧٦٠) هەزار باری کۆچی ناوخۆیی لە (سۆماڵ) وباشوری رۆژهەڵاتی (ئەسیوبیا) تۆمار کراوە.
- (وشکە ساڵی) هۆکاری زیادبوونی توندبوونی ململانێکان وئەگەری رووادنی ململانێ وگرژیە رەگەزیکانە و زیادبوونی کێبرکێیە لەسەر دەرامەتەکان کەمەکان بۆنموونە :
- شەپۆلەکانی (وشکە ساڵی) لە هەشتاکان ونەوەدەکانی سەدەی رابردوو هۆکاری سەرەکی ململانێ رەگەزی و پێکدادانە سنووریەکانی نێوان (مۆریتانیا و سەنغال) بووە.
- (وشکە ساڵی) هۆکارێکی جیابوونەوەی (ئەریتێریا) بووە لە (ئەسیوبیا) لە ساڵی ١٩٩١ دا.
- دڵەراوکێ وخەمناکی و لەدەستدانی ئاسودەیی گشتی لە ئەنجامی زیانە ئابووریەکان.
- گۆرینی تەرزی ژیان و کەمبوونەوەی چالاکیە خۆشگوزاریەکان کە کاریگەری نەرێنیان لەسەر تەندروستی دەرونی دەبێت.

**D - کاریگەری (وشکە ساڵی) لەسەر ژینگە:**

(وشکە ساڵی) بە چەندین شێوە کاریگەری لەسەر (ژینگە) هەیە. رووەك وئاژەل ، وەك مرۆڤ ، پشت بە (ئاو) دەبەستێت کاتێك (وشکە ساڵی) روودەدات زیانیان پێدەگات ، خۆراکیان کەم دەبێت و شوێنی سروشتیان ، هەوارگایان ، تێك دەچێت. زیانەکان هەندێك جار کاتی وهەندێك جار بۆ ماوەیەکی درێژ یان هەمیشەی دەبن. کاریگەری (وشکە ساڵی) لەسەر (ژینگە) چەندین لایەن دەگرێتەوە لەوانە :[٢٠]

- -لەناوبردنی یان تێکدانی هەوارگای ماسی و ئاژەلەکانی وشکایی.
- کەمبوونەوەی خۆراك و ئاو بۆ ئاژەلەکانی وشکایی.
- زیادبوونی نەخۆشیەکانی ئاژەلەکانی وشکایی بەهۆی کەمبوونەوەی خۆراك و ئاو.
- کۆچکردنی ژیانی کێوی.

- زیادبوونی فشـــار لەســـەر بوونەوەرەکان ، (رووەك و ئاژەڵ وبـاڵەنـدی کـێـوی) بەشێوەیەك دەگاتە مەترسی لەناوچوونی هەندێکیان. (وشـــکە ســـاڵی) کاریگەری نەرێنی لەسەر (هەمەچەشنەی بایۆلۆجی Biodiversity) وژینگەی وشـکایی وئاوی هەیە وهۆکاری کۆچکردن بوونەوەرەکانە. کاریگەری نەرێنی (وشکە ساڵی) لەسەر (هەمەچەشـــنەی بـایۆلۆجی) و (ژینگە) دەگەرێتەوە بۆ نەمانی دارســـتانەکان و دارمانی ژینگە. بۆنموونە :
- لە نێوان ١٩٩٩ - ٢٠٠٥ دا (وشــکە ســاڵی) هۆکارێکی لەدەســتدانی (١٠٠) هەزار هیـکتـار لە زۆنگـاوەکـان بووە بە درێژای کەنارەکانی (فلوریدا).
- ناراســتەوخۆ (وشــکە ســاڵی) هۆکاری زیـادبوونی رووبەری ئەو زەویـانە بووە کە زیـانـیـان بەرکەوتـوە لەئەنجـامـی ئاگـر کەوتنەوە لە دارســـتانەکانی (باشـــوری ئسپانیا) ، بەرێژەی (٦٣٪) ، لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو بەراورد بە دەیەی پێشتر.
- وشـــك بوونی دەریاچە وپانتایە ئاویەکان وکەمـبـوونەوەی رووبەریـان و دابەزیـنـی ئاستی ئاو لە گۆم و دەریاچەکاندا.
- زیادبوونی ئاگرکەوتنەوە لە دارســتانەکاندا و زیانەکانی. لە ماوەی (٢٠) بیست ساڵی رابردودا رووبەری دارســـتانەکانی جیهان بەرێـژەی (١٠٪) کەمیـکردوە و (وشـــکە ساڵی) هۆکارێکی سەرکی ئاگرکەوتنەوە و ســـوتـانـدنـیـان بووە. ئاگرکەوتنەوە لە دارســـتانەکانی زۆر لە وولاتانی جیهان ، (ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ، تورکیا ، یونان.... تاد) ، لە ســـاڵی ٢٠٢١ دا ، و ســـوتاندنی رووبەرێکی فراوانیان ، بە دوور نیە لە (وشکە ساڵی) ئەو ساڵە.

## تەوەری سێیەم : ئاشنابوون بە سیاسەت و پـلانەکـانـی بەرەنـگـاربـوونەوە و بەرێوەبردنی (وشکە ساڵی).

(وشـــکە ســـاڵی) وەك پێشـــتر ئاماژەی بۆکرا دیـــاردەیەکـــی سروشـــــتـیە رووداندو و دووبـارەبـوونەوەی دەگەرێـتەوە بۆ هـۆکـارە سروشـــتـیەکـان. راســـتە گـۆڕانـکـاریە ئاووهەوایەکـان، (قەتیســـبوونی گەرمـا) لە ئەنجـامی چالاکیە مرۆییەکـان ، هۆکـارێکی زیادبوونی دووباره بوونەوەی (وشکە ساڵی)یە و دەرکەوتـنیەتی بەشـــێوەیەکی تونـدتر و ســـەختترە لە جاران بەڵام لە توانای مرۆڤدا نیە رێگر بێت لە روودانی. بە واتـایەکی تر

(وشکە ساڵی) دیاردەیەکە ، بمانەوێ یان نا ، لە زۆر ناوچەی جیهان ڕوودەدات ودووبارە بوونەوەی ڕوو لە زیادبوونە، بەشێوەیەکی توندتر وسەختتر لە جاران ، بۆیە پێویستە لەو شوێنانەی ئەگەری ڕوودان ودووبارەبوونەوەی هەیە ، کە (هەرێمی کوردستان) لە نێوانیاندایە ، سیاسەتی نیشتمانی تایبەت بە بەڕیوەبردنی (وشکە ساڵی) دابڕێژرێت و پلانی بەرنگاربوونەوەی ئامادە بکرێت.

ئامانجی نووسینی ئەم تەوەرە بریتیە لە :" ئاشنابوون بە هێڵە سەرەکیەکانی سیاسەتی نیشتمانی و پلانەکانی بەرنگاربوونەوە و بەڕێوەبردنی (وشکە ساڵی) بە مەبەستی کەمکردنەوەی زیان و لێکەوتە نەرێنیەکانی کە پێشتر ئاماژەیان بۆکراوە ". پێش هەموو شتێك گرنگە لێرەدا ئاماژە بە چەند تێبینیەکی گرنگ بکەین کە بریتین لە :

١ – کۆمەڵگا وخێزانە هەژارەکان زۆرترین زیانیان بەردەکەوێت لە ئەنجامی ڕوودانی (وشکە ساڵی). بۆیە بە دوور نازانرێ خێزانە هەژارەکان ، لە کاتی ڕوودان و دووبارەبوونەوەی (وشکە ساڵی) گەر بە پلەیەکی کەمیش بێت، ڕووبەڕووی کارەساتی گەورە ببنەوە ولە ئەنجامدا (وشکە ساڵی کشتوکاڵی) ببێتە هۆی ڕوودانی (قەیرانی ئاسایشی خۆراك). لە ویلایەتی (ماهار ئەشترا) لە (هیند) ، کە نزیکەی (١٠٠) ملیۆن کەسی لێدەژی و زۆرینەیان لە کشتوکاڵدا کار دەکەن کە پشت بە باران دەبەستێت ، هەموو کەمبوونەوەی باران بارین لە ئاستی تێکراکانی ، گەر بە ڕێژەیەکی کەمیش بێت مەترسی لەسەر ئاسایشی خۆراکی ملیۆنەها کەس دروست دەکات. (٢١)

٢ - لێکۆڵینەوەکان جەخت لە بوونی پەیوەندی بەهێز دەکەن لە نێوان توانای بەرگریکردن و بەرنگاربوونەوە و بەڕێوەبردنی (وشکە ساڵی) وهەژاریدا. لە کۆمەڵگا هەژارەکاندا و لە ناوچە لادێیکاندا ، خێزانە لادییە هەژارەکان توانای بەرنگاربوونەوەی (وشکە ساڵی) یان کەمە وزیانی زیاتریان بەردەکەوێت. بۆ نموونە بۆ نموونە تێکرای توانای دامەزراوەکانی گلدانەوەی ئاو لە دەریاچە و بەنداوەکاندا ، کە ئامرازێکی گرنگە بۆ بەرنگاربوونەوەی (وشکە ساڵی)، لە وولاتانی (باشووری بیابانی ئەفریقیا) لە ساڵیکدا (٢٠٠ م٣ ئاو/ تاکە کەس) بووە بەراورد بە (١٢٧٧ م٣ ئاو/ تاکە کەس) لە (تایلاند) و (٥٩٦١ م٣ ئاو / تاکە کەس) لە (ئەمریکای باکور). (٢٢) (هەژاری) نەك تەنیا توانای بەرگریکردن و بەرنگاربوونەوە و

بەرێوبردنی (وشکە ساڵی) لاواز دەکات بەڵکو هۆکار وئەنجامی زیانەکانی (وشکە ساڵی)یشە.

٣ - پلانەکان پێویستە (٢) دوو شێوەی وەرگرن. یەکەمیان (بەرەنگاربوونەوە) ، کە لە کاتی روودانی (وشکە ساڵی) دا جێبەجێ دەکرێت ، و دووەمیان (کەمکردنەوە یان سووکردن) ی کاریگەریەتیە نەرێنیەکانی روودانی (وشکە ساڵی) یە کە ئەو ناوچە و کەرتانە و ئەو کەسانە دەگرێتەوە مەترسی زیاتران لەسەرە و زیاتر زیانیان بەردەکەوێت. بەهۆی زیادبوونی روودانی (وشکە ساڵی) و پێشبینی کردنی زیادبوونی دووبارە بوونەوەی کاتی دارشتنی سیاسەتێکی نیشتمانی بۆ بەرێوەبردنی و دانانی پلانی بەرنگاربوونەوە هاتووە کە دەکرێت هەنگاوەکانی لەم خاڵانەدا چڕ بکرێنەوە : (٢٣)

١ – پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵای نیشتمانی خاوەن دەسەلات بۆ بەریوەبردنی (وشکە ساڵی). ئەرکی لێژنەکە بریتی دەبێت لە :

- سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی دارشتنی سیاسەتی بەریوەبردنی (وشکە ساڵی).
- لە ئەستوگرتنی بەرپرسیاریەتی جێبەجێکردنی سیاسەتی بەریوەبردنی (وشکە ساڵی) ، دوای دارشتنی ، لە هەموو ئاستەکانی حکومەتدا.
- هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی بەرێوەبردنی سەرچاوە ئاویەکان لە ئاوزێڵی رووبارەکاندا کە پێویستە بوونیان هەبێت.

٢ – دیاریکردنی مەبەست و ئامانجەکانی سیاسەتی نیشتمانی بەریوەبردنی (وشکە ساڵی) لەسەر بنەمای مەترسیەکان. توخمە سەرەکیەکانی سیاسەتی نیشتمانی بەریوەبردنی (وشکە ساڵی) بریتین دەبن لە:

- ئەنجامدانی کاری پێش وەختە بۆ کەمکردنەوەی زیانەکان.
- دیاریکردنی شێوەی بەریەوەبردنی مەترسیەکان.
- سەرپەرشتیکردنی هۆشیارکردنەوەی گشتی و دەرامەتەکان.

٣ – بەشداری پێکردنی خاوەن بەرژەوەندیەکان و دیاریکردن و چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوان کەرتە سەرەکیەکانی بەکارهێنەری ئاو ، کە توند دەبن لە کاتی روودانی (وشکە ساڵی) دا ، بۆیە پێویستە پێش روودانی چارەسەر بکرین و رەچاوکردنی هەڵوێست و رەنگدانەوەکانی ئەودیوی سنور لە کاتی بوونی رووبارە نێودەوڵەتیەکاندا.

٤ – گەمارۆ سازی دەرامەتە سروشتی ، (ئاو) بەتایبەتی ، دەرامەتە مرۆیی و داراییەکانی بەردەست و دیاریکردنی ئەو لایەنانەی

زیـانیـان بەردەکەوێـت لەگەڵ دیـاریکردنی ئاســتەنگەکانی دارشــتنی ســیاســەتی نیشــتمانی بەریوەبردنی (وشــکە ســاڵی) ، ئاسـتەنگە (دارایی ، تەکنەلۆجی ، یاسایی و ئاستەنگە سیاسیەکان).

٥ - ئامـادەکردنی یـان نووسـینی پـایە بنچینیەکـانی سـیاسـەتی نیشـتمانی بەریوەبردنی (وشـکە سـاڵی) وپلانەکانی خۆ ئامادەکردن بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەمەبەستی کەمکردنەوە مەترسیەکان. پلانەکان پێویستە ئەم بابەتانە لە خۆ بگرێت :

- پێشـبینی و ئاگەدارکردنەوەی زوو یـان پێش وەختە.
- چاودێریکردن.
- هەلسەنگاندنی مەترسیەکان و زیانەکان و وەڵام دانەوەیان بەمەبەسـتی سـووکردنی کاریگەریەتیەکانیان.

دیارە پێویستە بۆ هەر بابەتێك لیژنەی تایبەت پێك بهێنرێت بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان.

٦ - دیاریکردنی لێکۆڵینەوەکان کە پێویسـتە ئەنـجـام بـدرێـن وپـڕکـردنەوەی کەلـێـنە دەزگاییەکان. پێویسـتە لیژنەی سـیاسـەتی نیشـتمانی بەریوەبردنی (وشـکە سـاڵی) ئەو لێکۆڵینەوەانە دیاری بکات پێویسـتە ئەنجام بدرین بەمەبەسـتی تێگەیشـتنی باشـتر لە (وشـکە سـاڵی) و لێکەوتەکانی وکەمکردنەوە یان سووکردنی زیانەکانی. هەروەها پێویستە ئەو کەلێنە دەزگاییانە پڕبکرێنەوە کە ئاستەنگ دروست دەکەن لەبەردەم دارشتنی سیاسـەت و پلانەکانی بەریوەبردنی (وشـکە سـاڵی) وجێبەجیکردنیان. بۆنموونە ئەگەری بـوونی کەلێـنی ترسـنـاك لە تۆرەکـانی ویسـتگەکانی چاودێری کردن کە پێویسـت پڕبکرێنەوە بە تۆرەکـانی کەشـنـاسـی و هەیدرۆلۆجی.... تاد.

٧ - ئەنجامدانی هەماهەنگی بەمەبەسـتی لێـك تێگەیشـتنی تەواو لە نێوان (لایەنە زانسـتیەکان) و (لایەنە سـیاسـیەتیەکان) سـەبارەت بە بەریوەبردنی (وشـکە سـاڵی). گەلێـك جـار تێـگەیشـتـنی دارێژەرانـی سیاسـەتەکان بۆ پرسە زانستی وئاسـتەنگە هۆنەریەکانی چارەسـەرکردنی کێشـەکانی (وشـکە سـاڵی) سـنووردارە و بەهەمان شێوە تێگەیشـتنی زانـاکـان و بەریوەبەرەکـان بۆ ئاسـتەنگە سـیاسـەتیەکانی تـایبەت بە بەرانگەربوونەوەی لێـکەوتەکـانـی (وشـکە سـاڵی) لاوازە. سـەرکەوتنی پلانەکـانی سیاسەتی نیشتمانی بۆ بەریوەبردنی (وشکە سـاڵی) پێوسـتی بە بوونی پەیوەنـدی و تێگەیشـتنی نێوان نـاوەنـدە زانسـتی و سیاسەتیەکان هەیە.

٨ - ناسـاندنی سـیاسـەتی نیشـتمانی

بەریوەبردنی وشکە سالّی وپلانەکانی بەرەنگاربوونەوەی بە جەماوەر بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەی گشتی ویەکخستنی بۆچوون ودیدەکان دەربارەیان. پسپۆرانی میدیای گشتی ، بەشدار لە پرۆسەی بەریوەبردنی (وشکە سالّی) وبەرنگاربوونەوەی، لەسەر ئاستی لیژنە سەرەکی و لۆکالیەکان دەتوانن لەم بوارەدا رۆڵی کارا بگێرن.

٩ – دانانی پرۆگرامی رۆشنبیری بۆ هەموو چین وتویژەکان و کۆمەلآنی خاوەن بەرژەوەندی ، بە جیاوازی تەمەن و ئاستی خویندن و جیاوازی کار و پیشەیان بە مەبەستی ئاشناکردنی زیاتریان بە ستراتیجیەتە نویی بەریوەبردن وبەرەنگاربوونەوەی (وشکە سالّی) و گرنگی خۆ ئامادەکردن بۆ سنووردارکردنی زیانەکانی (وشکە سالّی) و ئەو دۆزانەی کە پەیوەندیان بە دابینکردنی ئاو هەیە لە پلانە کورت ودرێژەکاندا. ئەم پرۆگرامە رۆشنبیریانە گرنگن بۆ پێشوازیکردن جەماوەر لە ئامانجەکانی سیاسەتی بەرێوبردنی (وشکە سالّی) جێبەجێکردنی.

١٠ – ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی سیاسەتی نیشتمانی وپلانەکانی بەریوەبردنی وشکە سالّی بە بەردەوامی وپیاچوونەوە پیایدا بە مەبەستی باشکردنی بەردەوامی وپشتگیرکردن لە پلانەکانی ئامادەباشی بۆ بەرەنگاربوونەوەی. پایەکان سیاسەتی نیشتمانی بەریوەبردنی (وشکە سالّی) وپلانەکانی خۆ ئامادەکردن بۆ بەرەنگاربوونەوەی بە مەبەستی کەمکردنەوە زیان ومەترسیەکان ، کە ئامرازی جێبەجێکردنی سیاسەتەکانن ، پێویستی بە هەڵسەنگاندن و پیاچوونەوە بەردەوام هەیە بۆ ئەوەی سوود لە تەکنەلۆجیای نوێ و وانە بەسوودەکانی روودانی وشکە سالّی سالآنی رابردوو وەربگیرێت.



## سەرچاوەو پەراوێزەکان :


١ - منظمة الأغذية والزراعة للأمم المتحدة (FAO) ، المؤتمر الأقليمي الســادس والعشرــون للشرــق الأدني ، طهران ، الخطط الطويلة الأجل بشأن ادارة الجفاف وتخفيف أثارها في الشرق الأدنى ، اذار ٢٠٠٢ ، ص

2 – https://www.preventionweb.net ،Global Assessment Report (GAR)،2011، P. 63. (PDF).

3 - Oxford Advanced Learners Dictionary of Current English، London، 1984، P. 268.

4 – يوسف توني ، معجم المصطلحات الجغرافية ، القاهرة ، ١٩٦٤ ، ص ١٥٨.

5 – علي لبيب و زملائه ، قاموس الجغرافيا ، (عربي _ فرنسي _ انجليزي) ، تونس ، ٢٠٠٢ ، ص ١٠٣.

6 – Encyclopedia Britannica، Vol. 111، Chicago، 1975، P. 672.

7- منظمة الأغذية والزراعة للأمم المتحدة (FAO) ، المؤتمر الأقليمي السادس والعشرون للشرق الأدني ، طهران ، الخطط الطويلة الأجل بشأن ادارة الجفاف وتخفيف أثارها في الشرق الأدنى ، ٩- ١٣ مارس ٢٠٠٢ ، ص ٢ - ٣.

8 - هەمان سەرچاوە ، ل ٣.

9 – Judy Mraz; Jacaranda SOSE Geography 3، Singapore، 1996، P. 86.

10 – Ibid.

11 - منظمة الأغذية والزراعة للأمم المتحدة (FAO) ، المؤتمر الأقليمي الســادس والعشرــون للشرــق الأدني ، طهران ، الخطط الطويلة الأجل بشأن ادارة الجفاف وتخفيف أثارها في الشرق الأدنى ، ئازار ٢٠٠٢ ، ص٨.

12 - هەمان سەرچاوە.

١٣ – المنظمة العالمية للأرصــاد الجوية والشراكة العالمية للمياه ، المباديء التوجيهية للســياســات الوطنية لإدارة الجفاف – نموذج اجرائي ، ٢٠١٤ ، ص ١٦.

14 – https:// www.preventionweb.net ، Global Assessment Report (GAR)،2011، PP. 60. (PDF).

١٥ - ئامارو زانيارييەکان لەم سەرچاوانە وەرگيراون :

- https://www.preventionweb.net ،Global Assessment Report (GAR)،2011، (PDF).

- نادية عمر ســعيد ، تكرار ظاهرة الجفاف في محافظة أربيل و أثرها على ألأنتاج النباتي (١٩٩٨ – ٢٠٠٨) ، رسالة ماجستير مقدمة الى مجلس كلية الأداب في جامعة صلاح الدين – أربيل ، ٢٠١١.

- منظمة الأغذية والزراعة للأمم المتحدة (FAO) ، المؤتمر الأقليمي السادس والعشرون للشرق الأدني ، طهران ، الخطط الطويلة الأجل بشأن ادارة الجفاف وتخفيف أثارها في الشرق الأدنى ، اذار ٢٠٠٢.

١٦ - منظمة الأغذية والزراعة للأمم المتحدة (FAO) ، المصدر السابق ، اذار ٢٠٠٢ ، ص ١٠.

17 - بڕوانە :

- https://www.preventionweb.net ›Global Assessment Report (GAR)، 2011، (PDF).

- المنظمة العالمية للأرصاد الجوية والشراكة العالمية للمياه ، المبادىء التوجيهية للسياسات الوطنية لإدارة الجفاف – نموذج اجرائي ، ٢٠١٤.

١٨ - بڕوانە:

- https://www.preventionweb.net ›Global Assessment Report (GAR)، 2011، (PDF).

- المنظمة العالمية للأرصاد الجوية والشـــراكة العالمية للمياه ، المبادىء التوجيهية للسياسات الوطنية لإدارة الجفاف – نموذج اجرائي ، ٢٠١٤.

١٩ - بڕوانە:

منظمة الأغذية والزراعة للأمم المتحدة (FAO) ، المؤتمر الأقليمي السادس والعشرون للشرق الأدني ، طهران ، الخطط الطويلة الأجل بشأن ادارة الجفاف وتخفيف أثارها في الشرق الأدنى ، اذار ٢٠٠٢.

- https://www.scientificamerican.com

- حنان بدوي ، القحولة تهدد ٢٤٪ من مساحة الكرة الأرضية ، ٨ شباط ، ٢٠١٨.

٢٠ - بڕوانە:

- https://www.preventionweb .net › Global Assessment Report (GAR)، 2011، (PDF).

- :https://www.scientificamerican.com

- علا علي ، تأثير الجفاف على البيئة والاقتصاد ، حزيران ٢٠٢١.

21 – https://www.preventionweb.net ›Global Assessment Report (GAR)، 2011، PP. 62. (PDF).

22 – Ibid.

٢٣ - بۆ نووسینی هەنگاوەکانی پلانی بەڕێوەبردن وبەرنگاربوونەوە (وشکە ساڵی) بە شێوەیەکی سەرەکی سوود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە : بڕوانە :

المنظمة العالمية للأرصاد الجوية والشراكة العالمية للمياه ، المبادىء التوجيهية للسياسات الوطنية لإدارة الجفاف – نموذج اجرائي ، ٢٠١٤ ، ص ١١.

# عێراق و پێشێلکردنی یاساکان و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان بەرامبەر گەلی کوردستان، هەر لە ساڵی ١٩٣٢ وە تاوەکو ١٩٩١



**نووسینی: کرمانج عوسمان (وانەبێژ/**
بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتی و دیپلۆماسییەکان)
کۆلێژی زانستە سیاسییەکان/ زانکۆی سەڵاحەددین/ هەولێر

**پێشەکی :**

**عێراق وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن پێگە بووە ئەندام لە شەش لە حەوتی پەیماننامەی سەرەکی نەتەوەیەکگرتووەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ، کە بریتین :- دوو پەیماننامەی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان، هەروەها مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان لە ساڵی ١٩٦٦، دواتر لە ساڵی ١٩٧١ دا چووە ناو**

**پەیماننامەی نەهێشتنی هەمەجۆرەکانی جیاوازی ڕەگەزایەتی، لە ساڵی ١٩٧٠ پەیمانی نەهێشتنی هەمەجۆرەکانی جیاوازی دژی ئافرەت (سیداو)ی ئیمزاکرد و ساڵی ١٩٨٩ پەیمانی مافەکانی منداڵ.**

**پاشان لە ساڵی ١٩٩٤ عێراق حەوت پەیماننامەی تری تایبەت بە ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی ئیمزاکرد کە لە بنچینەدا هەشت دانەن و پەیوەستن بە مافەکانی مرۆڤەوە، کە ئەمانەن:**

**پەیمانی ژمارە (٩٨)ی تایبەت بە مافی ڕێکخستنی سەندیکای دانوستانی بەکۆمەڵی ساڵی (١٩٦٣)، هەروەها هەردوو پەیمانی (٢٩) و (١٠٥)ی تایبەت بە بێگارو کاری زۆرەملێ (١٩٦٢)، (١٩٥٩) بەدوایی یەکدا، وە هەردوو پەیمانی (١٠٠) و (١١١)ی وابەستە بە نەهێشتنی جیاکاری لە کاروباریی فەرمانبەری (١٩٦٣) و (١٩٥٩) بەدوایی یەکدا، وە هەردوو پەیمانی (١٣٨) و (١٨٢) تایبەت بە ڕێگریکردن بە بەکارهێنانی منداڵان و ناکامەکان، (١٩٨٥)، (٢٠٠١) بەدوایی یەکدا.**

**لە پێداچوونەوە بە تۆمارەکانی تایبەت بە پێشێکردنەکانی یاسا و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا دەرهەق بە گەلی کوردستان، پێشێکردنێکی زۆری مافەکانی مرۆڤ بەرچاو دەکەوت، کاتێ بەراوردیان دەکەین بەو پەیماننامانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردن و ئەو وابەستە بوونانەی دەکەونە سەر عێراق، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یاخود ئەو وابەستەگیە نێودەوڵەتییانەی کە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ دەبێ عێراق لە چوارچێوەی عورف و بڕیارە نێودەوڵەتییەکاندا وە ئەستۆی بگرێ، ئەم ڕاپۆرتە بە کورتی گرنگترین ئەو پێشێلکردن و تاوانە نێودەوڵەتییانەی عێراق دەخاتەڕوو:-**

### تاوانی بەکۆمەڵ کوشتن (جینۆساید)

ئەندامێتی عێراق، وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ، دوای سیفەتی تەپەسەری و ئینتیداب لە ساڵی (١٩٣٢) لە کۆمەڵەی گەلان عێراق وابەستە کرا بە ڕێزگرتنی مافی کەمینەکان و مافەکانی گەلە ڕەسەنەکانی ناو عێراق، ئەم پابەندکردنە لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە کۆمەڵەی گەلان بڕیاری ئەندامێتی عێراقی پێ وابەستە کردووە، لە ڕۆژی (١٦)ی ئابی ساڵی (١٩٣٢)، بەڵام مێژوو پێچەوانەی ئەوەی سەلماند، کاتێ عێراق تاوانی جەنگ و تاوانی کۆمەڵ کوژی لە دژی ئاشوورییەکان لە ساڵی (١٩٣٣) لە ناوچەی موسڵ ئەنجامدا، دوای ئەوەش کۆمەڵ کوژی دژی کورد و تورکمان و کەمایەتییە ئاینییەکانی لە کورستان ئەنجام دا.

لە دیدگای یاساییەوە دوای نەمانی کۆمەڵەی گەلان و گواستنەوەی میراتە نێودەوڵەتییە وابەستەکەی بە مافەکانەوە بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە تازە دامەزرابوو، لەگەڵ ئەوەشدا عێراق هەر بەردەوام بوو لە پێشێلکردن و پشتگوێ خستنی یاسا نێودەوڵەتییەکان و بەردەوام بوو لە تەعریب و تەرحیل و گۆڕینی دیموگرافیای کوردستان و پیادەکردنی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژی مافی مرۆڤ و کۆمەڵ کوژی.

لەکاتێکدا عێراق پەیماننامەی ڕێگریی لە کۆمەڵ کوژی ساڵی (١٩٥١)ی ئیمزا کردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا و لەسەر ئاستی نیشتمانی گوێ ی بەو سزایانە نەدا کە لە دەرئەنجامی ئەو تاوانانەوە ڕووبەرووی دەبنەوە، بەڵکو عێراق لە دوای ئەوەش زیاتر لە (١٦) ئۆپەراسیۆنی کۆمەڵ کوژی بە شێوەیەکی ڕێکخراو ئەنجامدراوە، کە لەتۆماری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق دا بەناونیشانی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال تۆمارکراون، کە زیاتر لە ٥٠٠٠ هەزار گوندی ئاوەدانیان وێرانکردووە و دانیشتوانەکانیشیان بە شێوەی زۆرەملێ بەرەو شوێنی نادیاربردووە، زیاتر لە ١٨٢٠٠ بارزانی و خەڵکی تریان لەناوچەکانی گەرمیان و خۆشناوەتی و شوێنانی تر لە ناو بردووە و کە ئەمانە لەناو تۆمارەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق وەك بەڵگەنامە تۆمارکراون. تەنانەت تا ئێستاش زۆرێك لەو فایلی تاوانانەی دژی هاوڵاتیانی سڤیل لە پارێزگای سلێمانی و قەڵادزێ و باڵەکایەتی یەکلانەکراونەتەوە.

لەلایەکی ترەوە تا ئێستا عێراق قەرەبووی زیانمەندانی پرۆسەکانی جینۆسایدی نەکردۆتەوە، تەنانەت قەرەبووی یەك نەخۆشی بەرکەوتەی کیمیاویی لە هەڵەبجە و هیچ هاوڵاتییەکی ئەنفالکراوی گەرمیانیان نەکردووە و هیچ شەقامێکی سنوری ناوچەی بارزانیشیان چاك نەکرۆدتەوە، هەربۆیە دەتوانین بڵێین کە لە سێبەری حکومەتە یەك بەدوایەکەکانی عێراقدا هەرێم گەورەترین گۆڕستانی بەکۆمەڵ بووە.

بە پێی یاسای تاوانە نێودەوڵەتییەکان،تاوانەکانی عێراق لە دژی گەلی کوردستان بە جینۆساید (کۆمەڵ کوژی) دەژمێرێ، ئەم یاسایە لە ماددەی دووەمی ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی کۆمەڵکوژی و سزاکانی لە ساڵی ١٩٤٨، بڕگەی (أ) کە باس لە کوشتنی تاکەکانی کۆمەڵ دەکات، وەك کوشتنی بەکۆمەڵی کوردەکان و ئاشوریەکان و تورکمانەکان و ئێزیدییەکان، وە لە بڕگەی (ب) باس لە سزا و ئازاردانی جەستەی و ڕوحی مەترسیدار لە

دژی کۆمەڵ دەکات وەك سـزادانەکانی ناو زینـدانـی ئەبوغرێـب و نوگرەسـەلمـان و بەڵگەنامەکانی تری ناو فایلەکانی دادگای باڵای تـاوانەکـانی عێراق، وە لە بڕگەی (ج) بـاس لە تەپەسـەرکـردنـی زۆرەملـێـی بە ئەنقەسـتـی کۆمەڵ دەکـات بەمەبەسـتـی لەنـاوبـردنـیـان، بە نمـوونە لەنـاوبـردنـی سـەرچاوەی ژیانی دانیشـتوانی ٥٠٠٠ هەزار گوند و گەمارۆخستنەسـەر زۆر لە ئاواییەکان و قەدەغەکردنی گەلێك ناوچەی مەدەنی و کشـتوکاڵی و کردنیان بە پێگەی سـەربازی و گۆڕینی گرێبەستیە کشتوکاڵی و موڵکایەتی و سـەنەدە کشـتوکاڵییەکانی کوردەکان و بەخشـینی بە هـاوڵاتی هـاوردەی عەرەب. بەتایبەت لە باشووری کوردستان، کە ئێسـتا لە دەسـتووری نوێ ی عێراق نـاوی نراوە نـاوچەکـانی مـاددەی ١٤٠، وە بڕگەی (د) گرتنە بەری ڕێوشـوێنی وا تـا ئیتر کەس منداڵی نەبێ لە ڕێگەی بۆردومانی کیمیایی و کـارکردنە سـەر جینـات و منـداڵـدانی تـاکەکانی کۆمەڵ و لەدایك بوونی ناتەواو و ناکام بێننە ئاراوە.

وە بەپێی ماددەی سـێیەم لە پەیماننامەکە، هاندانی ئەنجامدانی تاوانەکە ڕاسـتەوخۆ لە لایەن فـتـوایەکـی شـەرعـیـەوە بەنـاوی سـورەتێکی قورئانی پیرۆزەوە، کە سـورەتی ئەنفالە ئەنجامدراوە.

## تاوانی جەنگ یان ، پێشێلکردنی یاسا مرۆییە نێودەوڵەتییەکان

عێراق هەرچوار پەیماننامە نێودەوڵەتییەکەی سـالّی (١٩٤٩)ی پێشـێـل کردووە، کە پەیوەندارن بە گرنگیدان بە برینداروو نەخۆش لەناو هێزە چەکدارەکان لەبەرەکانی جەنگ و هێزە دەریـاییەکـان و مـامەڵەکردن لەگەڵ دیلەکانی جەنگ و پاراسـتنی ژیانی خەڵکی سـیڤیـل لە کـاتی جەنگەکـانـدا، لەگەڵ ئەوەشـــدا عـێـراق لە پـێـش و دوای خۆپیشـاندانەکانیشـدا بە کۆمەڵ خەڵکی لە سـێدارەداوە و لە کاتی شـەڕی چەکداری لەگەڵ پێشـمەرگەی کوردەکاندا سـوپای عێراق بە بێ یاسـا و دادگای کردن چەندین دیلی لە شـەڕی لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا لەناوبردووە. لەم ڕووەوە تا ئێسـتاش چەندین گۆڕی بەکۆمەڵـی گەورە لە نـاوەڕاسـت و خـواروی عـێـراق هەن، هەڵـنەدراونەتەوە و تەنانەت زۆریشـیان تا ئێسـتا نەدۆزراونەتەوە، لەکاتی دەست بەسەرکردنی خەڵکی سیڤیل لەنـاوچەکـانی نوگرەسـەلمـان و زینـدانی ئەبوغرێب دا.

لەلایەکی ترەوە بە پێی یـاسـا نێودەوڵەتە گشـتـیـەکـانـی ڕێـکـخـراوی نەتەوە یەکـگـرتـووەکـان، وە لە ڕێـگەی ڕێسـا یاساییەکانەوەبۆ پاراستنی لایەنەکان، عێراق

وابەستە کراوە بۆ نموونە:
*عێراق پێشێلی پەیماننامەی پاراستنی شوێنەوارە کەلەپورییەکانی ساڵی (١٩٥٤)ی کردووە، لە ساتی شەڕەکاندا لەم ڕووەوە عێراق زۆرێك لە ناوچە شوێنەوارییەکانی وێران کردووە و گۆڕیویەتی تا بنەما کەلتوورییەکانیان بگۆڕێ، تەنانەت عێراق جەژنە نەتەوەیی و کەلتورییەکانی گەلی کوردستانی لە بۆتەی پرۆسەی تەعریب دا گۆڕیوە بۆ نموونە جەژنی بەناوبانگی نەورۆزی ناونابوو جەژنی داروەدرەخت.
*عێراق پێشێلی ئەو پەیماننامەی پەیوەستە بە نەهێشتنی بەرهەم هێنان و کۆگاکردنی چەکی بایۆلۆجی و ژاراوی لەناوبردنی ئەو چەکانە لە ساڵی (١٩٧٢)ی کردووە، بەڵکو عێراق بەو چەکان بۆردومانی شاری هەڵەبجەی کردوو و زیاتر لە ٥٠٠٠ هەزار هاوڵاتی سیڤیلی لەناوبردوو بەهەمان شێوە لەناوچەکانی دۆڵی خۆشناوەتی و گوندی بالیسان و شێخ وەسانان بەکاریهێنایەوە.
*عێراق پێشێلی پەیماننامەی ساڵی (١٩٨٠) نەهێشتنی یان وابەستەکردنی بەکارهێنانی ئەو چەکە ئاساییانەشی کردووە کە زۆر زیانبەخشن یان کاریگەری نادیاریان هەیە، کەبریتی یە لە:-
پرۆتۆکۆڵی یەکەم دەربارەی ئەو پڕینچکانەی نادۆزرێنەوە، پرۆتۆکۆڵی دووەم دەربارەی ڕێگریکردن و مەرجدارکردنی بەکارهێنانی مین و تەقینەوەکان و پرۆتۆکۆڵی سێیەمیش دەربارەی نەهێشتنی یاخود مەرجدارکردنی بەکارهێنانی چەکە سوتێنەرەکان.
*عێراق پێشێلی پرۆتۆکۆڵی نەهێشتن یاخود مەرجدارکردنی مین و تەقینەوەکانی تری کردووە لە ساڵی (١٩٨٠)، لەکاتێکدا هەزاران کیلۆمەتری لەسەر سنوورەکان و شوێنانی تری کورستان، بە مین داچاند و زۆرینەی قوربانیانی ئەو مینانە هاوڵاتیانی گوندەکان و جوتیارەکان بوون و تا ئێستاش ئەو قوربانیانە هیچ جۆرە قەرەبوویەك نەکراونەتەوە لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)ەیشەوە، حکومەتی هەرێم بەهاوکاری ڕێکخراوی **(M.A.G)**ی نێودەوڵەتی هەستا بە خاوێنکردنەوە و لابردنی ئەو مینانە لە زەوییەکاندا.
* عێراق پێشێلی پەیماننامەی ساڵی (١٩٩٣) تایبەت بە بەرهەم هێنان و کۆگاکردن و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و لەناوبردنی کردووە و بەشێوەیەکی پێویست هاوکاری لیژنەی تیمە نێودەوڵەتییەکانی چاودێریی نەکردوو و کاری پشکنین درێژەی کێشا و بەمەش سزا ئابوورییەکان لەسەر هەردوو گەلی عێراق و کوردستان درێژکرایەوە.
*عێراق پێشێلی پەیماننامەی ساڵی

(١٩٩٧)ی تایبەت بە بەکارهێنان و کۆگاکردن و بەرهەم هێنان و گواستنەوەی مین و لەناوبردنیانی کردووە.
* عێراق پێشێلی ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵانی ساڵی (٢٠٠٠)ی کردووە، بەچەکدارکردنیان و کردنەوەی خوولی سەربازی بۆیان لەکاتی پشووەکانی هاوینان و کردنیان بە (جەیشی شەعبی) و هێزی تری تایبەتی وەك (فیدائی سەدام).

## تاوانی پێشێل کردنی یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ

*کۆچی زۆرەملێ و وێرانکردنی گوند و ئاواییەکان و لەناوبردنی سەرچاوەکانی ئاوی کشتوکاڵ و قەدەغەکردنی هاتوچۆ و سەردانی ئاواییەکان و چۆڵکردنی ڕووبەرێکی فراوانی کوردستان لە ژێر ناوی ناوچەی قەدەغەکراو و پێشێل کردنی ڕێسا نێودەوڵەتییە تایبەتییەکانی بە مافەکانی کۆچ پێکراوان و ڕاگواستنی زۆرەملێ ی گوند و ئاواییەکان و دامەزراندنی ئۆردوگای زۆرەملێ لە نزیك شارەکان وەك سزادانێکی سیاسی دانیشتوانەکانیان.
*گەمارۆی ئابووری عێراق لەسەر گەلی کوردستان هەر لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) تاوەکو ساڵی (٢٠٠٣)، بێ گومان ئەمە بە سیاسەتی برسیکردن و وێرانکردنی ئابوری کوردستان دەژمێردرێ و ناکۆکە لەگەڵ یاسا گشتییە نێودەوڵەتییەکان و یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ.
*عێراق لەسەر پەیماننامەی مافەکانی منداڵان ئیمزای کردووە، لەگەڵ ئەوەش دا تا ئێستاش هیچ یاسایەك لە عێراق دا بوونی نییە، تاوەکو مافەکانی منداڵان بپارێزێ، وە عێراق لە کاتی گەمارۆی ئابووری لە ماوەی دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)، هیچ بڕە پارەیەکی بۆ بواری گەشەپێدانی پەروەردە و تەندروستی منداڵان تەرخان نەکرد، وە بەشە بودجەی گەلی کوردستانی بڕی و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی منداڵان ڕۆژانە کاری قورس بکەن، لەوانەش خراپتر حکومەتی عێراق لە بۆتەی هەموارکردنەوەی یاسای کاردا، تەمەنی ڕێگە پێدراوی کارکردنی بۆ ١٣ ساڵ کەمکردەوە، ئەمەش بە شێوەیەکی زۆر نێگەتیف کاری لە منداڵانی عێراق کرد.
*هەرچەندە عێراق پەیوەست بوونی خۆی بەو پەیماننامانەی سەرەوە ئیمزاکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا پێکهاتەی کورد و کەمایەتییەکانی تری لەزۆر کارو پلە و پۆستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیش بێبەش کردووە، بە نموونە خوێندن و کۆمپانیای نەوت و غاز و فڕۆکەوانی

و پەرەدان بە بوارەکانی بایۆلۆژی و کیمیایی و بواری دیپلۆماسی و نوێنەرایەتی دەرەوە، بەڵام گەر قوتابییەکە یان کەسەکە بەعسی بوایە بەمجۆرە دادپەروەری و فرسەتی یەکسان بۆ هەموان مەیسەر نەبوو، ئەمەش جگە لە جیاوازی ڕەگەزایەتی هیچ پاڵنەرێکی تری لە پشتەوە نەبوو.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١-(ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان: ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی، لیژنەی مافی مرۆڤ، خوولی ٤٨، بەندی ١٣ لە خشتەی کارەکان، ڕاپۆرتێك دەربارەی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق، لەلایەن بەڕێز: ماکس ڤان دێرۆشتۆیل ئامادەکراوە، کە بریاردەری تایبەتی لیژنەی مافی مرۆڤە، بەپێی بڕیاری لیژنە ١٩٩١/٧٤ مێژووی بڕیارەکە ١٩٩٢/٢/١٨).

**2- League of nations, distr. Assembly, council, Members A.17.1932.Vll (Vll.political.1932.Vll.9.16August 1932 REQUEST OF THE KINGDOM OF IRAQ FOR ADMISSION TO THE LEAGUE OF NATIONS MEMORANDUM FROM THE IRAQ Bagdad, july 12 th, 1932.Avalable on (http://www.atour.com/goverment/un/200000609a.htm)**

٣-تاوانی سێمێل، لەسەردەمی حکومەتەکەی ڕەشید عالی گەیلانی تاوانێك بوو بەمەبەستی لەناوبردن حکومەتی عێراق لە کوردستانی عێراق بەرانبەر ئاشوورییەکان ئەنجامی دا.

٤-تاوانی ئەنفالکردنی ٨٠٠٠ هەزار بارزانی لە ساڵی(١٩٨٣) لەناو ماڵەکانی خۆیاندا قۆڵبەستیان کردن و لەوکاتەوە شوێنەواریان دیارنەماوە.

٥- لەگەڵ ڕاپۆرتەکەدایە.

٦-لەبەرئەوەی زۆرینەی خەڵکی کوردستان ئەوسا جوتیاربوون و لەسەر کشتوکاڵ ژیانیان دەکرد، هەربۆیە لەناوبردنی زەوییەکانیان گەورەترین زیانی پێگەیاندن.

٧-لەساڵی (١٩٨٦) لەسێدارەدانێکی بەکۆمەڵ و بێ دادگایکردن لەشاری هەولێر ئەنجامدرا، لە سێدارەدراوەکان گەنجی سیڤیل بوون.

٨- گۆڕستانی (کارگەی قیر) دەکەوێتە خواروی هەولێرەوە لە ساڵی (١٩٩١) کوشتن و لەسێدارەدرانەکان لەلایەن هێزەکانی عێراقەوە لەوێ ئەنجام دەدران.

٩- مێژووی قەڵای هەولێر بە پێی دوا توێژینەوەی مەیدانی چیچییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ٤٠٠٠ هەزار ساڵ پێش زایین ئەم قەڵایە لەلایەن یونسکۆوە خراوەتە لیستی شوێنەوارە جیهانییەکان.

# جیهانگیری و پێگەیاندنی سیاسی



هیوا بەڵخەیی

**پێشەکی:**

جیهان ئەمڕۆ بە گۆڕانکاری گەورەدا تێپەڕ دەبێت، کە ئەو گۆڕانکاریانە هەموو بوارەکانی ژیان لەخۆدەگرێت .گۆڕانکاریەکانی جیهانی ئەمڕۆ تەنها گۆڕانکاریە تەکنەلۆژییەکان نین، کە ئێمە پێیان سەرسامین و بەڕێزەوە سەیریان دەکەین، واتە ئەو گۆڕانکاریانەی کە وڵاتانی رۆژئاوا پێیان بوون بە خاوەن پلەو پایەو پێشـــکەوتنیان بەخۆیانەوە بینیوە، بگرە پێشـــکەوتنی تەکنەلۆژیا بووە بەهۆی گۆڕانی گەورە لە هەموو بوارەکـانی ژیـان و پێ بەپێ لەگەڵی دەڕوات وەکو ژیـانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیری و سیاسی، کەواتە دەکرێ بڵێین پرۆسەی پێگەیاندن هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە لەناو خێزانەوە بگرە تا دەگاتە سیستمی سیاسی.
ئەم پێشـــکەوتنە، کۆمەڵێك لایەنی ئەرێنی هەیە کە هیچ کەس ناتوانێت نکۆڵی لێ بکات یان نکۆڵی بکات لەو گرنگییەی کە هەیەتی لە ژیانی رۆژانەی تاکەکانی کۆمەڵگەدا، بەڵام لەهەمان کاتدا کۆمەڵە لایەنەێکی نەرێنیشی هەیە کە کاریگەرییەکانی هەرچەندە بە شێوەیەکی سادەش

بێت لە ئەمڕۆدا بەدیارکەوتوون، بەڵام زەنگی مەترسیمان بۆ لێدەدەن لە بەدەرکەوتنی کێشەی زۆر گەورە ئەگەر بێت و بەوردی ئاگاداریان نەبین و رەفتاریان لەگەڵ نەکەین.

لەگرنگترین ئەو دیاردەو گۆڕانکاریانەی کە جیهانی ئەمڕۆ رووبەڕووی بووەتەوە، ئەو کاریگەرییە جیهانگیریەیە لەرێڕەوی ژیانی کۆمەڵایەتیدایە جا ئەو کاریگەرییە لەئاستی تاك بێت لەناو خێزاندا یان لەسەر ئاستی کۆمەڵگەکاندا بێت بەشێوەیەکی گشتی. لێرەدایە کە هەردوو زانا (ریچارد هارس) و (روبرت لیتان) جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە (جیهانگیری دیفاکتۆ یان ئەمرێکی واقیعەو هەڵبژاردەیەکی ئارەزوومەندانە نییە)[1]. واتە بمانەوێ یان نەمانەوێ لەدەرگای کۆمەڵگەو یەکە بە یەکەی ماڵەکان دەدات . لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا، هەرچەندە کە سروشتە سیاسیەکەشی جیاواز بێت و خاوەن بیروبۆچونی سیاسی جیاواز بێت، دەبێ هاووڵاتیەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی تایبەت بە کۆمەڵگەکەیان تێکەڵاویان لەنێواندا دروست ببێت، بەتایبەت جیلی نوێ، ئەمەش لەپێناوی پاراستنی کیانی خۆیان و بۆئەوەی کە جیلی نوێ فێری بەهاو داب و نەریتەکانی باب و باپیرانی خۆیان ببن و بۆ جیلی دوای خۆیانیشی بگوازنەوەو هەروەها بەرپرسیاریەتی سەرشانی خۆیان جێبەجێ بکەن و بەئارەزووی خۆیان خزمەتی کۆمەڵگەکەیان بکەن.

ئەم پرۆسەی ئاوێتە بوونەش پێی دەووترێت پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فێربوونی سیاسی.(Political Learning)[2]

جێگەی باسە لەم ساڵانەی دواییدا لێکۆڵینەوە لەسەر پێگەیاندن لە زانکۆ جۆراوجۆرەکاندا لەلایەن لێکۆلەرەوانەوە گرنگی زۆری پێ دراوەو ئارەزووی لەسەر بووە، بەتایبەتیش بوارەکانی پێگەیاندن لەسەر ئاستی نیشتمانی، ئەمە سەرەڕای لێکۆڵینەوە لەسەر پێگەیاندنی سیاسی نێو دەوڵەتی.

لێکۆڵینەوەکانی بواری پێگەیاندنی سیاسی نێودەوڵەتی بەدوای ئەو داتاو زانیاریانەدا دەگەڕان کە دەکرا هەر لەتەمەنی منداڵیدا لە مێشکیاندا بچەسپێندرێن، تاوەکو ئەو منداڵانە پەروەردە نەکرێن لەسەر کۆمەڵێك ئاراستەی سیاسی دیاریکراوو مێشکیان پڕ نەکرێت لە رق و کینەو تووڕەیی و دوژمنایەتی و خۆشنەویستنی گەلانی تر ، بەڵام ئەمەش هەمووی بە بەدیهێنانی بەرژەوەندییە نیشتمانیە رەواکان لەجیهاندا بەدی دێت کە پاڵنەریان پەیوەندیەکانی هێزو باڵا دەستی بەرژەوەندیەکانە.[3] زۆربوونی هۆیەکانی گەیاندنی سەردەمیانەو شێوازە جۆراوجۆرەکانی و ئامێرەکانی ئینتەرنێت و سەتەلایت بەلایەن و ئاڕاستە جیاوازەکانیانەوە رۆڵ و کاریگەریەکی

زۆر گەورەی خستووەتە سەر هەموو کۆمەڵگەکان بەگشتی و خێزان و تاکەکان بەتایبەتی. هەروەها چۆنیەتی بەکارهێنان و چاودێری کردنیان و چ کەس و لایەنێك چاودێریەکە بکات، یان ئایا هەر پێویستیان بەوەیە کە چاودێری بکرێن؟ ئەگەر بێت و پێویست بەم چاودێری کردنە بکات، ئەم کارە چۆن و بە چ رێگەیەك دەبێ بکرێت و چەندین پرسیاری تری لەم بابەتە، کە راستەوخۆ پەیوەندییان بەم بابەتە گرنگ و گەرم و گوڕەی ژیانی رۆژانەمانەوە هەیە، بوون بە ئەرقەلە و بەربەستێك لەبەردەم پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا.
ئەم بابەتە هەروەك چۆن لایەنی ئەرێنی و باش سوودمەندی هەیە، بەو جۆرەش لایەنی نەرێنی هەیە کە بەش بە حاڵی خۆی مەترسیدارە لەسەر ئەم پرۆسە سیاسیە لەژیانی تاکەکان و کۆمەڵگەکاندا.[4] لەمیانەی ئەو شتانەی باسمان کردن و لەبەر گرنگی بابەتەکە لە ژیانی ئەمڕۆماندا و پەیوەندی بابەتی جیهانگیری بە مەسەلەو لایەنەکی گرنگی ژیانمان، ئەویش پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسییە، هەوڵدەدەین لەم نووسینەدا باس لە کاریگەریەکانی جیهانگیری بکەین لەسەر پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی .

**لەم نووسینەدا ئەم پرسیارانە دەوروژێنین و بەدوای وەڵامدا دەگەڕێین بۆیان:**

**١- چەمکی جیهانگیری چییە؟**
**٢- چەمکی رۆشنبیری و رۆشنبیری سیاسی.**
**٣- چەمکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و هەروەها پێگەیاندنی سیاسی چی یە؟**
**٤- کاریگەریەکانی جیهانگیری لەسەر رەوشی رۆشنبیری سیاسی و هەروەها لەسەر پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی.**

بە مەبەستی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەو هی تریش، لەمیانەی ئەم نووسینەوە، بابەتەکەمان کردووە بە چوار بەش و لەکۆتاییشدا دەرئەنجامەکان باس دەکەین.

**یەکەم/ ئەو چەمك و پێناسانەی کە پەیوەستن بە جیهانگیریەوە.**
**دووەم/ چەمکی رۆشنبیری و رۆشنبیری سیاسی و چەمکی پێگەیاندن و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی.**
**سێیەم/ چەمکی پێگەیاندنی سیاسی و شێوازەکانی یان رێگەکانی.**
**چوارەم/ پەیوەندی نێوان جیهانگیری وەك دیاردەیەك و پێگەیاندنی سیاسی.**
**کۆتایی/ دەرئەنجامەکان.**

**یەکەم/ ئەو چەمك و پێناسانەی کە پەیوەستن بە جیهانگیرییەوە:**

**جیهانگیری چییە؟**

جیهانگیری پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، ئەم جیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ڕەهەندەکانی جیهانگیری. ڕەهەندی یەکەم لە ڕەهەندەکانی جیهانگیری نموونەی زانستی یە بۆ لێکۆڵینەوە لە جیهانگیری کە کۆمەڵێك پێناسە لەخۆ دەگرێت، بەڵام ڕەهەندی دووەمی ئەوە ئەو توێژینەوە زانستییانە دەگرێتەوە کە هەوڵیان داوە چۆنیەتی سەرهەڵدان و بەرەو پێشوەچوونی ئەم دیاردەیە ڕاڤە بکەن، کە بۆتە هۆی داگیرکردنی پانتاییەکی زۆر لە بیرو سیاسەتی ئەم گەردوونە.

لێرەدا یەکەم شت کە سەرنجمان ڕادەکێشێ ئەوەیە کە پەیوەندیەکی توندوتۆڵ هەیە لەنێوان ئەو پێناسەیەی کە توێژەر دەیکات بۆ جیهانگیری و ئەو توێژینەوانەی کە دەکرێ دابڕژرێن لەسەر جیهانگیری.(5)

لەژێر ڕۆشنایی ئەو وتەیەدا، دەتوانین ئەم پێناسەی خوارەوە بۆ جیهانگیری بکەین:

جان ئارت شولت Jan-Art-Sholt وای دەبینێت کە جیهانگیری ((پرۆسەیەکە کە دوورییەکان و سنوورەکان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دا ناهێڵێت))، چونکە ئەگەر جێگەو شوێن یەك بوو ئەوا ئەم یەکبوونە ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان مرۆڤ و جیهان، بەڵام جێمس ڕۆزیناو James Rosenau دەڵێت کە ((جیهانگیری ئەو پانتاییە سیاسییە کراوەیە کە دەرئەنجامەکەی سنوورەکانی نێوان کارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان ناهێڵێت)).

جیهانگیری ئەو دیاردەیەیە کە کاروباری ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی و سلوکەکان تێکەڵی دەبن بەبێ ئەوەی کە باس لەسنووری سیاسی دەوڵەتە خاوەن سەروەرییەکان بکرێت، یان باس لە ئینتمای نیشتمان یان دەوڵەتێکی دیاریکراو بکرێت و تەنها ئەوەیە کە باس لەهەموو گۆڕانکارییەکان دەکات لەسەر ئاستە جۆراوجۆرەکان کە کاریگەرییان هەیە لە ژیانی مرۆڤدا لە هەر شوێنێکی ئەم زەویەدا بێت.(6)

ئەگەر بمانەوێ پێناسەیەکی گشتگیر بۆ جیهانگیری دیاری بکەین، ئەوا پێویستە کە سێ پرۆسە ڕەچاو بکەین بۆئەوەی جەوهەری جیهانگیری بدۆزینەوە و لێی تێبگەین.

**پڕۆسەی یەکەم**/پەیوەندی بە بڵاوکردنەوەی زانیاریەکانەوەیە، بەو جۆرەی کە زانیارییەکان بگەن بەدەستی هەموو خەڵکی.
**پڕۆسەی دووەم**/ پەیوەندی بە نەهێشتنی سنوورەکانەوە هەیە لەنێوان وڵاتەکاندا.
**پڕۆسەی سێیەم**/ بریتیە لە زیادکردنی ئاستی لێکبوونەکان لەنێوان کۆمەڵەکان و کۆمەڵگەکان و دام دەزگاکان ...
هەرچۆنێ بێ دەکرێ بڵێین کە جەوهەری پرۆسەی جیهانگیری بریتیە لە ئاسانکردنی جووڵەی مرۆڤەکان و گواستنەوەی زانیاری و کاڵاکان لەنێوان وڵاتەکاندا لەچوارچێوەی ئەم جیهانەدا[7]. ئاماژەکان بەوەیە کە هەمووان کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئێمە لەبەردەم رووداوێکی کوتوپڕدا نین، هەروەها کارەکە پەیوەندی بە شۆڕشێکی زۆر نزیکەوە نیە. بگرە ئێمە لەبەردەم پرۆسەیەکی مێژوویيدایین کە ( بە مەزەندەی هەندێ کەس دەگەڕێتەوە بۆ پێنج سەدەی رابردوو).
کەوابوو چەمکی گشتی جیهانگیری ئاماژە دەکات بەوەی کە ((جیهانگیری ئاراستەیەکی سەرهەڵداوە و لەگەڵ ئەودا جیهان دەبێت بە فەرمانگەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و رۆشنبیری کە سنووری نێوان وڵاتەکان لەبەین دەبات))[8].

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لەسەردەمی دۆزینەوەی تایەوە تا دۆزینەوەی ئینتەرنێت، بەشدار بووە لە دیاردەی جیهانگیری و بە رێگەی جۆراوجۆر رۆڵی گرنگی گێڕاوە لەم دیاردەیەداو پێویستە بۆ پرۆسەی جیهانگیری.

**لەگرنگترین ئامرازەکانی لایەنی تەکنەلۆژیا ئەتوانین ئەمانە ناو بەرین:**

أ- ئەنتەرنێت و جیهانی کۆمپیوتەر.
ب- تەکنەلۆژیای گەیاندنی سەردەمیانە ئەمە بە بروسکەو لاسلکی دەست پێ دەکات تا دەگاتە مۆبایل.
ت- خێرایی گواستنەوە، لە عەرەبانەوە بۆ فڕۆکە.
پ- وێنەی بینراو، خێرایی و گواستنەوەی هەواڵ و زانیاریەکان لە نێوان گەلاندا بەشێوەی راستەوخۆ لەرێگەی کەناڵە ئاسمانیەکان و ئامرازی تر[9].

**لایەن و رەهەندی سیاسی بۆ جیهانگیری:**

ئایا جیهانگیری رۆڵی دەوڵەتی نەهێشتووە؟ بیرۆکەی نەمانی دەوڵەت بیرۆکەیەکە کە لە مێژووی پێشکەوتنی هزری سیاسیدا بیرۆکەیەکی باوە کە (کارل مارکس) و هەندێك زانای تر باسیان لێوە کردووە،

لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەت تا بە ئەمڕۆ هەر ماوە و ون نەبووە.!

لەروانگەی سیاسییەوە، جیهانگیری بەو مانایەیە کە، دەوڵەت نابێ رکابەری سەرەکی بێت لەسەر شانۆی سیاسەتی جیهانی، بگرە لە پاڵیدا کۆمەڵێك دەستەو دامەزراوەی فرە رەگەز و رێکخراوی جیهانی و کۆمەڵی نێودەوڵەتی و هی تریش هەن کە رێکخراوی کاریگەرن و هەوڵ دەدەن کە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان زیاتر بکەن بۆ ئەوەی دەوڵەتەکان زیاتر تێکەڵ بەیەکتر ببن.

هەندێك وای بۆ دەچن، جیهانگیری سیاسی بەو مانایەیە کە ((گوازرانەوەی دەسەڵاتەکانی دەوڵەتە بۆ دام و دەزگا جیهانیەکان بۆ دەست گرتن بەسەر جیهاندا و ئاراستەکردنی بەویستی خۆیان، ئەمەش دەبێتە جێگرەوەی دەوڵەت و دەسەڵاتی خۆی بەسەردا دەسەپێنێ)). جیهانگیری بواری جۆراوجۆری هەیە، لەوانەش ئابووری و رۆشنبیری و رامیاری. بوارە رامیاریەکەی لە بنەڕەتدا داوای دیموکراسییەت و فرەیی و رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ دەکات.[10] هەروەها جیهانگیری لە بوارە سیاسیەکەیدا لە چەندین لایەنی تردا رەنگی داوەتەوە، کە گرنگترینیان هەوڵدانە بۆ دووبارە دارشتنەوەی چەمکەکانی پەیوەندییە نێو دەوڵەتیەکان بەو جۆرەی هەندێ لە دەوڵەتەکان مافی ئەوەیان هەبێت کە دەست وەربدەنە ناو کاروباری دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان، ئەوەش بە بیانووی ئەوەی کە ئەم دەوڵەتانە دەبێ گرنگی بدەن بە چەمکەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی و رێزیان لێ بگرن تا بتوانن تێکەڵاوی دروست بکەن لەگەڵ جیهانگیری. کاریگەری زۆر گرنگی جیهانگیری لەوەدایە کە دەیەوێ دەسەڵاتی دەوڵەت لاواز بکات، ئەویش لەرێگەی داکۆکیکردن لە کەمکردنەوەی رۆڵی دەوڵەت بەدانانی هەندێك پێوەری جیهانی بۆی لەبواری رۆڵە ئابووری و زانیارییەکان، بەشێوازێك کە جیهانگیری بتوانێت لێ پێچینەوەیان لەسەر بکات.[11]

جیهانگیری لەبواری سیاسیدا بەو مانایە نییە کە دەوڵەتێکی جیهانی جێگەی دەوڵەتی نەتەوەیی بگرێتەوەو جیهان لەلایەن یەك هێزەوە بەڕێوە ببردرێت. هەر چەندە کە دەوترێت لەوانەیە جیهانگیری ببێتە هۆی لاوازبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی، بەڵام لەزۆربەی بوار و گۆڕەپانەکاندا

جیهـانگیری هۆکـارێکه بۆ بەهێزبوونـی دەوڵەتی نەتەوەیی.
لەگەڵ ئەوەشـــدا بەزیـادبوونـی بیرۆکەی جیهـانگیری سـیـاســی، هێزێـك لەلایەن دەوڵەتەکـــانەوە بەدەردەکەوێ لە دژی جیهانگیری.
هەروەهـا دەتوانین بڵێین کە جیهـانگیری بەمانای نێودەوڵەتی بوون نییە.
ئەو قەیرانانەی کە رووبەڕووی جیهان دەبنەوە ئەوەیان سەلماندووە کە نابێ لە بەڕێوەبردندا رۆڵی دەوڵەت وەلاوە بنرێت.
بەگشـــتی دەکرێ بلێین جیهـانگیری جێگرەوەی دەوڵەت و رۆڵی دەوڵەت نیە، بگرە لەو بوارانەی کە بۆی دەرەخسـێت خزمەتی باشـتر بەڕێوەبردنی کاروبارەکان دەکات و یارمەتیدەری دەوڵەتەکانیشه.

**دووەم/ چەمکی رۆشنبیری و رۆشنبیری سـیـاســی و چەمکی پێگەیـانـدنی کۆمەڵایەتی و سیاسی:**

**١- چەمکی رۆشنبیری :**

رۆشـــنبیری لەپرۆسەی بەرهەمی (بوون بە کۆمەڵ) لەدایـك دەبێـت ئەمەش مـانـای بوونێکی کۆمەڵایەتیە واتە بەکۆمەڵ ژیان.
لەمیانەی ئەم پرۆسەیەوە کۆمەڵەکان شێوازە جیاجیاکـان وەکو هوشـیـاری و سـلوك و پێکهـاتەی بەهـا کۆمەڵایەتی و هزریەکـان دروسـت دەکەن کە پەیوەسـتن بە سـەردەم و ژینـگەو بـارودۆخە گشـــتـیـەکـانەوە لە پێکهاتنیان، ئەم شێوازانە دەبن بە بنەمایەکی سـەربەخۆ لەنێو بونیادە کۆمەڵایەتییەکەداو کـاریگەریـان دەکرێتە سـەرو کـاریگەریش دەخەنە سەر بەرامبەرەکەیان.[12]

**٢- چەمکی رۆشنبیری سیاسی:**

لە جیهانی سیاسـەتدا چەمکی رۆشـنبیری سـیاسـی بە چەمکێکی تـا رادەیەك نوێ هەژمـار دەکـرێـت، کە سـەرهەڵـدانـی دەگەڕێتەوە بۆ سـاڵی ١٩٥٦ ئەو کاتەی کە (گـابـرێـل ئەلمۆنـد) وەکـو رەهەنـدێـك لە رەهەندەکانی شـیکردنەوەی سـیسـتـمی سیاسی بەکاری هێنا.
بەلای (ئەلمۆند)ەوە، ((هەر سـیسـتـمێکی سـیاسـی جێگیر دەبێت لە سـەر کۆمەڵێك شـێوازی دیاریکراو لە ئاراسـتەکان، ئەوانەی کە لەناو سـیسـتمی کۆمەڵایەتیدا هەن و کـارلـێـکـردنەکـان رێـك دەخـات))، بەڵام (مۆریس دیفرجیە) پێی وایە کە مەبەسـت لە رۆشـنبیری سـیاسـی بەشـێوەیەکی گشـتی لایەنە سـیاسـیەکانی رۆشـنبیرییە، یان

رۆشـــنبیری ســـیاســـی بەشـــێکە لەو رۆشـــنبیرییەی کە لەنـاو کۆمەڵگەدا بـاوە. هەرچەندە کە چەمکی رۆشـنبیری سیاسـی تازە سەریهەڵداوە، بەڵام شوێنێکی گرنگی لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتی و سـیاسـییەکاندا بەبێ جیـاوازی و وەك یەك داگیـرکردووە، بەتایبەت پاش ئەوەی کە پابەندبوون بە بەها دیموکراسـییەکـان روویـان لە زیـادبوون کردووە.

لێرەدا ئەو رۆشـــنبیرییە ســـیاســـییە گشتگیرەی کە بەشێوەیەکی گشتی لەناو کـۆمەڵـگەدا بـاوە، ئەو رۆشـــنـبـیـرییە باڵادەســـتە. لقە رۆشـــنبیرییەکان وەکو رۆشـــنـبیری (خێـڵەکـی، ئـاییـنـی، و تـایفەگەری و نـاوچەگەری) کۆمەڵـێـك دیاردەی گشـــتین کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بوونیان هەیە.[13]

## ٣- چەمکی پێگەیاندن:

پێگەیاندن بەتێگەیشـتنێکی گشـتی بەوە پێناســـە دەکرێت کە هەموو فێرکردنێکی سیاسـی لەخۆ دەگرێت، جا ئەو فێرکردنە فەرمی بێت یان نافەرمی، بەمەبەست یان پلان بۆ داڕێژراوبێت، بەو جۆرەی کە ئەم پرۆســـەیە بگـات بە هەموو قۆنـاغەکـانی گوزەری ژیانی هاونیشـتمانیان، هەروەها ئەم پرۆسـەیە فێرکردنی سیاسـی روون و ئاشکراو فێرکردنی بەدەر لە سیاسـەتیش لەخـۆ دەگـرێـت، ئەوەی کە لەوانەیە کاریگەری بخاتە سـەر سلوکی سیاسـی (لەو جۆرانەش دەکرێ باســـی ئەو بوارە کۆمەڵایەتییانە بکەین کە پەیوەندییان بە ســـیاســـەتەوە هەیە)، یان هەندێ کەس کۆمەڵێك بابەتی کەســـی فێردەکرێن کە پەیوەنـدییـان بە ســـیـاســـەتەوە هەیە. (لانگتۆن) پێناســـەی پێگەیاندن دەکات بەوەی کە (پێگەیاندن) پرۆســـەیەکە کە بەهۆیەوە کۆمەڵگە دەتوانێ رۆشـــنبیرییە سـیاسـییەکەی لە جیلێکەوە بۆ جیلێکی تر بگوازێتەوە.

### توخمەکانی چەمکی پێگەیاندن:

أ- پێگەیـانـدن وەکو پرۆســـەیەکی تەلقین کردنە بۆ بەهاو ئاراسـتە سـیاسـییەکان و بەهاو ئاراسـتە کۆمەڵایەتییەکان ئەوانەی کە ئاماژەی سیاسی لەخۆ دەگرن.

ب- پێگەیـانـدن پرۆســـەیەکی بەردەوامە کە لەســـەرەتـای منـداڵیەوە تـاوەکو پیری رووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە.

ت- پێگەیاندن سێ رۆڵی سەرەکی دەگێرێت

(گواستنەوەی رۆشنبیری سیاسی لە جیلێکەوە بۆ جیلێکی تر)، (دروستکردنی رۆشنبیری سیاسی) و (گۆڕینی رۆشنبیری سیاسی).

لەکۆتاییدا دەکرێ بڵێین کە چەمکی رۆشنبیری سیاسی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە پێگەیاندنەوە هەیە، چونکە هەریەکە لە (ئەلموند و فیربا) دەڵێن کە :

**(رۆشنبیری سیاسی واتە ئەو بوارە سیاسییانەی کە ناوەرۆکەکەیان تەنهاو تەنها جەخت دەکاتەوە لەسەر تاکەکان و پەیوەندیەکانی بەسیستمی سیاسییەوە)**.[14]

## ٤- چەمکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی:

چەمکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەو پرۆسەیە کە تاك تیایدا لەمیانەی تێگەیشتنی بۆ بەهاو بنەما هاوبەشە کۆمەڵایەتیەکان فێری زانیاریە کۆمەڵایەتیەکان دەبێت و تاکەکان وا لێ دەکات کە فێری زانیاری و کارامەیی بنەماکانی هەڵسوکەوت کردن ببن، واتە ئەو شتانەی ئامادەیان دەکات کە ببن بە ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵگەو بەردەوامی بدەن بە قۆناغەکانی گەشەکردنی مرۆڤ.[15]

## ٥- چەمکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی:

چەمکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی ئەو پرۆسەیەیە کە بەهۆیەوە تاك سیستمی سیاسی دەناسێت و بڕیار دەدات لەسەر تێگەیشتنی خۆی لەسەر سیاسەت و کاردانەوەکانی بەرامبەر بەدیاردەی سیاسی. هەروەها پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی گرنگیەکی زۆری هەیە بەو پێیەی کە وا لە تاکەکان دەکات بە پلەی جۆراوجۆر تێکەڵ بە سیستمی سیاسی بەرپاکراو ببن و بریار لەسەر چۆنیەتی بەشداریکردنی سیاسی بدەن، ئەم پرۆسەیە بەتەواوەتی روون و ئاشکرا نییە و دەگەڕێتەوە بۆ شێوازو رێگەی بەدەستهێنان و وەرگرتنی زانیاریە سیاسییەکان.

گرنگیدانی زانایانی سیاسەت لەم ڕووەوە گرنگیدانە بەو شتەی کە هاووڵاتی فێری دەبێت بەو جۆرەی کە کاریگەری لەسەر سیستمی سیاسی هەبێت، جا ئەمە لە رێگەی پاڵپشتی کردنی بێت یان گۆڕینی.

لە سیستمی دیموکراسیدا پێگەیاندنی زۆربەی خەڵکی بۆ ئەوەیە کە بەشداری بکەن لە چالاکی سیاسی و جێگیربوونی سیاسی.[16] سروشتی ئامادەکاری و فێرکردن و کارامەییەکان و رێگەی بەدەستهێنانیان

بەکارێکی زۆر گرنگی سیاسی یەکلاکەرەوە دادەنرێت. هەر بۆیە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو، لەوانەیە کە بەشداربێت لە جێگیری یان ناجێگیری ئەو کۆمەڵگەیە. هەروەها پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی گرنگیەکی زۆری هەیە لەزۆری یا کەمی بەشداری سیاسی بۆ رای گشتی.[17]

## سێیەم: چەمکی پێگەیاندنی سیاسی و شێوازەکانی

### ١- چەمکی پێگەیاندنی سیاسی:

ئەو پێناسانەی کە لێکۆڵەران بۆ چەمکی پێگەیاندنی سیاسی خستووەیانەتە ڕوو زۆرن و پێناسەیەك نیە کە هەموان لەسەری کۆك و هاوڕا بن.

دەکرێ بڵێین: پێگەیاندنی سیاسی پرۆسەیەکی پەرەپێدانە کە تیایدا زانیاری و مەعریفەکان لە ژینگەی سیاسی پێدەگەێنرێن و بەدەست دێن لەمیانەی سەرچاوە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانی وەك خێزان و قوتابخانەو ئامرازەکانی راگەیاندن بەو شێوازەی کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ تێگەیشتن لە توخمەکانی ئەم ژینگەیەو کاریگەری دەبێت لەسەر هوشیاری و هەڵوێست و سلوك.[18]

دکتۆر (محەممەد زاهی المغریبی) وای بۆ دەچێت کە پێگەیاندنی سیاسی پرۆسەیەکە کە تاك لەرێگەی ئەو پرۆسەوە بەهاکانی و روانگە سیاسییەکان و مەعریفەکان و هەستەکان و هەڵسەنگاندنەکانی بۆ ژینگەکەی و دەوروبەری و سیستمی سیاسی بەدەست دەهێنێت.[19]

پێگەیاندنی سیاسی پرۆسەیەکی بەردەوامە، بەو مانایەی کە مرۆڤ لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا رووبەڕووی دەبێتەوە. کەوابوو پێگەیاندنی سیاسی وەکو فێربوون و بەدەستهێنانی مەعریفەکان و بەهاکان و روانگە سیاسییەکان و ئەو مەعریفەو بەهاو روانگە سیاسیيانەیە کە ئاماژەن بۆ سیاسەت.

لێکۆڵینەوە لە پێگەیاندنی سیاسی ئەم پرسیارە مەنهەجیانەی خوارەوەمان بۆ دەوروژێنێ: کێ دەزانێ (هەنێردەر یان سەرچاوەی نامە)[٢٠]

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە ئەو شتەیە کە دەمانباتە ناو قولایی بابەتەکەوە، چونکە کاریگەری جیهانگیری لەسەر هەموو پرسیارەکان روون و ئاشکرایە، کە لە جێگەی خۆیان وەڵامیان دەدەینەوە.

**٢- رەهەندەکانی پێگەیاندنی سیاسی:**

**أ- پێگەیاندن و بەشداری سیاسی:**

بەشداریکردنی تاك لە ژیانی سیاسیدا، بەکەمی لەسەر چەندوچۆنی ئەو ئاگادارکردنەوە سیاسیانەیە کە رووبەرووی دەبنەوە.

**ب- پێگەیاندن و ناولێنانی سیاسی:**

مەبەست لە ناولێنانی سیاسی، دانانی تاکەکەکانە لەسەر پۆستە سیاسیەکان جا ئەو دانانە خۆیان هەوڵی بۆبدەن کەپێی بگەن یان خەڵکانێکی تر دیاریان بکەن بۆ ئەو پۆستە.

**ج - پێگەیاندن و جێگیری سیاسی:**

جێگیری ئاماژەیەکە بۆ هێزو دەسەڵاتی سیستەم کە تا چەند ئەتوانێ پارێزگاری لە خۆی بکات لە هەموو کاتەکاندا یان بەتەواوەتی بمێنێتەوە، ناتوانێ ئەوەش بەدەست بهێنێ ئەگەر بێت و دامودەزگا جۆراوجۆرەکانی بە باشترین شێوە ئەرکەکانی خۆیان بەجێ نەهێنن لە نێوانیشیاندا ئەرکی پێگەیاندنی سیاسی.

**٣- قۆناغەکانی پێگەیاندنی سیاسی:**

پرۆسەی پێگەیاندن بەچەندین قۆناغدا تێپەڕ دەبێت کە پەیوەندی بەخودی تاك و پێش کەوتنەوە هەیە، ئەویش قۆناغی منداڵی دواتر هەرزەکاری و لەکۆتاییشدا پێگەیشتن و باڵغ بوون.

سلوکی سیاسی تاك لە قۆناغی پێگەیشتندا دیاریدەکرێت، رێژەی ئەو سلوکە سیاسیەش پەیوەستە بەو شارەزایی و پێگەیاندنەی کە لە قۆناغەکانی منداڵی و هەرزەکاریدا بەدەستی هێناوە.

**٤- ئامرازەکانی پێگەیاندنی سیاسی:**

جۆراوجۆری و زۆری ئامرازەکان رۆڵی زۆرو سەرەکییان هەیە لەپرۆسەی پێگەیاندندا، لەرێگەی کاریگەری خێزان و قوتابخانەو برادەرەکان و ئامرازەکانی راگەیاندن و دامودەزگا ئایینی و حیزبە سیاسیەکانەوە تاك بەهاکان و پێوەرەکان و روانگەکان بەدەست دەهێنێت کە کۆمەڵێکیان کۆمەڵایەتین و کاریگەری سیاسیيان هەیە، و هەندێکیشیان بۆ خۆیان سیاسین.[21]

**چوارەم / پەیوەندی نێوان جیهانگیری وەکو دیاردەو پێگەیاندنی سیاسی:**

جیهان هیچ کاتێك سەرقاڵ نەبووە بە بابەتێکی هزرییەوە ئەوەندەی خۆی سەرقاڵ کردووە بە بابەتی جیهانگیری و دەرهاوێشتەکانیەوە بەتایبەت لەگەڵ نزیکبوونەوە لە دەستپێکردنی هەزارەی سێیەم. لەهەر جێگایەك لێرەو لەوێ کۆنگرەیەك بەمەبەستی گفتوگۆگردن لەسەر چۆنیەتی ژیانی سەر ئەم گۆی زەویە ببەسترێت، ئەوە بێگومان دەبێ باس لەبابەتی جیهانگیری بێتە ئاراوە جا ئەو بابەتە لەسەر سیاسەت بێت یان ئابووری یان رۆشنبیری یان پەروەردە وەیان هەر بابەتێکی تر لە بابەتەکانی بواری زیندەگانی.

خێرایی رووداوە سیاسییەکان و پێشکەوتنی زانست و رۆشنبیری و گەیاندن لەسەر ئاستی جیهان لەچەند ساڵی رابردوو بووەتە هۆی ئەوەی کە دەستەواژەی جیهانگیری جێگەی خۆی بکاتەوەو ببێت بە وشەیەکی دەستپێك بەکاتی باسکردنی هەر دیاردەیەك کە لەم جیهانەدا روودەدات و بەربڵاوە.[22]

جیهانگیری لەمانا زمانەوانیەکەی واتا: (گشتاندنی شتێك و فراوانکردنی تاکو هەموو جیهان بگرێتەوە).

جیهانگیری خۆی لەخۆیدا پرۆسەیەکی بەردەوامە کە رۆژ لەدوای رۆژ روویەك لەرووە فراوانەکانی دەدۆزرێتەوە یان روویەکی نوێی بۆمان دەردەکەوێت. سەرەرای ئەمەش دەکرێ، ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم دەستەواژەیە زۆرجار دەلالەت لەسەر ئەو شتە دەکات کە جیهان دەبات بەرەو رزگاربوون و توانای جووڵەی مرۆڤەکان و زانیاری و هزرو کاڵاکان لەنێوان دەوڵەتەکاندا لەسەر ئاستی هەموو جیهان فراوان دەکات و پەیوەندی و متمانەی نێوانیان بەهێز دەکات، بگرە وا لەو دەوڵەتانە دەکات زۆر لێك نزیك ببنەوەو یەکگرتن لە نێوانیاندا دروست بێت تا ئەو رادەیەی کە دەبێتە هۆی دروست بوونی ئەوەی کە بە ((کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی)) ناودەبردرێت و سنوورەکانی نێوان دەوڵەتەکان نامێنن و هەموو جۆرە بەربەستەکان دادەڕمێن و لەوانەیە باڵادەستی و سەرکەوتن و (لەوانەیە مانەوەش) تەنها بۆ بەهێزترینەکان بێت.[23]

جیهانگیری لەکرۆکی خۆیدا هەڵگری جۆرێك لەداگیرکاری رۆشنبیرییە یان ئەو رۆشنبیرییەی کە زاڵە بەسەر رۆشنبیرییە لاوازەکانی تردا، چونکە جیهانگیری رۆشنبیری و بەها باوەکان لە کۆمەڵگەکاندا

هەژموونـدارتر و بـاڵادەســـت ترە، ئەمە لە کـاتێـکـدایە کە هێزە بـاڵا دەســـتەکـانـی تەکنەلۆژیاو بەرهەمهێنی میدیایی لەســەر ئاستی جیهانی هەوڵدەدەن بۆ دروستکردنی شێوازێکی دیاریکراوی هوشیاری رۆشنبیری و سەپاندنی نموونەو فەلسەفە رۆژئاواییەکان لە میانەی بەرهەمێنانی کەرەستەی میدیایی و پەیـوەنـدی کـردن و دابەشـــکـردن و بەکارهێنانیان.

کۆمپانیا فرە رەگەزەکان رۆلێکی بەرچاویان گێڕاوە لەوەی کە دەســتیان گرتووە بەســەر ئامرازو تەکنەلۆژیای هاوچەرخدا لەگۆڕینی ئاراســـتەی تـاکەکـان لە نـاو کـۆمەڵـگە رۆژــئاوایــیەکــان و لەدەرەوەی ئەو کۆمەڵگەیـانەش و ئەوەش کـاریگەری زۆر گەورەی کردۆتە ســەر گروپە میللیەکـان لە کۆمەڵگە کـلاســیـکیەکـانـدا ئەوانەی کە رۆشـــنبیرییە رۆژئاواییە ئاراســتە کراوەکان تیایاندا پەنگیان خواردۆتەوە.(24)

لێرەدایە کە پەیوەنـدی نێوان جیهـانگیری و پێگەیاندنی ســیاســی لەمیانەی مەودای دەسـەڵاتی سـیسـتمی سـیاسـی لەسـەر خۆگونجـانـدنی لەگەڵ جیهـانگیری روون دەبێتەوە و ئەوە ئاشکرا دەکات کە سیستمی ســیاســی تا چەند ئەتوانێ کاریگەریەکانی جیهـانگیری بەمەبەســتی پێشـــکەوتن بەکـاربهێنـێ و تـا چ ئاســتـێـك ئەتوانێ ئامادەکاری بکات کە کۆمەڵگەکانی فێری ئەوەبکـات کە کـاریگەریەکـانی جیهـانگیری تیایاندا بچەســپێندرێت و ئەقلی تاکەکان وەری بگرێت، هەروەکو پێشـتر باسـمان کرد پێگەیاندنی ســیاســی هەموو لایەنەکانی فێرکردنی سیاسی لەخۆدەگرێت.

جیهانگیری سیاسی پەیوەست بووە بەهەموو کـێشــەکـانەوە ئەوانەی کە بـارودۆخـی نـاوچەیـان تێپەڕانـدووەو گەیشـــتوونەتە دەرەوەی ســنوورەکـان و بوون بە جیهـانی، جیهانگیری سیاسی هەوڵەکانی بۆ چارەسەرە جیهـانیەکـان وەکو چـارەســەری کێشــەی ژینگەو هەژاری و فراوان بوونی نیشـــتەجێ بـوون و نەهـێشـــتـنـی نەخـوێنـدەواری و نەهێشـــتنی بڵاوبوونەوەی چەکی کۆکوژو تونـدوتیژی و تیرۆرو جەنگە نـاوخۆییەکـان و مافەکانی مرۆڤ.

کە بـۆ ئەم مەبەســـتە کـۆمەڵـێـکـی زۆر دامودەزگای کۆمەڵگەی سڤیل بڵاوبوونەتەوە بۆ ئەوەی لەم بوارانەدا کاربکەن کە لەلایەن دەســەڵاتە نـاوخۆییەکـان و جیهانیەکانەوە هـاوکـاری دەکرێن. لە بواری ســیـاســیـدا بەچـاوی خـۆمـان ئەوە دەبـیـنـیـن کە

بەرفراوانکردنی بەشـــداری ســیاســـی تا چ رادەیەك گرنگە.[25]

گرنگترین رەنگدانەوە لە رەنگـدانەوەکـانی جیهـانگیری لەبواری فێرکردنـدایەو خۆی لە دەســـتپێشـــخەری ((فێربوون بۆ هەمووان)) بەدەردەخات و باس لە ببەشـــداری کردنی دامودەزگـاو دامەزراوە دارایيە گەورەکـانـی وەکو (بـانکـی نێودەوڵەتـی) و (پرۆگرامی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان) دەکات لەم دەســـتپێشـــخەریەدا و وەك رەهەنـدی سیاسی ئەم بابەتە.

ئەمە لەو رووەوەیە کە ئەم دامەزراوانە وای بۆ دەچن کە ئابوری و سیاسەت وەکو دوو رووی دراوێـکـن و پەیـوەنـدی و کـاریـگەری و کاریگەریان لەسەر یەکتر یەکسانە.[26]

هەموو ئەو شـــتانەی کە جیهانگیری لەگەڵ خـۆی هـێـنـاویەتـی بـۆ ســـەرهەڵـدانـی و پێشـــکەوتنی نـاکرێ کە رووبـدەن تەنهـا لەســـێبەری رێزگرتن لەمـافەکـانی مرۆڤ و مافەکانی نێوان گەلان و دەوڵەتاندا بەرامبەر بەیەکتری نەبێت. ئەگەر وتـاری مـافەکـانی مرۆڤ ئەو وتـارە بـاوە بێـت کە لەم چەنـد دە سـاڵەی دواییدا هەبووە، ئێمە ئەتوانین بڵێین کە ناتوانین قســـە لەســـەر مافەکانی مرۆڤ بکەین، چونکە لەم نێوەندەدا هیچ مافێك بۆ هاونیشتمانیان بەرچاو ناکەوێت.

لێرەشـــەوە بۆمـان هەیە بڵێین کە چونکە دەوڵەت بوونی نیە، ئەوا مـافەکـانی مرۆڤیش نین، ئەمەش بەو مانایە نیە وەکو ((دوبریە)) دەڵێـت کە (دەوڵەت هەمووی چـاکەخوازیە) بەڵکو لەراســتیدا دەوڵەت بەشـێکی کەمی خراپی و شەڕە! ئەگەر بێت و واز لە دەوڵەتیش بهێنین ئەوا لەراسـتیدا ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ ســـەردەمی پێش ســـەرهەڵـدانی دەوڵەت، ئەمەش مـانـای گەڕانەوەیە بۆ رێوڕەســـمی کۆمەڵەکان و تـایفە ئاینییەکـان و یـاســـای سـەروەت و سـامان، یان بەکورتی گەڕانەوەیە بۆ بارودۆخی سروشت.[27]

لێرەدا دەگەینە دڵنیـاییەکی تەواو کە بوونی دەوڵەت پێویسـتە، بەڵام بوونی دەسـەڵاتێکی داپڵۆســـێنەر ئەوا دەرگـاکـان بەرەو رووی گۆڕانکاریەکان دادەخات، کەواتە تاکە رێگە بۆ گۆڕانـکـاری ســـیـاســـی، ئەوا گۆڕینی دەسەڵاتی داپڵۆسێنەرە بە دەسەڵاتی فرەیی و ئەو شـتەشـی کە جیهانگیری زۆر جەختی لەســـەر دەکـاتەوە بریتیە لە بەرزکردنەوەی دروشـــمە دیموکراســـیەکـان و فرەیی هزری سیاسی و رێزگرتن لەمافی مرۆڤ.

هەروەها پێویســـتە لەســـەر کۆمەڵگەکـان و ســـیســـتمە ســیاســـیەکان کە کاربکەن بۆ

دروستکردنی داهێنانی سیاسی تیایاندا، داهێنانی سیاسیش پێویستی بە رۆشنبیری و رۆشنبیری سیاسی ئاراستەکراو هەیە، هەروەکو چۆن مامۆستا ((سەید یاسین)) ئاماژەی پێ دەکات و دەڵێت:
((زۆرمان نەوتووە ئەگەر بڵێین لەدوای هەر داهێنانێکی سیاسیەوە شیکردنەوەیەکی رۆشنبیری قوڵ هەیە و هیچ نامۆنیە کە باس لە داهێنان بکەین لە بواری سیاسەتدا. داهێنانی سیاسی شێوازی دیاریکراوی زۆر لەخۆ دەگرێت کە لە بەرچاوترینیان کارامەییە لە بەڕێوەبردنی قەیرانەکان و بەتوانا بوونە لەسەر بەکارهێنانی شێوازێکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی تەنگژەکان و ئەندێشەیەکی بەتوانا بۆ دارشتنی روانگەیەکی ستراتیژی کە بتوانرێ کۆمەڵگەکانی لەسەر بونیاد بنرێتەوەو هەموو تواناکانی کۆ بکاتەوەو خانەکانی خۆی نوێ بکاتەوە بەو مەبەستەی رێگەی بۆ واڵا بکرێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجە گەورەکانی لە جیهانێکدا کە تەنگژەکان دایانگرتووەو کێبرکێیەکی جیهانی باڵیان بەسەریا کێشاوە))[٢٨].

ڕەتکردنەوەی فرەیی سیاسی و بەزۆر خۆزاڵکردن بەسەر جیاوازی هزری و سەرچاوەکانی ئازادی بیرکردنەوە (داخستنی دەرگاکانی پێگەیاندن) و داخستنی دەرگای هەوڵدان و بەدواداچوون، ئەمانە هەمووی بە بیانووی ئەوەی کە حیزبێکی سیاسی یان ئایدولۆژیایەکی تاکڕەوی بەشێوەیەکی رەها خاوەن هەموو بیرۆکەو راستیە سیاسیەکانە، ئەوە هەڵەیەکی بەتاڵەو نادروستە.
نابێ ئێمە چاوەڕێی ئەوە بکەین هەتاکو بیرۆکەیەکی تاکڕەوی جا هەر جۆرێك بێت جیاوازی نیە، دەسەڵات بگرێتە دەست و دەست بەسەر بیرو هۆشماندا بگرێت، پێویستە لەسەر ئێمە کە بجووڵێین، نەتەنها بە رەخنەگرتن بەڵکو دەبێ هەوڵ بدەین جێگرەوەیەکی گونجاو بۆ حوکمڕانی بدۆزینەوە.
بە دەرکەوتن و سەرهەڵدانی ئەو گۆڕانکاریانە لە بەهاو ئاراستەکانی جەماوەردا، ئەوە پێویست دەکات کە رۆشنبیری سیاسی بەشێویەکی گشتی نوێ بکرێتەوە، بەتایبەتیش پرۆگرامی حیزبەکان تاوەکو بتوانن بەشێوەیەکی داهێنەرانە کاریگەری لێبکەن بەو جۆرەی کە بیلکێنن بەجەماوەرەوەو ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان بخەنەگەڕ بۆ تێرکردنی پێداویستیە ماددی و مەعنەویەکانی خەڵکەوە بەبێ جیاوازی.[29]

## کۆتایی و دەرئەنجامەکان:

**یەکەم/** هەرچەندە کە چەمکێکی دیاریکراو و پەسەنکراو کە هەمووان لەسەری کۆکبن بۆ چەمکی جیهانگیری بوونی نیە، بەڵام لە زۆربەی بۆچوونەکاندا ئەوە روونە کە جیهانگیری وەك راستیەك و دیاردەیەك لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بوونی هەیەو دەبێ ئەم راستیە قبوڵ بکەین و بە گوێرەی بارودۆخەکە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەین.

**دووەم/** چەمکی جیهانگیری لەهەموو چەمکە نوێیەکان پرشنگدارترو جیاواترە لە بۆچوون و ئاراستەکردنەکاندا.

هەرچەندە ئەم دەستەواژەیە دەرهاویشتەو چەمکی زۆرە، بەڵام دەرهاویشتە سیاسی و ئابوریەکەی زۆر قوڵترو کاریگەرترە لەسەر ئاستی دەوڵەتێك و سیستمی جیهانی بەگشتی. پێشوەچوونی سەرسوڕهێنەر لە هۆیەکانی پەیوەندی کردن و گەیاندنی (لایەنی تەکنەلۆژیایی جیهانگیری)دا هەبووەو پاڵنەرێکی گەورە بووە بۆ پاڵنانی جیهانگیری بەرەو کۆتاییە بابەتیانەکەی کە ئەمرۆ دەیبینین. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە رەهەندە سیاسیەکان بە پلەی یەکەم خۆیان لە پشتی چەمکی جیهانگیریدا حەشاردراوەو ئەوەشی کە شاردراوەیە لەرووە سەرکەوتووەکەیدا جەوهەری ئابووریە بۆ ئەم چەمکە یان بڵاوبوونەوەی.

**سێیەم/** بڵاوبوونەوەی زانیارییەکان لەسەر قەیرانە سیاسی و ئابوری و ناوخۆییەکانی ژمارەیەك لە دەوڵەتەکان، بەشێوەیەکی فراوان دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانە سیاسیە جیهانیەکان، بەتایبەتیش ئەوەی کە کاریگەریان لەسەر یەکتری دەبێت.

هەرچەندە زۆربەی رووداوەکان وانەبوون، تەنها ئەوە نەبێ کە دەنگدانەوەیەکی گەورەیان هەبووە لەسەر بیرکردنەوەی زۆربەی هێزە سیاسی و ئابووریە جیهانییەکان. ئەمەش بەکارێکی ئەرێنی کاریگەریەکانی جیهانگیری دادەنرێت بەمەبەستی ئەوەی کە پاڵ بەهێزە سیاسیەکانەوە دەنێت کە زیاتر هاوکاری یەکتر بن و لەیەکتر تێبگەن بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەو چارەسەری گونجاو لە چارەسەرکردنی ئەم قەیرانانەدا. ئەمەش خۆی لەخۆیدا، یەکێکە لەو هۆکارانەی کە رێگە خۆشکەرە بۆ دەستێوەردان لەکاروباری ئەو دەوڵەتانەی کە مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن.

**چوارەم/** چەمکی بەجیهانگیریکردنی رۆشنبیری، ئەوەی کە بەدەرکەوتووە دەرەنجامێکی سروشتی و لۆژیکی ترە بۆ رەهەندە سیاسی و ئابووریەکەی جیهانگیری، دواتر لەوانەیە ئەمە ببێتە رکابەرێکی راستەقینەو لەسەرخۆ بۆ چەمکی بوونی ئادەمیزاد، جارێك لە روانگە مرۆڤایەتیەکەی و جارێکیش توخمیەکەی و جیهانیش دەبێ بەرچاوی روون بێت لەسەر ئەم رکابەرایەتیە لە دەوروبەری چەمکی جیهانگیری رۆشنبیریدا.

ئایا سەرکێشی رۆشنبیری بەهێز بەسەر هەموو رۆشنبیریەکانی تردا بالادەست دەبێت، یان جیهان دەبێ بگاتە دەرەنجامێك کە پوختەکەی بریتیە لە جۆراوجۆری رۆشنبیری و کلتورەکان، هەر ئەمەشە جیهانگیری راستەقینەو پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەگەڵی؟ هەر ئەوەشە کە لەوانەیە ببێت بەناوونیشانی جیهانگیری رۆشنبیری لە ئایندەدا.

ئەم گۆڕانکارییانەی کە هاوڕێی جیهانگیرین، گۆڕانکاری زۆر گەورەیان لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی دروست کردووەو وای کردووە کە دیاردەی جیهانگیری ببێت بەگرنگیەکی سیاسی و هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و هەڵوێستی لەسەر وەربگیرێت، هەرچەندە کە هەڵوێستەکان لەم بارەیەوە روون و جۆراوجۆرن لەنێوان ئەوانەی کە لایەنگیری جیهانگیری و دەرهاوێشتەکانین و ئەوانەی کە دژین.

**پێنجەم/** هەموو سیستمێکی سیاسی پێویستی بە رۆشنبیری سیاسیە (لەرێگەی ئەو پێگەیاندنە سیاسیەوە بەدەست دێت کە لەناو سیستمە سیاسیەکەدایە) بۆئەوەی تێری بکات و بیپارێزێت و پارێزگاری لێبکات. دەسەڵاتی دیکتاتۆری و تاکڕەوی ئەو رۆشنبیریە سیاسیەی لەگەڵدا دەبێت کە لەترسان پاڵپشتی خۆی بۆ دەردەبڕێت و ئارەزووی لاوازە بۆ بەشداری کردنی لە کارەکان و نامۆو بێ بڕوایە بەکەسایەتی و خۆیەتی و مرۆڤ و ئەو هەلانەی کە دێنە پێش بۆ سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیون یان هێزی بەرهەڵستکار. بەڵام دەسەڵاتی دیموکراستی، پێویستی بەو رۆشنبیرییەیە کە باوەڕی بە مافەکانی مرۆڤ هەیە (پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی دیموکراسیەت ئامانجێکی سەرەکییە لە ئامانجەکانی جیهانگیری).

**شەشەم/** هەمیشە لە چوارچێوەی نێوخۆیدا سیاسەت سنوردار دەکرێت و دادەبڕدرێت لە پێشکەوتن و کاریگەریە دەرەکیەکان، ئەمەش کارێکە لە بەرچاوترین

تایبەتمەندیەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی و پەیوەندیەکی توندوتۆڵی بە چەمکی سەروەری و مومارەسەکردنی شایستەگی و دەسەڵاتەکانی ئەو دەوڵەتەوە هەیە لەسەر زەویەکەی و گەلەکەی، ئەم بیروبۆچوونەش نزیکەی سێ سەد ساڵ لەمەوبەر سەری هەڵداوە.

هەرچەندە ئەو بارودۆخە پێچەوانەو دژی جیهانگیریەو هەوڵدەدات بەرهەڵستی بکات، دەرکەوتنی جیهانێکی بێ سنووری ئابوری لەسەر ئەرزی واقیع هەنگاوێکی زۆر گرنگی بڕیوە، هەروەها لە رووی رۆشنبیریشەوە جیهان ئەو هەنگاوەی هەڵگرتووە بەرەو نەمانی سنوورەکان، سیاسەتیش بەشداری کردووە لەدروستکردنی جیهانی بێ سنووری سیاسیدا کە ئەوەش جەوهەری جیهانگیری سیاسیە. هەرچەندە خێرایی جیهانگیری سیاسی لە خێرایی جیهانگیری رۆشنبیری و ئابووری کەمترە.

جیهانگیری سیاسی ئەوەندە بەلایەوە گرنگ نیە کە دەوڵەت لە ناو بچێت کە بەلایەوە گرنگە مرۆڤایەتی پێ بنێتە ناو قۆناغێکی نوێی سیاسییەوە کە لەمیانەیەوە بڕیارەکان و دانانی یاساکان و سیاسەتەکان و رەزامەندیەکان و هەڵبژاردنەکان بە ئازادی لە کۆمەڵگەکان و کیشوەرەکانەوە بگوازرێنەوە بەکەمترین ئاستەنگ و بەربەست، بەم کارە دەوڵەتەکان و سنوورە جوگرافیەکان تێ دەپەڕێندرێن.

جیهانگیری ← شۆڕشی تەکنەلۆژیا ← گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکان ← کێشەی نەخوێندەواری ← پێگەیاندنی (رۆشنبیری و سیاسی) ← بڵاووبونەوەی دیموکراسیەت ← پێکەوەژیانی ئاشتیانەی جیهانی

**حەوتەم/** پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی یەکێکە لە پرۆسەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، کە کەناڵەکان و سەرچاوەکانی پێگەیاندنی سیاسی هەڵدەستن بەچەسپاندنی بەهاو پرەنسیپە سیاسیە باوەکانی ناو کۆمەڵگە لەلای تاکەکان، هەتاکو ببێتە هاونیشتمانێکی بەئەمەك و ئەو بەهاو پرەنسیپانە لە سلوکی رۆژانەیدا رەنگ بداتەوەو لەرێگەیەوە یارمەتی گەشەکردنی ئەو کۆمەڵگەیە بدات کە تیایدا دەژیت و پارێزگاری لە چوارچێوە سیاسیەکەی بکات.

لەبەرئەوەشە کە پێگەیاندنی سیاسی لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر بەگوێرەی ژینگەی سیاسی کۆمەڵگەکان جیاوازە. ئەوەش دەوەستێتەوە سەر ئەو ئایدۆلۆژیا باوەی کە سیستمی سیاسی بۆ رێکخستنی ژیانی سیاسی تاکەکانی

کۆمەڵگەکەی پشتی پێ دەبەستێ، بەم جۆرەش پێگەیاندنی سیاسی کار دەکات بۆ بەردەوامی سیستمە سیاسیەکەی.

بەگوێرەی ئەو بابەتانەی کە باسمان کردن، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە جەخت بکەینەوە لەسەر گرنگی پێگەیاندنی سیاسی، ئەم کارەش لەمیانەی چالاکی بۆ هوشیاری سیاسی و گەڕانەوەی متمانە بۆ رۆڵی قوتابخانەو حیزبی سیاسی و هەڵسان بە رۆڵە ئەرێنیەکەی دەکرێت

هەروەها دەبێ رۆڵی ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری کارا بکرێتەوە بەوەی کە بەشداری بکەن لە دروستکردنی جیلێکی هوشیارو شارەزا لەسەر وردەکاریەکانی فەرهەنگی سیاسی کە پەیوەندی بە دیاردەی دەسەڵاتی سیاسیەوە هەبێت و هەروەها گرنگی بدرێت و بەو رۆڵە کاریگەرەی کە دەبێت لە بەرەو پێشبردنی نیشتمان بە دور لە دەمارگیری بەرتەسك.

هەروەها پێگەیاندنی سیاسی بە ئاگایە لەوەی کە گۆی زەوی بەو جۆرە بونیاد بنێت کە بەدوور بێت لە هەموو جۆرە توندوتیژیی و رق و کینەیەك و رێز بگرێت لە خۆشەویستی و مافەکانی مرۆڤ و پێکەوەژیانی ئاشتیانە. لێرەدایە کە گرنگی بەرچاوی پێگەیاندنی سیاسی بۆ دروستکردنی مرۆڤی سیاسی بەدەردەکەوێت بەو جۆرەی کە لەناخی هەموو مرۆڤێکی ئاقڵ و بەئاگاو پێگەیشتوو دەبێ روانگەیەکی تایبەت هەبێت لەسەر ئەو رووداوانەی کە لە دەوروبەریدا روودەدەن.

* * * * *

**لیستی سەرچاوەکان:**

١. دکتر سید علي أصغر کاظمي، جيهانی شدن فرهنگ وسیاست، نشر قومس، تهران، ضاب اول، ١٣٨٠، ص ٤٥.

٢. فيصل السالم، أساسيات التنشئة السياسية، جامعة الكويت، ص ١٩.

٣. فيصل السالم، أساسيات التنشئة السياسية، جامعة الكويت، ص ٢٠.

٤. http://glo10.blogfa.com/post-126aspt

٥. السيد يسين، العالمية والعولمة، دار نهضة مصر للطباعة والنشر والتوزيع، قاهرة، الطبعة الثانية، اغسطس ٢٠٠٢، ص ٤٤.

٦. أ. د. طلعت عبد الحميد، أ. د. عصام الدين هلال، د. محسن خضر، د. محمد المنوفي، تربية العولمة وتحديث المجتمع، دار الفرحة للنشر والتوزيع، السودان، الطبعة الاولى، ٢٠٠٣، ص ٢٠٨.

٧. http://ocw.kfupm.edu.sa/user/gs4230405/bbduc25.hm

٨. http://ocw.kfupm.edu.sa/user/gs4230405/bbduc25.hm
٩. دكتر احمد طل محمدي، نطاهي بة مفهوم ونظريةهاي جهاني شدن، فصلنامة مطالعاتي، ضاث وليتوطرامي: صاحب كوثر، بهار ١٣٨١، ص ٨٥.
١٠. http://ilo10.bloifa.com/post-126-aspt
١١. كيركبرايد بول، العولمة: الضــغوط الخارجية، تعريب: د. رياض الابرش، مكتبة العبيكان، الرياض، الطبعة الاولى، ٢٠٠٣.
١٢. د. ناظم عبدالواحد الجاسور، موسوعة علم السياسة، دار مجدلاوي للنشرـ والتوزيع، عمان، الطبعة الاولى، ٢٠٠٤، ص ١٤٣.
١٣. هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل١٤٤ ول ١٤٥.
١٤. فيصل السالم، أساسيات التنشئة السياسية الاجتماعية، جامعة الكويت، ص ٢١ وص ٢٢.
١٥. د. ناظم عبد الواحد الجاسور، موسوعة علم السياسة، دار مجدلاوي للنشرـ والتوزيع، عمان، الطبعة الاولى، ٢٠٠٤، ص ١٣٢.
١٦. فيصل السالم، أساسيات التنشئة السياسية الاجتماعية، جامعة الكويت، ص ٣٩.
١٧. فيصل السالم، أساسيات التنشئة السياسية الاجتماعية، جامعة الكويت، ص ٢٣.
١٨. د. محمد سعود الشبر، مقدمة في الاتصال السياسي، الرياض، مكتبة العبيكان، ١٩٩٧، ص ١٣٢.
١٩. د. محمد زاهي بشير المغيربي، قراءات في السياسة المقارنة، بنغازي: منشورات جامعة، قاريونس، ١٩٩٤.
٢٠. http://www.alwatan.com/graphics/2003/06jun/24.6/heads/oot2.html
٢١. صباح صبحي حيدر، الأحزاب ودورها في التنشئة السياسية في اقليم كردستان العراق، رسالة ماجستير مقدمة الى مجلس كلية القانون والسياسة، قسم العلوم السياسية بجامعة صلاح الدين، ص ١٣٠ وص ١٣١ وص ١٣٢ ص ١٤٠.
٢٢. لە ئینتەرنێت وەرگیراوە.
٢٣ . لە ئینتەرنێت وەرگیراوە.
٢٤. لە ئینتەرنێت وەرگیراوە.
٢٥. السيد يسين، العالمية والعولمة، دار نهضة مصرـ للطباعة والنشرـ والتوزيع، قاهرة، الطبعة الثانية، اغسطس ٢٠٠٢، ص ٦٢.
٢٦. لە ئینتەرنێت وەرگیراوە.
٢٧. السيد يسين، العالمية والعولمة، دار نهضة مصرـ للطباعة والنشرـ والتوزيع، قاهرة، الطبعة الثانية، اغسطس ٢٠٠٢، ص ١٤٢.
٢٨. السيد يسين، العالمية والعولمة، دار نهضة مصرـ للطباعة والنشرـ والتوزيع، قاهرة، الطبعة الثانية، اغسطس ٢٠٠٢، ص ١٩٤.
٢٩. السيد يسين، العالمية والعولمة، دار نهضة مصرـ للطباعة والنشرـ والتوزيع، قاهرة، الطبعة الثانية، اغسطس ٢٠٠٢، ص ٢٥٧.

## هەڵبژاردنەکانی ١٤ی ئایار

# خاڵێکی وەرچەرخان لە ژیانی سیاسی تورکیادا



**پ. ی. د. موفق عادل عومەر**
دکتۆرا لە سیستەمە سیاسییەکان
مامۆستا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی /
کۆلێژی زانستە سیاسییەکان / زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر

**پێشەکی:**

تورکیا یەکێکە لە وڵاتە هەرێمیەکان کە لە ناوچەکەدا قورساییەکی بەرچاوی هەیە، هەر گۆرانکاریەك لە هاوکێشەی سیاسی ئەنقەرە، راستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و تەنانەت لەسەر هاوکێشە سیاسییەکانی جیهاندا. بۆیە لایەنە دەرەکی و ناوخۆییەکانی تورکیا لە نزیکەوە چاودێری ژیانی سیاسی تورکیا دەکەن، و بە گشتی هەڵبژاردنەکان لەم وڵاتەدا بایەخێکی هەرێمی ونێودەوڵەتی بەرچاو لە خۆ دەگرێت. جگە لەمە ئەو هەڵبژاردنەی کە بڕیارە لە ریکەوتی ١٤ی مایسی ٢٠٢٣ ئەنجام بدرێت، زۆر جیاوازترە لە هی ئەوانەی پێشووتری خۆی، چونکە دوای نزیکەی بیست و

یەك ساڵ لە حوكمرانی ئەردۆغان و ئاك پارتی، بەرەیەكی سیاسی ئۆپۆزسیۆنی بەهێز كە لە ئاستێكی نێودەوڵەتی پاڵپشتیكراو لە دژی ئەردۆغان پێكهاتووە ئەمەیش وایكردو پێشبینی ئەوە بكرێت هەڵبژاردنەكانی ١٤ی مایس ئاوا بە ئاسانی لە بەرژەوەندی ئاك پارتی و ئەردۆغان تێنەپەڕێت. بۆیە لە چوارچێوەی ئەم بابەتەدا هەوڵ دەدەین ڕەهەندییە جیاوازەكانی ئەم هەڵبژاردنە بخەینەڕوو بۆ ئەوەی پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكانی سەرۆكایەتی و پەرلەمانی توركیا(ئەنجومەنی باڵای گەلی توركی)[١] بەر چاومان روون بێت.

گرنگی بابەتەكەمان لەوەدایە كەوا زۆر زەرور و پێویستە بزانرێت چی لە توركیا دەگوزەرێ، چونكە ئەگەر خوێندنەوەیەكی باش بۆ رووداوەكانی توركیا بكرێت ئەوە زۆر یارمەتیدەر دەبێت بۆ خۆ ئامادە كردن بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی تەندروست و زانستی مامەلە لەگەڵ هەر بارودۆخێك بكریت كە لە وانەیە دوای هەڵبژاردنەكان لە توركیا بیتە ئاراوە. لە لایەكی دیكە گریمانەی سەرەكی بابەتەكەمان بریتیە لەوە لە هەڵبژاردنەكانی ١٤ی مایس ئەگەر ئەردۆغان و پارت و هاوپەیمانیەكەی نەتوانێ سەركەوتن لە یەكێك یاخود هەر دوو هەڵبژاردنەكە، ئەوە بارودۆخی سیاسی و ئەمنی و ئابوری و بازرگانی و داریی توركیا خراپتر دەبێت، چونكە لە فەرهەنگی رەجەب تەیب ئەردۆغان شتێك نییە بە ناوی دۆراندن.

بەرانبەر ئەمە توێژینەوەكەمان پێكدێت لە سێ تەوەر جگە لە پێشەكی و دەرەئەنجام لە تەوەری یەكەم بە مەبەستی ئاشنا بوون بە سیستەمەكانی هەڵبژاردن لە توركیا لە ژێر ناونیاشنی ژێرخانی مێژووی هەلبژاردنەكان لە توركیا كە بە گشتی دابەشی سەر دوو بەشی لاوەكی كراوە بە ناونیشانی سیستەمی هەڵبژاردن پێش ساڵی ٢٠١٧ و دوای ٢٠١٧، لە تەوەری دووەمدا شرۆڤەیەی گشتی و زانستی بۆ ئەو لایەنە سیاسیانە كراوە كە بەشداری هەڵبژاردنەكانی ١٤ی مایسی ٢٠٢٣ دەكەن لە ژێر ناونیشانی، ركابەرە سەرەكیەكانی هەڵبژاردنەكانی ١٤ی مایس، لە تەوەرە زیاتر جەخت لەسەر ئەو هاوپەیمانانە كراوە كە لە هەڵبژاردنەكان بەشدار دەبن وەكو هاویەپمانی كۆمار، هاوپەیمانی میللەت و هاوپەیمانی ئەتا. لە تەوەری سێیەمدا تیشك خراوەتە سەر ئەو كۆمپانیانەی راپرسی كە هەڵساون بە ئەنجامدانی راپرسی دەرەبارەی هەڵبژاردنەكانی پەرلەمان و سەرۆكایەتی. بابەتەكەیش بە بەشی دەرئەنجام كۆتایی پێهاتووە.

[١] لەم توێژینەوەیەد لە جیاتی (ئەنجومەنی باڵای گەلی توركی/ Türkiye Büyük Millet Meclisi-TBMM) پەرلەمانی توركیا بەكاردەهێنین.

## ١. ژێرخانی مێژووی هەڵبژاردنەكان لە توركیا

دوای دامەزراندنی كۆماری توركیا و پێكهێنانی سیستەمی فرە پارتایەتی لەم وڵاتەدا، لە ساڵی ١٩٥٠ وە تا ئێستا بۆ دیاری كردن و هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانی توركیا، تێبینی ئەوەی تیایدا دەكرێت كەوا هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی توركیا لە ساڵانی ١٩٥٠، و ١٩٥٤ و ١٩٥٧ بە شێوەی سیستەمی زۆرینە بەرێوەچووە، بەرانبەر ئەمە هەڵبژاردنەكانی دیكە بە شێوەی سیستەمی رێژەیی ئەنجامدراون. لە ساڵی ١٩٤٥ وە كە تیایدا دەستكرا بە پەیرەوكردنی سیستەمی فرە پارتایەتی ٢٠ جار هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی توركیا بەرێوەچووە و لەم بیست هەڵبژاردنەدا حەوت سیستەمی جیاوازی هەڵبژاردن پەیرەوكراوە. بۆیە تا پێش گۆرانی سیستەمی سیاسی لە توركیا لە ساڵی ٢٠١٧، هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی توركیا مێژوویێكی دوور و درێژی هەیە كە تیایدا چەندین جۆری سیستەمی هەڵبژاردن تاقی كراوەتەوە كە زۆرینەیان بریتی بووە لە سیستەمی هەڵبژاردنی رێژەیی. بۆیە ئەگەر تەماشایەكی ئەو توێژینەوانە بكەین كەوا ئاماژەیان بە سیستەمی پارتایەتی كردوە لە توركیا، ئەوە بۆمان دەردەكەوێ بە گشتی رەچاوی ئەو دابەشكاری و پۆلینكردنانە كراوە كە لە لایەن هەر یەك لە مۆریس دۆفرجیە



، بلۆندیل و سارتۆری خراونەتەڕوو و سەرجەمیان بە شـێوازی کلاسـیکی پارتە سـیاسـییەکانی تورکیایان شـیکردۆتەوە. بە شـێوەیەکی گشـتی دەتوانین بـاس لـە دوو قۆنـاغی سـەرەکی هەڵبژاردن بکەین لە سـەر ئاسـتی تورکیا کە یەکەمیان قۆناغی پێش سـاڵی ٢٠١٧ و قۆناغی دووەمیش بریتیە لە قۆناغی دوای ساڵی ٢٠١٧، چونکە دوای مشـتومرێکی زۆر سـیسـتەمی سـیاسـی لە تورکیا پاش دەرچوونی یاسـای گۆرینی دەسـتور ژمـارە (٦٧٧٢) لـە رێکـەوتی (٢٠١٧/١/٢١)، سـیسـتەمی حومکرانی وڵات گۆرانکاریەکی ریشـەیی تیایدا کرا کە بریتی بوو لە گۆرێنی سیستەمی سیاسی لە سیستەمی پەرلەمانتاری بۆ سـیسـتەمی کۆماری. بەش بەحاڵی خۆی ئەم گۆرانکارییە گرنگە بووە هۆی گۆرانکاریەکی بەرچاو لە سیستەمی هەڵبژاردن، بۆیە لێرە بە شـێوەیەکی گشـتی هەوڵ دەدەین جیاوازی نێوان ئەم دوو قۆناغە گرنگە بخەینەڕوو لە رێگەی تیشـك خسـتنەسـەر سـیسـتەمی هەڵبژاردن لە قۆناغی پێش سـاڵی ٢٠١٧ و قۆناغی دوای سـاڵی ٢٠١٧، چونکە گۆرانکاری بەرچاو لە شێوازی سیستەمی سیاسی و تەنانەت خودی سیستەمی حوکمرانی وڵات کراوە.

## یەکەم/ هەڵسـەنگاندنێکی گشـتی بۆ سیستەمەکانی هەڵبژاردن پێش ساڵی ٢٠١٧

دوای سـاڵی ١٩٤٥ لـەگـەڵ پـەیرەو کردنی سیستەمی فرە پارتایەتی لە تورکیا، لە ساڵەکانی (١٩٤٦، ١٩٥٠، ١٩٥٤ و ١٩٥٧) چـوار هەڵبژادنی گشـتی بە شـێوەی لیسـت (لە رێگە کاندیکردنی زیاتر لە کەسێك) و رێگەی زۆرینەی سـادەوە ئەنجامدرا [٢]، بەڵام ئێسـتا هیچ وڵاتێکی جیهان شێوازی لیستی (فرە کاندید) و زۆرینەی سـادە بـەیـەکـەوە پـەیرەو نـاکـات و تـەنـانـەت سـیسـتەمی زۆرینەی سـادەی تاك کاندیدیش ئـەنجامی نـا هـاوسـەنـگ و نـا دادپـەروەری لێدەکەوێتەوە، بۆیە تێکەڵ کردنی سـیسـتەمی زۆرینـەی سـادە لەگەڵ لیسـتی فرە کاندید، ئەنجامی نا هاوسەنگی بەرچاوی لێدەکەوێتەوە. بۆ نمونە لە سـایەی ئەم جۆرە سـیسـتەمە لە هەڵبژاردنە گشـتیەکانی سـاڵی ١٩٥٠، پارتی دیموکرات کە نزیکەی ٥٣,٤ % دەنگەکانی بە دەسـتهێنابوو نزیکەی ٨٣,٦٪ی کورسـیەکانی پەرلەمانی تورکیای بە دەسـتهێنابوو، بەرانبەر ئـەمـە پـارتی کۆمـاری گـەڵ (CHP) ٣٩,٨٪ی دەنگـەکـانی بـە دەسـتهینـابوو کـە چی تـەنها

[2] Ergün Özbudun, "Seçim Sistemleri ve Türkiye", Ankara Üniversitesi Hukuk Fakültesi Dergisi 44 (1995) :528.

١٤,٤٪ی کورسییەکانی پەرلەمانی تورکیای ئەو کاتەی بە دەستهێنا[3]. هەروەها لە هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ساڵەکانی ١٩٥٤ و ١٩٥٧یش ئەنجامی هاوشێوەی لێ کەوتبویەوە. ئەم ناهاوسەنگیە زەقە کە بە هۆی پەیڕەوکردنی سیستەمی زۆرینەی سادەی بە لیستی فرە-کاندید وای کرد لە ساڵەکانی پەنجاکان پارتی دیموکراتی تووشی گرفتی گەورە بێت، بۆیە دواتر پاش کودەتاکەی ساڵی ١٩٦٠، لە ساڵی ١٩٦١ ئەنجومەنی دامەزرێنەری ئەو کاتە گۆرانکاری جددی و جەوهەری لە سیستەمی هەڵبژاردنەکان کرد و سیستەمەکەی لە زۆرینەی سادەوە بۆ نوێنەرایەتی رێژەیی گۆری و رێگەی دی هۆندت (d` Hondt)ی بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانی تورکیا پەیرەو کرد و سیستەمی زۆرینەی سادەیشی بۆ هەڵبژاردنی سیناتۆی کۆماری پەیرەو کرد، چونکە دەزگای یاسادانان ئەو کاتە لە دوو ئەنجومەن پێکهاتبوو. بەڵام لە ساڵی ١٩٦٤ شێوازی هەڵبژاردنی هەر دوو ئەنجومەنەکەی یاسادانان کرایەوە بە رێگەی دی هۆندت (d` Hondt)، دوای ئەمە چەند جارێکی دیکە گۆرانکاری بەسەر سیستەمی هەڵبژاردنی تورکیا کرا، بەڵام لە کۆتاییدا تا




١٢ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٠ بۆ هەڵبژاردنی هەر دوو ئەنجومەنی یاسادانان، رێگەی دی هۆندت (d` Hondt) بەکارهێنرا[4].

لە نێوان ساڵانی (١٩٦١-١٩٨٠)، بە تایبەت دوای ئەزموونی پارتی دیموکرات کە بۆ ماوەیەکی بەرچاو توانی زۆرینەی دەنگەکان بە دەست بهێنێت و بە تەنیا بگاتە دەسەڵات و کابینەکانی حکومەت پێکبهێنێت، هەوڵدرا رێگری لە گەیشتنی یەك پارتی سیاسی بۆ دەسەڵات بکرێت، بۆیە دەبینین بە گشتی سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی پەیرەوکراوە بەڵام ئەم جارەیان بە بەکارهێنانی مۆدێلی لیبهارت بۆ پێوەری نارێژەیی لەگەڵ ئەمەیشدا نەتوانرا رێگری لە باڵادەستبوونی پارتێکی سیاسی

---

[3] بۆ گەیشتن بە ئەنجامی فەرمی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیا بۆ ساڵی ١٩٥٠، سەردانی ماڵپەری فەرمی دەستەی باڵای هەڵبژاردنی تورکیا بکەن لە رێگەی ئەم لینکەوە: https://www.ysk.gov.tr/tr/1950-1977-yillari-arasi-milletvekili-genel-secimleri/3007 ، رێکەوتی سەردان: ٢٠٢٣/٤/١٥.

[4] Özbudun, a.g.e., s.527-529.

بکرێت، چونکە پارتی عەدالەت لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٦٥ و ١٩٦٩ توانی زۆرینەی ڕەها لە ئەنجومەنی گەڵ بە دەست بهێنێت[٥]. کە چی لە ساڵانی حەفتاکاندا بە هۆی پەرشوبلاوی دەنگی لایەنەکانی راسترەوەکان، هیچ پارتێکی سیاسی بە تەنیا نەیتوانی زۆرینەی دەنگەکان بە دەست بهێنیت، ئەمەیش بووە هۆی دروست بوون و سەرهەڵدانی ناسەقامگیریەکی سیاسی و دروستبوونی ئەو جۆرە حکومەتانە کە لە ئەنجامی پێکهێنانی هاوپەیمانییەکان پێکهێنرابوو، لەم هاوپەیمانەتیانە بە تایبەت (پارتی میللی سەعادەت و بزوتنەوەی نەتەوەپەرست) توانیان ڕۆڵێکی یەکلایی کەرەوەیان هەبێت کە گەورەتربوو لە هێز و قەبارە و ژمارەی راستەقینەی خۆیان لە گۆرەپانەکاندا، تەنانەت دەکرێ بڵێین یەکێك لە هۆکارەکانی دروستبوونی ئەم تابلۆییە سیاسییە ناسەقامگیرە بۆ ئەو سیستەمەی هەڵبژاردنە دەگەریت کە یارمەتیدەر بوو بۆ دروستبوونی تابلۆیەکی نەخوازراو کە لە کۆتاییەکەیدا بووە هۆی سەرهەڵدانی کودەتایەکی سەربازی لە ١٢ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٠[٦].

دوای کودەتاکەی ١٢ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٠ و لە ڕێکەوتی ١٣ حوزیران ساڵی ١٩٨٣ یاسای ژمارە (٢٨٣٩) تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان لە ئەنجومەنی دامەزرێنەردا قبوڵ کرا[٧]. ئەم یاسایە زیاتر لەبەرژەوەندی پارتە سیاسییە گەورەکان بوو و لە دژی پارتە بچووکەکاندابوو، یاساکە هەرچەندە سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی پەیرەودەکرد و تیایدا ڕێگەی دی هۆندت (d` Hondt) بەکارهاتووە بەڵام دوو جۆر بەربەست قبوڵ کراوبوو. یەکەمیان بەربەرستێك لەسەر ئاستێکی گشتی کە بریتیە بوو لە بە دەست هێنانی ١٠٪ی کۆی دەنگە دروستەکان لەسەر ئاستی سەرجەم ناوچەکانی هەڵبژاردن لە وڵاتدا، واتا ئەو پارتەی ئەگەر نەتوانێ ڕێژەی ١٠٪ی دەنگە راست و دروستەکانی سەر ئاستی وڵات بە دەست بهێنێت ناتوانێ بچێتە نێو پەرلەمان[٨]، جۆری دووەمی بەربەستەکە بریتی بوو لە "بەربەستی ناوچەیی" واتا لە ناوچەیەکی هەڵبژاردندا ئەگەر پارتێکی سیاسی کەمتر لەو

[٥] بۆ گەیشتن بە ئەنجامی فەرمی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیا بۆ ساڵی ١٩٦٥ و ١٩٦٩، سەردانی ماڵپەری فەرمی دەستەی باڵای هەڵبژاردنی تورکیا بکەن لە ڕێگەی ئەم لینکەوە: https://www.ysk.gov.tr/tr/1950-1977-yillari-arasi-milletvekili-genel-secimleri/3007 ، ڕێکەوتی سەردان: ٢٠٢٣/٤/١٥.

[٦] Özbudun, a.g.e., s.5٣٠.

[٧] بۆ گەیشت بە دەقی یاساکە بە زمانی تورکی دەتوانن سەردانی ماڵپەری فەرمی پەرلەمانی تورکیا بکەن لە ڕێگەی ئەم لینکەوە: https://www5.tbmm.gov.tr/genser/2839.pdf ، ڕێکەوتی سەردان کردن: (٢٠٢٣/٠٣/١٢).

[٨] مادەی (١/٣٣) یاسای ژمارە (٢٨٣٩)ی تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان لە تورکیا.

دەنگانەی بە دەستهێنا کە لە ئەنجامی دابەش کردنی کۆی گشتی دەنگە راست و دروستەکانی ناوچەکە بەسەر ژمارەی کورسی دیاری کراو بۆ ناوچەکە بە دەست بهێنێت ئەو کاتە هیچ کورسیەك نادرێتە ئەو پارتە سیاسییە لەم ناوچەیەدا [9]، و ئەگەر هیچ پارتێکی سیاسی لەسەر ئاستی ناوچەکان لە تەواوی وڵات نەیتوانێ "بەربەستی ناوچەیی" تێپەرێنێت ئەوە رێگەی دی هۆندت (d` Hondt) بە بێ بەربەست بەکاردەهێنرێت. هەر وەك دیارە دیاری کردنی رێژەیەکی بەرز وەکو بەربەستی گشتی کە بریتیە لە (١٠٪) خۆی لە خۆیدا نا دادپەروەریەکی بەرچاوە بە تایبەتی لە دژی پارتە بچووکەکان، چونکە لە هیچ وڵاتێکی ئەم جیهانە، رێژەی بەربەستی گشتی لە (٥٠٪) تێناپەرێت. بەم شێوەیە دەبینین سیستەمەی هەڵبژاردنی ئەم قۆناغەیش لە بەرژەوەندی پارتە گەورەکانە و لە دژی پارتە بچووکەکاندایە. هەرچەندە یاسای هەڵبژاردنی ژمارە (٢٨٣٩) چەندان جار گۆرانکاری بەسەردا هات بەڵام لە ئەنجامی ئەم گۆرانکاریانە یاساکە زیاتر خرایە ژێر بەرژەوەندی پارتە سیاسییە گەورەکان.

پێش هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٥ هەندێك گۆرانکاری گرنگ کرا لە یاسای هەڵبژاردنی پێشوو بە پێی یاساکانی ژمارە (٤١٢٥، ٤١٣٥ و ٤١٣٨) کە گرنکترینیان هەڵگرتنی "بەربەستی ناوچەیی" بوو، هەروەها تەمەنی دەنگدەر بۆ ١٨ ساڵ کەمکرایەوە، مافی دەنگدان درایە ئەو کەسانە کە لە گرتووخانەکاندا بەندن، ژمارەی کورسی پەرلەمان لە ٤٥٠ بۆ ٥٥٠ کورسی زیادکرا، بازنەکانی هەڵبژاردنیش دووبارە رێکخرایەوە بە شێوەیەك هەر شارێك ئەگەر ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان هەتا ١٨ ئەندام بێت ئەوە ئەم شارە دەبێتە بازنەیەکی هەڵبژاردن و ئەگەر ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان لە نێوان ١٩-٣٥ بێت ئەوە دابەشی سەر دوو بازنە دەکرێت و و ئەوانەشی زیاترن لە ٣٦ ئەندام پەرلەمان ئەوە دابەشی سەر سێ بازنە دەکرێت. دواتر لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٩ یش جگە لە هەندێك گۆرانکاری لاوەکی لە رووی هونەریەوە بە هەمان شێوەی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٥ بەرێوەچوو، واتا بەربەستی گشتی لەسەر ئاستی وڵات بە رێژەی (١٠٪) و رێگەی دی هۆندت (d` Hondt) ی لە چوارچێوەی سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی پەیرەو کرا. بەم شێوەیە دیسان هیچ کام لە پارتەکان نەیاتنوانی بە تەنیا حکومەت پێکبهێنن، هەروەها پێنج پارتی سیاسی توانی بچێتە پەرلەمان و رێژەی دەنگەکانی ئەم پێنج پارتە سیاسییانە لە نێوان نزیکەی (١٥٪ - ٢٤ %) بوو [10]. لە ئەنجامدا بە

[9] مادەی (٢/٣٤) یاسای ژمارە (٢٨٣٩)ی تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان لە تورکیا.

[10] بۆ گەیشتن بە ئەنجامی فەرمی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیا بۆ ساڵی ١٩٩٩، سەردانی ماڵپەری فەرمی دەستەی باڵای هەڵبژاردنی تورکیا بکەن لە رێگەی

هۆی ناسەقامگیری سیاسی و ناکۆکی نێوان لایەنە سیاسییەکانەوە تەمەنی ئەو حکومەتە کە لە ئەنجامی پێکهێنانی هاوپەیمانی نێوان پارتی دیموکراسی چەپڕەو (DSP) و بزوتنەوەی نەتەوەپەرستی تورکیا (MHP) و پارتی وڵاتی دایك (ANAP) پێکهێنرابوو تەنها سێ ساڵ و چوار مانگی خایاند[١١].

بەگشتی دەتوانین بڵێین پێش ساڵی ٢٠١٧ ڕێگەی دی هۆندت (d` Hondt) بە بەربەستی مەرجدراکراو پەیرەوکراوە، لە خشتەی ژمارە (١)[١٢] تێبینیە گشتیەکانی هەڵبژاردنەکان کە لە ساڵی ١٩٩٥ وە ئەنجامدراوە تا هەڵبژاردنەکانی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٥ خراوەتەڕوو:



ئەم لینکەوە: https://www.ysk.gov.tr/tr/24-aralik-1995-xx-donem-milletvekili-genel-secimi/80052 ، ڕێکەوتی سەردان: ٢٠٢٣/٤/١٥.

[11] Bülent Özgül, Seçim ve Seçim Sistemleri, Türkiye'deki Seçim Sistemi Uygulamaları ve Bir Model Önerisi, Yayınlanmamış Yüksek Lisans Tezi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Süleyman Demirel Üniversitesi, Kamu Yönetimi Anabilim Dalı, Isparta, 2002, s. 142-148.

[12] Çoşkun Doğan, Türkiye'de Uygulanan Seçim Sistemleri ve Cumhurbaşkanlığı Hükümet Sisteminde Parlamento Seçimlerine ilişkin Sistem Önerisi, Yayınlanmamış Yüksek Lisans Tezi, Necmettin Erbakan Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Siyaset Bilimi ve Kamu Yönetimi Anabilim Dalı, Konya, 2020, s. 25.

**خشتەی ژمارە (١): ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و جۆری سیستەمی هەڵبژاردنی پەیرەوکراو تیایدا لەگەڵ شێوازەکانی حکومەت بۆ ساڵانی (١٩٩٥-٢٠١٥)**

| ساڵی هەڵبژاردن | سیستەمی هەڵبژاردن | ئەو پارتەی کە پلەی یەکەمی بە دەست هێنا | ئەو پارتەی کە پلەی یەکەمی بە دەست هێنا: دەنگ (%) | ئەو پارتەی کە پلەی یەکەمی بە دەست هێنا: نوێنەرایەتی (%) | ئەو دەنگانەی کە نوێنەرایەتی نەکراوە | شێوازی حکومەت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٩٥ | دی هۆندت (d` Hondt)ی مەرجدار بە بەربەستی گشتی لەسەر ئاستی وڵات | پارتی رەفاە (RF) | ٢١,٤ | ٢٨,٧ | ١٤ | هاوپەیمانی |
| ١٩٩٩ | دی هۆندت (d` Hondt)ی مەرجدار بە بەربەستی گشتی لەسەر ئاستی وڵات | پارتی دیموکراتی چەپرەو (DSP) | ٢٢,٢ | ٢٤,٧ | ١٨,٣ | هاوپەیمانی |
| ٢٠٠٢ | دی هۆندت (d` Hondt)ی مەرجدار بە بەربەستی گشتی لەسەر ئاستی وڵات | پارتی داد و گەشەپێدان (AK Parti) | ٣٤,٣ | ٦٦ | ٤٥,٣ | پێکهێنانی حکومەت لە لایەن تەنها یەک پارت (AK Parti) |
| ٢٠٠٧ | دی هۆندت (d` Hondt)ی مەرجدار بە بەربەستی گشتی لەسەر ئاستی وڵات | پارتی داد و گەشەپێدان (AK Parti) | ٤٦,٦ | ٦٢ | ١٣ | پێکهێنانی حکومەت لە لایەن تەنها یەک پارت (AK Parti) |
| ٢٠١١ | دی هۆندت (d` Hondt)ی مەرجدار بە بەربەستی گشتی لەسەر ئاستی وڵات | پارتی داد و گەشەپێدان (AK Parti) | ٤٩,٨ | ٥٩,٥ | ٤,٦ | پێکهێنانی حکومەت لە لایەن تەنها یەک پارت (AK Parti) |
| حوزیران ٢٠١٥ | دی هۆندت (d` Hondt)ی مەرجدار بە بەربەستی گشتی لەسەر ئاستی وڵات | پارتی داد و گەشەپێدان (AK Parti) | ٤٠,٩ | ٤٦,٩ | ٤,٨ | حکومەتی کاربەرێکەر (هەڵبژاردن) |
| تشرینی دووەم ٢٠١٥ | دی هۆندت (d` Hondt)ی مەرجدار بە بەربەستی گشتی لەسەر ئاستی وڵات | پارتی داد و گەشەپێدان (AK Parti) | ٤٩,٥ | ٥٧,٦ | ٢,٥ | پێکهێنانی حکومەت لە لایەن تەنها یەک پارت (AK Parti) |

سەرچاوە: خشتەکە بە سوود وەرگرتن لە چەند سەرچاوەی جیاواز لە لایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە

هەر وەك لە خشتەی ژمارە (١)بەدەر دەکەوێت کە لە هەڵبژاردنەکانی حوزیرانی ساڵی ٢٠١٥ ئاك پارتی نەیتوانی بە تەنیا حکومەت پێکبهێنێت و ناچار کرا هەڵبژاردنەکان لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٥ دووبارە بکاتەوە، هەر چەندە ئاك پارتی لە هەڵبژاردنەکانی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٥ توانی رێژەی پێویست بۆ پێکهێنانی حکومەت بە دەست

بهێنێت بەڵام ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی حوزیرانی ساڵی ٢٠١٥ وەکو پەیامێکی ئاگادار کردنەوە وابوو کەوا ئەو سیستەمەی هەڵبژاردن و تەنانەت سیستەمی پەرلەمانی سوودی نەماوە بۆ ئاك پارتی و بەم شێوەیە دیسان ئەستەمە بە تەنیا بگاتە دەسەڵات. کەواتە کەش و هەوای تورکیا پێش ساڵی ٢٠١٧ زۆر لەبار بوو بۆ ئاك پارتی بۆ ئەوەی دەست بە هەڵمەتەکانی گۆرینی سیستەمی سیاسی و سیستەمی هەڵبژاردنی وڵات بکات.

## دووەم: سیستەمی هەڵبژاردن و سیستەمی سیاسی وڵات دوای ساڵی ٢٠١٧

هەوڵی کودەتای ١٥ی تەمووزی ساڵی ٢٠١٦ لە تورکیا خاڵێکی وەرچەرخانە لە ژیانی سیاسی تورکیا، چونکە ئەم رووداوە گرنگە هاندەریکی باش بوو بۆ نزیکردنی دوو پارتی سیاسی بەرچاوی ئەم وڵاتە کە بریتیە لە ئاك پارتی و بزوتنەوەی نەتەوە پەرستی تورکیا. نزیکبوونەوەی ئەم دوو پارتە سیاسییە لە کاتێکدابوو کە ئاك پارتی زۆر پێویستی بە پاڵپشتی پارتێکی سیاسی دیکە بو بۆ ئەوەی بتوانێ هەندێك گۆرانکاری جددی و جەوهەری بکات لە هەندێك یاسای گرنگی وڵات. ئاك پارتی و بزوتنەوەی نەتەوەپەرست دەستیان کرد بە کار کردن لەسەر ئەو بابەتانە لە پەرلەمانی تورکیا کە رۆژ لە دوای رۆژ ژمارەیان رووی لە زیادبوون دەکرد. لەم چوارچێوەیەدا گرنکترین خاڵ و هەنگاوی ئەم دوو پارتە سیاسییە بریتی بوو لە ئەنجامدانی ئەو گۆرانکاریانە کە رێگە دەدات بە پێکهێنانی هاوپەیمانی و رێکەوتنی هەڵبژاردن لە یاسای هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانی تورکیا، بەم پێیە بە تایبەت لە ١٣ی ئازاری ساڵی ٢٠١٨ بە پێی یاسای ژماری (٧١٠٢) کە تیایدا هەمواری چەندین یاسا دەکرێت لە پەرلەمانی تورکیا پەسەند کرا. بەم شێوەیە گرنکترین دوو گۆرانکاری لە یاسای هەڵبژاردن بریتی بوون لە ئامادەکردنی زەمینەی یاسایی بۆ پێکهێنانی رێکەوتن و هاوپەیمانی هەڵبژاردن لە نێوان پارتە سیاسییەکان، ئەوەی دووەمیان بریتی بوو لە نەهێشتنی بەربەستی گشتی کە رێژەکەی ١٠٪ یە بۆ ئەو پارتە سیاسییانە کە هاوپەیمانیەکیان پێکهێناوە، ئەگەر هاوپیەمانیەکە رێژەی دیاری کراوی بەربەستەکە تێپەرێنێت ئەگەر پارتەکە بە تەنیا ئەم رێژەیەش تێنەپەرێنێت ئەوە دەتوانی لە کۆی گشتی هاوپەیمانیەتیەکە سوودمەند بێت. واتا دەرگاری بەشداري کردنی پارتە بچووکەکان کرا پەرلەمان لە چوارچێوەی هاوپەیمانیەتی بەستن و ئەنجامدانی رێکەوتنی هەڵبژاردن[١٣].

[13] Çoşkun Doğan, a.g.e., s.29.

ئەم دوو گۆرانکاریە گرنگە پەیوەندییەکانی ئاك پارتی و بزوتنەوەی نەتەوەپەرستی پتوتر کرد.
بە شێوەیەکی گشتی لە دامەزراندنی کۆماری تورکیا تا ئێستا ٢٥ هەڵبژاردنی پەرلەمان بەرێوەچووە کە تیایدا ٩ سیستەمی جیاوازی هەڵبژاردن پەیرەوکراوە بەم شێوەی کە لە خشتەی ژمارە (٢)[١٤] لە خوارەوە هاتووە:

**خشتەی ژمارە (٢): جۆرەکانی سیستەمی هەڵبژاردنی پەیرەوکراو لە تورکیا**

| ز | جۆری سیستەمی هەڵبژاردن | ئەو ساڵانەی کە پەیرەو کرا |
|---|---|---|
| ١ | سیستەمی زۆرینەی نا راستەوخۆ | ١٩٢٧، ١٩٣١، ١٩٣٥، ١٩٣٩، ١٩٤٣ |
| ٢ | سیستەمی زۆرینەی لیستی راستەوخۆ | ١٩٤٦، ١٩٥٠، ١٩٥٤، ١٩٥٧ |
| ٣ | سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی لە سەر بنەمای رێگەی ماوەی نیشتیمانی | ١٩٦٥ |
| ٤ | سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی/ رێگەی دی هۆندت بە مەرجی بەربەستی ناوچەیی | ١٩٦١ |
| ٥ | سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی/ رێگەی دی هۆندت بە بێ مەرجی بەربەست | ١٩٦٩، ١٩٧٣، ١٩٧٧ |
| ٦ | سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی/ رێگەی دی هۆندت بە مەرجی دوو بەربەست (گشتی و ناوچەیی) | ١٩٨٣ |
| ٧ | سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی/ رێگەی دی هۆندت بە مەرجی دوو بەربەست (گشتی و ناوچەیی) لەگەڵ کۆتا | ١٩٨٧، ١٩٩١ |
| ٨ | سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی/ رێگەی دی هۆندت بە مەرجی بەربەست لە سەر ئاستی وڵاتدا | ١٩٩٥، ١٩٩٩، ٢٠٠٢، ٢٠٠٧، ٢٠١١، ٢٠١٥/١-٢ |
| ٩ | سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی/ رێگەی دی هۆندت بە مەرجی بەربەست لە سەر ئاستی وڵاتدا لەگەڵ پێکهێنانی هاوپەیمانی"رێکەوتنی" هەڵبژاردن | ٢٠١٨ |

هەر وەك لە خشتەی ژمارە (٢) هاتووە دوایین هەڵبژاردن دوای گۆرینی سیستەمی سیاسی وڵات لە ساڵی 2018 بەرێوەچووە بەلاّم هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان و هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کە بریارە لە ١٤ی مایسی ٢٠٢٣ بەرێوەبچێت، تیایدا رێژەی بەربەست لە (١٠٪) بۆ (٧٪) کەم کرایەوە، بەم پێیە ئەم گۆرانکارییە لە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی مایسی داهاتوو پەیرەو دەکرێت.
بەم شێوەیە دوای ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی سیستەمەکانی هەڵبژاردنی تورکیامان هەڵسەنگاند، ژێرخان و شێوازی ئەنجامدانی هەڵبژادنەکانمان خستەروو لە تورکیا، بۆمان دەردەکەوێت کە تا ساڵی ٢٠١٧ سیستەمی

[14] Çoşkun Doğan, a.g.e., s.31.

پەرلەمانی پەیرەو دەکرا، بەڵام دوای راپرسی گشتی لەسەر گۆڕانکاری لە ١٨ ماددەی دەستوری وڵات لە ١٦ی نیسان ساڵی ٢٠١٧، سیستەمی سیاسی وڵات لە پەرلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی گۆردرا. یەکەم هەڵبژاردنیش بە پێی ئەم سیستەمە تازەیە لە ساڵی ٢٠١٨ بەرێوەچوو کە تیایدا رەجەب تەیب ئەردۆغان توانی وەکو سەرۆك کۆماری هەڵبژێدراو دیاری بکرێت بە پێی سیستەمی سەرۆکایەتی، ئێستا دوای نزیکەی پێنج ساڵ وادەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی لە تورکیا نزیك بۆتەوە کە هەردوو هەڵبژاردن لە هەمان ڕۆژ لە رێکەوتی ١٤ی مایسی ساڵی ٢٠٢٣ ئەنجام دەدرێت. بە هۆی ئەوەی تورکیا بە چەندین قۆناغی هەستیار تێپەرێوە و بارودۆخی وڵات بە تایبەت لە رووی ئابوری و داراییەوە زۆر خراپە، لە لایەن خەڵکەوە جۆرە نا رەزایەتیەکی بەرچاو بەدی دەکرێت، لەم چوارچێوەیەدا رکەبەرانی ئەردۆغان هەوڵیانداوە لە ژێر چەتری یەك هاوپەیمانیەتی خۆیان کۆبکەنەوە بۆ ئەوەی بەرەنگاری ببنەوە، بۆیە دەتوانین بلێین کەوا لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن تا رادەیەکی باش توانیویانە بەرەیەکی بەهێز لە دژی ئاك پارتی و ئەردۆغان و هاوپەیمانەکانی پێکبهێنن و خۆیان تا رادەیەکي باش رێکبخەن و زۆریش بە هێزەوە هاتۆنەتە گۆرەپان و ئامادەیی خۆیان بۆ رووبەرووی ئەردۆغانیان راگەیاندوە و ئەم جارە بانگەشەی ئەوەش دەکەن کەوا لە کۆتاییدا ئامانجی کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی ئەردۆغان و ئاك پارتی دەپێکن.

### ٢. رکابەرە سەرەکییەکانی هەڵبژاردنەکانی ١٤ی ئایار

دوای گۆرینی سیستەمی سیاسی وڵات لە پەرلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی و ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی لە ساڵی ٢٠١٨، پاش نزیکەی پێنج ساڵ بڕیارە لە ١٤ی مایس ٢٠٢٣ هەر دوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی ئەنجامبدرێت بە پێی سیستەمی سەرۆکایەتی. ئەم هەڵبژاردنە وەکو تاقیکردنەوەیەکی جدییە بۆ دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، چونکە بە شێوەیەکی بەرچاو ئەم جارە ئەردۆغان و ئاك پارتی رووبەرووی سەخترین هەڵبژاردنەکانی مێژووی خۆیان دەبنەوە، تەنانەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش، پاڵپشتیەکی زەق بە دی دەکرێت بۆ لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن، بۆیە چاوەروان دەکرێت هەڵبژاردنەکانی ١٤ی مایس ئاوا بە سادەیی و ئاسانی تێنەپەرێت، چونکە کاریگەریەکی زۆری دەبێت لە سەر ئاستەکانی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتیدا. بۆیە لەم بەشەی بابەتەکەمان هەوڵ دەدەین گرنگترین ئەو لایەنانە بخەینەڕوو کە رکابەری یەکترن لە ١٤ی مایس، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکریت لە هەڵبژاردنەکانی دوای گۆرینی سیستەمی سیاسی، بنەمای رێکەوتنی (هاوپەیمانی) هەڵبژاردن لە نێوان پارتە سیاسییەکان هاتۆتە کایەوە و وەکو مەرجێکی سەرەکی بەشداریکردن لە هەڵبژادنەکانی لێ

هاتووە به تایبەت هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی، چونکە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار لە خولی یەکەمدا پێویستە نیوەی زیاتری دەنگی دەنگدەران بەدەست بهێنرێت. هەر لەبەر ئەم هۆکارە لەم جۆرە هەڵبژاردنە جار و بار ڕۆڵی پارتە بچووکەکان زۆرە و تەنانەت لە هەندێك حاڵەتیش یەك لا کەرەوەیە. لەم چوارچێوەیەدا هەوڵ دەدەین گرنکترین و کاریگەرترین و بەرچاوترین ئەو هێز و هاوپەیمانیەتیانە بخەینەڕوو کە لە ١٤ی مایس رکابەرەی یەکترن:

## یەکەم: هاوپەیمانی کۆمار "جمهور" (Cumhur Ittifakı)

پێکهێنانی ئەم هاوپەیمانیەتیە بۆ دوای ڕووداوەکانی هەولی کودەتا سەرنەکەوتووەکەی ١٥ی تەموزی سالی ٢٠١٦ دەگەڕێتەوە، بەگشتی دەکرێ هۆکاری دروست بوونی ئەم هاوپەیمانیەتیە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە بگەڕێنین:

١. لە ساڵی ٢٠٠٧ لە کاتی هەوڵەکانی دیاری کردنی سەرۆك کۆماری ئەو کاتە، کێشەیەکی زۆر جددی سەری هەڵدایەوە، هۆکاری سەرهەڵدانی کێشەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەورە پارتی ئۆپۆزسیۆن پارتی گەلی کۆماری تانەی لە شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار گرت و توانی لە دادگا ئەو بڕیارە دەربکات کە دەڵیت پێویستە ٣٦٧ ئەندام پەرلەمان ئامادە بن بۆ ئەوەی سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرێت، ئەمەیش بەواتای ئەوە دەهات ئەو کات ئاك پارتی نەیدەتوانی بە تەنیا ئەم ژمارەیە دابین بکات، لێرە ئەم بابەتە بووە هۆی دروست بوونی قەیرانێکی جددی کە خەریك بوو بە شێوەیەکی ترسناك تەشەنەبکان. بەڵام لەو کات و ساتە بزوتنەوەی نەتەوەپەرست پێچەوانەی بانگەشەکەی پارتی کۆماری گەڵ ڕەفتاری کرد و بڕیاریدا بەشداری لە کۆبوونەوەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار بکات، بەم شێوەیش کۆتایی بە قەیرانەکە هێنرا. بەڵام ئەم ڕووداوە ئاك پارتی زیاتر هاندا بۆ ئەوەی شێوازی دیاری کردنی سەرۆك کۆمار بگۆڕێت و لەم چوارچێوەیەدا لە ساڵی ٢٠٠٧ گۆرانکاریەك لە دەستوری وڵات کرا بە مەبەستی گۆڕینی شێوەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار، لە ئەنجامدا شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار لە هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە بۆ هەڵبژاردنی بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە لایەن گەلەوە گۆردرا. لەم چوارچێوەیەدا لە ساڵی ٢٠١٤ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بەرێوەچوو و ئەردۆغان توانی وەکو سەرۆك کۆماری هەلبژێردراو لە لایەن گەل دەست بەکار بێتەوە. بەڵام لێرە قەیرانێکی تر سەری هەڵدایەوە ئەویش بریتی بوو لە نەبوونی هاوسەنگی لە نێوان سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران، کە ئەمە وایکرد دەزگایەکی جێبەجێ کردنی دوو سەری دروست




ببێت، بە تایبەت دوای هەڵبژاردنی ئەردۆغان وەکو سەرۆك کۆمار، ئاك پارتی زیاتر هاندا بۆ ئەوەی بیرێکی جددی لە گۆڕینی سیستەمی سیاسی بکات لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی.

جگە لەمە خەریك بوو ناکۆکی بەرچاو لە نێوان سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران دروست ببێت، بە تایبەت دوای ئەوەی ئەحمەد داودئۆغلو وەکو سەرۆك وەزیران دیاری کرا، ناکۆکیەکانی نێوان ئەردۆغان و داودئۆغلو گەیشتە لوتکە بۆیە دوای ئەوەی داودئۆغلو لە ساڵی ٢٠١٦ لە لایەن ئەردۆغانەوە دوورخرایەوە، چونکە سەرکردەکانی جیهان بە تایبەت سەرکردە ئەوروپییەکان زیاتر مامەڵەیان لە گەڵ داودئۆغلو دەکرد و خەریك بوو ئەردۆغان پەراوێز بخریتەوە. بەڵام ئەردۆغان ئەمەی پێی قبوڵ نەکرا و لە ٢٠١٦ کەسێکی لاوازتر و نزیك لە خۆی کە بن عەلی یلدرم بوو کردی بە سەرۆك وەزیران.

کەواتە یەکێك لە هۆکارەکانی دروستبوونی هاوپەیمانی کۆمار "جمهور" بۆ دروستبونی ئەو قەیرانە دەگەڕێتەوە کە بە هۆی شێوازی دیاری کردنی سەرۆك کۆمار بوو کە لە ساڵی ٢٠٠٧ سەری هەڵدایەوە، دواتر کە ڕێگەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە لایەن گەڵەوە پەسەند کرا، ئەم جارەیان کێشەی تر دروست بوو و دووانەیەکی نا هاوسەنگ لە دەزگای جێبەجێ کردن سەری هەڵدایەوە، کە ئەمەیش ئەردۆغانی نیگەران کردبوو. بۆیە ئەردۆغان گەیشتە ئەو بروایە کە دەبێت سیستەمی سیاسی بگۆردرێت و دەسەڵاتی زیاتر بدرێتە سەرۆك کۆمار، بەڵام ئەم هەنگاوە پێویستی بە پاڵپشتی لایەنە سیاسییەکانی دیکە بوو، یاخود لانی کەم یەکێك لە پارتە

ئۆپۆزسیۆنەکان دەبوایە پاڵپشتی لە پرۆژەکەی ئەردۆغان بکات بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسی، لەم نێوەندەدا بزوتنەوەی نەتەوەپەرەست باشترین بژاردە بوو بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی لەگەڵی بۆ ئەوەی بە یەکەوە ئەم هەنگاوە بنێن. بۆیە دەکری ئەم رووداوانە وەکو هۆکارێکی سەرەکی دابنرێن بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی کۆمار "جمهور".

٢. دەتوانین هەوڵە شکستخواردوەکەی ١٥ی تەموزی ساڵی ٢٠١٦ وەکو خاڵێکی وەچەرخان هەژمار بکەین کە یارمەتیدەرێك و پاڵپشتیکەرێکی کاریگەر بوو بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی کۆمار "جمهور". چونکە دوای هەوڵی کودەتاکە، هاوکێشە سیاسییەکانی تورکیا گۆڕانکاری جددیان بەسەردا هات، چونکە هەر یەك لە ئاك پارتی و پارتی بزوتنەوەی نەتەوەپەرەست بروایان وابوو کەسانی نزیك لە پیاوی ئاینی فەتحوڵلا گویلەن لە سوپا هەوڵیاندا لە ١٥ی تەموز کودەتا سەربازیەکە ئەنجام بدەن، بۆیە ئەم هەوڵە ئاك پارتی و بزوتنەوەی نەتەوەپەرستی تورکیای زیاتر نیگەران کرد، پاش هەوڵی کودەتاکە لە ٧ی تەموزی ساڵی ٢٠١٦، میتینگێکی فەراوان بە بەشداری لایەنە سیاسییەکان و میلونان کەس لە یەنی قاپی "Yenikapı" بۆ دووپاتکردنەوە لە سەر بنەماکانی دامەزراندنی کۆماری تورکیا و دژاریەتی کردنی هەر هەوڵێکی سەربازی بۆ کۆنترۆڵ کردنی ژیانی سیاسی، بەرێوەچوو. لە لایەکی دیکە بزوتنەوەی نەتەوەپەرست پێی وایبوو فەتحوڵلا گویلەن دوای هەڵبژاردنەکانی ١ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٥ ، کاری کردوە بۆ کۆنترۆڵ کردنی بزوتنەوەکە و کۆتایی هێنان بە سەرکردایەتی دەولەت بەخچەلی، کە ئەو کات گروپێکی دیاری بزوتنەوەکە داوایان دەکرد گۆرانکاریی ریشەیی لە بزوتنەوەکە ئەنجام بدرێت چونکە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژە بزوتنەوەکەیان نەیتوانیوە سەرکەوتنێکی ئەوتۆ لە هەڵبژاردنە گشتیەکان بەدەست بهێنێت. دەولەت بەخچەلی پێوابوو ئەم هەوڵانە لە لایەن فەتحوڵلا گویلەنەوە پاڵپشتی دەکرا بۆ کۆنترۆڵ کردنی بزوتنەوەکە. بۆیە بەخچەلی ناچار کرا هەڵوێست و تێراونینی خۆی و بزوتنەوەکەی بە شێوەیەکی بەرچاو بگۆڕێت، کە بریتی بوو لە دژایەتی کردنی ئەرۆغان و ئاك پارتی، لە جیاتی ئەو هەوڵوێستەی هەولەکانی بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانیەیی و رێکەوتنی سیاسی لە نێوان ئاك پارتی و بزوتنەوەی نەتەوەپەرستی تورکیا چڕکرد، ئەمەیش بە مەبەستی رووبەڕووبونەوەی مەترسیە هاوبەشەکان کە لە دژی هەر دوو پارتی سیاسی سەری هەڵدابوو.

لەم چوراچێوەیدا دەکرێ بلێن هەوڵەکانی ئەنجامدانی کودەتای سەربازی و کۆنترۆڵ کردنی بزوتنەوەی نەتەوەپەرستی تورکیا لە لایەن پیاوی ئاینی فەتحوڵلا گویلەنەوە، هۆکارێکی

سـەرەکی بووە بۆ زیاتر نزیککردنی ئاك پارتی و بزوتنـەوەی نەتەوەپەرەسـت بـە مـەبـەسـتی پێکهێنـانی هاوپـەیمانیـەتی لە نێوانیان، کە لە کۆتـاییـدا بـە پێکهێنـانی هـاوپـەیمانی کۆمـار "جمهور" پـەیوەنـدی هـەر دوو لا پتوتر کرا بـە مەبەستی پارێزگاری کردن لە وجودی خۆیان لە لایەك و درێژەدان بە مانەوەیان لە دەسـەڵات لە لایەکی دیکە.

٣. گۆڕانکاری لە دەستوری ساڵی ١٩٨٢ یەکێك بوو لـە داواکـارییـەکـانی سـەرجـەم لایـەنـە سـیاسـییەکان، چونکە بیروبۆچونێکی گشـتی دەربارەی دەسـتوری سـاڵی ١٩٨٢ هەبوو، گوایە لە لایەن کودەتاچیەکانی ئەو کاتە دانراوە و لە کـاتـی دانـان و پـەسـەنـد کـردنـی، بـنـەمـا دیموکراسـییەکان ڕەچاو نەکراوە. بەڵام شـێوازی گۆڕانکارییەکە جیاوازیەکی بەرچاوی هەبوو و هەیە لە نێوان لایەنە سیاسییەکان، ئۆپۆزسیۆنی ئێستا بە توندی لە دژی ئەو شێوازەی گۆڕانکاری دەسـتور بوون و تەنانەت ئێسـتایش لەسـەر ئەم هەڵوێستەیان بەردەوامن. هەرچەندە لایەنەکانی ئۆپۆزسـیۆن دژایەتی ئەم جۆرە هەمواکردنەوەی دەسـتوور بوون بەڵام گۆڕانـکـارییـەکـان لـە دەسـتوری سـاڵی ١٩٨٢ لە ١٨ مادە ئەنجامدرا گرنکترینیان گۆڕینی سیستەمی سیاسی وڵات بوو بۆ سیسـتەمی سـەرۆکایەتی. هەورەوەها ئەم گۆڕانکاریان لە ڕاپرسـیەکەی سـاڵی ٢٠١٧ لە لایـەن گـەلـەوە پـەسـەنـد کرا. بە هۆی گۆڕانی سیسـتەمی سـیاسـی وڵات شـێوە و ڕێگاکانی هەڵبژاردنین گۆڕانکاری بەرچاویان بەسـەردا هات. سیستەمە سیاسییە نوێیەکە زیاتر گرنگی بـە پێکهێنـانـی هـاوپـەیمانیـەتی و ڕێکەوتنی هەڵبژاردن دەدات بە شـێوەیەك سـەرجەم لایەنەکانی بەشـداربوو لە هاوپەیمانیەتیەکە پارێزگاری لە قەوارە و ناوی خۆیان دەکەن. جگە لـەمـە سروشـتی هـەڵبژادنی سـەرۆکـایـەتی تـورکـیـایـش پـێـویسـتـی بـە پـێـکـهـێـنـانـی هاوپەیمانیەتی و ریکەوتنی هەڵبژاردنە، چونکە بۆ ئەوەی سـەرۆك کۆمار لە خولی یەکەم براوە بێـت دەبێـت نێوی زیـاتری دەنگـە راسـت و دروسـتەکان بە دەسـت بهێنێت، لەبەر ئەمە دەنگی هەر لایەنێك و پارتێك گەر بچوکیش بێت کـاریگـەری دەبێـت لـەسـەر دیـاری کـردن و هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار, جا چ لە خولی یەکەم بێت یاخود لە خولی دووەمدا بێت.

لـە ئـەنجـامـدا دەتوانین بلێن کـەوا سروشـتی سـیسـتـەمە سـیاسـییە نوێیەکەی تورکیا وا دەخوازێت لایەنە سـیاسـییەکان نەتوانن بە بێ پێکهینـانی هـاوپەیمانی و ڕێکەوتنی هەڵبژاردن بەشـداری لە پرۆسـەی هەڵبژاردن بکەن، چونکە بە تەنیا ناکرێ رکابەرایەتی لایەنە سیاسییەکانی بەرانبەر بکرێت و ئەم سـیسـتـەمە تا رادەیەك بـەرژەوەنـدییـەکـانی پـارتـە بچووکـەکـانیش دەپـارێزێـت. کـەواتـا دەکرێ بڵێن یـەکێـك لـە هۆکارە سەرەکیەکانی پێکهێنانی ڕێکەوتن یاخود

هاوپەیمانی هەڵبژاردن بۆ سروشتی سیستەمی سیاسی نوێ و ئەو گۆرانکاریانە دەگەرێتەوە کەوا لە یاسای هەڵبژاردنی تورکیا ئەنجامدراوە.
بەم جۆرە گرنکترین سێ هۆکاری پێکهێنانی هاوپەیمانی کۆمار "جمهور"مان لەسەرەوە خستەڕوو ، بۆیە دوای گۆرینی سیستەمی پەرلەمانی بۆ سیستەمی سەرۆکایەتی و بەمەبەستی بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٨ هەر یەك لە ئاك پارتی و بزوتنەوەی نەتەوەپەرست هاوپەیمانی کۆماریان لە رێکەوتی ٢٠ی شوباتی ساڵی ٢٠١٨ پێکهێنا. دواتر پارتی یەکگرتووی گەورە (Büyük Birlik Partisi – BBP) و پارتی رەفاهی نوێی (Yeniden Refah Partisi – YRF) بەشداریان لە هاوپەیمانیەتیەکە کرد. ئێستا ئەم چوار لایەنە سەرەکیە بە فەرمی بەشدارن لە هاوپەیمانی کۆمار ، جگە لەمانە سێ لایەنی سیاسی دیکەیش بڕیاریان داوە بەشداری لە هاوپەیمانیەتیەکە بکەن بەڵام بە بێ ئەوەی لیستی تایبەتی خۆیان هەبێت بەڵکو کاندیدەکانیان لە رێگەی لیستی ئاك پارتیەوە بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی ١٤ مایس دەکەن. گرنکترینی ئەم سێ هێز سیاسییە، پارتی دعوای ئازاد - هودا پار (Hür Dava Partisi-HÜDA PAR) کە لە رێکەوتی ١١ی ئازاری ساڵی ٢٠٢٣ بڕیاریدا بەشداری لە هاوپەیمانی کۆمار بکات بە بێ ئەوەی لیستی تایبەت بە خۆی هەبێت، بەڵکو کاندیدەکانی خۆی لە رێگەی ئاك پارتیەوە بەربژێر دەکات. بەشداری کردنی هودا پار لە هاوپەیمانیەتی کۆمار پێگەیەکی تایبەتی هەیە بۆ ئاك پارتی، چونکە ئەگەرێکی زۆر لە ئارادایە پارتی کەلی دیموکرات(HDP) بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ پیشتگیری لە هاوپەیمانی میللەت (Millet) بکات، بە تایبەت دوای ئەوەی رایگەیاند کەوا کاندیدیان نابێت بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆمار، بۆیە هەوڵی بە دەستهێنانی دەنگی دەنگدەری کورد بۆ ئاك پارتی زۆر گرنگە، ئەوەی کە لەبەردەم ئاك پارتیش مابویەوە، بەشداری پێکردنی هودا پار بوو لە هاوپەیمانی کۆمار. جگە لەمە پێشبینی دەکرێت دەنگی دەنگدەرانی کورد یەکلاکەرەوە بێت لە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی مایس، بۆیە نەدەکرا ئاك پارتی بە بێ پارتێکی کوردی بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی مایس بکات. کەواتا بۆمان دەردەکەوێت ئاك پارتی لە رێگەی هودا پارەوە لانی کەم دەیەوێت دەنگی دەنگدەری موحافەزەکاری کورد بە دەست بهێنێت. چونکە ئاك پارتیش گەیشتۆتە ئەو راستیە کە دەنگی کورد لە ١٤ی مایس یەکلایی کەرەوە دەبێت.
لە لایەکی دیکە و بە مەبەستی راکێشانی دەنگدەران و لایەنگرانی پارتی رەفاهی پێشوو، ئاك پارتی دوای مشتومرێکی زۆر توانی پارتی رەفاهی نوێ کە بە سەرۆکایەتی فاتح ئەربەکان

لە ساڵی ٢٠١٨ دامەزراوە و لە ساڵی ٢٠٢١یش مافی بەشـــداری کردنی بەدەســـت هێناوە لە هەڵبژاردنەکانی تورکیا، رازی بکات بەشـــداری هـاوپـەیمانی کۆمـار بکـات. ئـەم پـارتـە وەکو درێژەپێـدەر بـە بۆچوونـەکـانی نـەجمـەدین ئەربەکان خۆی ناساندوە و بە میراتگری بۆچوونی "میللی گۆروش – Milli Görüş" واتا "تێروانیی نیشـــتیمانی" دەزانێت، ئەم بۆچوونە تا رادەیەك هەوادار و لایـەنگری هەیە، چونکە بێ گومان نـەجمـەدین ئـەربـەکـان ئـەگـەر بـە شـێوەیـەکی بەرچاو و زۆریش نەبێت خاوەن دەنگێکی دیاری کراوە، کە دەکرێ لەم شـێوازەی هەڵبژاردنەی ئێسـتای تورکیا سـوودی هەبێت. بۆیە ئەردۆغان بە چڕی کاری کرد بۆ ئـەوەی فـاتیح ئـەربـەکـان رازی بکات بەشداری لە هاوپەیمانی کۆمار بکات و لە کۆتاییدا ئـەردۆغـان سـەرکـەوتوو بوو لـەم هەوڵەی و فاتیح ئەربەکانی رازی کرد بەشـداری هاوپەیمانی کۆمار بکات. چونکە چاوەروان دەکرا پارتی رەفاهی نوێ لەم هەڵبژاردنەدا سـەرجەم دەنگـەکـانی میللی گۆروش لـە دەوری خۆیـدا کۆبکاتەوە، ئەگەر ئەمەیش روویبدابا، ئەوە زیانی دەبوو بۆ ئاك پارتی و تەنانەت ئەو دەنگانەی کە پارتی رەفاهی نوێ بە دەســتیدەهێنا لەسـەر حسـابی ئاك پارتی دەبوو، بۆیە ئاك پارتی پێش ئەوەی دووچاری ئەم کێشە و گرفتە ببێت، کاری کرد بـارودۆخـەکـە هـەر چۆنێك بێـت کۆنترۆڵ بکاتەوە.

لە لایەکی دیکە و بەمەبەسـتی مسـوگەرکردنی دەنگـەکـانی نەتەوەپەرسـتـانی تورك، جگـە لـە بزوتنـەوەی نەتەوەپەرســتی تورکیا، ئـاك پـارتی هەوڵدەدات لە رێگەی بەشداری پێکردنی پارتی یـەکگرتووی گـەورە ( Büyük Birlik Partisi – BBP) دەنگی نەتەوەپەرسـتەکانی تورك بۆ خۆی رابکێشـێت. چونکە رکابەرێکی بە هێز وپارتێکی نەتەوەپەرسـتی وەکو پارتی باش (İYİ PARTİ) یەکێکە لە هاوبەشـەکانی هاوپەیمانی میللەت، پارتی باش نەك تەنها مەترسـییە بۆ سـەر ئاك پارتی بەڵکو گورزیکی کەمەر شـکێنیشـی لە بزوتنەوەی نەتەوەپەرەستی تورکیا وەشاندوە و لە سـەر حسـابی ئەو، رێژەی دەنگەکانی خۆی بەرزکردۆتەوە. بۆیە دەبینین ئاك پارتی بە چڕی هەوڵ دەدات قەرەبووی ئەو دەنگانە بکاتەوە کە لە لایەن پارتی باشـەوە دەبرێتە هاوپەیمانی میللەت.

بـەرانبـەر ئـەمـانـە جگـە لـە هودا پار دوو پـارتی دیکەیش بڕیاریان داوە پاڵپشـتی لە هاوپەیمانی کۆمـار بکـەن کـە یـەکـیـان پـارتی دیموکراتی چەپڕەوە (Demokraik Sol Parti – DSP) ئەم پـارتـەك لـە رێکـەوتی ٧ی نیسـانی ٢٠٢٣ رایگەیاند کەوا بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار پـاڵپشـتی لـە ئـەردۆغـان دەکـەن و پـاڵێوراوانی خۆشـیـان لە نێو لیسـتی ئاك پارتی کاندید دەکـەن. هـەروەهـا پـارتی تورکیـای گـەورەیش (Büyük Türkiye Partisi-BTP) رایگەیاند کە

بە مەبەستی پاڵپشتی کردنی ئەردۆغان و هاوپەیمانی کۆمار بڕیاریان داوە لە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی مایس بکشێنەوە.
لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێن هاوپەیمانی کۆمار لە حەوت پارتی سیاسی پێکهاتووە کە چواریان بە لیستی خۆیان بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان دەکەن و راستەوخۆ هاوپەیمانیەتیەکە پێکدەهێنن و دوو پارتی دیکە پاڵێوراوەکانیان لە ناو لیستەکانی ئاك پارتی کاندید دەکەن و پارتێکیش بە بێ بەشداری پێکردنی کاندید بە مەبەستی پاڵپیشتی کردنی ئاك پارتی و ئەردۆغان لە هەڵبژاردن کشایەوە. بەڵام سەرجەم ئەم لایەنە سیاسیانە پاڵپشتی لە ئەردۆغان دەکەن لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماردا. واتا ئەم سێ پارتە سیاسیە لە دەرەوەی هاوپەیمانەتیەکە پاڵپشتی لە هاوپەیمانیەتی کۆمار دەکەن. بۆیە دەکرێ ئەو لایەنە سیاسیانەی کە هاوپەیمانی کۆمار پێکدەهێنن بەم شێوەی خوارەوە لە هەر دوو خشتەی ژمارە (٣) و خشتەی ژمارە (٤) بخەینەڕوو:

**خشتەی ژمارە (٣) ئەو پارتە سیاسیانە کە بەشدارن لە هاوپەیمانی کۆمار و لیستی خۆیان دەبێت لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان**

| ز | ناوی پارتی سیاسی | سەرۆکی پارتەکە | جۆری پارتەکە | بیر و بۆچوونی پارتەکە | ژمارەی ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە ئێستا هەیان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئاك پارتی (پارتی داد و گەشە پێدان) | ڕەجەب تەیب ئەردۆغان | پارتێکی راسترەو و راسترەوی توندرەو | موحافەزەکار، نیمچە دیمکراسی | ٢٨٥ کورسی لە کۆی گشتی ٦٠٠ کورسی |
| ٢ | بزوتنەوەی نەژادپەرستی تورکیا (مە هە پە) | دەوڵەت بەخچەلی | راسترەو و راسترەوی توندرەو | نەژادپەرستی تورك، تورکیزم | ٤٨ کورسی لە کۆی گشتی ٦٠٠ کورسی |
| ٣ | پارتی یەکگرتووی گەورە | موستەفا دەستەجی | راسترەوی توندرەو | نەژادپەرستی ئیسلامی، ئیسلامی سوننی | کورسیەك لە کۆی گشتی ٦٠٠ کورسی |
| ٤ | پارتی ڕەفاهی نوێ | فاتیح ئەربەکان | راسترەو | میللی گۆروش، ئیسلامی، دژی سیۆنیزم | خاوەن هیچ کورسیەك نییە |

**خشتەی ژمارە (٤) ئەو پارتە سیاسیانانە کە لە دەرەوە پاڵپشتی هاوپەیمانیەتی کۆمار دەکەن**

| ز | ناوی پارتی سیاسی | سەرۆکی پارتەکە | جۆری پارتەکە | بیر و بۆچوونی پارتەکە | ژمارەی ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە ئێستا هەیان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هودا پار (پارتی دعوای ئازاد) | زەکەریا یاپیجی اوغلو | راستڕەوی توندڕەو | ئیسلامی توندڕەو، موحافەزەکاری سوشیال، فیدرالیزم | لە کۆی گشتی ٦٠٠ کورسی پەرلەمان، خاوەن هیچ کورسیەك نییە |
| ٢ | پارتی دیموکراتی چەپڕەو | ئۆندەر ئاك سەكال | چەپڕەو | ئەتاتورکچیەتی، ئەجەویدچیەتی، ناسیۆنالیزم | لە کۆی گشتی ٦٠٠ کورسی پەرلەمان، خاوەن هیچ کورسیەك نییە |
| ٣ | پارتی تورکیای گەورە | حوسێن دورماز | راستڕەوی سەنتەر | موحافەزەکار، تورکچیەتی، ئەتاتورکچیەتی | لە کۆی گشتی ٦٠٠ کورسی پەرلەمان، خاوەن هیچ کورسیەك نییە |

لەم چوارچێوەیەدا هاوپەیمانی کۆمار لە ٢٤ی ئازاری ٢٠٢٣ پرۆتۆکۆلێکی پێشکەشی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیای کرد و تیایدا بە شێوەیەکی گشتی جەخت لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە کرد: [١٥]

١. سەرەتا ئاماژە بەوە کراوە کەوا بە پێی ماددەی"١١٦"ی دەستور و پاڵپشت بە ماددەی"١٢/أ"ی یاسای ژمارە (٢٨٣٩) تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانی تورکیا، هەر یەك لە ئاك پارتی، بزوتنەوەی نەتەوەپەرستی، پارتی رەفاهی نوێ و پارتی یەکگرتووی گەورە لەژێر ناوی هاوپەیمانی و رێکەوتنی کۆمار "جمهور" بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی مایسی ساڵی ٢٠٢٣، دەکەن. بەم پێیە بە پێی یاسا بەرکارەکان درێژە بە هاوپەیمانی و رێکەوتنی کۆمار دراوە و فراوانتر کراوە و هەر بە پێی ئەحکامەکانی یاسای ژمارە (٢٨٣٩) هەر یەك لەو چوار پارتە بە لیستی خۆیان بەشداری هەڵبژاردن دەکەن و هەر چوار پارتی سیاسیش یەك کاندیدی سەرۆك کۆماریان هەیە ئەویش رەجەب تەیب ئەردۆغانە.

٢. جەخت لە سەر رێکەوتی دامەزراندنی هاوپەیمانی کۆمار کراوە، کە وادەکەی بە ئاشکرا بۆ ١٥ی تەموزی ساڵی ٢٠١٦ دەگەرێندرێتەوە.

[١٥] دەقی پرۆتۆکۆلەکە لە رۆژنامەی جمهوریەتی تورکی بلاوکرایەوە، بۆ بینینی دەقەکە سەردانی ئەم لینکە بکەن: https://www.cumhuriyet.com.tr/turkiye/yskye-sunulan-cumhur-ittifaki-protokolunun-ayrintilari-paylasildi-2064907 ، رێکەوتی سەردان (٢٠٢٣\٤\١٥).

ئامانجی سـەرەکی دامەزراندنی هاوپەیمانی کۆمار بۆ رووبەرووبونەوەی ئەو مەترسینا دەگەرێندرێتەوە کە گروپی تیرۆرستی فەتحوڵڵا گویلەن دروستیان کرد لە رێگەی هەوڵی کودەتا سەربازییەکەوە. هەروەها ئەوەش دووپات کراوەتەوە کە لە چوارچێوەی سیستەمی سیاسی نوێ، توانرا لە ٢٤ی حوزیران یەکەم هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار و پەرلەمان بکرێت بە پێی سیستەمی تازە و تیایدا هاوپەیمانی کۆمار سەرکەوت. واتا جەخت لەسەر سەرکەوتنەکەی هاوپەیمانی کراوە، ئەمەیش وەکو پەیامێك کەوا لە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی مایسیش بە هەمان شێوە بە سەرکەوتنی ئەوان کۆتایی پێ دێت.

٣. لە پرۆتۆکۆلەکەی هاوپەیمانی کۆمار، ئاماژە بە دەستکەوتەکانی یەکەمین کابینەی حکومەت بە سەرۆکایەتی سەرۆك کۆمار کرا، کە گرنکترینیان پاراستنی تورکیایە لە کێشە و قەیرانە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان، هەروەها لە سەردەمی ئەم کابینەیە هەنگاوێکی گرنگی دیکەی ناوە ئەویش کردنەوەی مزگەوتی ئایا سۆفیەیە بە رووی نوێژخۆێنان، هەروەها ئاماژە بە رزگارکردنی قەرەباغ لە داگیرکاری ئەرمەنستان کراوە. سەرجەم ئەم خاڵانە وەکو دەستکەوتێکی یەکەمین حکومەت و سەرۆك کۆماری سیستەمی کۆماری خراوەتەڕوو.

٤. پەرەپێدان بە پرۆژەکانی گواستنەوە و ووزە وەکو ئامانجێکی وازنەهێنراوی هاوپەیمانی کۆمار خراوتەڕوو، لەم بوارە ئاماژە بەو دۆزینەوانە کراوە کە لە کەرتی ووزە لە دەریایی ڕەشدا دۆزراوەتەوە، هەروەها رووبەرووبونەوەی مەترسی و گرفتەکانی سەردەمی کۆرۆنا بە شێوەیەکی پرۆفیشنەلانە خاڵێکی دیکەیە کە خراوتەڕوو وەکو دەستکەوتێکی بەرچاو و گەورە ئاماژەی پێ کراوە. جگە لەمانە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و گەشەپێدانی کەرتی بەرگری دوو بابەتی سەرەکی ترن کە هاوپەیمانی کۆمار وەکو ئامرازی کاریگەر لە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی مایس وەکو پرۆپاگەندە بەکاریان دەهێنێت.

٥. ساڕێژکردنی ئەو برینە قولەی کە بە هۆی زەمین لەرزەکەی ٦ی شوباتی ٢٠٢٣ لە تورکیا روویدا و بووە هۆی گیان لە دەستدان و بریندرابوونی سەدان هەزار هاوڵاتی، ئەمە جگە لە زیانە ماددەیە زەبەلاحەکە کە بەو ١١ شارە کەوت کە تیایاندا زەمینە لەرزەکە روویداوە. لێرە هاوپەیمانی کۆمار هەوڵ دەدات کارەساتی زەمینەلەرزەکە لە جیاتی ئەوەی بە شێوەیەکی نەرێنی بەسەریدا بشکێت، بیکاتە دەستکەوت و وەکو ئامرازێکی باشی پرۆپاگەندەی هەڵبژاردن بەکار بهینێت. چونکە دوای زەمین لەرزەکە رەخنەیەکی زۆر درایە پاڵ حکومەت و ئاك پارتی و هاوبەشەکانی بەوە تۆمەتبار کران کەوا بە پێی پێویست نەچونەتە بەردەم زیان لێکەوتوان. ئەمە جگە لە ئاراستە کردنی چەندین تۆمەتی جیاواز لە دژی ئاك پارتی، دەربارەی پابەند نەبوون بە یاسا و رێنماییەکانی دروست کردنی یەکەکانی نێشتەجێبوون لە تورکیا بە شێوەیەکی گشتی.

٦. لە پرۆتۆکۆلەکەدا جەخت لەسەر ئەوە کراوە کەوا هاوپەیمانی کۆمار بریتی نییە تەنها لە

ڕێکەوتنێك و هاوپەیمانیەتیەك بەڵكو هەڵوێستێکی نیشتیمان پەروەرانەیە بەرانبەر مەترسییە ناوخۆیی و دەرەکیەکان و جولانەوەیەکی مێژوویی گرنگە. هەروەها هاوپەیمانیەتیەکەیان لە حکومەت لە سیستەمی سەرۆکایەتیدا، بە دوای پلە و پۆست نەکەوتوون بەڵکو ئامانجی سەرەکیان پاراستنی بەرژەوەندی باڵای تورکیایە و کاری جددی دەکەن کەوا تورکیا بەهێزتر بکەن و بیگەیننە ئاستی "وڵاتی سەرکردە" .

٧. هاوپەیمانی کۆمار کار بۆ درێژەدان بەوەی کە تورکیا ببێتە هێزێکی نێودەوڵەتی بەرچاو و پێشەنگ، چونکە بە پێی بۆچوونی ئاك پارتی جیهانی ئیسلام ئومێدی بە تورکیا هەیە بۆ ئەوەی ببێتە پێشەنگی وڵاتانی موسولمان لە بوارە جیا جیاکاندا لە چوارچێوەی دیدگای سەد ساڵەی تورکیادا لە ساڵانی ۲۰۵۳ و ۲۰۷۱. بۆ ئەم مەبەستەیش "مرۆڤ بژێنە تاکو دەوڵەت بژی" کراوەتە دروشمی هاوپەیمانی کۆمار لە سەد ساڵی داهاتووی تەمەنی سیستەمی کۆماری تورکیادا.

بەم شێوەیە هاوپەیمانی کۆمار هێڵە ستراتیژیەکانی خۆی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی ١٤ی مایس دارشتوە، کە دەبینین بە شێوەیەکی گشتی پەیامەکەی بریتیە لەوەی "ئەگەر ئێمە هەڵنبەژێرن، ئەوە داهاتووتان خراپ دەبێت و ئەوانەی چەند ساڵیشە ئەنجامانداوە لە دەست دەدەن و وڵاتەکەمان بە بێ دەسەڵاتی ئێمە لاواز دەبێت".

## دووەم: هاوپەیمانی میللەت "Millet Ittifakı"

ژیانی سیاسی و پارتایەتی لە تورکیا بە چەندین قۆناغی جۆراجۆر تێپەریوە کە تیایدا هەندێك جار ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن زۆر نەرێنی بووە، بە شێوەیەك هەندێك جار چەمك و زاراوەی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە لایەن پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن بە ڕێگە دیموکراسیەکانەوە تێنەپەریوە هەرچەندە تورکیا سێ قۆناغی حکومەتەکانی هاوپەیمانیەتی لە نێوان ساڵانی (۱۹٦۱-۱۹٦٥) و (۱۹۷٤-۱۹۷۹) و (۱۹۹۲-۲۰۰۲) لە خۆ گرتووە، بەڵام سەرجەم ئەم هەوڵانە سەرکەوتوو نەبووە لە بنیادنان و چەسپاندنی چەمك و کلتوری ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە سەرەتاسەری وڵاتدا[١٦]. بۆیە دەبینین لە ساڵی ۲۰۰۲ و وەکو کاردانەوەی خەڵك لە دژی پارتە سیاسییەکانی پێشوو ئەوانەی کە هەم لە دەسەڵات بوون و هەمیش لە دەرەوەی دەسەڵات بوون، ئاك پارتیان هەڵبژارد بە شێوەیەك بتوانێ بە تەنیا بە بێ ئەوەی پێەیستی

[16] İrfan Neziroğlu; Tuncer Yılmaz. (2015). Koalisyon Hükümetleri, Koalisyon Protokolleri, Hükümet Programları ve Genel Görüşmeleri, Türkiye Büyük Millet Meclisi, Cilt 1 , TBMM Basımevi, Ankara, s.V-VI.




بە هاوپەیمانی بێت، کابینەی حکومەت پێکبهێنێت.

لە ساڵی ٢٠٠٢ وە هەرچەندە پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن هەوڵەکانیان چڕ کردۆتەوە بۆ ئەوەی پارتی دەسەڵاتدار لاواز بکەن بەڵام نەیاتوانیوە بگەنە دەسەڵات و ئەم ئامانجەیان نەپێکاوە. بە پێچەوانەوە خودی پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن دووچاری چەندین شکستی گەورە بونەتەوە. بەڵام پێش هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری تورکیا لە ساڵی ٢٠١٤، لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بە تایبەت پارتی کەلی کۆماری و بزوتنەوەی نەتەوەپەرەستی تورکیا کە ئەو کات وەکو پارتێکی ئۆپۆزسیۆن بوو، پێش ئەوەی لەگەڵ ئاك پارتی هاوپەیمانی پێکبهێنێت، لە سەر کاندیدێکی هاوبەشی سەرۆك کۆمار رێکەوتن کە لە هەڵبژاردنەکان نزیکەی (٣٨,٤٤٪) دەنگەکانیان بە دەست هێنا. گرنکترین پەیامی ئەم هەڵبژاردنە بۆ پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەوە بوو کەوا "ئێوە بە تەنیا ناتوانن شکست بە ئاك پارتی بهێنن، دەبێت لە رێگەی پێکهێنانی هاوپەیمانی ئەم کارە ئەنجام بدەن". هەر وەك لە سەرەوەش ئاماژەمان پێی کرد دوای گۆرینی سیستەمی سیاسی وڵات لە پەرلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی، سروشتی بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکان گۆرانکاری بەسەردا هات، لەم چوارچێوەیەدا لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن هەڵسان بە پێکهێنانی هاوپەیمانی میللەت "Millet İttifakı" بۆ رووبەرووبونەوەی هاوپەیمانی کۆماری دەسەڵاتدار. سەرەتا هاوپەیمانی میللەت لە ٥ی مایسی ساڵی ٢٠١٨ لە نێوان هەر یەك لە پارتی کۆماری گەڵ، پارتی باش، پارتی سەعادەت و پارتی دیموکرات پێکهێنرا کە بە پێی ئەم خشتەی ژمارە(٥)ی خوارەوە:

**خشتەی ژمارە (٥) هاوپەیمانی میللەت لەسەرەتای دامەزراندنی (٥ی مایس ٢٠١٨) پێش ئەوەی فرانتر بکرێت**

| ز | ناوی پارتی سیاسی | سەرۆکی پارتەکە | جۆری پارتەکە | بیر و بۆچوونی پارتەکە | ژمارەی ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە ئێستا هەیان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پارتی کۆماری گەل | کەمال کلیچدارئۆغلو | سەنتەری چەپرەو | کەمالیزم، سۆسیال دیموکرات، پێشکەوتنخوازی | ١٣٤ کورسی لە کۆی گشتی ٦٠٠ کورسی |
| ٢ | پارتی باش | مەراڵ ئاکشەنەر | سەنتەری راسترەو | کەمالیزم، ناسیۆنالیزمی تورك، موحافەزەکاری نیشتیمانی | ٣٦ کورسی لە کۆی گشتی ٦٠٠ کورسی |
| ٣ | پارتی دیموکرات | گولتەکین ئویسال | سەنتەری راسترەو | کەمالیزم، ناسیۆنالیزمی تورك،سوسیال لیبرالیزم | دوو کورسی لە کۆی گشتی ٦٠٠ کورسی |
| ٤ | پارتی سەعادەت | تەمەل کارامۆلەئۆغلو | راسترەو | میللی گۆروش، موحافەزەکاری سوسیال، دەوڵەتی دادپەروەری سوسیال و خۆشگوزەرانی | کورسیەك لە کۆی گشتی ٦٠٠ کورسی |

هاوپەیمانی میللەت لە هەڵبژاردنەکانی ٢٤ی حوزیرانی ساڵی ٢٠١٨ بە دوو شێوازی جیاواز بەشداریان لە هەڵبژاردنەکان کرد، هاوپەیمانیەتیەکە زیاتر لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان بە دی کرا کە تیایدا سێ پارت بە لیستی خۆیان بەشداربوون و پارتی دیموکراتیش کاندیدەکانی خۆی خستە ناو لیستی پارتی باش، بەڵام لە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار، هەر پارتێك لەم چوار پارتە کاندید خۆیان راگەیاند، لەم چوارچێوەیەدا موحەرەم ئینجا لە پارتی کۆماری گەل، مەراڵ ئاکشەنەر لەپارتی باش، تەمەل کارامۆلەئۆغلو لە پارتی سەعادەت خۆیان کاندید کرد.

بەشداری کردنی پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن بەم شێویە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی سوودێکی ئەوتۆی نەبوو و بووە هۆی ئەوەی دەنگەکانیان پەرش وبلاوبێتەوە، کە ئەمەیش لە بەرژەوەندی کاندیدی هاوپەیمانی کۆمار بوو و لە ئەنجامدا ئەردۆغان توانی لەم هەڵبژاردنە سەربکەوێت و ببێتە یەکەم سەرۆك کۆمار دوای گۆرینی سیستەمی سیاسی بۆ سیستەمی سەرۆکایەتی. ئەم ئەنجامە هانی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنیدا بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو کاندیدی هاوبەشی بە هێز دەربکەن. هەر لەم چوارچێوەیەدا هاوپەیمانی میللەت بڕیاریدا کاندیدی هاوبەش بۆ هەڵبژادنی شارەوانیەکانی رابگەیێنێت و توانی لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی تورکیا کە ساڵی ٢٠١٩ ئەنجامدرا، سەرۆکایەتی شارەوانی چەندین گەورە شاری گرنگ و ستراتیژی لە تورکیا بە دەست بهێنێت وەکو شارەکانی ئەنقەرە و ئیستەنبول و ئەنتالیا و بۆلو وچەند شارێکی

دیکەیش[١٧]. ئەم سەرکەوتنەی هاوپەیمانی میللەت خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە ژیانی سیاسی تورکیا، کە توانرا دوای ساڵی ٢٠٠٢ بۆ یەکەم جار لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی شکست بە ئاك پارتی بهێنن.

لە ژێر رۆشنایی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی تورکیای ساڵی ٢٠١٩، لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن کاری جددیان کرد بۆ فراوانتر کردن و بەهێزتر کردنی هاوپەیمانی میللەت، بە تایبەت هەوڵەکانیان چڕتر کرد لە پێناوی رێکەوتن لەسەر کاندێکی هاوبەش بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کە بریارە لە ١٤ی مایسی ساڵی ٢٠٢٣ ئەنجام بدرێت. هەر لەم چوارچێوەیەدا پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن لە ژێر چەتری مێزی شەشقۆلیەوە کۆبونەوە لە رێگەی زیاد کردنی ژمارەی پارتە سیاسییەکان کە دوو پارتی سیاسی دیکەی خستە نێو ریزەکانی خۆی کە هەر دووکیشیان لە ئاگ پارتی جیابوونەتەوە، یەکیان پارتی دیموکرات و پێشکەوتن بە سەرۆکایەتی عەلی باباجانە، ئەوەی دیکەیان پارتی ئایندەیە بە سەرۆکایەتی ئەحمەد داودئۆغلو. هاوپەیمانێتی میللەت بڕیاریداوە کە بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی مایس بکەن و سەرجەم لایەنەکانی هاوپەیمانێتیەکە کاندیدێکی هاوبەشیان راگەیاند بۆ سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا، کاندیدە هاوبەشەکەیش سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری، کەمال کلیچدارئۆغلوە هەر وەك لە خشتەی ژمارە (٦) هاتووە[١٨].




[١٧] بۆ گەیشتن بە ئەنجامی فەرمی هەڵبژاردنەکانی شارەوانی تورکیا بۆ ساڵی ٢٠١٩، سەردانی ماڵپەری فەرمی دەستەی باڵای هەڵبژاردنی تورکیا بکەن لە رێگەی ئەم لینکەوە: https://www.ysk.gov.tr/tr/31-mart-2019-mahalli-i%CC%87dareler-secimi/77916 ، رێکەوتی سەردان: ٢٠٢٣/٤/١٥.

[١٨] ئەم خشتەیە بەسوود وەرگرتن لە ماڵپەری فەرمی هاوپەیمانی میللەت لە لایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە. دەتوانن لە رێگەی ئەم لینکەوە سەردانی ماڵپەری فەرمی هاوپەیمانی میللەت بکەن: https://milletittifaki.biz/ ، رێکەوتی سەردان ٢٠٢٣/٠٤/١٥.

**خشتەی ژمارە (٦) هاوپەیمانێتی میللەت دوای فراوانتر کردنی**

| ز | ناوی پارتی سیاسی | سەرۆکی پارتەکە | جۆری پارتەکە | بیر و بۆچوونی پارتەکە | ژمارەی ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە ئێستا هەیان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پارتی کۆماری گەڵ | کەمال کلیچدارئۆغلو | سەنتەری چەپڕەو | کەمالیزم، سۆسیال دیموکرات، پێشکەوتنخوازی | ١٣٤ کورسی لە کۆی گشتی ٦٠٠ کورسی |
| ٢ | پارتی باش | مەراڵ ئاکشەنەر | سەنتەری ڕاسترەو | کەمالیزم، ناسیۆنالیزمی تورك، موحافەزەکاری نیشتیمانی | ٣٦ کورسی لە کۆی گشتی ٦٠٠ کورسی |
| ٣ | پارتی دیموکرات | گولتەکین ئویسال | سەنتەری ڕاسترەو | کەمالیزم، ناسیۆنالیزمی تورك،سوسیال لیبرالیزم | دوو کورسی لە کۆی گشتی ٦٠٠ کورسی |
| ٤ | پارتی سەعادەت | تەمەل کارامۆلەئۆغلو | ڕاسترەو | میللی گۆروش، موحافەزەکاری سوسیال، دەوڵەتی دادپەروەری سوسیال و خۆشگوزەرانی | کورسیەك لە کۆی گشتی ٦٠٠ کورسی |
| ٥ | پارتی دیموکرات و پێشکەوتن | عەلی باباجان | سەنتەری ڕاسترەو | موحافەزەکاری لیبرال، سوسیال لیبرالیزم، نزیکبوونەوە لە ئەوروپا | کورسیەك لە کۆی گشتی ٦٠٠ کورسی |
| ٦ | پارتی ئایندە | ئەحمەد داودئۆغلو | ڕاسترەو | موحافەزەکار، لیبرالیزمی ئابوری، موحافەزەکاری لیبرالیزم | خاوەن هیچ کورسیەك نییە لە پەرلەمانی تورکیا |

هاوپەیمانێتی میللەت بە شێوەیەکی گشتی لە ڕاگەینراوەیەکدا کە لە (٢٩-٣٠) مایسی ساڵی ٢٠٢٢ ئامانجەکانی هاوپەیمانێتی میللەت و مێزی شەشقۆڵی بەم شێوەیە خستەڕوو[١٩]:

١.گەڕاندنەوەی سیستەمی پەرلەمانی بەهێز کە لە سەر بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکاندا ئامانجی سەرەکی شەش پارتەکە و هاوپەیمانی میللەتە. چونکە ئێستا ڕەخنەیەکی زۆر لە

[١٩] دەقی ئەو دە خاڵە کە لە لایەن پارتەکانی شەشقۆڵیەوە واژو کراو، لە هەژماری فەرمی تویتەری کەمال کلیچدارئۆغلو ڕاگەیندرا، بۆ گەیشتن بە تویتەکەی کلیچدارئۆغلو دەتوانن سەردانی ئەم لینکە بکەن: https://twitter.com/kilicdarogluk/status/1531060464603602949?s=20&t=ij_yExFtWKmUs0o3ccJntQ، ڕێکەوتی سەردان: (٢٠٢٣/٣/١٨).

سیستەمی سیاسی سەرۆکایەتی دەگیرێت. بۆیە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن و هاوپەیمانی میللەت نیگەرانن لەم دەسەڵاتانەی کە بە پێی ئەم سیستەمە نوێیە دراوەتە سەرۆك کۆمار.

٢. جێبەجێ کردنی دیموکراسی فرەیی و بەشدارگەرایی یارمەتیدەر دەبێت لە سەر نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەکان. چونکە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن و هاوپەیمانی میللەت پێیان وایە دەسەڵاتی ئێستای تورکیا بە شێوەیەکی زۆر زەق پێشێلی بنەماکانی دیموکراسی کردوە و جیاکاریەکەی بەرچاو پەیرەو دەکات.

٣. گەرەنتی کردنی ئازادی بیرویۆچوونەکان و ئایینی. ئۆپۆزسیۆن رەخنە لەم باریەوە لە ئاك پارتی دەگرێت گوایا ئازادی بیروبۆچونەکان و ئایینی بەرتەسك بووە و ئاین بۆ مەرامی سیاسی و بەدەست هێنانی دەنگی زیاتر بەکارهێنراوە.

٤. گەرەنتی کردنی ئازادی رادەربرین و رۆژنامەگەری. چونکە ئۆپۆزسیۆن بە توندی رەخنە لە دەسەڵات دەگرێت و بانگەشەی ئەوە دەکات گوشارێکی راستەوخۆ ومەترسیدار هەیە لەبوارەکانی ئازادی رادەربرین و کاری رۆژنامەگەریدا.

٥. گەرەنتی کردنی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی و دابین کردنی ژینگەیەکی تەندروست و لەبار بۆ دەزگای دادوەری کە پێویستە سەربەخۆ و بێ لایەن بێت. چونکە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن نیگەرانی خۆیان لەم باریەوە راگەیاندوە و بانگەشەی ئەوە دەکەن، دادگایەکی سەربەخۆ و بێ لایەن لە تورکیا نەماوە.

٦. جێبەجێ کردنی سیستەمی دەوڵەتی کۆمەلایەتی و پەیرەوکردنی دادپەروەری لە دابەش کردنی داهاتی وڵات. ئۆپۆزسیۆن بەردەوام حکومەت ودەسەڵات بە گەندەڵی تۆمەتبار دەکات و بانگەشەی ئەوە دەکات کەوا داهاتی وڵات بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش ناکرێت.

٧. پەیرەوکردنی سیستەمێکی ئابوری ئاراستەکراو بە بەرهەم هێنان و بەکارخستن. لەم رووەشەوە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن رەخنەی توند ئاراستەی حکومەت دەکەن گوایە ئەو سیاسەتە ئابوریەی کە پەیرەو کراوەو دەکرێت، سیاسەتێکی ئاراستەکراو نییە بەرەو بەرهەم هێنان و بەکارخستن.

٨. چاکردنی ئەخلاقی سیاسی و دوور کەوتنەوە لە توندوتیژی سیاسی. واتا پابەند بوون بە ئەتیکی سیاسی بە شێوەیەکی گشتی.

٩. پەیرەوکردنی سیاسەتێکی دەرەکی کاریگەر و رێزلێگیراو. ئەم بابەتە یەکێکە لە کاریگەرترین بابەتەکان کە لەم رێگەوە ئۆپۆزسیۆز گوشار دەکاتە سەر ئاك پارتی و هاوپەیمانەکانی، چونکە بە پێی بۆچوونی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن دەسەڵاتدارانی تورکیا تا ئێستا سیاسەتێکی دەرەکی سەرکەوتوویان پەیرەو نەکردوە و

بانگەشـــی ئەوەش دەکەن کەوا بەم هۆیەوە پێگەی تورکیا لەســـەر ئاســـتی هەرێمی و نێودەوڵەتی زۆر لاوازبووە و نەتوانراوە تورکیا ببێتە وڵاتێك کە بڕیار دروستکەر بێت بەڵکو پێیان وایە جۆرە پاشـــکۆیاتیەك هەیە لە هەڵوێســـت و ســـیاســـەتە دەرەکیە پەیڕەوکراوەکانی ئەنقەرە لەســـەر ئاســـتەکانی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا. بە کورتی ئۆپۆزســـیۆن پێی وایە پێگەی ئێســـتای دەرەکی تورکیا، ئەو شـــوێنە نییە کە بەراســـتی حەقی کردبێت و پێویستە لێی بێت.

١٠. پێکهێنانی سیستەمێکی لیبرالی کە لەسەر روحی یەکترقبوڵ کردن و لێخۆشـــبون بنیادنرابێت.

ئەم خاڵانەی ســـەرەوە گرنکترین ئەو کارانەیە کە هاوپەیمانی میللەت بەڵێنی داوە جێبەجێیان بکات، ئەگەر هەڵســـانگاندێك بۆ ئەم بابەتانە بکەین کە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن لە چوارچێوەی هاوپەیمانی میللەت داویانە، ئەوە بێ گومان لە ئەگەری ســـەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنەکانی ســـەرۆکایەتی تورکیا کە بڕیارە ١٤ی مایس ئەنجامبدرێت، دووبارە لە تورکیا گۆرانکاریەکی رێشەیی لە سیستەمی سیاسی وڵات دەکرێت، ئەمەیش کاردانەوەی دەبێت لەســـەر ســـەرجەم سکتەرەکان لە وڵاتدا، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە بانگەشـــەی ئەوە دەکرێت کە ئەم هەڵبژاردنە هەڵبژاردنێکی مێژوویی و گرنگ ویەکلایی کەرەویە کە تیایدا دوو جۆری جیاواز لەشێوازەکانی حوکمرانی رکابەری یەکترن.

## ســـێیەم: هاوپەیمانی ئەتا و کاندیدی پارتی مەملەکەت

### أ. هاوپەیمانی "ئەتا – ATA İttifakı" [٢٠]

ئەم هاوپەیمانێتیە کە بە ســـەرۆکایەتی پارتی "زەفەر – Zafer Parti" لە ١١ی ئازاری ســـاڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە لە لایەن هەر یەك لە پارتی زەفەر، پارتی عەدالەت ، پارتی وڵاتم " Ülkem Parti" و پارتی رێکەوتنی تورکیا " Türkiye İttifakı Partisi" . کاندیدیان بۆ ســـەرۆکایەتی کۆمار ســـینان ئۆغانە کە ئەندام پەرلەمانی پێشـــووی بزوتنەوەی نەتەوەپەرســـتی تورکیا بوو جگە لەمە تەنها پارتی زەفەر و پارتی عەدالەت مافی بەشداریکردنیان هەیە لە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی مایسی ٢٠٢٣.

هاوپەیمانێتی ئەتا زیاتر بە دژایەتی کردنیان بۆ پەنابەرە بیانیەکان دەناسرێن بە تایبەت پەنابەرە ســـوریا و ئەفغانســـتان. هەرچەندە ئەم

[٢٠] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هاوپەیمانی "ئەتا" دەتوانن ســـەردانیماڵپەری فەرمی کاندیدی هاوپەیمانیەتیەکە "ســـینان ئۆغان" بکەن لە رێگەی ئەم لینکەوە: https://www.sinanogan.com/، رێکەوتی ســـەردان: ٢٠٢٣/٤/١٥.




هاوپەیمانێتیە پێگەیەکی فراوانی نییە و ڕێژەی دەنگەکانی زۆر لە ئاستێکی بەرزدا نییە بەڵام پێشبینی دەکرێت دەنگی ئەو دەنگەرانە بۆ خۆی ڕابکێشێت کە لە بزووتنەوەی نەتەوەپەرستی تورکیا و پارتی باش تۆراون بە هۆی بەشداری کردنیان لە هاوپەیمانێتیە جیاوازەکان. بۆیە لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین ئەم هاوپەیمانێتیە دژی هەر دوو ڕکابەری سەرەکی هەڵبژاردنەکانی ١٤ی مایسە، واتا لەوانەیە ڕێژەیەکی دەنگی ئەردۆغان و ڕێژەیەکی دەنگی کلیچدارئۆغلو بۆ خۆی ڕابکێشێت.

**ب. کاندیدی پارتی "وڵات" مەملەکەت**

موحەرم ئینجە بەربژێری سەرۆک کۆماری پارتی گەلی کۆماری بوو بۆ ساڵی ٢٠١٨ بەڵام نەیتوانی بەرانبەر ئەردۆغان سەرکەوتن بە دەست بهێنێت، دواتر بە هۆی جیاوازی بیروبۆچوونەکانی لەگەڵ کەمال کلیچدار ئۆغلو بڕیاریدا لە پارتی گەلی کۆماری دەست لە کار بکێشێت. پاش دەست لە کار کێشانەوەی هەوڵەکانی خۆی چڕکردەوە بۆ دامەزراندنی پارتێکی سیاسی دیکە و لە ڕێکەوتی ٢١ی مایسی ساڵی ٢٠٢١ دامەزراندنی پارتی مەملەکەتی ڕاگەیاند[٢١].

ئامانجی موحەرەم ئینجە لەپێکهێنانی ئەم پارتە سیاسییە سەرەتا بۆ ئەوەیە ببێتە ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵات و لە هەمان کاتیشدا ببێتە ئۆپۆزسیۆنی لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆن، واتا هەوڵ دەدات لە ڕێگەی ئەم

[٢١] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پارتی مەملەکەت و ئامانجەکانی و بەربژێری بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی، سەردانی ماڵپەری فەرمی پارتی مەملەکەت بکە لە ڕێگەی ئەم لینکەوە: https://www.memleketpartisi.org.tr/ ، ڕێکەوتی سەردان: ٢٠٢٣/٤/٨.

پارتەوە دەنگی ئەو دەنگدەرانە بۆ خۆی رابکێشێت کە لە هەر دوو لا تۆراوە و دوور کەوتونەتەوە. بەم پێیە پارتی مەملەکەت وەکو رێگا و بژاردەی سێیەمە لە نێوان هاوپەیمانی کۆمار و هاوپەیمانی میللەت. جگە لەمە موحەرەم ئینجە لە سایەی ئەو ئەزموونەی کە هەیەتی لە ژیانی سیاسی و پرۆسەکانی هەڵبژاردن کار دەکات بۆ راکێشانی دەنگی گەنجان بۆ خۆی، خۆی وا نیشان دەدات کەوا فریادرەسی گەنجانە، و ئەم هەوڵانەشی تا رادەیەك هەنگاوی باشی بریوە و تا رادەیەکیش ئامانجەکەی پێکیوە. جگە لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان، ئینجە بڕیاریدا خۆی کاندید بکات بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار، ئەم هەنگاوەی ئینجە لەوانەیە زیانێکی زۆری هەبێت بۆ هاوپەیمانی کۆمار و لە بەرژەوەندی هاوپەیمانی کۆمار بێت، چونکە زۆرینەی ئەو دەنگانەی کە دەدریتە موحەرەم ئینجە لە سەر حسابی هاوپەیمانی میللەت و بە تایبەت پارتی گەلی کۆماری دەبێت. بۆیە سووربوونی ئینجە لەسەر خۆکاندید کردنی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار مەترسیەکی راستەوخۆیە بۆ سەر هاوپەیمانی میللەت.

هەرچەندە زۆر داوا لە ئینجە دەکرێت پاشگەزببێتەوە لە خۆکاندید کردن بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار، بەڵام تا ئێستا هیچ نەرمیەکی نەنواندوە لە سەر ئەم بابەتە، بە پێچەوانەوە سووربوونی خۆی دووپاتکردۆتەوە بۆ خۆکاندیدکردنی. لێرە پرسیاری ئەوەمان بۆ دروست دەبێت باشە ئەگەر ئینجە دڵنیا بێت لەوەی کە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی سەرکەوتوو نابێت، ئەی بۆ چی ناکشێتەوە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دوو خاڵی گرنگمان هەیە کە رەنگە ببنە وەڵامێکی گشتی بۆ پرسیارەکە، یەکەمیان ئینجە دەیەوێ تۆڵەی خۆی لە کلیچدارئۆغلو بکاتەوە، چونکە ئینجە پێی وایە لە کاتی خۆکاندید کردنی بۆ سەرۆکایەتی کۆمار لە ساڵی ٢٠١٨، کلیچدار ئۆغلو بە پێی پێویست پاڵپشتی لێ نەکردوە، بۆیە ئێستا دەیەوێت تۆڵەی خۆی لە پارتی گەلی کۆماری و کلیچدارئۆغلو بکاتەوە. خاڵی دووەمیش ئەوەیە، دەیەوێت لە رێگەی درێژەدان و سووربوونی لەسەر خۆکاندید کردنی، زیاتر سەرەنجی رای گشتی بۆ خۆی رابکێشێت وبەردەوام ببێتە بابەتی ڕۆژەڤ، چونکە بەراستی ئینجە لە ووردەکاری پرۆپاگەندەی هەڵبژاردن خاوەن ئەزموونێکی باشە و شێوازی خیتابەشی سەرەنج راکێش و قسە زانێکی بەرچاوە، سەرجەم ئەم تایبەتمەندیانەی وای لێی کردوە کەوا دەرفەتەکان تا دوا ساتەکاندا بە باشی لە بەرژەوەندی خۆیدا بەکاریان بهێنێت.

## چوارەم: هاوپەیمانی ڕەنج و ئازادی
## (Emek ve Özgürlük İttifakı)

کورد لە هەڵبژاردنەکانی تورکیادا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، تەنانەت لە زۆربەی کاتەکاندا دەنگی لایەنە سیاسییە کوردییەکان یەك لایی کەرەوەیە. بۆ نمونە لە هەڵبژادنەکانی شارەوانی ساڵی ٢٠١٩، بە پاڵپشتی کورد توانرا سەرۆکایەتی گەورە شارەکانی وەکو ئیستەنبول و ئەنقەرە بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن. پێشبینی دەکرێت لایەنە سیاسییەکوردییەکان ڕۆڵێکی بەرچاو و یەك لایی کەرەوەیان لە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی مایسیش هەبێت.

گرنگترین و کاریگەرترین پارتی سیاسی کوردی لە تورکیا، پارتی گەلی دیموکراتە ( Halkların Demokratik Partisi-HDP) کە ئێستا لە کۆی گشتی ٦٠٠ ئەندام پەرلەمان خاوەنی ٥٦ کورسیە[٢٢]. بەڵام پارتی گەلی دیموکرات لەماوەی چەند ساڵی رابردو گوشارێکی زۆری لەسەرە و تەنانەت داوا دەکرێت پارتەکە بە تەواوەتی دابخرێت و داواکاری گشتی کۆماری لە تورکیا لە رێکەوتی ٧ی حوزیران ٢٠٢١ داوای داخستنی پارتی گەلی دیموکراتی لە دادگای دەستوری تورکی تۆمار کرد. بۆیە تا ئێستا کەیسی داخستنی پارتی گەلی دیموکرات لە




[٢٢] بۆ بینی ژمارەی ئەو کورسیانە کە لایەن سیاسییەکان لە پەرلەمانی تورکیا هەیانە، دەتوانن لە ڕێگەی ئەم لینکەوە سەردانی ماڵپەری فەرمی پەرلەمانی تورکیا بکەن: https://www.tbmm.gov.tr/sandalyedagilimi ، ڕێکەوتی سەردان (٢٠٢٣/٤/١٤).

دادگای دەســتوریە و جارێ بڕیاری کۆتایی لە بارەوە نەدراوە و ئەگەری داخســتنی پارتەکە لە ئارادیە. لەبەر ئەم هۆکار پارتی گەڵی دیموکرات لە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی مایس بە ناوی خۆی بەشـــداری ناکات و لە جیاتی پارتی گـەڵی دیموکرات لە ژێر ناوی پارتی ســـەوزی چەپرەو بەشداری هەڵبژاردنەکات دەکات.

لە بنەرەتدا بە هۆی گۆرانی سیستەمی سیاسی تورکیا، هـەڵبژاردنـەکـان وا دەخوازێت لایـەنـە سیاسییەکان لە ڕێگەی پێکهێنانی هاوپەیمانی بەشـــداری لـە هـەڵبژاردنـەکـاندا بکـەن. لـەم چوارچێوەیەدا بە مەبەســتی بەشـداری کردن لە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی مایســی ٢٠٢٣، لە ٢٥ی ئابی ٢٠٢٢ بڕیاردرا بە پێکهێنانی هاوپەیمانی ڕەنج و ئازادی (Emek ve Özgürlük İttifakı). ئەم هاوپەیمانیە بە ســـەرۆکایەتی پارتی گەڵی دیموکرات و بە بەشـداری چوار پارتی ســیاسی دیکـە و ڕێکخراوێکی کۆمـەڵـگـەی مـەدەنی پێکهێنراوە. ئامانجی سـەرەکی هاوپەیمانی ڕەنج و ئازادی بریتە لە ڕووبەڕووبونەوەی هاوپەیمانی کۆمـار بـە پلـەی یـەك و دروشـــمی ســـەرەکی هاوپەیمانیتیەکە کۆتایی هێنانە بە دەســەڵات و ســـیســـتـەمی تـاکـە کـەســـی. جگـە لـەمـە ئـەم هـەوپـەیمانیـە هـەوڵ دەدات دەنگی کورد بـە گشتی لە ژێر چەترێکدا کۆبکاتەوە.

**خشتەی ژمارە (٧) ئەو لایەنە سیاسییانە کە هاوپەیمانی ڕەنج و ئازادی پێکدەهێنن**[٢٣]

| ز | ناوی پارتی سیاسی یاخود ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی | سەرۆکی پارتەکە | جۆری پارتەکە | بیر و بۆچوونی پارتەکە | ژمارەی ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە ئێستا هەیان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پارتی گەلی دیموکرات | سیستەمی هاوسەرۆك پەیرەو دەکات: مدحت سنجار پروین بولدان | نەتەوەپەرستی چەپرەو | مافی کەمینەکان، لا مەرکەزی، دیموکراسی ڕاستەوخۆ | ٥٦ ئەندام لە کۆی گشتی ٦٠٠ ئەندام پەرلەمان |
| ٢ | پارتی کریکارانی تورکیا | ئەرکان باش | چەپرەو | سۆسیالیست/ مارکسیزم -لینینیزم | ٤ ئەندام لە کۆی گشتی ٦٠٠ ئەندام پەرلەمان |
| ٣ | پارتی ڕەنج | ئەرجومەنت ئاك دەنیز | چەپرەو | مارکسیزم – لینینزم / دژی کەپیتالیزم | ئەندام پەرلەمانی نییە |

[٢٣] خشتەکە لە لایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە بە سوود وەرگرتن لە ماڵپەری فەرمی لایەنە سیاسییەکانی نێو هاوپەیمانیەکە کە لینکەکانیان بەم شێوەیە: https://yesilsolparti.org/ ، https://ehp.org.tr/ ، https://www.toplumsalozgurluk.org/ ، https://hdp.org.tr/ ، https://www.sosyalistmeclisler.net/ ، ڕێکەوتی سەردان: (٢٠٢٣/٤/٢٥).

| ز | ناوی پارتی سیاسی یاخود ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی | سەرۆکی پارتەکە | جۆری پارتەکە | بیر و بۆچوونی پارتەکە | ژمارەی ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە ئێستا هەیان |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | پارتی بزوتنەوەی کرێکاری | هاکان ئۆزتورك | چەپڕەوی توندڕەو | مارکسیزم – لینینزم | ئەندام پەرلەمانی نییە |
| ٥ | پارتی ئازادی کۆمەلایەتی | پەریهان کۆجا | چەپڕەوی توند | مارکسیزم – لینینزم / کۆمینزم، سوسیالیزم | ئەندام پەرلەمانی نییە |
| ٦ | پارتی سەوزەکان و چەپڕەوی داهاتوو کە کورتکراوە فەرمیەکەی بریتیە لە (پارتی سەوزی چەپڕەو) | سیستەمی هاوسەرۆك پەیرەو دەکات: چیدەم کلیچگون ئوچار ئیبراهیم ئەکن | سیاسەتی سەوز | سیاسەتی سەوز، مافی کەمینەکان، لا مەرکەزی، دیموکراسی توندڕەو، سوسیالیزمی ئیکۆلۆجی | ئەندام پەرلەمانی نییە |
| ٧ | یەکێتی ئەنجومەنە سۆسیالیستییەکان | یەکێتیەکە لایەنگران و دۆستانی ئەم ڕەوتی لە ژێر چەتری ڕێکخراوێکی مەدەنی کۆکردۆتەوە. | چەپڕەو | سۆسیالیزم | ئەندام پەرلەمانی نییە |

گرنکترین هەنگاوی هاوپەیمانی ڕەنج و ئازادی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ١٤ی مایس، بریتی بوو لە ڕانەگەیاندنی کاندیدی خۆیان بۆ سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا. ئەم هەنگاوەی هاوپەیمانی ڕەنج و ئازادی بە هەنگاوێکی ستراتیژی و گرنگ و تەنانەت یەك لایی کەرەوە دەبینرێت چونکە بە پێی ئەنجامی دوا ڕاپرسییەکان و هەڵبژاردنەکانی پێشوو، دەنگی پارتی گەلی دیموکرات زیاتر لە ڕێژەی (١٠٪)ی کۆی گشتی دەنگە ڕاست و دروستەکانی دەنگدەرانی تورکیایە، کە ئەم ڕێژەیەش بۆ هەڵبژاردنەکانی ١٤ی مایسی ٢٠٢٣ یەك لایی کەرەوە دەبێت. هەروەها ئەم هەڵوێستەی هاوپەیمانی ڕەنج وئازادی بە واتای ئەوە دێت کە پاڵپشتی لە کاندیدی هاوپەیمانی میللەت (کەمال کلیچدارئۆغلو) دەکەن. ئەمەیش خۆی لە خۆیدا گورزێکی کەمەر شکێنە کە تا ئێستا لە هاوپەیمانی کۆمار دراوە. کەواتا هاوپەیمانی ڕەنج و ئازادی کە نوێنەری بەهێزی کورد لە خۆ دەگرێت پاڵپشتی لە کاندید هاوپەیمانی میللەت دەکات بۆ سەرۆکایەتی کۆمار. ئەمەیش وای کردوە کێبرکێی نێوان دوو هاوپەیمانی سەرەکی بۆ سەرۆکایەتی کۆمار زۆر سەخت و قول بێت و تەنانەت لە توندی کێبرکێی نێوان لایەنەکان پێشبینی ئەوە دەکرێت هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار لە خولی یەکەم یەك لایی نەبێتەوە و پێشبرکێکە بۆ خولی دووەم بمینێتەوە. لە لایەکی دیکە هاوپەیمانی ڕەنج و ئازادی لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی بەهێز بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیا دەکات. بە

پێی یاسـاى هەڵبژاردنى توركيا، دەكرێ ئەو لایەنانەی کە هاوپەیمانیەك پێكدەهێنن لە چوارچێوەی هاوپەیمانیەکەدا یان هەر پارتێکی بەشدار لە هاوپەیمانیتیەکە بە ناوی پارتەکەی بە شێوەی سەربەخۆ یاخود لە ژێر چەتری پارتە سەرەکیەکەی ناو هاوپەیمانیتیەکە لیستی کاندید ئامادە بکەن. لەم چوارچێوەیەدا هاوپەیمانی رەنج و ئازادی لە ژێر ناوی دوو پارتدا لیستی کاندیدەکانی خۆیان راگەیاند. پارتی یەکەم کە پارتە سەرەکیەکەیە بریتیە لە پارتی سەوزی چەپرەو و تیایدا کاندیدانی پێنج لایەنی سیاسی هاوپەیمانیەکە بەشدار دەبن و لیستی کاندیدیان لە ٨١ شاری تورکیا دەبێت. لەم هەڵبژاردنە پارتی گەلی دیموکرات بە هۆی ترسی داخستنی لە لایەن دادگای دەستوری تورکیاوە، بە ناوی پارتی گەلی دیموکراتەوە بەشداری لە هەڵبژاردنەکان ناکات، لە بری ئەو کاندیدەکانی خۆی لە چوارچێوەی لیستەکانی پارتی سەوزی چەپرەو بەشدار دەبن. جگە لەکاندیدانی پارتی گەلی دیموکرات، کاندیدانی هەر یەك لە پارتی رەنج، پارتی بزوتنەوەی کرێکاری، پارتی ئازادی کۆمەلایەتی، یەکێتی ئەنجومەنە سۆسیالیستیەکان لیستی کاندیدانی پارتی سەوزی چەپرەو پێکدەهێنن. بەرانبەر ئەمە پارتی کرێکارانی تورکیا لە چوارچێوەی هاوپەیمانی رەنج و ئازادی بە لیستی سەربەخۆی تایبەت بە پارتەکەی لە ٤٩ شاری تورکیا بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیا دەکات، جگە لەم ٤٩ شارە، لە شارەکانی دیکەی تورکیا پارتی کریکارانی تورکیا پاڵپشتی لە کاندیدانی پارتی سەوزی چەپرەو دەکات لە چوارچێوەی هاوپەیمانی رەنج و ئازادی.

**خشتەی ژمارە (٨) شێوازی لیستی کاندیدانی هاوپەیمانی رەنج و ئازادی لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ١٤ی مایس**[٢٤]

| ز | ناوی پارت و لایەنە بەشداربووەکانی هاوپەیمانی رەنج و ئازادی کە بە شێوەیەکی فەرمی تۆمار کراوە | کاندیدی ئەو پارت و لایەنە سیاسییانەی کە لیستی پارتەکە پێکدەهێنن. |
|---|---|---|
| ١ | پارتی سەوزی چەپرەو | کاندیدانی پارتی گەلی دیموکرات بەڵام بە ناوی پارتی گەلی دیموکرات بەشداری ناکەن، پارتی رەنج، پارتی بزوتنەوەی کرێکاری، پارتی ئازادی کۆمەلایەتی ، یەکێتی ئەنجومەنە سۆسیالیستییەکان |
| ٢ | پارتی کرێکارانی تورکیا | پێکهاتووە تەنها لە کاندیدانی پارتە کرێکارانی تورکیا |

[٢٤] خشتەکە لە لایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە.

ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی تەماشایەکی ئەم هاوپەیمانیە بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە هەندێك پارتی بچووك بەشداریان لەم هاوپەیمانیە کردوە، هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە دەگەریتەوە کە یاسای هەڵبژاردنی هەموارکراوی تورکیا شوێنی پارت و لایەنە سیاسییە بچوکەکان دەکاتەوە لە پرۆسەی هەڵبژاردن، جگە لەمە هۆکارێکی دیکەی سەرەکی بەشداری پێی کردنی ئەم پارت و لایەنە بچوکانە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە دیسان بە پێی یاسای هەموارکراوی هەڵبژاردنی تورکیا، ئەگەر هاوپەیمانیەتیەکە بتوانێ بەربەستی هەڵبژاردن (کە بۆ (٧%) کۆی دەنگەکان کەمکرایەوە) تێپەرێنێت ئەو کات پارتە سیاسییە بچوکەکانی نێو هاوپەیمانیەتیەکە بەربەستی هەڵبژاردنیش تێنەپەرێنێت ئەوە دەتوانێ بە پێی رێژەی ئەو دەنگانەی بە دەستی هێناوە نوێنەری هەبێت لە پەرلەمان، بەڵام هەروەك ئاماژەمان پێی کرد بە مەرجی ئەوەی هاوپەیمانیەتیەکە رێژەی بەربەستەکەی تێپەراندبێت. بۆیە بە شێوەیەکی گشتی دەبینین پارت و لایەنە سیاسییە بچوکەکان لە هاوپەیمانیەتیەکان بەشداریان پێ کراوە.

بە پێی ئەنجامەکانی ئەو راپرسیانە کە پێش هەڵبژاردنەکانی ١٤ی مایسی ٢٠٢٣ ئەنجامدراون، بە شێوەیەکی بەهێز ئەوە دەردەخەن، کەوا ئەگەرێکی زۆر بەهێز هەیە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ دەنگی هاوپەیمانی رەنج و ئازادی بتوانن لە پەرلەمانی تورکیا زۆرینەی دەنگەکان بە دەست بهێنن. راستە سیستەمی سیاسی تورکیا سەرۆکایەتیە بەڵام لە دەستدانی زۆرینەی دەنگەکانی پەرلەمان کار و ئەرکی سەرۆك کۆمار قورستر دەکات ئەگەر سەرۆك کۆمار پاڵپشتی زۆرینەی دەنگەکانی پەرلەمان بە دەست نەهێنێت. بۆیە لێرە دیسان بۆمان دەردەکەوێت کەوا دەنگ و قورسایی کورد لە هاوکێشەی سیاسی تورکیادا رۆژ لە دوای رۆژدا سەنگینتر و بەهێزتر و یەکلایی کەرەوەتر دەبێت. ئەمەیش پەیامێکی گرنگە بۆ لایەنە سیاسییە کوردییەکان کە ئەگەر ویست و ئیرادەیان هەبێت، دەتوانن زۆرێك لە کێشە و گرفتەکانی کورد لە تورکیا لە رێگەی پرۆسەی سیاسی وڵاتەوە لە چوارچێوە بنەما دیموکراسیەکاندا چارەسەر بکەن.

### ٣. راپرسیەکانی پێش هەڵبژاردنەکە چیمان پێ دەڵێن؟

پێش هەر هەڵبژاردنێك بە تایبەت لە وڵاتە دیموکراسیەکاندا کۆمپانیاکانی راپرسی هەڵدەستن بە ئەنجامدانی راپرسی دەربارەی لایەن یاخود لایەنەکانی براوە لە هەڵبژاردنە گشتیەکاندا. هەر چەندە پێشبینی کردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی رەها شتێکی ئەستەمە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر راپرسییەکان بە پێی پێوەرە زانستیەکان ئەنجام بدرێن و بە شێوەیەکی سەربەخۆ و بێ لایەنانە

بن، ئەوە بە دڵنیایەوە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بە نزیکەیی پێشبینی دەکات لەگەڵ ڕەچاو کردنی هەر سورپرایزێك لە هەڵبژاردنەکاندا. بۆیە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان و تەنانەت لایەنە سیاسییەکان ئەوانەی بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەن بە گرنگیەوە تەماشای ئەنجامی ئەم جۆرە ڕاپرسیانە دەکەن. تەنانەت خودی لایەنە سیاسییەکان هەندێك جار داوا لە کۆمپانیاکانی ڕاپرسی دەکەن، ڕاپرسیان بۆ ئەنجام بدەن دەربارەی بارودۆخی لایەنە سیاسییەکە لەو هەڵبژاردنە کە بڕیارە بەشداری تیایدا بکات.

بە هۆی ئەوەی هەڵویست و دەنگی، دەنگدەران بە شێوەیەکی بەرچاو گۆرانکاری بەسەردا دێت، بۆیە ڕاپرسییەکان بە شێوەیەکی خولی و تەنانەت لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکان لەوانەیە هەر مانگێك جارێك ئەنجامبدرێت، چونکە جارو بار زیادبوون یاخود کەم بوونی چەند خاڵێك لە هەر لایەنێك، لەوانەیە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبێت لەسەر ئەنجامی کۆتایی هەڵبژرادنەکان بۆیە لەوانەیە ئەنجامی ڕاپرسییەکانی پێش شەش مانگ لەمەوبەر جیاوازی هەبێت لەگەڵ هی ئەمڕۆ. بۆیە لەم بەشەی بابەتەکەمان هەوڵ دەدەین دواترین ئەنجامەکانی ئەو ڕاپرسیانە بەخەینەڕوو کە پێشبینی ڕێژەی دەنگی کاندیدەکان و لایەنە سیاسییەکان دەکات، ئەم ئەنجامانە لەوانەیە نزیك دەربچن لە ئەنجامە ڕاستەقینەکان و لەوانەشە پێچەوانەی بن یاخود بە چەند خاڵێك لەگەڵ ئەنجامە ڕاستەقینەکە جیاوازبن.

هەڵبژاردنەکانی ١٤ی مایسی ساڵی ٢٠٢٣ لەسەر دوو ئاست ئەنجام دەدرێت، ئاستی یەکەمیان هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیایە کە تیایدا لایەنە سیاسییەکان پێشبرکێ دەکەن لەسەر ٦٠٠ کورسی پەرلەمان، هەرچەندە بە پێی ڕاگەینراوی دەستەی باڵای هەڵبژاردن لە تورکیا ٣٦ پارتی سیاسی مافی بەشداریکردنیان هەیە لە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی مایسی ٢٠٢٣ بەڵام ژمارەی ئەو پارتە سیاسیانە کە ناویان لە پسولەکانی هەڵبژاردن دەنوسرێت ٢٦ پارتی سیاسییە. بەرانبەر ئەمە ئەوەی دووەمیان بریتیە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری تورکیایە، لەم هەڵبژاردنە چوار لایەن کاندیدیان هەیە کە پێکدێن لە هەر یەك ڕەجەب تەیب ئەردۆغان کاندیدی هاوپەیمانی کۆمار ، کەمال کلیچدارئۆغلو کاندیدی هاوپەیمانی میللەت ، سینان ئۆغان کاندیدی هاوپەیمانی ئەتا و موحەرم ئینجە کاندیدی پارتی مەملەکەت.  بۆ هەر دوو هەڵبژاردنەکە ٦٠ ملیۆن و ٩٠٤ هەزار و ٤٩٩ هاوڵاتی لە تورکیا مافی دەنگدانی هەیە[25].

25 14 Mayıs 2023 Seçimlerinde kaç Kişi Oy Kullanacak, ntv, Anadolu Ajansı, Mart 2023, Erişim: https://www.ntv.com.tr/2023-secim/14-mayis-2023-secimlerinde-kac-kisi-oy-kullanacak,8zzS_eQ2MECNLXcViDosuA , Ziyaret Tarihi: 12/4/2023.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم زانیاریانەی سەرەوە چەندین کۆمپانیای ڕاپرسی جیاواز لە تورکیا هەڵساون بە ئەنجامدانی ڕاپرسی دەبارەی هەر دوو هەڵبژاردنەکە واتا هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان و هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار، ئێمەیش هەوڵ دەدەین بە جیا ئەم ئەنجامانە بە شێوەیەکی گشتی بخەینەروو و ڕاڤەیەکی سیاسیانەی بۆ بکەین، لەبەر گرنگی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆمار سەرەتا هەوڵ دەدەین ئەنجامی ئەو ڕاپرسیانە بخەینەڕوو کە دەربارەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆمارەوە ئەنجامدراوە و دواتر تیشك دەخەینە سەر ڕاپرسیەکانی تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان لە تورکیا.

**أ. هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری**

چوار کاندید لەسەر پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا پێشبرکێ دەکەن. پێشبینی دەکرێت پێشبرکێکە بە سەختی لە نێوان دوو لەم چوار کاندیدە بەڕێوەبچێت. کاندیدی هاوپەیمانی کۆمار ئەردۆغان و کاندیدی هاوپەیمانی میللەت کلیچدارئۆغلو بە دوو گرنگترین ڕکابەری ئەم هەڵبژاردنە هەژمار دەکرێن. بێ گۆمان دوو کاندیدەکەی تر، کاریگەریان دەبێت لەسەر دیاری کردنی چارەنووسی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی تورکیا، بە تایبەت موحەرەم ئینجە لەوانەیە زیانێکی زۆری هەبێت بۆ کاندیدەکەی هاوپەیمانی میللەت کلیچدارئۆغلو، چونکە بە پێی پێشبینیەکان دەنگێکی بەرچاوی هاوپەیمانی میللەت بۆ ئینجە دەڕوات. ئەمەیش بە نەرێنی دەشێکتە سەر کلیچدارئۆغلو. کاندیدی هاوپەیمانی ئەتا سینان ئۆغانیش کاریگەری زیاتر لەسەر دەنگی دەنگدەر و لایەنگرانی بزوتنەوەی نەتەوەپەرستی تورکیا و پارتی باش دەبێت، چونکە ئۆغان کەسایەتیەکی نەتەوەپەرستە کە پێشر ئەندام پەرلەمان بوو لەسەر لیستی بزوتنەوەی نەتەوەپەرستی تورکیا، جگە لەمە هاوپەیمانی ئەتا لە لایەن پارتی زەفەر بە سەرۆکایەتی ئومێد ئۆزدغان پاڵپشتی لێ دەکرێت، کە بە هەڵویستەکانی دژ بە کۆچبەران ناسراوە لەسەر ئاستی تورکیادا.

سەرەتا بە پێی ئەو ڕاپرسیانە کە لە تورکیا بۆ مانگی ئازار لەلایەن دە کۆمپانیای ڕاپرسی جیاواز ئەنجامدرابوو پێشبینیەکانی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ١٤ی مایسی ساڵی ٢٠٢٣ بەم شێوەی خوارەوە بوو کە لە خشتەی ژمارە (٧)دا[٢٦] هاتووە:

[٢٦] ئەم زانیاریانە لە ماڵپەرە فەرمیەکانی کۆمپانیاکانی ڕاپرسیەکان وەرگیراون.

**خشتەی ژمارە (٩) ئەنجامی ڕاپرسی دە کۆمپانیای ڕاپرسی کە لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیان ئەنجامدابوو بۆ مانگی ئازاری ٢٠٢٣**

| ناوی کاندید | ئۆ ئار سی (ORC) (٤-٦ ئازار) ڕێژەی دەنگی پێشبینی کراو | ئەی ئێل ئێف (ALF) (٦-٧ ئازار) ڕێژەی دەنگی پێشبینی کراو | پیار (PİAR) (ئازار) ڕێژەی دەنگی پێشبینی کراو | ئاکسۆی (Aksoy) (٨ ئازار) ڕێژەی دەنگی پێشبینی کراو | ئار-جی (AR-G) (ئازار) ڕێژەی دەنگی پێشبینی کراو | ڕاپۆرتی تورکیا ( Türkiye Raporu)(ئازار) ڕێژەی دەنگی | ماك (MAK) (ئازار) ڕێژەی دەنگی پێشبینی کراو | ئاڤراسیا (Avrasya) (ئازار) ڕێژەی دەنگی پێشبینی کراو | ساروٚس (SAROS) (ئازار) ڕێژەی دەنگی پێشبینی کراو | یۆنایلام (Yöneylem) (٢٧-٢٩ ئازار)- ڕێژەی دەنگی پێشبینی کراو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەجەب تەیب ئەردۆغان | ٤٣,٢٪ | ٤٤,٩٪ | ٤٢,٩ | ٤٤,٤٪ | ٤٣,١٪ | ٤٥,٥٪ | ٤٢٪ | ٣٩,٧٪ | ٤٣,٣٪ | ٣٩,٢٪ |
| کەمال کلیچدارئۆغلو | ٥٦,٨٪ | ٥٥,١٪ | ٥٧,١٪ | ٥٥,٦٪ | ٤٦,٢٪ | ٥٤,٥٪ | ٤٧٪ | ٥٣,٧٪ | ٤٥,٥٪ | ٤٣,٨٪ |
| موحەرەم ئینجە | | | | | ٧,٦٪ | | | | | ٨,٦٪ |
| سینان ئۆغان | | | | | ٣,١٪ | | | | | ٢,٧٪ |

بە پێی ڕاپرسییەکانی ئەم دە کۆمپانیایە بۆ مانگی ئازار بە پێی خشتەی ژمارە (٩) بۆمان دەردەکەوێت کەوا کاندیدی هاوپەیمانی میللەت کەمال کلیچدارئۆغلو لە پێش کاندیدی هاوپەیمانی کۆمارە بە چەندین خاڵ. تەنانەت بە پێی ئەم ئەنجامانەی مانگی ئازاری ٢٠٢٣، پێشبینی دەکرێت هەڵبژاردنەکان لە خولی یەکەم یەك لایی نەبێت و بۆ خولی دووەم بمێنێت. بە تایبەت بوونی موحەرەم ئینجە وەکو کاندیدێکی دیاری کراو لە هاوکێشەکەدا کاریگەری ڕاستەوخۆی دەکاتە سەرە ئەنجامە کۆتاییەکە بە تایبەتریش ئەو دەنگانەی کە کلیچدارئۆغلو بە دەستی دەهێنێت. بۆیە دەبینین خەریکە دەنگەکانی ئینجە و ئۆغان بە شێوەیەك بەرز دەبێتەوە کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر ئەنجامەکە دەبێت و ئەگەر بارودۆخەکە بە ئاراستەی بە دەستهێنانی دەنگی زیاتر لە لایەن ئینجە و ئۆغان بڕوات ئەوە ئەگەرێکی زۆر هەیە هەڵبژاردنەکان بۆ خولی دووەم بمێنێتەوە.

**خشتەی ژمارە (١٠) ئەنجامی راپرسی چوار کۆمپانیای راپرسی کە لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیان ئەنجامدابوو بۆ مانگی نیسانی ٢٠٢٣**

| ناوی کاندید | میترۆپۆل (Metropol) (نیسان) -ڕێژەی دەنگی پێشبینی کراو | گازیجی (Gezici) (١-٢نیسان) - ڕێژەی دەنگی پێشبینی کراو | ئۆ ئار سی (ORC) (٤-٦ نیسان) -ڕێژەی دەنگی پێشبینی کراو | ماك (MAK) (نیسان) -ڕێژەی دەنگی پێشبینی کراو |
|---|---|---|---|---|
| ڕەجەب تەیب ئەردۆغان | ٪٤١،١ | ٪٤٣،٢ | ٪٤١،٥ | ٪٤٣،٧ |
| کەمال کلیچدارئۆغلو | ٤٢،٦ | ٪٥٣،٤ | ٪٤٨،٩ | ٪٤٧،٨ |
| موحەرەم ئینجە | ٪٥ | ٪٢،١ | ٪٧،٢ | ٪٣،٤ |
| سینان ئۆغان | %.٢،٢ | ٪١،٣ | ٪٢،٤ | |

هەر وەك لە خشتەی ژمارە (١٠) [٢٧]دبینرێت کەوا ڕێژەی دەنگە بە دەستهاتووەکان گۆرانکاریان بەسەردا هاتووە بەراوورد بە ئەنجامی راپرسیەکانی مانگەکانی پیشوو، بۆیە دەتوانین دوای ئەم ئەنجامانە ئەم خاڵانەی خوارەوە بخەینەڕوو:

١. مانەوەی موحەرەم ئینجە لە هاوکێشەکەدا بە ئەگەرێکی زۆر هەڵبژاردنەکان بۆ خولی دووەم دەهێڵێتەوە.

٢. ڕکابەرایەتیەکەی نێوان لایەنە سیاسییەکان ئەوەندە توندوتۆلە زۆر سەختە ئەنجامەکە ئاوا بە ئاسانی پێشبینی بکرێت.

٣. ئەگەر هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە خولی یەکەم یەك لایی نەکرێت، ئەوە ئەگەری بردنەوەی ئەردۆغان زیاترە، چونکە چاوەڕێ دەکرێت ئەردۆغان هەندێك هەنگاوی بە پەلە و لە ناکاو بنێت بە مەبەستی کاریگەری خستنە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان. چونکە نابێت ئەوەمان لە بیر بچێ کەوا ئەردۆغان خاوەن ئەزموونێکی باشە لە بابەتی بەرێوەبردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و کۆی پرۆسەی هەڵبژاردن.

٤. هەڵوێست و دەنگی پارتی گەلی دیموکرات (هە دە پە) ڕۆڵێکی یەك لایی کەرەوەی دەبێت لە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی مایس بە تایبەت لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆماردا. چونکە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ساڵی ٢٠١٩ ، دەنگی (هە دە پە) بوو کە وای لێ کرد لە

[٢٧] ئەم زانیارایانە لە ماڵپەری فەرمی سێ کۆمپانیەکە وەرگیراون.

چەندین گەورە شاری تورکیا وەکو ئیستانبول و ئەنقەرە و چەندین شاری دیکە، لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی شارەوانیەکان بۆ یەکەم جار کاندیدەکانی ئۆپۆزسیۆن سەرکەوتن بە دەست بهێنن. بۆیە دەبینین (هە دە پە) رایگەیاند کەوا کاندیدیان نابێت بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی، ئەمەیش بە واتای ئەوە دێت کەوا بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ (هە دە پە) پشتگیری لە کاندیدەکەی هاوپەیمانی میللەت دێت.

**ب. هەڵبژاردنی پەرلەمان**

هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیا گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەیە و بە دەستەی یاسادانان لە وڵاتدا دادەنرێت. بە پێی دوایین راپرسییەکان کە لە مانگەکانی ئازار و نیسانی ساڵی ٢٠٢٣ ئەنجامدراون، ڕێژەی ئەو دەنگانەی کە لایەنە سیاسییەکان بە دەستیان هێناوە بەم شێوەیە کە لە خشتەی ژمارە (١١)[٢٨] دیاری کراوە:




[٢٨] ئەم زانیاریانە لە ماڵپەری فەرمی پێنج کۆمپانیەکە وەرگیراون.

**خشتەی ژمارە (١١) ئەنجامی کۆمپانیاکانی ڕاپرسی سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیا کە بڕیارە لە ١٤ی مایسی ٢٠٢٣ ئەنجام بدرێت**

| ناوی پارتی سیاسی | ئۆ ئار سی (ORC) (نیسان) - ڕێژەی دەنگی پێشبینی کراو | تەك ئار (TekAr)(ئازار) - ڕێژەی دەنگی پێشبینی کراو | بولگو ( Bulgu (Araştırma (ئازار) -ڕێژەی دەنگی پێشبینی کراو | سەمیس ( Themis Araştırma) (ئازار) - ڕێژەی دەنگی پێشبینی کراو | پوسولا ئانکێت Pusula ) Anket) (ئازار) -ڕێژەی دەنگی پێشبینی کراو |
|---|---|---|---|---|---|
| ئاك پارتی | ٪٣١,٦ | ٪٣٣,٩ | ٪٣٢,٧ | ٪٢٧,٥ | ٪٢٩,٣ |
| پارتی گەلی کۆماری | ٪٢٨,٥ | ٪٢٧,٤ | ٪٢٦,٨ | ٪٣٠,٨ | ٪٢٤,٩ |
| پارتی باش | ٪١٤,٣ | ٪١٣,٥ | ٪١٢,٥ | ٪٩,٧ | ٪١١,٤ |
| هە دە پە | ٪٨,٨ | ٪٩,٨ | ٪١٠,٢ | ٪٩,٧ | ٪١٠,٥ |
| بزوتنەوەی نەتەوەپەرستی تورکیا | ٪٦,٢ | ٪٥,٦ | ٪٧,١ | ٪٣,٦ | ٪٦,١ |
| پارتی مەملەکەت | ٪٤,١ | ٪١,٦ | ٪٥,٥ | ٪٢,٣ | ٪٧,٨ |
| پارتی دیموکرات و پێشکەوتن | | ٪١,٥ | ٪٠,٩ | ٪٢,٤ | ٪٢,٢ |
| پارتی سەربەخۆی تورکیا | | ٪١,٤ | ٪٠,٢ | | ٪٠,٩ |
| پارتی ڕەفاهی نوێ | | ٪١,٤ | ٪٠,٧ | | ٪١,٥ |
| پارتی زەفەر | ٪١,٤ | ٪١,٢ | ٪٠,٤ | | ٪١,٧ |
| پارتی کارێکارانی تورکیا | ٪٢,٠ | ٪١,١ | ٪١,٦ | | ٪٠,٨ |
| پارتی ئایندە | | ٪٠,٥ | ٪٠,٢ | | ٪١,١ |
| پارتی سەعادەت | | ٪٠,٤ | ٪٠,٩ | ٪١,١ | ٪٠,٨ |
| ئەوانەی تر | ٪١,٥ | ٪٠,٧ | | | ٪٠,٨ |

بە پێی ئەو ڕاپرسیانەی کە لە لایەن کۆمپانیا جیاجیاکانی ڕاپرسی ئەنجامدراون، ئەگەرێکی زۆر هەیە کەوا لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆن زۆرینەی دەنگەکان بە دەست بهێنن. ئەمەیش بە واتای ئەوە دێت ئەگەر هاوپەیمانی کۆمار لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی سەرکەوتن بە دەست بهێنێت، ئەوە بەرانبەر ئەمە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان شکست دەهێنێت، ئەم ئەنجامەیش بارودۆخی سیاسی تورکیا ئاڵۆزتر دەکات. چونکە ململانێیەکی سەخت لە نێوان سەرۆکایەتی کۆمار و پەرلەمانی تورکیا سەرهەڵدەدات.

**دەرئەنجام**

تورکیا بە هۆی پێگە ستراتیژی و جیوسیاسیەکەیەوە بۆتە وڵاتێکی گرنگ لە ناوچەکەدا لە سەر هەر دوو ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی. هەر گۆرانکاریەکی سیاسی لەم وڵاتەدا کاریگەری راستەوخۆی دەبێت لەسەر هاوکیشە سیاسیەکانی هەرێمی و نێودەولەتیەکاندا. لەم چوارچێوەیدا هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی تورکیا کە بڕیارە لە ١٤ی مایسی ساڵی ٢٠٢٣ بەرێوەبچێت بە یەکێك لە گرنگترین هەڵبژاردنەکان دادەنرێت لە مێژووی سیاسی تورکیادا، چونکە ئەمە یەکەم جارە هەوڵ دەدرێت بە بێ کودەتای سەربازی یاخود گوشاری دەزگا سەربازییەکان، دەسەڵات دەستاو دەست بکرێت بە بێ توندوتیژی. لە ساڵانی رابردوودا تورکیا بۆ چەند جارێك بۆتە گۆرەپانی توندوتیژی و دەستوەردانی سەربازی بۆ کۆتایی پێهێنان بە دەسەڵاتی هەندێك پارتی سیاسی، بۆ نمونە ساڵی ١٩٦٠ لە رێگەی کودەتایەکی سەربازیەوە کۆتایی بە دەسەڵاتی پارتی دیموکرات هێنرا، هەروەها لە ساڵی ١٩٨٠ یش بە هەمان شێواز کۆتایی بە دەسەڵاتی مەدەنی ئەو کاتە هێنرا. بۆیە ئەم هەڵبژاردنە وەکو خاڵێکی وەچەرخان دادەنرێت لە مێژووی سیاسی تورکیا، ئەگەر بتوانرێت دەسەڵات بە شێوەیەکی ئاشتیانە دەستاو دەست بکات.

لە ژێر رۆشنایی دواین پێشهاتەکانی قۆناغی پێش هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی، دەتوانین لە ئەنجامی ئەم بابەتەماندا بگەینە ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١. ١٤ی مایسی ٢٠٢٣ تاقیکردنەوەیەکی سەختی پرۆسەی دیموکراسییە لە تورکیا. ئەگەر توانرا بەشێوەیەکی ئارام و بە بێ توندوتیژی کۆتایی پێبێت، ئەوە بنەماکانی دیموکراسی لەم وڵاتەدا قۆناغێکی جددی بەرەو چەسپاندنی بنەما دیموکراسییەکان دەنێت.

٢. هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی لە هەمان رۆژدا ئەنجام دەدرێت. بەڵام بە هۆی ئەوەی سیستەمی سیاسی وڵات، سەرۆکایەتیە بۆیە لایەنەکان زیاتر گرنگی بە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی دەدەن، راستە پەرلەمانیش لە رووی دەرکردنی یاساکان گرنگیەکی تایبەتی هەیە و زۆر پێویستە بۆ پاڵپشتی کردن لە سەرۆك کۆمار، بەڵام دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بە تەواوەتی کەوتۆتە ژێر کۆنترۆڵی سەرۆك کۆمار، ئەمە جگە لەوە سەرۆك کۆمار چەندین دەسەڵاتی دیکەی هەیە لە پرۆسەی دیاری کردنی دادوەران.

٣. لە ساڵی ٢٠٠٢ وە تا ئێستا ئەمە یەکەم جارە ئەردۆغان رووبەرووی ئۆپۆزسیۆنێکی تا رادەیەك رێکخراو و یەکگرتوو ببێتەوە، چونکە بە درێژایی نزیکەی بیست ساڵی رابردوو یەکێك لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەردۆغان و ئاك پارتی، بۆ نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز دەگەرێتەوە، چونکە بە گشتی لە ماوەکانی رابردودا تەنانەت تا ساڵی ٢٠١٩، لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن پەرشوبلاوبوون و لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگەکانیان بەسەر لایەنەکان بلاودەبویەوە بە بێ ئەوەی سوودی هەبیت بۆیان، و ئەم بارودۆخەیش لە سوودی ئەردۆغان وئاك پارتی بوو، بەڵام ئەمەی ئێستا هەر چەندە جیاوازیەکی زۆر لە بیروبۆچونەکانیان هەیە بەلام لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێستا تا رادەیەك رێکخراو و یەکگرتووترە، ئەوەی سەرەنج راکێشە لە هاوکێشەی سیاسی ئێستای تورکیا ئەوەیە کە سەرجەم لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن لە سەر یەك خاڵ کۆکن، ئەویش بریتیە لە دژایەتی کردنی ئەردۆغان و کۆتایی هێنانە بە دەسەڵاتەکەی کە زیاتر لە بیست ساڵە بەردەوامە.

٤. هەر گۆرانکاریەك لە دوای ١٤ی مایسی ٢٠٢٣ لە هاوکێشەی سیاسی تورکیا، کاریگەری راستەوخۆی دەبێت لەسەر ئاستەکانی هەرێمی و نێودەوڵەتی. تەنانەت تێرواونین و هەڵوێستی تورکیا بۆ کێشە جیهانییەکان گۆرانکاریان بەسەردا دێت.

٥. بابەتی پەنابەرانی سوریا و ئەفغانستان بۆتە یەکێك لە خاڵە سەرەکیەکان کە سەرجەم لایەنە سیاسییەکان موزایەدەی سیاسی لەسەر دەکەن. بۆیە پێشبینی دەکرێت ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەر چۆنێك بێت، ئەوە سیاسەتی تورکیا بە گشتی بەرەو ناردنی ئەم پەنابەرانە دەبێت بۆ وڵاتی خۆیان. چۆنکە ئێستا خەرێکە ئەم بابەتە ئەنجامی زۆر نەرێنی لێبکەوێتەوە، تەنانەت لە سەر هەندێك ئاست و بواردا ئەنجامە نەرێنیەکانی ئەو ژمارە زۆرەی پەنابەرە بیانیانە دەستی بە دەرکەوتن کردوە ، ئەمەیش بویتە مایەی بێزاری خەڵك.

٦. ئەگەر ئەردۆغان نەتوانێ سەرکەوتن بە دەست بهێنێت لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ١٤ی مایسی ٢٠٢٣، پێشبینی سەرهەڵدانی توندوتیژی دەکرێت لە تورکیا، چونکە پێ ناچێت ئەردۆغان ئاوا بە ئاسانی شکستی خۆی رابگەیێنێت، باشترین نمونەیش هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی شاری ئیستانبول بوو کە چۆن ئەنجامی یەکەم هەڵبژاردنەکەی رەت کردوە و گشت تواناکانی خۆی خستەگەر بۆ دووبارە کردنەوەی هەڵبژاردنەکانی ئەم شارە، چاوەرێ دەکرێت ئەگەر ئەم جارەیش شکست بهێنێت ئاوا بە ئاسانی دان بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان نەهێنێت.

٧. لە ئەگەرەی مانەوەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی بۆ خولی دووەم، ئەوە چانسی ئەردۆغان زیاترە بۆ سەرکەوتن لە خولی دووەم، بۆیە ئێستا دەبینین کە ئەردۆغان سەرجەم ئامرازەکانی خۆی بۆ ئەم

خولە بەکارنەهێناوە، هەندێکی بۆ خولی دووەم هێشتۆتەوە، بەرانبەر ئەمە ئۆپۆزسیۆن واتا مەبەستمان زیاتر هاوپەیمانی میللەتە کە کاندیدەکەی کلیچدارئۆغلویە، هەوڵەکانی خۆیان چڕکردۆتەوە بۆ ئەوەی لە خولی یەکەم سەرکەوتن بە دەست بهێنێن، چونکە ئەوانیش تا رادەیەك گەیشتۆنەتە ئەو بروایە کە ئەگەر هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی بۆ خولی دووەم بمێنێتەوە ئەوە زۆر سەختە سەرکەوتوو بن تیایدا، بەڵام لەپاڵ ئەم خاڵانەی سەرەوە دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی بڵێین لەوانەیە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ١٤ی مایسی ساڵی ٢٠٢٣ لە چوارچێوەی یەکێك لەم سێ سیناریۆیەی خوارەوە دیاری بکرێت:

**یەکەم:** سەرکەوتنی هاوپەیمانی کۆمار لە هەر دوو هەڵبژاردنەکان. بەم جۆرە ئاك پارتی و ئەردۆغان درێژە بەو سیاسەتانەی خۆیان دەدەنەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٢وە پەیرەوی دەکەن و لەوانەیە لە سایەی سیستەمی سەرۆکایەتی حوکمرانی تاکە کەس زیاتر پتەو تر بکات.

**دووەم:** سەرکەوتنی هاوپەیمانی کۆمار لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی بەڵام لە دەستدانی زۆرینەی پەرلەمان بەرانبەر بە ئۆپۆزسیۆن، لەم حاڵەتەدا لەوانەیە ژیانی سیاسی تورکیا پێ بنێتە قۆناغێکی پڕ لە کێشە و گرفت و ململانێی سیاسی. دروستبوونی ئەم سیناریۆیە زۆر دوور نییە لە راستی، چونکە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەزموونی باشیان لەم بارییەوە هەیە و زۆریش بۆ ئەمە کار دەکەن، ئەو سەرکەوتنەی کە لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی ساڵی ٢٠١٩ بەدەستیان هێنا، هاندەرێکی باشە بۆیان بۆ ئەوەی هەمان سیناریۆ لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ١٤ی مایسی ٢٠٢٣ دووبار ببێتەوە.

**سێیەم:** سەرکەوتنی هاوپەیمانی میللەت لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی و پەرلەمانیدا. هەرچەندە دروستبوونی ئەم سیناریۆیە هەندێك سەختە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە نێو ئەگەرەکاندایە. لە حاڵەتی دروستبوونی ئەم سیناریۆیە گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی لە سیستەمی سیاسی وڵات رووەدات و سیاسەتەکانی ئابوری و دارایی و بازرگانی تورکیا گۆڕانکاری زۆری بەسەردا دێت. بەڵام لەگەڵ گشت ئەو پێشبینیانە ، زۆر سەختە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی مایسی ٢٠٢٣ پێشبینی بکرێت، چونکە ڕکەبەرایەتیەکی سەخت هەیە لە نێوان لایەنە سیاسییەکان و سروشتی هەڵبژاردنیش وا دەخوازێت کە هەردەم کراوەیە لەبەردەم سوپرایزەکاندا.

## ئینتەلێکتۆکراسی :

# ئایدیۆلۆژیای سیاسیی سەدەی ٢١



نووسینی: ماهێندار کومار
وەرگێڕانی: هێمن غەنی

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە ئەنجامدراوە بە ئامانجی تێگەیشتن لەوەی بۆچی دیموکراسی نەیتوانییوە کێشەکانی ئێستای جیهان چارەسەر بکات و ئایا پێویستە گۆڕانکاری بەسەر چیدا بێهێنرێت لەم روەوە. سیستمێکی سیاسی نوێ- ئینتەلێکتۆکراسی- خراوەتەڕوو لەسەر بنەمای فەلسەفەی ئەو رێبازە هزرییەی- برەو بەو بیرۆکەیە دەدات کە دەڵێت پێویستە لەسەر بنەمای ئاستی خوێندەواری کەسەکە، و ئەزمون و ئاشنایەتییەکەی بە هەلومەرجی دەوروبەری، ئیدی نەتەوەیی بێت یان جیهانی، مافی دەنگدانی ئەو کەسە دیاری بکرێت.

**ئەم فەلسەفەیە ئەوە دیاری دەکات کە تاکەکەسەکان لە روی لەدایکبوونەوە یەکسانن، بەڵام بەهۆی ئەو توانایەی بەدەستی دەهێنن تاوەکو لەم جیهاندا ئەدای بکەن، جیاوازی لە نێوانیاندا دێتە ئاراوە. چەمکی ئینتەلێکتۆکراسی وەك سیستمێکی سیاسی نوێ لێی دەڕوانرێت، کە تێیدا سەرکردە سیاسییەکان -لە هەر ئاستێکی نزم یان باڵادا بن- پێویستە لەسەر بنەمای تێڕوانین و حوکمدانی شەخسی کەسەکە هەڵنەبژێردرێن، بەڵکو دەنگدانەکە لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندن بێت بۆ تێگەیشتن و مەعریفە و ئەزمونی کەسەکە بە جیهانی دەرەوە و لە رێی بەکارهێنانی دوایین تەکنەلۆژیاوە. لە کۆتاییدا ئەم توێژینەوەیە بەو دەرئەنجامە گەیشتووە کە جیهان بەرەو رۆژگارێکی دژوار هەنگاو هەڵدەگرێت، و لەم روانگەیەوە ئەم جیهانە پێویستی بە سەرکردەی ژیر و ئارامگر و زیرەك دەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت کێشە ناوخۆیی و جیهانییەکانیش چارەسەر بکات.**

## ١- پێشەکی

ئەوە واقیعە، نەك گریمانە، کە جیهان بە ئاقاری رۆژگارێکی یەکلاکەرەوە و پڕ لە تەحەددیدا دەڕوات، ئیدی لە رووی کۆمەڵایەتی، ئابووری یان سیاسییەوە بێت. هاتنەئارای تەکنەلۆژیای نوێ و گۆڕانکاری کتوپڕ لە ئەنجامدانی کارەکاندا بوونەتە تەحەددی بۆ بونیادە کۆمەڵایەتی و سیاسییە ناوخۆییەکەی خودی تاکەکەسەکان، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە رەوتی فاشیزم یان دەسەڵاتخوازی لە هەڵکشاندایە لە جیهاندا. ئەو نادڵنیاییەی باڵی بەسەر ئایندەدا کێشاوە بۆتەهۆی وروژاندنی بیرۆکەی چاوداخستن و گەڕانەوە بۆ رابردو، لەبری ئەوەی چاومان بە کراوەیی بهێڵینەوە و گۆڕانکارییەکە لەخۆبگرین، و لە هەمان کاتدا ئاڵ و گۆڕی دامەزراوەیی و ئایدۆلۆژی بنەڕەتی ئەنجام بدەین بۆ ئەوەی خۆمان لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا بگونجێنین لە پێناو خێروخۆشی کۆمەڵگەی جیهانیدا، هەروەك ئەوەی لە ماوەی دوو سەدەی رابردودا روویدا، لە قبوڵکردنی سەرمایەداری و دیموکراسی کە دوو تاکە ستوونی سەرەکی بونیادی ئابووری و سیاسی هاوچەرخ بوون. دیموکراسیش بە شێوازێکی کارای حوکمڕانی هەژمار نەدەکرا، بەڵکو وەك

سروشـــتی دەوڵەت لێی دەڕوانرا تـاوەکو جەنگی یەکەمی جیهانی لە ســاڵی ١٩١٤. پێش هەڵگیرســانی جەنگی یەکەمی جیهـانی، هەردوو شــۆڕشــی ئەمریکی و فەڕەنسـی بەرپاکران و هاوشـان بە شـەڕی نـاوخۆیی ئەمەریکـا بوونەهـۆی گـۆڕینـی بیـرۆکەی دیمـوکراســی لە حـوکمـڕانـی حەشــاماتەوە بۆ حوکمڕانی مەدەنییەت یان نوخبەکـان. هەروەهـا دیموکراســی ریشـە ئەسـینابیەکەی جێهێشــت- کە لە بنەڕەتدا بریتی بوو لە شـێوازێکی راســتەوخۆی حکومەت و لە مەودای دووردا بە ناسەقامگیر لەقەڵەم دەدرا- بەرەو شـــێوازێـکـی دەسـتوورییانەی حوکمڕانیکردن، بە تایبەتی دوای گەڵاڵەکردنی دەســتوری ئەمەریکـا. دیموکراسی وەك شێوازێکی حوکمڕانیکردن، بەربڵاو نەبوو لە جیهـانـدا تـا ئەو کـاتەی سـەرۆکی ئەمەریکا وودرۆ ویڵسۆن لە میانەی جەنـگی یەکەمی جیـهـان و لە دوای ئەو جەنگەشــەوە مانایەکی نوێی پێبەخشــی و برەوی پێدا وەك باشترین شێوازی حوکمڕانی کە پەرە بە بـاشـــتریـن بەرژەوەنـدی هەر نەتەوەیەك دەدات.

ویڵســۆن پەرەی بە دیموکراســی دا لەســەر بنەمای گریمانەی ئەوەی دیموکراسی جۆرە سیســتمێکە کە حکومەتێکی ســەقامگیر دەستەبەر دەکات و لە هەمان کاتدا خواست و ویســتی گەلەکەشــی لەبەرچاو دەگرێت. بەڵام کەسـانی وك **وولیەم ریکەر و ئەلێکس تۆکفیـل** بیرکردنەوەیەکی پێچەوانەیـان هەبوو، و بانگەشــەی ئەوەیان کرد کە بۆی هەیە دیموکراسی ناهۆشیارانە ببێتە قوربانی دیماگۆجییەت و سیستمێکی سەرکردایەتی ســیاســی بێنێتە ئاراوە کە کـارامەییەکی مـامنـاوەنـدی هەبێت. لەو کـاتەدا ریکەر مشـتومڕی ئەوە دەکات دیماگۆجییەت بۆی هەیە سـەربکێشـێت بۆ هاتنەئارای هەسـتی پۆپۆلیسـتی و سـەرهەڵدانی ئەو کەسـانەی کە هاوڵاتییانی دەوڵەتەکە چەواشە دەکەن، لەم روانگەیەوە پێویستە هاوڵاتییان پەروەردە بکرێن بۆ ئەوەی بژاردەیەکی هۆشــیارانە و عاقڵانەیان هەبێت. بە هەمان شێوە تۆکڤیل جەختی لەسەر سەرکردایەتی سیاسی باش کردۆتەوە. ئەو مشــتومڕی ئەوەی کرد کە بـواردان بە ســەرجەم هـاوڵاتـیـیـان بـۆ بەشـداریکردن لە پرۆســە ســیاســیەکەدا کارێکی سوودبەخش نییە، لەبەر ئەوەی بوار بە کەسانێك دەدات تاوەکو پۆستی گشتی بگرنەدەست کە کارامەیی پێویستییان نییە. رۆبەرت داڵ بیرۆکەکەی وولیەم ریکەر رەت

دەکاتەوە لە ڕێی مشتومڕکردن لەبارەی ئەوەی ئەگەر ئامرازە دیموکراتییەکان تەنها ڕێگا بن بۆ چارەسەرکردنی تەنگژەکانی دیموکراسی، **ئەوا تاکە چارەسەر دەستەبەرکردنی دیموکراسیەتی زیاترە.** هەروەها زیاتر ئاماژە دەکات بەوەی پێویستە سیستمی دیموکراسی ڕێگە نەدات تاکە گروپێکی بەرژەوەندی، نوێنەرایەتی سەرجەم دانیشتوانەکە بکات، بەڵام بوار بدات بەوەی زۆرێکیان بگەنە دەسەڵات. لە کاتێکدا تۆکفیل جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی پارتە سیاسیەکان هۆگری بەرژەوەندییە بەرتەسکەکانی خۆیانن، ئەمەش دەبێتەهۆی زیادبوونی ئەگەری جەمسەرگیری لە کۆمەڵگەدا، کە لە کۆتاییدا چەندین ناکۆکی دەهێنێتە ئاراوە لەنێو گروپە جیاوازەکانی بەرژەوەندیدا.

هەروەها ئەو مشتومڕی زیاتر دەکات و دەڵێت بە زۆری دیموکراسی ئەو سەرکردانە بەرهەم دەهێنێت کە کارامەییەکی مامناوەندییان هەیە، ئەویش بەهۆی ڕێککارەکانییەوە کە بوار دەدات بە خەڵکە گشتییەکە تاوەکو زوو زوو ڕاوبۆچونی خۆیان بگۆڕن. لەم ڕوانگەیەوە، ئەم توێژینەوەیە جەخت دەکاتەوە لەسەر ڕۆڵ و خەسڵەتەکانی سەرکردایەتی سیاسی و لە هەمان کاتدا ئەو ڕێککارانەش لەبەرچاو دەگرێت کە دەگیرێنەبەر بۆ هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی لە کۆتاییدا پۆستی گشتی دەگرنەدەست. لە ڕاستیدا ئەرستۆ زۆر حەزی بە دیموکراسی نەدەکرد، لەبەر ئەوەی باوەڕی وابوو بۆی هەیە بەرەو هێنانەئارای سەرکردایەتیەکی خۆپەرست بچێت. لەبەر ئەوە باربارا کەلێرمان مشتومڕی ئەوە دەکات کە ئەوانەی پەرۆشن بۆ ئەوەی ببنە سەرکردەی سیاسی لە ڕاستیدا کەسانێکن کە تینوی دەسەڵاتن. و ئەوان زۆربەی کات لە خەمی ئەوەدان نین بەوپەڕی توانایانەوە خزمەتی خەڵك بکەن، بەڵکو دەیانەوێت بەرەو بە بەرژەوەندی یان سەروەت و سامانیان بدەن. لە کاتێکدا ماکس ڤێبەر سەرکردە سیاسیەکانی بەوە وەسف کرد کە دەتوانن هەست و سۆزی خەڵك بقۆزنەوە. هەرچۆنێك بێت، کەلێرمان جیاوازی دەکات لە نێوان سەرکردە سیاسیە باش و خراپەکاندا و ئەویش لەسەر بنەمای توانا و خەسڵەتەکانیان. ئەو جەختی کردۆتەوە لەسەر ئەوەی **سەرکردە باشەکان ئەوانەن**

**کە توانای خوڵقاندنی دیدگا و جوڵاندنی خەڵکیان هەیە لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و دەستەبەرکردنی نیزام لە کۆمەڵگەدا لە ڕێی بەدیهێنانی تەباییەوە. و سەرکردە سیاسییە خراپەکانیش ئەوانەن کە توانا و کارامەیی ئەوەیان نییە لە بارودۆخەکە تێبگەن بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە بڕیار بدەن، بەڵکو ئەوانە توند و نامیانڕەو و بیرتەسکن.** چەمکی ئینتەلێکتۆکراسی جەخت دەکاتەوە لەسەر ڕێککارە دیموکراسییەکانی هەڵبژاردنی سەرکردایەتی سیاسی و جۆری ئەو سەرکردایەتییەی هەڵدەبژێردرێت لەلایەن هاوڵاتییەکانی دەوڵەتەوە کە ئەهلیەتی دەنگدانیان هەیە. لەم ڕوانگەیەوە، جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە ئەگەر دەمانەوێت سەرکردایەتیەکی سیاسی باشترمان هەبێت، ئەوا پێویستە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرکردایەتی سیاسی گۆڕانکاری بەسەردا بهێنرێت، چونکە ناتوانرێت بە شێوەیەکی سیستماتیکی سەرکردایەتیەکی ژیر و هۆشیار و بیرفراوانمان هەبێت بێ ئەنجامدانی گۆڕانکاری لەو ڕێککارانەی دەگیرێنەبەر بۆ هەڵبژاردنیان.

**٢. ئایدیۆلۆژیا سیاسییە جیاوازەکان:**

ئایدلۆژیا وەك بیروباوەڕێك پێناسە کراوە کە ڕێبەر و سەرمەشقی دەستەبەر دەکات بۆ گرتنەبەری کۆمەڵێك کرداری دیاریکراو لەلایەن تاکەکەسەکانەوە لە چاوەڕوانی بەدەستهێنانی چەند دەرئەنجامێکی دیاریکراودا. واتە ڕێگایەکە بۆ پێناسەکردنی سیستمە کۆمەڵایەتییەکە و هەڵسەنگاندنی لەسەر بنەمای هەندێ پێوەری هاوبەش. لەم سۆنگەیەوە، چەندین ئایدیۆلۆژیای سیاسی جیاواز هەن لە مێژوی مرۆڤایەتیدا بەڵام ئەم توێژینەوەیە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەو ئایدیۆلۆژیا سیاسییانەی پەیوەندیدارن بە دیموکراسییەوە یان لە ململانێدان لەگەڵ نۆرم و باوەڕە دیموکراسییەکاندا. بەو پێیە، لەم توێژینەوەیەدا گفتوگۆ لەبارەی چوار ئایدیۆلۆژیاوە دەکرێت، سۆشیالیزم، کۆمۆنیزم، فاشیزم و لیبراڵیزم. هەر سێ فەلسەفەی (سۆشیالیزم، کۆمۆنیزم و لیبراڵیزم) زۆرترین سەرنجیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشا لە سەدەی ١٩دا، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە ڕۆشنبیرە مەزنەکانی ئەو ڕۆژگارە گرنگییەکی زیاتریان دەدا بە میتۆدە زانستییەکان لە پێناو تێگەیشتن لە

پەیوەندی نێوان تاکەکەس و دەوڵەت لە ڕێی چەمکی پۆزەتیڤیزمەوە. هەرچۆنێك بێت، سۆشیالیزم لە دوای یەکەم پرۆسەی بە پیشەسازیبون لە سەدەی ١٨ەدا هاتەئاراوە بۆ ئەوەی تیشك بخاتەسەر کاریگەرییە نەرێنییەکانی گەشەی خێرای سەرمایەداری. لەو کاتەدا سۆشیالیزم گرێنەدەدرایەوە بە کارل مارکس و فرێدریك ئینگڵس ، هەروەك ئەوەی لە ئێستادا ئەم کارە دەکرێت، ئەویش لەبەر ئەوەی تاوەکو سەدەی ١٩ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ گرێنەدرابوو بە چەمکی شۆرشگێڕییەوە.

چەندین چەمکی جیاوازی سۆشیالیزم هەبوون کە لە کۆتایی سەدەی ١٨ و سەرەتای سەدەی ١٩ سەریانهەڵدا: کە بەم دەستەواژانە ناوونران، سۆشیالیزمی مێژوویی، سۆشیالیزمی شۆرشگێڕی، سۆشیالیزمی چاکسازیخواز، سۆشیالیزمی فابیان، و دواترینیان بریتیە لە سۆشیالیزمی دیموکراتی. هەرچۆنێك بێت، لە کۆتایی سەدەی ١٨ەدا سۆشیالیزمی مێژوویی لەلایەن ڕۆبەرت ئۆوین و هاوەڵەکانییەوە پێناسەکرا بەوەی سیستمێکە کە پەرە بە یەکسانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەدات و مژدەی خۆشگوزەرانی بۆ سەرجەم ئەندامەکانی هەڵگرتووە لە ڕێی ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی مەزنەوە، بەڵام نەك بە زەرورەت لە ڕێی ململانێی نێوان پرۆلیتاریەت و بۆرجوازییەتەوە. پرۆسەی بەربڵاوی پەروەردە و ڕەوتی خێرای بە پیشەسازیکردن دوو فاکتەری سەرەکی پشت هاتنەئارای سۆشیالیزم بوون لە سەدەی ١٨ و ١٩ەدا. سۆشیالیزمی شۆرشگێڕی سەرەتا لە مانیفیستۆی کۆمۆنیزمدا دەرکەوت کە لەلایەن مارکس و ئینگڵسەوە بڵاوکرانەوە لە ساڵی ١٨٤٨ کە بیرۆکەی سۆشیالیزمیان گۆڕی لە سیستمێکەوە کە دژبەرە لەگەڵ سەرمایەداریدا بە بێ بوونی جیاوازی چینایەتی، بۆ سیستمێك کە دەرئەنجامی ململانێیەکی بەردەوامە لە نێوان دوو چینی نێو کۆمەڵگەی پیشەسازیدا: پرۆلیتارییەت و بۆرجوازی.

ئەوان لە کۆتاییدا چەمکی سۆشیالیزمیان گۆڕی بۆ کۆمۆنیزم. سێیەم جۆر کە سۆشیالیزمی چاکسازیخواز بوو، و لە کۆتایی سەدەی ١٩ەدا سەریهەڵدا بەهۆی ئەو باوەڕەی کە هەندێ لە توێژەران هەیانبوو وەك ئێدوارد بێرنشتەین لە ئەڵمانیا و جولێس گێسد و جان لیۆن جورێس لە فەڕەنسا، کە پیان وابوو مەرج نییە شۆرش بۆ گۆڕینی

سیستمەکە بێت، بەڵکو دەکرێت سیستمەکە بگۆڕێت لە ڕێی چاکسازی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بە هۆی گرتنەبەری ئامرازی دیموکراسییەوە. لە هەمان کاتدا، بێرنارد شۆ و ئانی بێسانت، کە دوو ڕۆشنبیری چینی ناوەڕاست بوون، بڕوایان بە جۆرێکی جیاوازدا و ناویان لێنا سۆشیالیزمی فابیان. چەمکەکە وێنا کرا لە پێناو پەرەپێدانی کۆمەڵگەیەکی فابیانی کە تێیدا سەرجەم ئەندامەکانی کۆمەڵگە دەبێت مافی ئابووری و سیاسی یەکسانیان هەبێت و دەبێت یەکسانی لە مافەکاندا بۆ هەمووان بێت، نەك تەنها بۆ کرێکاران هەروەك مارکس و ئینگڵس بانگەشەیان بۆ دەکرد.

دوایین جۆر کە لەوانی دیکە کەمتر نییە، و دوایین فۆرمی سۆشیالیزمە بریتیە لە سۆشیالیزمی دیموکراتی. لە دوای پێکهاتنی یەکێتی سۆڤییەتەوە لە ساڵی ١٩٢٢، سۆشیالیزم لە پێگەیەکی نالەباردا بوو، و دوای سیاسەتی فراوانخوازی کۆمۆنیزمی ئەم یەکێتییە بەرەو جیهانی بەربڵاوتر، سۆشیالیستەکان ناچار بوون یان لایەنگیری سۆشیالیزمی شۆرشگێڕی روسیا بکەن، یان وەك سۆشیالیزمێکی چاکسازیخواز بمێننەوە. لە دەرئەنجامدا، زۆربەی سۆشیالیستەکان لە ئەوروپا وەك سۆشیالیزمێکی چاکسازیخواز مانەوە. ئەگەرچی بژاردەکە کارێکی دژوار بوو لەبەر ئەوەی، هەردوو حاڵەتەکە دەرئەنجامی خۆیان هەبوو، لەو کاتەوە سۆشیالیزم بۆ ماوەی پتر لە ٥٠ ساڵ لە پاشەکشەدابوو تاوەکو ڕۆژگارێکی نوێی سۆشیالیزم سەریهەڵدا لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردودا کاتێك سۆشیالیستەکانی فەڕەنسا و ئیسپانیا بیروباوەڕی نیو-لیبراڵیزمیان گرتەبەر و جەختیان لەسەر دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی کردەوە لە ڕێی کەناڵە دیموکراتییەکانەوە، لەو روانگەیەشەوە چەمکی سۆشیالیزمی دیموکراتی سەریهەڵدا. کە هێشتا باو و بەربڵاوە و نموونە بە ناوبانگەکەی بریتیە لە پارتی کاری بەریتانی کە بە خۆی دەڵێت پارتی "سۆشیال-دیموکرات". هەرچۆنێك بێت، ئەگەر هاوڕا بیت لەگەڵ سۆشیالیزمدا یان نا، ئەوا سۆشیالیزم سوودی بە جیهان گەیاندووە لە ڕێی جەختکردنەوە لەسەر خۆشگوزەرای کۆمەڵایەتی، دەستەبەرکردنی خوێندنی خوڕایی بۆ هەمووان و یەکسانی ئابووری.

هەرچۆنێك بێت، ئەوە لە شوباتی ساڵی

١٨٤٨دا بوو کە بەڵگەنـامەیەك بڵاوکرایەوە لە ئاسـتۆی جیهـانـدا بە نـاوونیشـــانـی "مانیفیستۆی کۆمۆنیستی" کە کارل مارکس و فریدریك ئینگڵس پێکەوە نووســیبیان- کە دوو فەیلەسوف بوون، مارکس ئابووریناسێکی پڕ لە تین وتاو بوو و ئینگڵسیش فەیلەسوف و بزنسمان بوو-.

**مارکس مشتومڕی ئەوەی کرد، کە ئاسان نییە ئابووری لە سیاسـەت جیا بکەیتەوە، چونکە سیستمی ئابووری پاڵنەری پەیوەندی نێوان تاکەکەس و دەوڵەتە و و هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە بـۆتە بەردی بـنـاغەی هەر سـیســـتمێکی سـیـاســی. لە کـارە بە ناوبانگەکەیدا "سـەرمایەداری" ئاماژەی بەوە کرد کە جیـاوازی نێوان سـەرمـایەداری و سـۆشـیـالیزم بریتیە لە جیـاوازی نێوان چەمکی بەهای راستەقینە و بەهای ئاڵوگۆڕ،** ئەو زیاتر مشتومڕی کرد لەم بارەوە کە بەهای راسـتەقینە پێوەری راستەقینەی کۆششـی کەسێکە وەك کار، لە کاتێکدا بەهای ئاڵوگۆڕ بریتیە لە بەهای راسـتەقینە سـەرباری ئەو زیـادەیەی بەدەســـت دەهێنرێـت لەلایەن سەرمایەدارەوە.

هەروەهـا بیرۆکەی مـارکس بۆ کۆمـۆنـیزم بنیاتنرابوو لەسەر بیرۆکەی کرێی راستەقینە کە تاکەکەس بەدەستی دەهێنێت بە گوێرەی هەوڵ وکۆشـــشـــەکانی و بە بێ ئەوەی هیچ زیادەیەك بخرێتەسـەر هاوکێشـەکە. لەوەش زیاتر، ئەو مشــتومڕی ئەوەی کرد کە کاتێك کار دەبێتە کاڵایەك بۆ ئاڵوگۆڕ، ئەوا دیاردەی "خود-نامۆبوون" دروســت دەکات. هەروەها مـارکس ئەوەش زیـاد دەکـات کە هۆکـاری روودانی خود-نامۆبوون ئەوەیە کە تاکەکەس بۆ مـانەوە نـاچـار بە کـارکردن دەکرێت، بەو پێیە هیچ کـاتێکی نـامێنێـت بۆ خۆی و تەنـانەت بـۆ کـۆمەڵـگەکەی کە تـێـیـدا نیشـــتەجێیە، لەم روانگەیەوە ئەو کەســەی دووچاری خود-نامۆیی بۆتەوە، هان دەدرێت تاوەکو لە دژی سـیســـتمەکە هەڵگەڕێتەوە و بـۆ ئەوەی تـوانـا راســـتەقـینەکـانـی خـۆی بەدەســـت بهێنێت، و تاکەکەسـیش دەبێت "بگەڕێتەوە بۆ خۆی" و ئەمەش بەدەســـت ناهێنرێت ئەگەر سـیســـتمەکە نەگۆڕدرێت، چونکە کۆتایهێنـان بە موڵکداریێتی تـایبەتی، پارە و ململانێ جیاوازییەکی ئەوتۆ ناخوڵقێنن بە بێ گۆڕینی سیـستمی ئابووری بازاڕ و بۆ باری هاوکاری پێشووی پەیوەست بە چالاکی ئابوورییەوە.

لەگەڵ ئەوەشــــدا، کۆمۆنیزم بە فۆرمێکی گونجاوی حوکمڕانی دانەدەنرا تاوەکو لینین

هات و ئایدلۆژیای مارکسی بەرەوپێدا لە ڕێی چەمکی دروستکردنی "پارتێکی سیاسی پێشڕەو"ەوە. بەڵام مارکس گوزارشتی لە قۆناغی جیاوازی کۆمۆنیزم کرد و یەکەم قۆناغیش بریتی بوو لە بارودۆخی ئابووری سەرەتایی هەر وڵاتێك. ئەو ئاماژەی بە سەردەمی ڕاگوزەری کرد، واتە کاتێك سەرمایەداری لەبەریەکهەڵدەوەشێنرێتەوە بۆ ئەوەی سیستمێکی نوێ لە جێی دابنرێت. لەو کاتەدا، ئەو جەختی لەسەر دیکتاتۆرییەتی شۆرشگێری پرۆلیتارییەت کردەوە-کە بە مانای ئەوە دێت لە سەردەمی ڕاگوزەریدا، دەرفەتی سەرهەڵدانی دیکتاتۆرییەت لە ئارادایە، بەڵام ئەمە تەنها بۆ ماوەیەکی کورت دەمێنێتەوە و درێژە ناکێشێت تاوەکو دوا قۆناغ و کۆتا قۆناغی کۆمۆنیزم ڕوودەدات کە بریتیە لە لەئارادانەمانی چینە کۆمەڵایەتییەکان و لە کۆتاییدا لەئارادانەمانی دەوڵەت، چونکە بە بۆچونی ئەو دەوڵەت بەرجەستەی ناکۆکی چینایەتی دەکات. هەرچۆنێك بێت، **لینینیزم زیاتر جەختی لەسەر سەردەمی ڕاگوزەری کردەوە و مشتومڕی ئەوەی کرد کە پارتی پێشڕەو یان "پارتی کۆمۆنیستی ڕوسی-بۆلشەفیك" بەرپرسە لە دروستکردنی تێکڕای کۆمەڵگە، کارێك کە هاشێوەی "یەك ئۆفیس-یەك کارگە" بێت.**

لینین پشتیوانی لە ئایدیۆلۆژیای مارکسی کرد، ئەویش بە پێشنیارکردنی بونیادێکی سیاسی کە پێویستی بە هێنانەدی سیستمێکی سۆشیالی ڕاستەقینە یان کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیزمی هەیە. بەڵام بە داخەوە ئەو لە ساڵی ١٩٢٤دا مرد لە دوای دروستبوونی یەکێتی سۆڤییەتەوە لە ساڵی ١٩٢٢، ئەمەش دەرفەتی بە ستالین دا بۆ ئەوەی جڵەو بگرێتەدەست. و لەبری برەودان بە دۆزەکەی لینین، ستالین سەرقاڵی خود-سەرکێشی و بەکارهێنانی کۆمۆنیزم بوو وەك ئامرازێك بۆ زیادکردنی دەسەڵاتی خۆی لە دەوڵەتانی ئەوروپادا. یەکێك لە سەرکردە بە حەماسەکان بریتی بوو لە ماو زیدۆنگ لە چین، کە ڕەهەندێکی نوێی بە مارکسیزم بەخشی لە ڕێی ئەو چەمکەی هێنایەئاراوە کە بریتیە لەوەی کە دەوڵەت بەرپرسە لە هەر کار و کردەوەیەکی تاکەکەسەکان کە لەسەر خاکەکەیدا دەژین و ئەو ستراتیژیەتێکی نوێ شەڕی هێنایەئاراوە  کە لە چین و ڤێتنام بەکار هێنرا بە ناوی "ستراتیژی شەڕی گەریلایی" تاوەکو سیستمی ئەوسای چین بگۆڕێت بە سیستمێکی نوێی کۆمۆنیزمی.

هەرچۆنێك بێت، جیاوازی بەرچاو هەبوون لە نێوان ماو و لینیندا، بەڵام هەردوکیان هەوڵیاندا خەونی کۆمۆنیزم لە ڕێی ڕێکخستنێکی سیاسیەوە بەدی بهێنن.
ئەو ئایدیۆلۆژیایەی هەندێ لە چەمکەکانی کۆمۆنیستی بەکارهێنا و دووبارە باو و بڵاو بۆتەوە لە ئێستادا پێی دەووترێت "فاشیزم". ئەمە ووشەیەکە کە لە زمانی ئیتالیەوە وەرگیراوە و بە زۆری لە نیوەی یەکەمی سەدەی ٢٠دا بەکارهات، بەڵام تا ئێستاش پەیوەندیدارە بە دیالێکتیکی سیاسەتی جیهانەوە. ئەگەر لە رووی ئەرکەوە لە ئایدیۆلۆژیای فاشیستی بڕوانین، ئەوا بگەڕێنرێتەوە بۆ شەڕی ناوخۆیی ئەمەریکا لە کۆتایی ساڵانەی شەستەکانی سەدەی حەڤدەدا. هەرچۆنێك بێت، دووبارە ئەم ئایدیۆلۆژیایە لە سەرەتای سەدەی ٢٠دا سەریهەڵدایەوە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و وەك ئایدیۆلۆژیاییەکی باو درێژەی کێشا تاوەکو جەنگی دووەمی جیهانیـ کاتێك هیتلەر و مۆسۆلۆنی دەسەڵاتیان گرتەدەست لە ئەڵمانیا و ئیتاڵیادا. ئەمە ئایدیۆلۆژیاییەکە کە ئاماژە بە سیستمێکی سیاسی دەکات کە تێیدا تاکەکەسەکان لە ڕێی ناسنامە مێژوویی و کەلتورییەکانەوە لێیان دەڕوانرێت نەك لە ڕێی ناسنامەیەکەوە کە پێشتر و لەلایەن دەوڵەتەوە بەسەریاندا سەپێنرا بێت. واتە ئایدیۆلۆژیاییەکە کە برەو دەدات بە ناسنامەیەکی ئیتنی و مشتومڕی ئەوە دەکات کە هەندێ لە ڕەچەڵەکە ئیتنییەکان لە رووی مێژوییەوە بەهادارترن لەوانی دیکە و لەم روانگەیەوە ئەوان باڵاترن (بۆ نموونە لە رووی هزری، بونیادی جەستەیی و لە رووی مۆراڵیەوە). بەو پێیە، ئەم فەلسەفەیە باوەڕی بە باڵادەستی ئازادی تاکەکەسی نییە(بۆ نموونە لیبراڵیزم) و ڕێکخستنی سۆشیالیستی (بۆ نموونە کۆمۆنیزم) بەڵام، باوەڕی بە تاکە جڤاتێك یان باڵادەستی ئیتنی هەیە و جەخت دەکاتەوە لەسەر شەڕی بەردەوامی تاکەکەس لە پێناو درێژەدان بەم باڵادەستییە. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە بەربڵاوی فاشیزم لە ڕێی ستراتیژیەتی جەمسەرگیری گشتگیرەوە، بێ هاوکاری هاوبەشە موحافیزکارەکانی شانۆی سیاسی جیهانی داگیر ناکات، و لە هەندێ حاڵەتدا فاشیزم پەرەی پێدەدرێت لە ڕێی سیاسەتی موحافیزکارییەوە.
هەندێ لە نووسەران مشتومڕی ئەوە دەکەن کە لیبراڵیزم یەکێکە لە کۆنترین فەلسەفەکان، و لە رووی کردارییەوە دووبارە

سەریهەڵدایەوە لە سەدەی ١٩ و ٢٠دا وەك "لیبراڵیزمی هاوچەرخ" و دوای هەموارکردنەوەی هەندێ لە چەمکە بنەڕەتییەکانی. نووسەرانی دیکەی وەك تیمۆسی ستانتۆن پێیان وایە تۆماس هۆبز یان جۆن لۆك باوکانی دامەزرێنەری لیبراڵیزمی هاوچەرخن کە گوزارشتیان لە تیورەکە کرد لە سەدەی ١٧ەدا. لەوەش زیاتر، بە زۆری لیبراڵیزم لە نێو دیموکراسیدا جێی دەکرێتەوە، ئەگەرچی ئەوە بە دیاریکراوی لە سەدەی ١٩ەدا بوو کاتێك هەندێ لە توێژەران هەوڵیاندا هەردوو چەمکەکە، لیبراڵیزم و دیموکراسی، پێکەوە تێکەڵ بکەن. بەڵام جودیس شکلار مشتومڕی ئەوەی کرد کە ئامانجی سەرەکی لیبراڵیزم بریتیە لە دەستەبەرکردنی کەشێکی یاسایی کە تێیدا ئەوپەڕی ئازادی تاکەکەسی دەستەبەر بکرێت لە پێناو بەدەستهێنانی دەستکەوتە دارایی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. هەرچۆنێك بێت، ئەمە ئەو بیرۆکەیە بوو کە قسە و باسی زۆری لەبارەوە کرا و لەبەرچاوگیرا لە رۆژگاری رۆشنگەریدا و وەك ئایدیۆلۆژیاییەکی سەرەکی رۆڵی دەبینی و بووە بنەمای چەمکگەرایی ئایدیۆلۆژیاکانی ٢٠٠ساڵی رابردو وەك سۆشیالیزم، کۆمۆنیزم و فاشیزم.

لیبراڵیزم بیروباوەڕێکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تاکەکەسەکان سەربەخۆن لە راڤەکردنیان بۆ جیهانی دەروبەریان و لە هێنانەدی خواستەکانیان و ئەوان وەك تاکەکەسێك ئەم مافانەیان هەیە.

**بەڵام لیبراڵیزم جیاوازە لە سۆشیالیزم یان کۆمۆنیزم کە لە راستیدا پێیان وایە تاکەکەس قەوارەیەکی کۆمەڵایەتییە و ئازادییش دیاردەیەکە لە روی کۆمەڵایەتییەوە گەڵاڵەبووە.** لیبراڵیزم ماف بە تاکەکەسەکان رەوا دەبینێت و بە کەسێکی سەربەخۆی دادەنێت کە دەتوانێت بێ کاریگەری دەرەکی بڕیارەکانی خۆی بدات، هەرچۆنێك بێت سۆشیالیزم هەمان ماف بە رەوا دەبینێت بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە کردارەکانی تاکەکەس دەکەونە ژێرباری هەلومەرجەکەیەوە. پێناسەیەکی دیکەی کە کانت کردویەتی و تێیدا مشتومڕی ئەوە دەکات کە هەر کۆمەڵگەیەکی لیبراڵی سێ خەسڵەتی هەیە، یەکەمیان " ئازادی بۆ سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵگە" و دووەم " یاسایەکی هاوبەش" و سێیەم " سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵگە یەکسانن لەبەردەم یاسادا، واتە

هەبوونی یەکسانی یاسایی". هەرچۆنێك بێت، هەندێ لە نووسەران لە ٣٠٠ ساڵی رابردودا چەمکگەراییان کردووە لەبارەی چەمکی لیبراڵیزم و دیارترینیان بریتین لە تۆماس هۆبز، جۆن لۆك، فریدریك ڤۆن هایك، میلتۆن فریدمان، جۆن راولز، جۆن ماینارد کینەس، هارۆلد لاسکی، جۆرج هۆلاند سابین، جۆن ستیوارت میل و ئیمانوێل کانت. لەبەر ئەوەی ئەم توێژینەوەیە جەخت لەسەر ئایندە دەکاتەوە ئەوا تەنها تیشك دەخاتەسەر چەند پێناسە و چەمکێك کە لەلایەن نووسەرانی سەرەوە گفتوگۆیان لەبارەوە کراوە. تۆماس هۆبز یەکەم کەس بوو باسی مافی سروشتی بکات کە بە مرۆڤەکان بەخشراوە لەسەر بنەمای ئەوەی مرۆڤن، مرۆڤەکانیش ئازادن بژاردەی هۆشیارانە بگرنەبەر لەبارەی ژیانیانەوە، بەو پێیە چەمکی ئازادی تاکەکەسی سەریهەڵدا. جۆن لۆك لە رێی دوو کاری پڕە لە دەلالەتەوە بە ناوونیشان نامەیەك لەبارەی لێبوردەییەوە و دوو ووتار لەبارەی حکومەتەوە پشتیوانی لە چەمکی سەرمایەداری کرد لە رێی جەختکردنەوە لەسەر مافی موڵکدارێتی تایبەتی و گرێبەستی کۆمەڵایەتی.

**لە بنەڕەتدا لیبراڵیزم لەسەر بنەمای بیرۆکە سەرەکییەکانی ئازادی دامەزرێنرا، کە بریتین لە تاکەکەس وەك بڕیاردەری باڵا، یەکسانی و فرەیی. لە راستیدا پەرەسەندنی چەمکی لیبراڵیزم سێ قوناغی بە خۆوە بینی، لیبراڵیزمی کلاسیکی، لیبراڵیزمی نوێ و لە ئێستاشدا نیو-لیبراڵیزم.** جۆن لۆك پشتیوانی لیبراڵیزمی کلاسیکی بوو و مشتومڕی ئەوەی کرد کە پێویستە دەوڵەت میکانیزمێك دەستەبەر بکات کە لە سایەیدا ئەوپەڕی ئازادی تاکەکەسی و بژاردەی عەقڵانی دەستەبەر بکرێت لەگەڵ یەکسانی بۆ سەرجەم ئەندامانی دەوڵەتەکە. هارۆلد لاسکی و جۆرج سابین شوێنپێهەڵگرەوەی لۆك بوون، بەو پێیە لاسکی مشتومڕی ئەوەی کرد کە ئازادی ئەرکێکی حکومەتە لە کۆمەڵگەی لیبراڵدا و پێکهاتنی حکومەت دەرەئەنجامی راستەوخۆی رەزامەندی نێوان حوکمڕان و حومڕانیکراوە. و لە راستیدا بریتیە لە حوکمڕانیکردن لە رێی رەزامەندییەوە. بەڵام سابین مشتومڕی ئەوەی کرد کە خۆویستی حاڵەتێکی باڵایە لە کۆمەڵگەی لیبراڵیدا، لەم روانگەیەوە لۆك پێی وابوو مافەکانی تاکەکەس بەهایەکی باڵاتریان هەیە و پێویستە دەوڵەت خۆی بە

دوور بگرێت لە دەستێوەردان لە کاروبارەکانی پەیوەست بە موڵکدارێتی تایبەتی و ئازادی تاکەکەسی. هەرچۆنێك بێت، ڕەخنەگرانی لیبراڵیزمی کلاسیکی مشتومڕی ئەوەیان کرد کە لیبراڵیزم پەرە بە ئازادییەکی نەرێنی دەدات نەك ئازادییەکی ئەرێنی. لەم سۆنگەیەوە، تۆماس هیڵ گرین و لیۆنارد هۆبهاوس باسیان لەو بیرۆکەیە کرد کرد کە خۆویستی بێ کۆت و بەند و برەودان بە سەرمایەداری دەبنەهۆی زیادبوونی هەژاری و دابەشکردنی نایەکسانی سەروەت و سامان لە کۆمەڵگەدا، بەو پێیە پێویستە دەوڵەت دەستێوەردان بکات و برەو بە ئازادی ئەرێنی بدات لە ڕێی سەپاندنی باج بەسەر دەوڵەمەند و دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی بۆ هەژاران و ئەنجامدانی وەبەرهێنان لە خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا. ئەوە ئەو ڕۆژگارە بوو کە چەمکی کۆمەڵگەی خۆشگوزەران سەریهەڵدا، و بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا بەریتانیا دەستی دایە پرۆگرامی خۆشگوزەرانی حکومی بۆ هاوڵاتییەکانی.

لە ڕاستیدا دوایین فۆرمی لیبراڵیزم کە پێی دەووترێت "نیولیبراڵیزم" **پێگەیەکی مامناوەندی هەیە لە نێوان لیبراڵیزمی کلاسیکی و لیبراڵیزمی نوێدا. لیبراڵیزمی کلاسیکی دەستێوەردانی دەوڵەتی ڕەتدەکردەوە و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت لە کەمترین ئاستدا بێت.** لیبراڵیزمی نوێ مشتومڕی ئەوە دەکات کە دەبێت دەوڵەت ئەوەندەی دەتوانێ خۆشگوزەرانی دەستەبەر بکات و بە گوێرەی پێویست نەبێت دەستێوەردان لە پرۆسەی سەرمایەداریدا نەکات. لەم ڕوانگەیەوە، لە ئێستادا ئەرکی سەرەکی دەوڵەت بریتیە لە ڕێکخستنی ئابووری لە ڕویی دارشتنی سیاسەتی نەختینەیی و داراییەوە، نەك بەڕێوەبردنی ئابووری لە ڕێی ئیدارەدانی خواستەوە ــ هەروەك ئەوەی لە سالانی چلەکانی سەدەی رابردودا کینز بانگەشەی بۆ دەکرد. کەواتە، سەرجەم کۆمەڵگەکانی جیهان لە ئێستادا باوەڕە سەرەکییەکانی لیبراڵیزم قبوڵ دەکەن، وەك چەمکی ڕەزامەندی لە نێوان حکومڕان و حوکمڕانیکراودا، تاکەکەس وەك بڕیاردەرەی باڵا، فرەیی، لێبوردەیی، و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە ڕێی دیالۆگەوە نەك لە ڕێی پەنابردن بۆ هێزەوە. هەرچۆنێك بێت، ئەو ئایدیۆلۆژیایانەی لەسەرەوە گفتوگۆیان لەبارەوە کرا، سەرجەمیان گونجاو بوون بۆ

سەدەکانی رابردو بەهۆی پەیوەندیدارییان بە هەلومەرجی ئەو کاتەوە کە تێیدا سەریانهەڵدا و گەشەیان کرد. بەڵام، هەموویان لە ئێستادا رۆژگاریان بەسەرچووە یاخود لە سەروبەندی ئەوەدان ببنە ئایدیۆلۆژیای ناپەیوەندیدار بەهۆی هاتنە ئارای تەحەددی نوێوە لە ئەنجامی پێشکەوتنەی تەکنەلۆژییەکانی ئەم دواییە و رەوتی خێرایی بە جیهانی بوونەوە. لەم روانگەیەوە، ئەو ئایدیۆلۆژیایەی دواتر ئاماژەی پێدەکەین رەنگدانەوەی بارودۆخی ئێستایە لە پێناو پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی بەهۆی پەرەسەندنەکانی سەدەی ٢١ەوە دروست بووە.

شیلیزم (کە لە زمانی هەنگارییەوە وەرگیراوە) بە شێوەیەك لە شێوەکان و وەك یەك لە لیبراڵیزم و سۆشیالیزمەوە وەرگیراوە، و لەم روانگەیەوە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئازادی تاکەکەس و هەروەها لەسەر رۆڵی دەوڵەت وەك دوا پارێزەر و بایەخدەر بەو هاوڵاتییانەی لە نێو خاکەکەیدا دەژین. بیرۆکەی بنەڕەتی ئەم باوەڕە بریتیە لە عەقڵانیەت و هەڵسەنگاندنی بابەتیانە بۆ خەڵك، هەروەها ئەو پرس و روداوانەی روودەدەن، نەك گرتنەبەری کاردانەوە لەسەر بنەمای هەستی سۆزدارانە یان ویژدانی کەسەکە. هەروەها پابەندە بە بەهاکانی ئازادی ئەرێنی (بە گوێرەی یاساکان)، دادپەروەری بۆ هەمووان، یەکسانی ئابووری و سیاسی (بە گوێرەی کارامەییەکانی کەسەکە)، دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ هەژاران، تاکگەرایی و جەخت کردنەوە لەسەر بیرکردنەوەی جیهانی لەبری بیرکردنەوەی نەتەوایەتی.

کەواتە ئەو فەلسەفەیەیە کە جەخت دەکاتەوە لەسەر دروستکردنی سیستمێکی سیاسی نوێ کە تێیدا سەرکردەکان لە هەر ئاستێکدا بن، ئاستی رێکخراوەیی، خوار-نەتەوەیی، یان نەتەوەیی دەبێت لەسەر بنەمای بژاردەیەکی عەقڵانی و پێدانی یەکسانی سیاسی بە تاکەکەسەکان بە گوێرەی تێگەیشتنی بابەتیانەیان و مەعریفەیان بو پرسانەی روودەدەن لەسەر ئاستی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی، هەڵبژێردرێن.

شیلیزم- بە مانای ئەوە دێت کە مافی تاکەکەس بۆ دەنگدان دەبێت لەسەر بنەمای ئاستی خوێندەواری، ئەزمون و ئاشنایەتی بە هەلومەرجی دەوروبەری بێت ئیدی نەتەوەیی بێن یان جیهانی. ئەم فەلسەفەیە ئەوە دیاری دەکات کە تاکەکەسەکان یەکسانن لە رووی لەدایکبوونەوە بەڵام جیاوازی لە نێوانیاندا

دروســـت دەبێـت بەهـۆی ئەو تـوانـایەی بەدەستی دەهێنن بۆ ئەوەی ئەدای بکەن لە جیهاندا. لەم سـۆنگەیەوە، دەبێت هەموویان مافی سیاسییان پێبدرێت بە گوێرەی توانای بەشداریکردنیان لە سیستمە سیاسیەکەدا. هەروەها مشتومڕی زیاتر دەکات لەم بارەیەوە و پێی وایە ئەو شـێوازی دامەزرانـدنەی لە کۆمپانیـاکـانـدا پیادە دەکرێت کە لەســەر بنەمای شایستەبوونە، باشترین نموونەی ئەم ســیســـتمەیە و لە ئێســـتادا بە رادەیەکی ســەرەکـی ســـەرکەوتـنەکەی بەنـدە بە بەشـداریکردنی سـەرچاوە مرۆییەکەی و ئەو کەسانەش هەڵدەسەنگێنرێن لەسەر بنەمای کارامەیی و بەهرەکانیان نەك تەنها لەســەر بنەمـای ئەوەی مرۆڤێکی پێگەیشـــتوون. بیرۆکەی ســـەرەکی ئایدیۆلۆژیاکە بریتیە لە قابیلیەتی هزری و توانای تاکەکەسـەکە نەك ویژدان یان هەستی خۆڕسکی کەسەکە.

## ٣. ئینتەلێکتۆکراسی چییە؟

لە راستیدا ئینتەلێکتۆکراسـی سیسـتمێکی ســیاســی نویٚ نییە، بەڵکو بە جۆرێك لە جۆرەکان شــەرابێکی نوێیە لە هەمان بوتڵی دیموکراسیدا. مانای زمانەوانی دیموکراسـی بـریـتـیە لە "فـۆرمـێـکـی حـکـومـەتـە لەلایەن خەڵکەوە یان حوکمڕانییە لەلایەن خەڵکەوە،" بە هەمان شـێوە ئینتەلێکتۆکراسـی پێناسـە دەکـرێـت وەك "فـۆرمـێـکـی حـکـومـەت کە بەڕێوەدەبردرێت لەلایەن کەســانی ژیر یان بەرهەمدار، ئەویش نەك بە یەکسانی لەلایەن ســەرجەم ئەو هـاوڵاتییـانەی کە ئەهلیەتی دەنگدانیان هەیە و لە خاکە دیاریکراوەکەدا دەژین." و بنیـاتنراوە لەســەر فەلســەفەی شیلیزم. واتە جۆرێکە لە حکومەت و لە لایەن ئەو کەســـانەوە بەڕێـوەدەبـردرێـت کە لەو تەحەددیانە تێدەگەن کە سەرچاوەیان گرتووە لە هەلومەرجە نەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکەوە و وەك پێویسـت توانای هزری، رۆشـنبیری و جەســـتەییـان هەیە بۆ ئەوەی هەنـدێ لەو تەحەددیـانە، ئەگەر نەڵـێـن هەمـوویـان، چـارەســـەر بکەن. بە دەربـڕینـێـکـی دیکە جۆرێکە لە حکومەت کە تێیدا سیاسییەکان هەڵدەبژێردرێن نەك لەســەر بنەمای توانا و کـارامەیی قســەکردن و پروپـاگەنـدەکردن، بەڵکو لەســەر بنەمای رۆشــنبیری، ژیری و تـوانـای شـــەخســیـان و قـابیلیەتییـان بۆ چـارەسـەرکـردنـی کـێـشـە گـشـتـی و جیهانییەکانی ئێســتا. هەرچۆنێك بێت، لە بنەڕەتدا دوو جۆر سیستمی دیموکراسـی لە

ئارادايە كە بە شێوەيەكی سەرەكی لەلايەن دەوڵەتانی ئێستاوە بەكار دەهێنرێن بۆ هەڵبژاردنی سەركردەكانيان، ديموكراسييەتی پەرلەمانی و ديموكراسييەتی سەرۆكايەتی، هەردووكيان سێ ئەركی سەرەكی بۆ دەوڵەت لە خۆدەگرن: جێبەجێكردن، ياسادانان، و دادوەری. يەكەم دوو ئەرك، جێبەجێكردن و ياسادانان، لەلايەن سياسييەكانەوە ئەدا دەكرێن لە رێی رێككارە سياسی و بيرۆكراتييەكانەوە بەڵام كێشەكە ئەوەيە كە دامەزراندنيان لەسەر بنەمای ژيری خۆڕسك، ئەزمونی رابردو و تێگەيشتنێكی لەرادەبەدەری تەحەددديەكانی بەردەم دەوڵەت نييە، بەڵكو لەسەر بنەمای دەنگدانی زۆرينەيە. دەكرێت ئەمە وەك ديكتاتۆرييەتی زۆرينە لێكبدرێتەوە هەروەك ئەلێكسی تۆكڤيل ئاماژەی پێدەكات كە كاتێك دەنگی زۆرينە كۆدەكرێتەوە بۆ ئەوەی بڕيارێك بدرێت بۆ هەمووان، لە نێويياندا زۆرينە. دەنگدانی زۆرينە پرۆسەی كۆكردنەوەی رای زۆرينەيە نەك تێگەيشتنی زۆرينە لە ئەو تەحەددياتانەی لە ئێستادا روبەڕوی دەوڵەت بوونەتەوە.
ئەمەش وا دەكات ئينەلێكتۆكراسی جياواز بێت لە ديموكراسی، لەبەر ئەوەی جەخت دەكاتەوە لەسەر ئەوەی پێويستە مافی دەنگدانی يەكسان نەبێت بۆ سەرجەم هاوڵاتييانی دەوڵەتەكە و پێويستە دەنگدانەكەش هەڵبسەنگێنرێت هەروەك جۆن ستوارت ميڵ لە ساڵی ١٩٧٦دا مشتومڕی لەبارەوە كرد، كاتێك ئاماژەی بەوە كرد كە دەبێت كەسانی خوێندەوار و ئەوانەی لە رويی پيشەييەوە كارامەن دەنگی زياتريان هەبێت لە نێو سيستمە سياسيەكەدا. بەڵام كێشەكە لەگەڵ رێككارەكەی ميڵدا ئەوەيە كە تەحەددديەك دروست دەكات بۆ بيرۆكە بنەڕەتييەكەی ديموكراسی و تاكەكەس وەك كەسێكی عەقڵانی. هەروەها بەرهەڵستييە بۆ دەسەڵاتی ئەوانەی باوەڕيان بە تيورەكانی ليبراڵ-ديموكراسی و سيستمی بازاڕی ئازاد هەيە. ئەم كێشەيە بەهۆی تيوری ئينتەلێكتۆكراسييەوە چارەسەر دەكرێت لە رێی جەختكردنەوە لەسەر ئەوەی سەركردە سياسييەكان لە رێی پرۆسەيەكی سياسييەوە بەرهەم بهێنرێن كە لايەن قەوارە سياسييەكانەوە يان بە سادەيی لايەن پارتەكانەوە ئەنجام بدرێت.
ئيدی ئەو پارتانە باوەڕيان بە تيورەكانی ليبراڵ ديموكراسی جۆن ستوارت ميڵ، جۆن

لۆك، جیـۆڤـانـی سـارتـۆری، کـرۆفـۆرد ماکفێرسـۆن بێت یان بە فرەیی کلاسـیکی جۆزێف شـومپیتەر، پێویسـتە ئەوەیـان لەبەرچاو بێت کە دەبێت شـان بە شـانی دیموکراسی سیستمێکی ژیرانە لەئارادا بێت بۆ ئەوەی دەستنیشانی سەرکردەکانی ئایندە بکـات هەروەك ئەوەی ئەمە حـاڵەتەکەیە لە دیـمـوکـراسـیـیـەتـی پەرلەمـانـی یـان سەرۆکایەتیدا. پێویستە سیستمی ناوخۆیی پـارتەکـان ئـاسـتی خوێندەواری، ئەزمون و کـاری کۆمەڵایەتی کـاندیدەکـان لەبەرچاو بگرێت (نەك تەنها ژیانی سـیاسـی و پێگە سیاسیەکەی کاندیدەکە)، و لێرەوە و لەسەر بنەمای جۆری کەسایەتییەکەی هەڵیبژێرێت بۆ هەر ململانێیەکی دیـاریکراو لە رێـی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاوە، کە دواتر پرۆسـە دیـمـوکـراتـیـیـەکە جـڵەوی خـۆی دەگرێتەدەست. دواتر، و هەر کاتێك پرۆسە دیموکراتییەکە گەیشـتە لوتکە لە نێو پـارتە سـیاسـییەکاندا، ئەوا پێویسـتە بهێنرێتە نێو بواری سیاسـەتە نەتەوەییەکەشـەوە. ئەمەش بە مـانـای ئەوە دێت کـاتێك سـەرکردەکـان لەلایەن زۆریـنـەی ئەو کەسـانەوە هەڵدەبژێردرێن کە لە نێو سـیاسـەتەدا کار دەکەن، ئەوا دەبێت دەسـتنیشـان بکرێت بۆ ئەداکـردنـی ئەرکەکەی لەسـەر ئـاسـتـی نەتەوەیی و خوار نەتەوەیی.

وولیەم ریکەر مشـتـومڕی ئەوەی کرد کە دەنگدان رێگایەك نییە بۆ کۆکردنەوەی رای دەنـگـدەران بەڵـکـو رێـگـایەکە بـۆ دوورخستنەوەی ئەو سەرکردانەی ئەداکەیان لە ئاسـتی چاوەڕوانیدا نەبووە. هەرچۆنێك بێت، حاڵەتەکە ئەوە نییە کە دەنگدان تەنها بووبێتە رێگایەك بۆ برەودان بە بەرژەوەندییە شـەخسـیـیەکـان بە بـێ ئەوەی هـیـچ دەرئەنجامێکی باشی لێبکەوێتەوە بۆ خەڵکی بە گشـتی، یان تەنها بووبێتە ئامرازێك بۆ پیشاندانی رایەکی سۆزدارانەی تاکەکەسێك.

لێرەوە، ئینتەلێکتۆکراسـی جەخت دەکاتەوە لەسـەر کێشـەی بنەڕەتی دیموکراسـی کە بریتیە لە رێککاری دەنگدان کە تێیدا مافی دەنگدانی یەکسـان بە سـەرجەم هاوڵاتیانی وڵاتەکە دەدرێت. رەوا نییە مافی دەنگدانی یەکسـان بدرێت بە هەر تاکەکەسـێکی نێو وڵاتێـك چونکە ئەمە هـاوشـێوەی پێدانی هەمان ئەندازەی گرنگیدانە بە کەسـەی بە زۆرەملێ کاری پێدەکرێتو بە سـەرۆکی هەر دەوڵەتێك.

لەبەر ئەوە، ئینتەلێکتۆکراسی هاوڕایە لەگەڵ بیرۆکەکەی جۆن ستوارت میڵ لەبارەی مافی هەڵسـەنگێنراوی دەنگدانەوە کـاتێـك هەر دەنگدانێك هەڵدەسـەنگێنرێت بە گوێرەی

بەشداربوونی کەسەکە لە کۆمەڵگەدا لە ڕێی خوێندن، چالاکییە پیشەوەرییەکان یان چـالاکـیـیەکـانـی پەیـوەسـت بە خـۆشـگـوزەرانـیـیەوە. لەگەڵ ئەوەشـدا ئینتەلێکتۆکراسی دژی مافەکانی تاکەکەس یان دژی هەڵوێسـتی لیبراڵ دیموکراتی لە ئاسـت تـاکگەراییـدا نییە و بـاوەڕی بە جیاکاریکردن نییە لە نێوان دوو مرۆڤدا، کە یەکێك بە باڵاتر دابنێت لە ئاسـت ئەوی دیـکەدا، بەڵـکـو تەنـهـا جەخـت لەسـەر جـیـاوازیـکـردن دەکـاتەوە لە نـێـوان ئەو کەسـانەی ئەوپەڕی توانـای خۆیـان بەدی هێناوە و ئەوانەی بەدییان نەهێناوە.

هەروەهـا جەخـت دەکـاتەوە لەسـەر ئاڵۆزییەکانی کاروبارەکانی جیهانەوە بەهۆی هـاتنە ئارای جیهـانگەرایی و پێشـکەوتنە تەکنەلۆژییە خێراکان. لە ئێستادا ئەوە روونە کە دەبێت سـەرکردەکانی جیهان کەسـانێك بن کە توانایەکی لە رادەبەدەریان هەبێت بۆ ئەوەی پێکەوە کێشـەکان چارەسـەر بکەن، لەبری ئەوەی هەوڵ بدەن بە هەر یەکەیان بۆ خۆی چارەسـەریان بکات. ئەمەش ئاماژەیە بەوەی دەبێت سەرکردە سیاسیەکان- ئیدی لە هەر ئاسـتەکانی خوارەوەدا یان لە ئاسـتە بـاڵاکـانـدا- لە ڕێی پرۆسـەیەکی تونـدی دەسـتـنـیشـانـکردن و دەنـگـدانـی هەڵسـەنگێنراودا هەڵبژێردرێن، نەك لە ڕێی دەنـگـدانـی زۆریـنە، هەروەك ئەوەی حاڵەتەکەیە لە دیموکراسیەتی سادەدا.

نابێت مافی دەنگدانی هەڵسـەنگێنراو بە زیـاتـر لە ٢٠%ی دەنـگـدەرانـی نـێـو دانیشـتوانەکە بـدرێـت و و دەبێـت هەر دەنگێك بەلای کەمەوە ١ جار و ئەوپەڕی ٣ جار بەکار بهێنرێت. تەکنەلۆژیا دەتوانێت هاوکار بێت بۆ برەودان بە سـیسـتمێك کە تێیدا مـافی دەنگدان دەسـتەبەر بکرێت بەڵام، ئەگەر تێکڕای ڕێژەی بەشـداربووان لە ٦٠% بوو، ئەو کـاتە دەبێـت تێکڕای ڕێژە هەڵسـەنگێنراوەکە کەم بکرێتەوە بۆ ئەوەی شـەرعیەت بە ڕێککاری هەڵبژاردن بدرێت. ئینتەلێکتۆکراسـی ئەو سیسـتمەیە کە دڵنیا دەبـێـتەوە لەوەی هەر تـاکەکەسـێـك لە کـۆمەڵـگەدا مـافـی دەنـگـدانـی هەیە بـۆ هەڵبژاردنی سـەرکردەکانیان- ئیدی لە هەر ئاستێکی خوارەوە یان باڵادا بێت-، بەڵام ئەم دەنـگـدانە دەبـێـت بە گـوێـرەی تـوانـای راسـتەقینەیـان بێـت. ئینتەلێکتۆکراسـی فـۆرمـێـکـی نـوێـنەرایەتـی حـکـومەتـی پـێ پەسەندە، ئیدی هاوشێوەی دیموکراسییەتی دەسـتوری بێت یان سروشـتێکی دیکەی هەبێت (هەروەك لە نموونە بە ناوبانگەکەی دیموکراسییەتی بەریتانیادا بەدی دەکرێت).

هەروەها پابەندە بە هەمان پرەنسیپەکانی ئازادی تاکەکەسی، ئاسایش و خۆشگوزەرانی گشتی کە لەلایەن دیموکراسییەوە دەچەسپێنرێن، بەڵام پتر جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەو رێککارانەی بەکار دەهێنرێن بۆ هەڵبژاردنی سەرکردە سیاسییەکان لەسەر هەر ئاستێك، و لەسەر سیستمی دەنگدانی زۆرینە لە پێناو پێداچوونەوە بە سیستمە سیاسیەکەی ئێستادا بە چەشنێك کە لە ئاست تەحەددییەکانی سەدەی ٢١دا بێت و رێگری لە دەسەڵاتخوازی یان فاشیزم بکات. ئینتەلێکتۆکراسی مشتومڕ دەکات بۆ بەرژەوەندی فیدراڵیزمێکی بەهێز و سیستمێکی چاودێری عەقڵانی و لێپرسینەوە بۆ ئەوەی سیستمێکی سەقامگیری حکومەت لە ئایندەدا فەراهەم بکرێت.

## ٤. بۆچی ئینتەلێکتۆکراسی پێویستە؟

ئەوە راستیەکی چەسپیوە کە کۆمەڵگە پێویستی بە سەرکردەی باش هەیە، ئیدی لە بواری سیاسەتدا بێت، یان بزنس، تەکنەلۆژیا یان هەر بوارێکی دیکە لە جیهاندا. بە زۆری سەرکردەکانی ئەم بوارانە بڕیار لە ئێستا و ئایندەی بوارەکەی خۆیان دەدەن و باشترین و بەرچاوترین نموونەکانیش کە دەکرێت بێهێنرێتەوە بریتین لە ئەبراهام لینکۆڵن لە سەدەی ١٩، وودرۆ ویڵسۆن لە سەدەی ٢٠، هێنری فۆرد لە سەدەی ١٩ و ستیف جۆبز لە سەدەی ٢١. بە شێوەیەکی سەرەکی سەرکردایەتی بەندە بە دوو فاکتەرەوە: کەسایەتی و هەلومەرجەکە، هەروەها ئەم دوو فاکتەرە سروشت و جۆری شێوازی سەرکردایەتی دیاری دەکەن. بەو پێیە، جۆرە تەقلیدییە، عەقڵانی و کاریزماییەکانی سەرکردایەتی هەروەك ماکس ڤیبەر ئاماژەیان پێدەکات لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیاوازدا دەردەکەون. هەرچۆنیك بێت، وولیەم بیکەر مشتومڕی ئەوە دەکات کە جیهان پێویستی بە سەرکردەی رۆشنگەرە، ئەو سەرکردانەی کە لە کێشە نەتەوەیی و جیهانییەکان تێدەگەن و توانای پێویستیان هەیە بۆ چارەسەرکردنیان بەهۆی کارامەیی و دیدگا و بیرۆکە داهێنانکارییەکانیانەوە. بەم دواییە میشا هێلدبراند مشتومڕی ئەوەی کرد کە دیموکراسی فۆرمێکی گونجاوی حکومەت نییە لە سەدەی ٢١دا لەبەر ئەوەی، میکانیزمێکی نییە بۆ هەڵبژاردنی خەڵکی زیرەك بەو چەشنەی میکانیزممان هەیە لە بوارەکانی دیکەدا (بۆ نموونە بیرۆکراسی، دادوەری، هتد). میشا هێلدبراند زیاتر

مشـــتومڕ دەکات و ئاماژەوە بەوە دەکات کە ئاڵۆزییەکـانی بـارودۆخەکە، ئەنتەرنێـت و هەواڵی ســاختە چەند فاکتەرێکی کەمن کە کاریگەریی قووڵیان هەیە لەسـەر میکانیزمی دیموکراســی، ئەمەش وای لێدەکات گونجاو نەبێت بۆ ئەم سەدەیە.

لەوەش زیاتر، دیموکراسی لە سەدەی ٢١دا بە شـێوەیەکی سـەرەکی بەندە بە چوارچێوە دەســـــتـوریـیـەکەوە هەروەك جـۆن راولـز مشـــتومڕی لەبارەوە دەکات، بەڵام کێشـــەکە ئەوەیە کە خودی دەستور، کە چەندین دەیە پێش ئێســـتـا دارێژراوە، نـاتوانرێـت بەکـار بهێنرێن بۆ چارەسـەرکردنی تەحەددییەکانی ئێستا و کێشەکانی ئەم ڕۆژگارە ئەگەر هەموار نەکرێتەوە بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەی تەحەددی و کـێشـــەکـان بـێـت. لەم روانـگەیەوە، ئینتەلێکتۆکراســی پشــتیوانی گۆڕانکـاری ریشەیی دەکات لە چوارچێوە دەستورییەکەدا و لە پێنـاو ڕێگـاخۆشـکردن بۆ هـاوکـاری جیـهـانـی و بڕیـاردانـی بە کـۆمەڵ لە بری بڕیاردان لەسەر ئاستی دەوڵەتێك، ئەویش لە ڕێی دارِشـــتنی دەســتورێکی جیهـانییەوە. ئەلیســاندرۆ فیرارا مشـتومڕی ئەوەی کرد کە دیموکراســی بۆ ســەردەمـانێکی دوورودرێژ مـاوەتەوە بە تـایبەتی بەهۆی ئەوەی توانـای هەبوە بە شــێوەیەکی کـارا وەڵامـدەرەوەی تەحەددییەکانی پەیوەسـت بە بارودۆخەکەوە بێـت (بۆ نموونە، بـارودۆخـی کۆمەڵایەتـی، ئابووری و سیاسی). بەڵام سەدەی ٢١ خۆی لە بـارێـکـدا بـیـنـیـوە کە دژوارە پـێـکـهـاتە جیـاوازەکـانـی بـارودۆخەکە لەگەڵ یەکـدا بگونجێن.

هێلبینـگ ئیـت ئال ئامـاژەی بەوە کرد کە دوای جەنگی دووەمی جیهان، پێشـــکەوتنی تەکنەلۆژی بەرەوی بە بیرۆکەی بە ئامێرکردنی ئابووری و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە کردەوە، بەڵام کێشـــەکە ئەوەبوو کە، وەك پێویســـت میکانیزم لە بەردەسـتدا نەبوو بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. بەم دواییە ئەم بارودۆخە گۆڕانکاری بەســـەردا هاتووە بەهۆی هاتنەئارای زیرەکی دەســـتـکـردەوە، کە نەك تەنـهـا تـوانـای تێگەیشـــتنی داتاکانی هەیە، بەڵکو توانـای ئەوەی هەیە خۆی راڤەی داتاکانیش بکات- کە ئەمە پێشتر کاری مرۆڤەکان بوو دەیانکرد. لەم روانگەیەوە هێلبینـگ ئات ئێـل ئەوەش زیـاد دەکـات کە ئەمە دەبێتەهۆی گۆڕینی سیستمی سیاسی لە ئایندەدا لەبەر ئەوەی ئەگەری ئەوە دێتە ئاراوە کە لە ئاسـتێکی بەربڵاودا گەمە بە بڕیاردانی مرۆییەوە بکرێت، ئەویش لە رێـی بەکـارهـێـنـانـی زیرەکـی دەســتکردەوە، لەم سـۆنگەیەوە پرەنسـیپە بنەڕەتییەکانی دیموکراســی پەیوەســت بە

بیرکردنەوەی لۆژیکی و و هەڵبژاردنی تاکەکەسەوە لە سیستمە سیاسیەکەدا دەکەوێتە ژێر ووردبینییەکی زۆرەوە. ئەوان پتر مشتومڕی ئەوەیان کرد کە لە دیدگای کۆمپیوتەری زیرەکەوە، ئەوا ئێمە هەنگاو بەرەو کۆمەڵگەیەکی زیرەك هەڵدەگرین کە تێیدا تەکنەلۆژیا نەك تەنها کۆنترۆڵی بەشێکی بوونت دەکات بەڵکو تەواوی بوونت کۆنترۆڵ دەکات.

کە زیرەکی دەستکرد و ئەندازەی بایەلۆژیش جەخت لەسەر بەکارهێنانی دوایین تەکنەلۆژیا دەکەنەوە لە پێناو تێگەیشتن یان کۆنترۆڵکردنی هەست و سۆزی مرۆڤ یان دەبنەهۆی لەدایکبوونی ئەو کەسانەی کە لە روی جیناتەوە لە مرۆڤەکانی دیکە باڵاترن. لەم بارودۆخەدا سیستمە دابەشکراوەکەی بڕیاردانی سیاسی، وەك دیموکراسی، لە ژێر گوشارێکی کۆنترۆڵنەکراودا دەبێت و بەو پێیە دەرئەنجامێکی خراپی لێدەکەوێتەوە کە دەکرێت بە ئاسانی هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت لە رێی سەرنجدان لەو کاندیدانەی کە دوایین هەڵبژاردنەکانی دوو گەورەترین دیموکراسییان لە جیهاندا بردەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هیندستان. بە تێڕوانینی من، ئینەلێکتۆکراسی، تەنها بژاردەیەکی بەردەستە بۆ سیستمی سیاسی جیهان لە ئایندەدا، لەبەر ئەوەی سیستمێکی بنیاتنراوە لەسەر بنەمای رۆشنبیری کە تێیدا بڕیارەکان بە شێوەیەکی یەکسانی دەرناکرێن، هەروەها بڕیارەکانیش لەلایەن کەسانەوە نادرێت کە بە ئاسانی بتوانرێت گەمەکارییان پێبکرێت لە رێی هەڵمەتەکانی سۆشیال میدیاوە (بۆ نموونە، ئەوەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هیندستاندا بەدی دەکرێت) یان شێوازەکانی دیکەی یاریکردن بە ئیرادەوە، بەڵکو ئەم سیستمە پێکدێت لە کۆکردنەوەیەکی سیستماتیکی دوو گروپی جیاوازی خاوەن ئەهلیەتی دەنگدان، کە پێکهاتوون لەو دەنگدەرانەی بە ئاسانی دەکەونە ژێر باری گەمەپێکردنەوە و ئەوانەی بە زەحمەت دەتوانرێت یاری بە ئیرادەیان بکرێت بە گوێرەی خواست و ویستی ئەو کەسانەی دەیانەوێت گەمەکاریان پێبکەن.

لە سەدەی ٢١دا، هەڕەشەی چەکە ناووکییەکان بە چەشنی سەدەی رابردو بەرچاو نییە، بەڵام بەکارهێنانی چەکی بایەلۆژی، زیرەکی دەستکرد بۆ رۆچوون لە نێو پرسە و بابەتە شەخسییەکانی هاووڵاتیان ئیدی لە چوارچێوەی وڵاتەکەدا بێت یان نا، و لە هەمووشی گرنگتری، کۆکردنەوە و بەکارهێنانی داتایەکی زۆری

لە پێناو بڕیاردانە سیاسی یان کۆمەڵایەتییەکان، دۆخێك دروست دەکات کە تەنها دەتوانرێت لەلایەن ئەوانەوە بەڕێوەببردرێت کە وەك پێویست توانای (هزری، رۆشنبیری و جەستەییان هەیە) کە بەوپەڕی تواناکانیانەوە دەتوانن وێنایەکی گشتگیری ئایندەی جیهان بکەن و لێی تێبگەن. لەم روانگەیەوە، پێویستە گۆڕانکاری پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرکردەکان بکرێت بۆ ئەوەی رێگەخۆش بکرێت بۆ ئەو کەسانەی کە هەر تەنها لە ئاڵۆزییەکانی رووداوەکانی ئێستا تێدەگەن، بەڵکو دیدگایان هەیە بۆ چارەسەرکردنی تەحەددییەکانی ئێستا و ئایندە بە گرتنەبەری ستراتیژیەتی داهێنانکارانە. چونکە ئاڵۆزییەکانی پەیوەست بە گۆڕانی کەشوهەوا، تیرۆریزمی جیهانی، ئاڵۆزی بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان کە تۆڕێکی فرەنەتەوەیی لەخۆدەگرن، جوڵەی خەڵك و زانیاری بوونەتەهۆی ئەوەی ئەم جیهانە چەشنی تەونێکی گەورەی جاڵجاڵۆکەی لێبێت کە هەر تەونێك بەوی دیکەوە گرێدراوە و زەحمەتە بتوانیت سەرچاوەی تەونە بنەڕەتییەکە بدۆزیتەوە.

لەم بارودۆخەدا، کە ئاڵۆزی و پرۆسێسکردنی زانیاری نوێ لە هەر خولەکێکدا حاڵەتێکی سروشتی نوێیە، ئەوا مومکین نییە بە میکانیزمێك کە چەندین سەدەیە پیادە دەکرێت، سەرکردەکان هەڵبژێردرێن. لەم سۆنگەیەوە، ئینتەلێکتۆکراسی میکانیزمێکی نوێ دەستەبەر دەکات و ئایدیایەکی نوێ بڵاو دەکاتەوە بۆ هەڵبژاردنی سەرکردەکان نەك تەنها لەبەر ئەوەی جەماوەریان هەیە یان بەهۆی پرۆسەی دەنگدانەکەوە، بەڵکو لەسەر بنەمای ئاستی خوێندەواری، ئەزمون و تێگەیشتنیان لە کاروبارە نەتەوەیی و جیهانییەکان، هەروەها لە رێی بەکارهێنانی دوایین تەکنەلۆژیاوە. هەروەها پێویستە سەرکردەکانی وڵاتە پێشەنگەکان (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەریتانیا، ئەڵمانیا، فەڕەنسا، هتد) بخرێنە بەردەم بەرپرسیارێتییەکانیان لە رێی پرۆسەی ئینتەلێکتۆکراسیەوە لە پێناو بەدیهێنانی ئاشتی و سەقامگیری جیهانی. ئەمەش تەنها ئەو کاتە روودەدات کە جیهان تێبگات لەوەی کە پێویستمان بە دەستورێکی جیهانی و هەموارکردنێکی بە پەلەی ئەو دەستوورانە هەیە کە لە ئارادان یاخود بەدیلی دیکە بگیرێتەبەر بۆ رێگا خۆشکردن بۆ ئەو کەسانەی توانای پێویستیان هەیە نەك تەنها بۆ حوکمڕانیکردن و ئاڵوگۆڕی

دیدگا لەگەڵ هاوڵاتییەکانیاندا، بەڵکو لەگەڵ هاوڵاتییەکانی جیهانیشدا.

## ١-٤ تێڕوانینە سەرەکییەکان

- بۆی هەیە ئینتەلێکتۆکراسی ببێتە بەدیلی دیموکراسی لە ئایندەدا
- ئینتەلێکتۆکراسی کێشەی نییە لەگەڵ پەیڕەوکردنی ئەو بەهایانەی لەلایەن لیبراڵیزمەوە برەویان پێدراوە (مافەکانی مرۆڤ بۆ تاکەکەسەکان، ئازادی قسەکردن، بڕیاردانی تاکەکەسی، و هتد)
- لە راستیدا ئینتەلێکتۆکراسی بنیاتنراوە لەسەر بیرۆکەی شیلیزیم- کە پێی وایە مافی سیاسی دەنگدانی تاکەکەسی دەبێت لەسەر بنەمای ئاستی خوێندەواری، ئەزمون و مەعریفە بێت.
- ئینتەلێکتۆکراسی گونجاوترین سیستمی سیاسییە بۆ سەدەی ٢١ لەبەر ئەوەی زەحمەتە ئەو سەرکردە سیاسییانەی لە رێی سیستمی سیاسی ئێستاوە هەڵدەبژێردرێن بتوانن چارەسەری تەحەددییەکانی ئەم سەدەیە بکەن.
- ئینتەلێکتۆکراسی برەو بە بیرۆکەی پێدانی مافە سیاسیەکانی دەدات لەسەر بنەمای کارامەییە خوڕس و بەدەستهاتووەکان نەك تەنها لەسەر بنەمای مرۆڤبوون.
- ئینتەلێکتۆکراسی پەیڕەوی لەو بیرۆکەیە دەکات کە پێویستە مافی دەنگدان بە گوێرەی کارامەیی و ئەزمونی کەسەکە هەڵسەنگێنرێت، نابێت مافی هەڵسەنگێنراوی دەنگدان بدرێت بە زیاتر لە ٢٠٪ی ئەو کەسانەی نێو دانیشتوان کە ئەهلیەتی دەنگدانیان هەیە و دەبێت یەك دەنگ بەلای کەمەوە ١ جار و ئەوپەڕی ٣ جار هەژمار بکرێت.
- ئینتەلێکتۆکراسی باوەڕی بە سەرکردایەتی جیهانییە، بە دەستورێکی جیهانی و بە بیرۆکەی چارەسەرکردنی کێشە جیهانییەکان بە دەستەجەمعی لە رێی هەڵبژاردنی سەرکردەی ژیر و بە تواناوە.
- لە هەناوی خۆیدا ئینتەلێکتۆکراسی میکانیزمێکی هەڵگرتووە بۆ روبەڕوبونەوە و چارەسەرکردنی کێشە تەکنەلۆژییەکان و پرسەکانی پەیوەست بە بارودۆخەکانەوە لە رێی هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی بە باشترین شێوە دەتوانن لەم کێشانە تێبگەن.

**٥. دەرئەنجام**

ئەم توێژینەوەیە جەختی لەسەر چەمکی ئینتەلێکتۆکراسی کردۆتەوە و چۆن ئەم چەمکە سەرچاوەی گرتووە لە باوەڕە کۆنەکە بە دیموکراسی و بۆچی گرنگە سیستمێکی سیاسی نوێ بگیرێتەبەر لە ئایندەیەکی نزیکدا و رەنگە لە ئایندەشدا. لەوەش زیاتر، تیشکی خستۆتەسەر فەلسەلە سیاسییە کۆنە جیاوازەکان لە نێویاندا سۆشیالیزم، کۆمۆنیزم، فاشیزم و لیبراڵیزم، و باوەڕێکی سیاسی نوێ دەخاتەڕوو –شیلیزیم، کە لە بنەڕەتدا جەخت دەکاتەوە لەسەر پێویستی گۆڕینی مافە سیاسیەکانی دەنگدان بۆ ئەوەی ئەم مافە لەسەر بنەمای ئاستی خوێندەواری، ئەزمون و تێگەیشتن لە بارودۆخی دەرەکی بدرێت.

توێژینەوەکە وردەکاری لەخۆگرتووە لەبارەی ئینتەلێکتۆکراسی و لەبارەی ئەوەی چۆن ئەمە سیستمێکی سیاسی سوودمەندە و ئەو تەحەددی و کێشانە لەبەرچاو دەگرێت کە خەڵکی لە سەدەی ٢١دا رووبەڕوویان بوونەتەوە، ئەویش لە رێی هەڵبژاردنی سەرکردە سیاسییەکان بە چەشنێکی ژیرانەو لە رێی بەکارهێنانی دوایین تەکنەلۆژییەوە. لەوەش زیاتر، جەختی کردۆتەوە لەسەر کەلێنەکانی ئەو سیستمە سیاسیەی دەستڕۆیشتوییەی ئێستا لە ئارادایە، کە بریتیە لە دیموکراسی. لە دەرئەنجامدا، توێژەر هەڵسەنگاندنی کردووە بۆ هەلومەرجی ئێستای جیهان کە پەرەی سەندووە بەهۆی سەرهەڵدانی زیرەکی دەستکرد و ئەندازیاری بایەلۆژی و دواتر ئەوانە گرێدەداتەوە بە سەرکردایەتی سیاسی ئێستای جیهانەوە.

لە کۆتاییدا، توێژەر بە شێوەیەکی گشتگیر دیراسەتی پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرکردایەتی سیاسی کردووە لە ئێستا و چۆن ئەم سەرکردانە- کە بەهۆی ئەم پرۆسەیەوە دەسەڵاتیان گرتۆتەدەست- ناتوانن لە کێشە نەتەوەیی و جیهانییەکان تێبگەن و بە شێوەیەکی داهێنانکارانە چارەسەریان بکەن. لەم روانگەیەوە، توێژەر پرۆسەیەکی سیاسی نوێی خستۆتەڕو بۆ هەڵبژاردنی سەرکردەکان لە رێی لەبەرچاوگرتنی توانای رۆشنبیری، جەستەیی و سیاسییانەوە بۆ ئەوەی توانای ئەداکردنیان هەبێت و سەرکردایەتی نەك تەنها هاوڵاتییانی وڵاتەکەکانیان، بەڵکو سەرکردایەتی هاوڵاتییانی جیهانیش بکەن.

## ژیانەوەی چین :

# ڕۆڵی (شی جین بینگ) لە گەیاندنی چین بە چەقی جیهان و سەرکردایەتی گۆڕەپانی سیاسەتی جیهانیی



وەرگێڕان و ئامادەکردنی :
کارۆخ عەبدوڵڵا ئاغا

شی، سەرۆکی چین، کۆبوونەوەی ساڵانەی کۆنگرەی نیشتمانی چینی قۆستەوە تا پەیامی سەرکەوتنی وڵاتەکەی بگەیەنێتە جیهان. شی لە ئاداری ٢٠٢١ لەبەردەم سێ هەزار نوێنەری حزبەکەی لە وتارێکدا ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی یەکەم وڵاتی جیهانە کە توانی بەسەر کۆرۆنادا زاڵ بێت، یەکەم وڵاتە کە پاش کۆرۆنا کەوتەوە کارکردن و بەرهەمهێنان و یەکەم وڵاتە پاش کۆرۆنا گەشەی ئابووری ئەرێنی بەدەستهێنا.

بە وتەی شی، ئەمەش دەرئەنجامی "هەبوونی متمانەیە بە ڕێبازەکەمان، تیۆرەکانمان، سیستەمەکەمان و کەلتورەکەمان". لە درێژەی وتارەکەی بە تۆنێکی شانازییەوە دەڵێ "لە ئێستادا کاتێک لاوەکانمان سەردانی وڵاتانی دەرەوە دەکەن، دەتوانن سەربەرزانە بوەستن و هەست بە شانازیی بکەن (مەبەستی شانازی کردنیانە بە هاوڵاتیبوونیان لە چین)، بە پێچەوانەی ئێمەوە کە لاو بووین".

لە دیدی شی، سەرکەوتنیان بەسەر ڤایرۆسی کۆرۆنا بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە کە وڵاتەکەی لەسەر ڕێڕەوی ڕاستە بەرەو بەدەستهێنانەوەی پێگەی مێژوویی خۆی وەکو سەرکردەی گۆڕەپانی سیاسەتی جیهان یاخود بوونەوە بە "چەقی جیهان".

کورتە نامیلکەی (مێژووی پارتی کۆمیونیستی چینی) کە مانگێک پاش ئەم وتارە بڵاوکرایەوە،هەمان بیرۆکەی وتاری شی دووپات دەکاتەوە. لە نامیلکەکەدا هاتووە کە شی توانیویەتی چین زیاتر لە "چەقی گۆڕەپانی نێودەوڵەتی جێگیر بکات، بە بەراورد بە سەرکردەکانی پێش خۆی و چین هەرگیز هێندە نزیک نەبووە لە دووبارە ژیانەوە".

لە ئێستادا لە زۆر ڕووەوە چین خاوەنی پێگەی گرنگ و سەرەکییە لە جیهاندا. وڵاتی چین خاوەنی گەورەترین هێزی بازرگانی



جیهانییە، گەورەترین سەرچاوەی پێدانی قەرزی نێودەوڵەتییە، خاوەنی زۆرترین دانیشتوانی جیهانە، هەروەها لە ئاستی جیهاندا لە ڕووی ژمارەوە گەورەترین هێزی سەربازییەو سەنتەری داهێنانی جیهانە. زۆرینەی شارەزایان پێشبینی دەکەن کە بەرهەمی ناوخۆیی ڕاستەقینەی (GDP) وڵاتی چین تا ساڵی ٢٠٣٠ ئاستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تێدەپەڕێنێت و بەمەش دەبێتە خاوەنی گەورەترین ئابوری جیهان.

پەتای کۆرۆنا بۆ جیهانی سەلماند کە مامەڵەی چین لە هەمبەر ئاریشە نێودەوڵەتییەکان کاریگەری قووڵی لەسەر جیهان دەبێت.

لەگەڵ زەقیی خواستی شی بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی زیاتر و جێگیرکردنی چین لە چەقی گۆڕەپانی جیهان وەکو سەرکردەی نێودەوڵەتیی، بەشێک لە چاودێرانی سیاسیی دوو دڵن لەوەی کە پەکین مەبەستییەتی نەخشەی نێودەوڵەتی نوێ دابڕێژێت یاخود هەندێک گۆڕانکاریی لە نەخشەی جیهانی ئێستادا بکات تا لەم ڕێگایەوە پەرە بە چەند بەرژەوەندییەکی خۆی بدات. ئەوان پێیان وایە کە شێوازی مامەڵەی پەکین لە سیستەمی نێودەوڵەتی بەرگریکارانەیە و ئامانج لێی پاراستنی خودە (واتە چین) لە ڕەخنەلێگرتن، بەتایبەتی خۆپاراستنە لە ڕەخنەلێگرتنی نێودەوڵەتی لە شێوازی سیستەمی بەڕێوەبردنی چینی. ئەم دیدگەیە لە بیرۆکە و مەرامی شی بۆ داهاتووی وڵاتەکەی، وەکو سەرکردە لە کایەی نێودەوڵەتی، کەم دەکاتەوە.

بۆ سەرۆکی چین "جێگیرکردنی چین لە چەقی گۆڕەپانی نێودەوڵەتیی" واتە دڵنیابوونەوە لەوەی کە دەنگی وڵاتەکەی لە جیهان زیاتر ببیسترێت، بە واتایەکی تر، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا چین بە گۆڕانکاری ڕادیکاڵی لە نەخشەی جیهان دەبینێتەوە..

بۆ گەیشتن بەم ئامانجە ئەو پێی وایە چینێکی بووژاوە و یەکگرتوو توانای هەیە شان بە شان یاخود زیاتر لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە جیهاندا وەکو دەسەڵاتی سەرەکی لە ئاسیا ڕۆڵ بگێڕێت.

چین هێزە دەریاییەکانی خۆی بە جۆرێک پەرەپێداوە تا دەگاتە ناوچە کێبڕکێ لەسەرەکانی دەریاکانی ڕۆژهەڵات و باشوری چین. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە زەریای هێمن (پەسیفیک) پاشەکشەی

کردووە تا پێگەی خۆی جێگیرتر بکات وەکو زلهێزی ئەتڵەنتیک. ئەمەش بۆتە دەرفەت بۆ چین.

تۆڕی هاوپەیمانی ئەمریکی کە ٧٠ ساڵە دامەزرێنەری بەها ونۆرمەکانی گۆڕەپانی نێودەوڵەتییە، خەریکە بەرەو لاوازی دەڕوات، شی لە هەوڵدەدات ببێتە جێگرەوەی ئەم بۆشاییە لە ڕێگەی دانانی ڕێکاری کار لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا لەسەر بنەماکانی گفتوگۆ ودانوستان و کاری هاوبەش.

کاریگەریی ڕۆڵی چین لە کایەی نێودەوڵەتیدا بەهۆی گەشەکردنی ژێرخانی وڵاتەکە لە بەندەرەوە بۆ هێڵی ئاسن، فایبەر ئۆپتیک، سیستەمی دارایی ئەلیکترۆنی و مانگە دەستکردەکان زیاتر پەرەی سەندووە. کۆمپانیا چینییەکان کێبڕکێ دەکەن بۆ پێشەنگ بوون لە پەرەپێدانی ژێرخانی جیهانی لە سەدەی بیست و یەکدا ،بە هەمان شێوەی کۆمپانیا ئەمریکی و ئەوروپی و ژاپۆنییەکان پێشەنگی پەرەپێدانی ژێرخانی جیهانی سەدەی بیستیان دەکرد.

شی مەبەستییەتی توانا ئابورییەکانی وڵاتەکەی بقۆزێتەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجی دارشتنەوەی نەخشەی سیاسیی نوێی جیهانی. لە ئەگەری سەرهەڵدانی ئەم گۆڕانکارییە جیۆستراتیژییە ودروستبوونی جیهانی نوێی (چین – سەنتەری) china centric، نۆرم و بەها نێودەوڵەتییەکان گۆڕانکاری بەخۆوە دەبینێت. پاش جەنگی جیهانی دووەم، بەها دیموکراسییە لیبراڵییەکان لە قاڵبدەر و بنەمای نەخشەی سیاسەتی نێودەوڵەتیی بوون. پابەندبوون بە بیرۆکەکانی: مافی مرۆڤ، سەروەری یاسا، بازاڕی ئازاد، سنوردارکردنی دەست تێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری کۆمەڵایەتی هاوڵاتیان بوونە بنەما. دامەزراوە و یەکەی نێودەوڵەتی پێکهێنرا و یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان داڕێژرانەوە بۆ پەرەپێدانی ئەم بەهایانە.

شی لە هەوڵدایە ئەم بەهایانە بگۆڕێت بە جۆرێک باڵادەستی و زاڵیی دەوڵەت زیاتر ڕێپێدراو بێت لە پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتییدا. لەنێو ئەو سیستەمەی ئەو کاری بۆ دەکات، ڕێکخراو و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان، یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان و تەکنەلۆجیا پەیوەست دەبن بە پەرەپێدان و ڕێپێدانی باڵادەستی دەوڵەت. لێکەوتەی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆی ئەم سیستەمەش

سنوردارکردنی ئازادیی تاک و بازاڕی کراوە دەبێت.
بەپێی بەها نوێیەکانی شی، دەوڵەت مافی دەبێت کۆنترۆڵی جووڵەی زانیاری و سەرمایە بکات لە ناوەوەی سنورەکانی و پشکنین و چاودێریی سەربەخۆ لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان سنوردار دەکرێت.
کاربەدەستان و زانایانی چین لەو باوەڕەدان کە جیهان خوازیار و پشتگیری دیدی (شی)یە بۆ سیستەمی حکومڕانی نێودەوڵەتی و ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەیە لە وتارەکانیان: "ڕۆژهەڵات لە هەڵکشاندایە و ڕۆژئاوا لە داکشاندایە".
بەڵام لە ڕاستیدا وڵاتانی جیهان، پاش ئەوەی زیاتر تێچووی سیاسی و ئابوریی و کەلتوریی ئەم ڕوانگەیەی (شی)یان بۆ ڕوونتر دەبێتەوە، تا دێت کەمتر خۆیان لەم مۆدێلەی حکومڕانی گۆڕەپانی نێودەوڵەتی دەبیننەوە.
لە کۆنگرەی گەلانی چین، شی بەوپەڕی متمانە بەخۆبوونەوە خستیەڕوو کە جیهانی داهاتوو بۆ چین دەبێت. هەر ئەم متمانە بەخۆبوونە زۆرە پێدەچێت ببێتە کۆسپی گەورە بۆ چین و گەیشتبێتە ڕادەی لوتبەرزییەک کە ڕێگە نەدات ئەو بەربەستە گرنگانە ببینن کە بۆتە ڕێگر لەبەردەم پەکین بۆ گەیشتن بە مەرامەکانی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی.
پێ دەچێ سەرکەوتنی شی لە کایەی نێودەوڵەتیدا پەیوەست بێت بە خۆگونجاندنی لەگەڵ ئەو کۆسپانەی دێنە ڕێی. نەخشەی جیهان هەر دەبێ بەسەر دارشتنەوە و گۆڕانکاریدا بڕوات، بەڵام خۆنەگونجاندنی شی دەکرێ ببێتە هۆکار تا نەخشە سیاسییە نوێیەکە بەو شێوەیە نەبێت کە ئەو مەبەستییەتی.



**ڕێکخستنەوەی ناوخۆیی:**

شی پێی وایە ڕێکخستنەوەی نەخشەی جیهان پەیوەستە بە ڕێکخستنەوە یاخود یەکگرتنەوەی نەخشەی چین، لە وتاری ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ دەڵێت "ئەرکە مێژووییەکەی یەکگرتنەوەی سەرتاسەری وڵاتی دایک (مەبەستی چینە) دەبێت بەدی بێت، بەدیش دێت". لێرەدا جەختکردنەوە لە سەروەریی ناوچە ناکۆکیی لەسەرەکانی (هۆنگ کۆنگ، تایوان، دەریای باشوری چین) لەنێو وڵاتی چین بە زەقیی بەدی دەکرێت.

لە ساڵی ٢٠٢٠ چین یاسای ئاسایشی-نیشتمانی بەسەر هۆنگ کۆنگدا سەپاند بەمەش کۆتایی بە بیرۆکەی (یەک وڵات و دوو سیستەم) هێنا کە ساڵی ١٩٩٧ کارا کرابوو لەلایەن لەندەن و پەکین پاش ڕادەستکردنی هۆنگ کۆنگ لە ماوەیەکی زۆر کەم چین توانی پابەندبوونی هۆنگ کۆنگی بە پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ و سەروەریی یاسا پشت گوێ بخات و وەکو شارێکی چین مامەڵەی لەگەڵ دەکات.

لە قۆڵێکی ترەوە شی سەرکەوتوو بوو لە گەڕانەوەی دەسەڵاتی وڵاتەکەی بۆ دەریای باشوری چین. ٧ دوورگەی دەستکردی لە دەریاکەدا دروست کردووە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و سەربازیی گەیاندۆتە چەندان دوورگە و کەنار دەریاکانی ناوچەکە. تا دێت هێزە دەریاییە بەهێزەکەی، پاسەوانانی کەنار دەریا، کەشتییە ماسیگرە زەبەلاحەکانی لە ناوچەکەدا زیاتر جێگیر دەکات. ئەمەش تا ڕادەیەک بۆتە هۆکاری دڵەڕاوکێ بۆ (برونێی، مالێزیا، فلیپین، تایوان و ڤێتنام). چین بەردەوامە لە کشاندنی ڕکێفی دەسەڵاتی لەنێو ئاوە ناکۆکیی لەسەرەکانی ئەو دەڤەرە.

لەلایەکی تر، چین سوودی لە ماوەی هەبوونی پەتای کۆرۆنا و سەرقاڵی جیهان وەرگرت بۆ زیاتر سەپاندنی دەسەڵاتەکانی لە ناوچەکەدا.لەو ماوەیەدا زیاتر لە ١٠٠ ڕۆژ کەشتییەکانی لەنێو ئاوەکانی کەناری ژاپۆن بەتایبەتی لە دەوری دوورگەی کێشە لەسەری (سێنکاکو) کە چین بە دوورگەی (دیاوبۆ) ناوی دەبات هاتوچۆ پێ کرد. لە هەمان کاتدا کەشتییەکانی پاسەوانیی دەریای چین، کەشتییەکی ماسیگری ڤێتنامییان نقوم کرد. فڕۆکە جەنگییەکانی بەسەر ئاوە ناکۆکیی لەسەرەکانی نێوان مالیزیا و چین فڕاند. هەر لە هەمان سەردەمی پەتای کۆرۆنا و پاش ٤٠ ساڵ چین و هیندستان لە یەکەم ململانێی سنووریی تێوەگلانەوە.

پێ دەچێت لەلای شی گرنگترین بەش تایوانە و پێی وایە نەخشەی چین بەبێ تایوان کامڵ نیە، لە کۆنگرەی ١٩ی حزبەکەی لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، گەڕانەوەی تایوانی بۆ ژێر ڕکێفی چین بە چواردەهەمین خاڵ لە ڕووی گرنگییەوە ڕیزبەند کرد. لەنێو بیرۆکەی "زیندووبوونەوە مەزنەکەی چین" تایوان تایبەتمەندیی خۆی هەیە. لە هەمان کۆنگرە ڕایگەیاند "هاوڵاتیانی هەردوو لا (واتە چین و تایوان) یەک خێزانن و خوێنی هاوبەشیان هەیە، هیچ کەس ناتوانێت ئەو دەمارەی ئێمە بەیەکەوە دەبەستێتەوە ببڕێت".

شی لە ماوەی دەسەڵاتی، (تسای ئینگ وێن)ی سەرۆکی تایوان بە جیاخواز و سەربەخۆیی خواز تۆمەتبار دەکات. لە چەند وتارێکی دا شی جەختی کردۆتەوە کە تایوان لە ماوەی دەسەڵاتی تسای ئینگ وێن بەرەو (سەربەخۆیی و جیابوونەوە) هەنگاوی ناوە و بە دیدی ئەو ئەمە "بەهێزترین مەترسی شاراوەیە لەسەر زیندووبوونەوە مەزنەکەی نەتەوەی چین". پاش وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن تسای ئینگ وێن، لە ساڵی ٢٠١٦، چین دایەلۆگی لەگەڵ تایوان ڕاگرت و ڕێگری لەبەردەم گەشت و گوزاری چینیەکان بۆ تایوان دانا. لە دەرئەنجامی ئەمەش ڕێژەی گەشتیاری تایوان لە ٤٠٢ ملیۆن لە ٢٠١٥ بۆ ٢٠٧ ملیۆن لە ٢٠١٧ کەمی کرد و داهاتی گەشتیاری تایلەندی لە ٤٤,٥ ملیارد دۆلار بۆ ٢٤,٤ ملیارد دۆلار دابەزی.

لە ڕووی دیپلۆماسیەوە، چین ٧ لەو ٢٢ وڵاتەی کە تایوان وەکو بەشێک لە چین دەناسێنن قایل کرد کە مامەڵە دیپلۆماسییەکانیان لە تای پەی بگوێزنەوە بۆ پەکین.

هەوڵەکانی شی لە دژایەتی کردنی تایوان تا دێت خواستی تایوانییەکان بۆ سەربەخۆیی زیاد دەکات. تایوانییەکان تا دێت باوەڕیان بە بیرۆکەی (یەک وڵات و دوو سیستەم) نامێنێت بەتایبەتی دوای بەسەرهاتەکانی نێوان پەکین و هۆنگ کۆنگ.

وەکو چاوەڕوان دەکرا، لێکەوتەی دژایەتی شی بۆ تایوان پشتگیریی بەرچاوی وڵاتانی جیهانی بەدوای خۆیدا هێنا بۆ تایوان. ژاپۆن و چیک و لیتوانیا و سلۆڤاکیا بە فەرمی پێشوازییان لە وەزیری دەرەوەی تایوان کرد بۆ وڵاتەکانیان. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لەلای خۆیەوە لە هەوڵدایە بۆ جێگیرکردنی کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای نێودەوڵەتی نوێ تا زەمینە بۆ ئەندامبوونی تایوان لە ڕێکخراوە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان خۆش بکات.

### لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:

چین لە ئێستادا لە هەوڵی هەمیشەییدایە بۆ بەهێزکردنی پێگەی وڵاتەکەی وەکو هێزی سەرەکی و سەرکردەی ئاسیا – پەسفیک. ئەو پێی وایە وڵاتانی ئاسیا – پەسفیک "خێزانێکی گەورەن" و " ناوچەکە بەبێ چین ناتوانێت پەرە بسێنێت" و "چینیش بەبێ ئەم ناوچەیە گەشە ناکات". سەرکردەکانی چین پێیان وایە وڵاتانی ئەم ناوچەیە ڕاستەوخۆ بەستراوەی گەشەی بازرگانیی و تەکنەلۆژی و ژێرخانی چینن و پەیوەندی هاوبەشی شارستانیی و کلتوریی لەنێوانیاندا هەیە.

شی تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە لە بوونی بە سەرۆکی ئابووری ناوچەی ئاسیا – پەسفیک. لە ئێستادا چین بەهێزترین هاوبەش و هاوکاری بازرگانی زۆرینەی وڵاتانی ئاسیایە. لە ساڵی ٢٠٢١ (کۆمەڵەی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا) چینیان وەک هاوبەشی سەرەکی بازرگانیی و ئابووریی کۆمەڵەکە ناساند. ئەم کۆمەڵەیەش پێک دێت لە تایلەند، میانمار، فلیپین، کەمبۆدیا، سەنگاپۆر و مالیزیا و تیمۆرلێست.

لە ساڵی ٢٠٢٠ چین دانوستانی هاوبەشی ئابووری بەکۆتا گەیاند لەنێوان وڵاتانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ئوسترالیا و ژاپۆن و نیوزلەندا و کۆریای باشور. لەم دانوستانەدا نەخشەڕێگای پەرەپێدانی ئابووری ناوچەکە نەخشێندرا بە ڕابەرایەتی چین. لەلایەکی دی چین بووە ئەندام لە ڕێکەوتنی (بازرگانی ئازادی ترانس – پسفیک) کە بە ڕابەرایەتی ژاپۆن ئەنجام درا.

بەمەش چین ئەندامە و بەشداری کاریگەر و باڵادەستە لە دوو گرنگترین ڕێککەوتننامەی بازرگانی ناوچەکە و گرنگترین یەکەیە لە ئابوری دینامیکترین ناوچە لە جیهاندا.

شی نەیتوانیوە هەمان سەرکەوتنی ئابووری بەدەستبهێنێت لە جێگیرکردنی پێگەی وڵاتەکەی وەکو سەرکردەی ئاسایشی ناوچەکە. ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تا ئێستاش خاوەنی پێگەی سەرکردەی ئاسایشی ناوچەکەیە.

لە ساڵی ٢٠١٤ پەکین لە هەوڵی دامەزراندنی یەکەیەکی ئاسایشی ئاسیاییدا بوو کە لەلایەن خودی وڵاتە ئاسیاییەکانەوە بەڕێوە ببرێت. هەر بۆ ئەم مەبەستە وەزیری بەرگری وڵاتەکە پەیامی "پێویستە دەوڵەتانی ئاسیا پابەندبن بەوەی کێشەکانی خۆمان بە ڕاوێژ لەنێو خۆمان چارەسەر بکەین"ی دەگەیاندە سەرکردەکانی ناوچەکە. بەڵام

جووڵە سەربازییەکانی چین و خۆسەپاندنی لە ناوچەکە بوونەتە بەربەست لەبەردەم شی بۆ بەدیهێنانی ئامانجی بوون بە سەرکردەی ئاسایشی ناوچەکە.
بە پێچەوانەی خواستەکانی شی و لە دەرئەنجامی مامەڵەی چین لەسەر بابەتەکانی پەیوەست بە ئاسایشی ناوچەکە، هاوپەیمانی کوراد (هاوپەیمانی گفتوگۆی ئاسایشی چوارقوڵی) تا دێت بەهێزتر دەبێت. هاوپەیمانی کوراد پێکدێت لە ئوستراليا، یابان، هندستان و ئەمریکا وەک گفتوگۆکاری سەرەکی و نیوزلەندا و کۆریای باشوور و ڤێتنام وەکو گفتوگۆکاری لاوەکی.
لە هەمان کاتدا هەوڵ هەیە بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی نوێ پەیوەست بە ئاسایش ناوچەکە لەنێوان ئوستراليا و بەریتانیا و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.
دەرئەنجامێکی تری مامەڵەی چین لەگەڵ پرسی ئاسایشی ناوچەکە، زیاتر لێک نزیکبوونەوەی وڵاتانی ئەوروپیە و هەوڵی زیاتریان بۆ تێوەگلان لە ئاسایشی ئاسیا وەکو فەرەنسا و ئەڵمانیا و هۆڵەندا.
تەنانەت لە بەرەی نزیکتر لە چین، رۆدریگۆ دۆتێرتری سەرۆکی فلیپین، کە هەمیشە خۆی وەک دۆستی چین پێناسە کردووە، هەوڵی داوە پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا بەهێز بکات پەیوەست بە بەرگریی و ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەی، پێش ئەوەی پۆستەکەی جێبهێڵێت.

**بابەتە سەرەکیەکانی ئێستای شی:**

جێبەجێکردنی پرۆژەی (پشتێن و ڕێگاوبان) (BRI) (Road and Belt Initiative)، خولیای شی بۆ بەدەستهێنانی پێگەی ڕابەر یا چەقی گۆڕەپانی جیهان بۆ وڵاتەکەی زۆر بەڕوونیی دەخاتە ڕوو.
ئەم پرۆژەیە لە ڕێگەی سێ ڕێگای وشکانیی و سێ ڕێگای ئاویی، چین دەبەستێتەوە بە ئاسیا و ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە. ئەمەش لەلایەک، هێنانەدی خەونی چینە بۆ بوونەوە بە چەقی جیهان بەشێوەیەکی فیزیکی و لەلایەکی تر، زیندووکردنەوەی یادەوەرییە مێژووییەکەی ڕێگای ئاوریشمە کە ئەوکات و لە سەردەمی ئیمپراتۆریەت چین چەقی جیهان بوو.
پرۆژەی BRI لە ئێستادا بەشێوەیەک پەرەی سەندووە کە ڕەهەندی دیجیتاڵی و تەندروستی و وزەش دەگرێتە خۆی و هەموو وڵاتانی جیهان دەتوانن تێیدا بەشدار بن.

خەسڵەتێکی گرنگی ئەم پرۆژەیە شێوازی دابینکردنی سەرچاوەکانی پرۆژەکەیە. چین ئەرکی دابینکردنی سەرچاوەی دارایی و دەستی کار و کەرەستەی پرۆژەکەی گرتۆتە ئەستۆ بەشێوەی ڕاستەوخۆ و بەبێ بەشداریی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەکو بانکی جیهانی یاخود بانکی گەشەپێدانی ئاسیا. بەم شێوەیەش کات بەفیڕۆدان زۆر کەمتر دەبێت و پابەندبوون بە ڕێکارەکانی شەفافیەت، ژینگە و زۆر بابەتی تر نابنە بەربەست لەمەڕ جێبەجێکردنی پرۆژەکە. بە واتایەکی تر مۆدێلی کارکردن و گەشەپێدانی چینی لەم پرۆژەیەدا بەجیهانیی کراوە.

پرۆژەی BRI توانیویەتی چین لە چەقی جیهان جێگیر بکات لە هەردوو ڕووی ئایدۆلۆژی و فیزیکیی واتە ڕەهەندی جوگرافیای و دارایی و کارگێڕیی و کەلتووریی و تەکنەلۆژیی و سیاسییش دەگرێتەوە.

پرۆژەی BRI، لە ڕێگەی هێڵی شەمەندەفەر و ڕێگاوبان و پردی نوێ و بەندەر و کێبلی فایبەر ئۆپتیک و تۆڕی 5G، کاردەکات بۆ هێنانەدی خەونی شی لە بوونەوەی چین بە چەقی جیهان و گەیەندراوەتە زیاتر لە ٦٠ وڵات بە تێچووی ٢٠٠ ملیار دۆلاری ئەمریکی.

لە ئێستاوە کاریگەری ئەم پرۆژەیە لە وڵاتانی جیهان بەدی دەکرێت. لە پاکستان بۆتە هۆکاری سەرهەڵدانی پرۆژەی نوێی وزە، ڕێگاوبان، نوێکردنەوەی ژێرخانی دیجیتاڵی و نوێکردنەوەی بەندەری (گوادارا).

لە یۆنان کاریگەرییەکان سنووردارترن، بەڵام



ئەرێنین وەکو بووژاندنەوەی بەندەری (پێبرایۆس) لە ڕێی وەبەرهێنانی چین. پاش نۆژەنکردنەوە ئەم بەندەرە دەبێتە یەکێک لە بەندەرە سەرەکییەکانی ئەوروپا و یەکێک لە ٥٠ بەندەرە گرنگەکانی جیهان. لە بەڕازیل، کاربەدەستان و شارەزایانی بواری گەشەپێدان پێیان وایە ئەم پڕۆژەیە جگە لە بوون بە هۆکار بۆ پەرەسەندنی ژێرخانی وڵاتەکەیان، بۆتە مایەی پەرەپێدانی داهێنان و تازەگەریش.

وەکو لە وتاری ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ ئاماژەی پێدا، شی پڕۆژەی BRI وەک ئامرازێک دەبینێت تا بەها کەلتوریی و کارگێڕی و سیاسییەکانی وڵاتەکەی بگوێزێتەوە بۆ گەلانی تری جیهان.

بۆ نموونە تانزانیا، یاسای ئاسایشی ـ ئەلیکترۆنی وڵاتەکەی لەسەر مۆدێلی چین ڕێکخستەوە و لە هەوڵدایە سوود لە ئەزموونی چین وەربگرێت بۆ ڕێکخستنەوەی جووڵەی سۆشیال میدیا و جووڵەی زانیاری ئەنتەرنێت لە وڵاتەکەی. حزبە سیاسییەکانی ئەسیوپیا، ئەفریقیای باشوری، سوودان بەشداری بەرنامەی ڕاهێنانی حزبی کۆمیونیستی چینیان کردووە بۆ سوود وەرگرتن لە ئەزموون و مۆدڵیانی ئەو پارتە لە بەدامەزراوەیی بوون، پڕۆپاگەندە و پەیوەندییە ناوخۆییەکان.

پڕۆژەی BRI و خەونەکانی شی لەگەڵ ئەوەی سوودی گەیاندۆتە ئەو دەوڵەتانەی تا ئێستا لە پڕۆژەکە تێوەگلاون لەڕووی گەشەسەندنی ژێرخانی ئابوریی و تەکنەلۆژیی، چەندەها کێشەی قەبەشی لەگەڵ خۆی بۆ ڕاکێش کردوون وەکو ئاستی بەرزی قەرز، گەندەڵی، تێکدان و پیسکردنی ژینگە و ناڕەزایی دەستی کار.

دەنگی ناڕەزایی لە دانیشتوانی چەندەها دەوڵەتی تێوەگلاوی ئەم پرۆسەیە سەری هەڵداوە. لە کازاخستان چەندین خۆپیشاندان کراوە دژی تێکدانی ژینگە و بەکارهێنانی کارمەندانی چینی لەلایەن کارگە چینییەکانەوە. بەهەمان شێوە و لەبەر هەمان هۆکار خۆپیشاندان کەمبۆدیا و زامبیاشی گرتۆتەوە.



وڵاتانی کامێروون، ئەندەنوسیا، کێنیا و پاکستان ناڕەزایی خۆیان لە هەبوونی گەندەڵیی و نا شەفافیەت لە پڕۆژەکە خستۆتەڕوو.
وڵاتانی ئازەربایجان و مەنگۆلیا لەو باوەڕەدا نین سوودەکانی پڕۆژەکە توانای قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی هەبێت کە بەهۆی پڕۆژەکەوە بە وڵاتەکەیان دەگات.
پێدەچێ پەکینیش دەستی کردبێت بەچاوخشاندنەوە بە پڕۆژەکەدا. ئاستی وەبەرهێنان لەپاش ساڵی ٢٠١٦ بەشێوەیەکی بەردەوام لە دابەزیندایە. دەنگۆ هەیە پڕۆژەی BRI ئامانجە سیاسیەکانی (شی) ی لە ئاستی خوازراودا نەپێکا بێت. بۆ نموونە هیچ پەیوەندییەکی ئەرێنیی بەدی ناکرێت لە نێوان ئاستی وەبەرهێنانی چین لە پڕۆژەی BRI و زیادبوونی پشتیوانی وەرگرانی ئەو وەبەرهێنانە بۆ چین لە پرسە گرنگەکانی وەک هۆنگ کۆنگ و دەریای باشوری چین و شینجیانگ.
یەکێکی تر لە ڕێکارەکانی شی گرتوویەتیە بەر بۆ بەگەیشتن بە مەبەستی جێگیرکردنی چین لە چەقی گۆڕەپانی جیهان، گەیاندنی زمان و کەلتوری چین بە جیهان لە ڕێگەی (ئینستوتی کۆنفوشیوس) و دامەزراندنی ئەم ئینستیوتەیە لە زانکۆ و پەیمانگاکانی دەرەوەی وڵات. لە دەستپێکی ئەم پڕۆژەیە، بۆ زۆرێک لە دامەزراوە پەروەردەییەکان، پاڵپشتی دارایی چین بۆ دامەزراوەکانیان زۆر گرنگ بوو و بیرۆکەکە بە گەرمی پێشوازیی لێکرا. هەر بۆیە لە سەرەتادا زۆر بە خێرایی لە جیهان تەشەنەی سەند بەڵام لە ئێستادا بەرەو کزیی دەچێت.
لە ڕێگەی ئەم پڕۆژەیە چین چەندین گرێبەستی لەگەڵ زانکۆ و پەیمانگاکانی وڵاتانی دی واژووکرد و بابەتی پێشکەشکراو لە خولەکان و وانەبێژەکانی ئەم ئینستوتانە لەلایەن پەکینەوە دیاری دەکران. هەندێک جار لە ڕێی ئەم ئینستوتانەوە دەستێوەردان دەکرا لە کاری زانکۆکان بۆ نمونە ڕێگریی لە میوانداری کردنی دالای لاما. لە بەر ئەم هۆکارانە مامۆستایانی زانکۆی کەنەدا، سویدو ئەمریکا و وڵاتانی دی پرسیاریان لەسەر ئامانجی ئەم ئینستوتانە لا دروست بوو. لە پلاندا بوو تا ساڵی ٢٠٢٠، یەک هەزار ئینستوتی کۆنفوشیوس لە جیهاندا بکرێتەوە بەڵام تا ئێستا ٥٣٠ ئینستوت دامەزراوە.
کاریگەریی ئینستوتی کۆنفوشیوس و پێکانی ئامانجەکانی وەک هێزی نەرم لە ئاستی

خوازراوی شیدا نەبوو. چین ٦١ ئینستوتی لە ئەفریقیا دامەزراندووە، بەڵام هێشتا زۆرینەی هاووڵاتیانی وڵاتانی ئەفریقیا پێیان وایە زمانی ئینگلیزی گرنگترین زمانە بۆ فێربوون و پاش ئەویش زمانی فەرەنسییە. لە کازاخستانیش، لەگەڵ ئەوەی کچی سەرۆک وەزیرانی پێشووی وڵاتەکە داکۆکیکارێکی سەرسەختی پەرەپێدانی زمان و کەلتوری چینیە، لە ڕاپرسییەکی (بانکی گەشەپێدانی یۆرئاسیا) دەرکەوت تەنها ١ لەناو ٦ کازاخی، چین وەک "وڵاتی دۆست" هەژمار دەکەن.

**گەڕانەوە بۆ چەق:**

پرسیاری گرنگ لە ئێستادا ئەوەیە: ئایا چین لەژێر دەسەڵات و ئایدۆلۆژی شی لەڕووی ئابوورییەوە چۆن مامەڵە لەگەڵ وڵاتانی جیهان دەکات؟
نکۆڵی ناکرێت هێزی چین لە ئێستادا پەیوەستە بە توانا ئابوورییەکانی و دەکرێت بوترێت "لە ئێستادا چین بزوێنەری گەشەی ئابووری جیهانە". وڵاتان چاویان لەوەیە بزانن تا چەند ڕێگەیان پێ دەدرێت بەشێک بن لەو گەشە ئابووریەی کە چین ڕابەریەتی. بۆ زیاتر ئاشنابوون بە ڕێبازی چین لە گەشەی ئابووریی، دەکرێت پێداچوونەوە بکەین بۆ چەند ڕێکارێک کە شی گرتویێتیە بەر لە بەڕێوەبردنی ئابووریی.
مۆدێلی (دروستکراوە لە چین ٢٠٢٥ - Made in China 2025) یەکێکە لەم ڕێکارانە. لەم مۆدێلەدا شی هەوڵی بەرزکردنەوەی کۆنترۆڵی حکومەت دەدات بە مەبەستی پاراستنی بەرهەمەکانی چین لە کێبڕکێی دەرەکی. واتە پارادایمی ئابووری "دوو بازنەیی" دەگرێتەخۆ. بازنەی یەکەم، ئابوورییەکی خۆبژێو، کە تێیدا داهێنان و بەرهەمهێنان و بەکارهێنان ناوخۆیی بێت. بازنەی دووەم، بەردەوام بوون لە بەشداری کردن لە ئابووریی نێودەوڵەتیی لە ڕێگەی هەناردەکردن، زنجیرەی دابینکردن (Supply Chain) و هاوردەکردنی سنورداری سەرمایە و زانست.
مۆدێلێکی تری بەڕێوەبردنی ئابووریی شی، بریتیە لە زیادکردنی بەرچاوی دەسەڵات و کۆنترۆڵی حزبەکەی لە بڕیار و بەڕێوەبردنی کۆمپانیا چینییەکان. ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە زۆر لە وڵاتانی جیهان متمانە بە کۆمپانیا چینییەکان کەمبێتەوە. وڵاتان مەرجی زیاتر دادەنێن بۆ کۆمپانیا چینییەکان تا لە بازاڕەکانیان کار بکەن و کۆنترۆڵی

توونـدیـان دانـاوە لەسـەر هەنـاردەکردنی تەکنەلۆژیـای هەسـتـیـار بۆ کـۆمـپـانـیـا چینییەکـان. ئەمەش بەبیـانووی ئەوەی کە چـین کـۆمـپـانـیـاکـانی بەکـاردەهێنێت بۆ پەرەپێدانی ئەجێندای سیاسیی.

لەگەڵ ئەوەی پێگەی چین وەک سەرکردەی ئابووریی جیهـان لەنێو بـازاڕی جیهـانی، بازرگانی جیهانی و سـەرمایەداریی جیهان بەهـێـزە، بەڵام سـیـاسـەتەکـانی شی بە سـوودوەرگرتن لەم پێگەیە بۆ "گەڕانەوەی چین بۆ چەقی گۆڕەپانی سیـاسیی جیهان" ئەم هـێـزە بەرەو کەمـکردنەوە دەبـات نەک زیـادکردن. ئەرکی سـەرەکی شی لەوەدایە چۆن بـارێـک بخوڵقێنێـت کە سـەرمـایەی نـێـودەوڵەتـیـی و ئەکـتەرە ئـابـووریـیە زەبەلاحەکـان ڕازی بکـات لە هەمـان کـات ئامانجی گەیاندنی چین بە چەق بپێکێت.

شی بـۆ گەڕانەوەی وڵاتەکەی بـۆ چەق، لە هەوڵدایە هەمیشـە بۆ زیادکردنی دەسـەڵاتی چـیـن لەنـێـو ڕێـکـخـراوە و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و ئینستوتە جیهانییەکان.

شی چەندین جار و بەئاشـکرا وتویەتی کە پێویستە چین پێشەنگ بێت لە چاکسازیی و داڕشـتنەوەی سـیـسـتەمی حکومڕانیی نێودەوڵەتیی. لای شی گرنگترین ڕەهەنـدی ئەم چاکسـازییە گۆڕینی ئەو بەها و نۆرمانەیە کە سـیـسـتەمی حکومڕانیی نێودەوڵەتیی لەسـەر دامەزراوە و بە شـێوەیەک کە پاش گـۆڕانـکـاریـی، بەهـا نـێـودەوڵەتـیـیەکـان هاوتەریب بکات لەگەڵ بەهاکانی وڵاتەکەی.

بە بڕوای شی و زۆرینەی گەورە بەرپرسیارانی چین، ئەو ڕێسـا و یاسـا نێودەوڵەتیانەی کە ئێسـتا لە ئارادان و کاریان پێدەکرێت هیچ ڕەنـگـدانەوەیەکـی دەنـگ و ڕەنـگـی چـین وڵاتانی سـێهەمی تێدا بەدی ناکرێت بەڵکو بۆ پاراسـتنی بەرژەوەندی ژمارەیەکی کەمی وڵاتـانـی دیموکراسی لیبراڵی کـار دەکـات.

شی خـوازیـارە ئەو بەهـا و نـۆرمـانەی لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا چەسـپێنراوە، جێگـای بەهـاکـانی وڵاتەکەی بکەنەوە. بۆ نمـوونە: لای ئەو مـافی گەشـەپـێـدان و پەرەپێـدان دەبێ زاڵ بێـت بەسـەر مـافە سیاسیی و مەدەنییەکانی تاکەکانی جیهان و داوای جێگیرکردنی ستانداردی تەکنیکی دەکات کە ڕێگە بە دەوڵەت بدات کۆنترۆڵی هەبێت بەسەر جووڵەی زانیاری.

شێوازی کارکردنی شی بۆ گەیشتن بە چەقی گۆڕەپانی سـیاسـی جیهان و سـەرکردایەتی کـردنی جـیـهـان هەم تەکـنـیـکـی و هەم ستراتیژییە.

لەلایەکی دی ئەو لەهەوڵدایە بۆ بەشداری کارای چین لە دارشتنی نۆرم و بەهاکان لەو بەرە نێودەوڵەتییانەی کە هێشتا بە تەواوی پەرەیان نەسەندووە و لە دەستپێکدان و هاوتەریب کردنی ئەم بەهایانە لەگەڵ ئەوانەی وڵاتەکەی خۆی وەکو بەرەی بۆشایی ئاسمان و ئاو و جەمسەری باکوور.

لەسەر تەوەری رێساکانی پەیوەست بە جەمسەری باکوور، لەگەڵ ئەوەی چین نزیکەی ٩٠٠ میل لەو بازنەیەوە دوورە، شی زۆر بە سەرسەختانە هەوڵ دەدات بەشداری کارای هەبێت لە دیاریکردنی داهاتووی ئەم ناوچەیە. ئەمەش لە رێگای دابینکردنی سەرمایەی دارایی بۆ راهێنان و لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتەکانی پەیوەست بەم ناوچەیە، کارکردن لەگەڵ وڵاتانی نزیک لە ناوچەکە و داهێنان و دروستکردنی نوێترین و بەهێزترین کەشتی سەهۆڵ شکێن و زۆر بابەتی دی...

لەگەڵ ئەوەی شی کاردەکات تا بابەتی جەمسەری باکوور بکاتە خاڵی گفتوگۆی نێودەوڵەتیی و رۆڵی (زلهێزی نزیک جەمسەری باکوور) ببینێت، وڵاتانی جیهان بەگشتی و وڵاتانی نزیک جەمسەری باکوور بە تایبەتی تا دێت لە سەرکردایەتیی چین بۆ ئەم بابەتە ئەتەکێنەوە و کەمتر وەبەرهێنانی چین قبوڵ دەکەن پەیوەست بەم بابەتە بەبیانووی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییان.



**بەرەو کوێ؟**

خواستی چین بۆ دارِشتنەوەی نەخشەی جیهان، ئامانجێکی مەزن و گرانە.

بیرۆکەکانی: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک سەرکردەی گۆڕەپانی سیاسیی نێودەوڵەتیی، هاوپەیمانیەکەی لەگەڵ دیموکراتە لیبراڵەکانی جیهان و نەزمی لیبراڵی نێودەوڵەتیی پاش جەنگی جیهانی دووەم باڵی بەسەر جیهاندا کێشاوە و بەقووڵیی چۆتە نێو هزری حکومڕانیی نێودەوڵەتیی.

سەرکردەکانی چین بیانووی ئەوە دەهێننەوە کە دووریی چین لە سەرکردایەتی ئابووری و سیاسیی جیهان لە دوو سەدەی ڕابردوو بۆتە مایەی "زەرەری مێژوویی" بۆ جیهان. ئەوان پێیان وایە خۆری سەرکردایەتی ئەمریکا لە ئاوابووندایە. سەرکردەکانی چین و زۆرێک لە بیرمەند و چاودێرانی سیاسەتی نێودەوڵەتییەکان کۆکن لەسەر ئەوەی پەکین بەرەو سەرکەوتن و بەدەستهێنانی ئامانجەکانی هەنگاو دەنێ. شن دینگی، زانای بەناوبانگی جیهانی لە زانکۆی فودان، چین وەک "پێشەنگ (یاخود سەرکردەی) وڵاتانی جیهان لە سەردەمێکی نوێدا "ناو دەبات.

شی لە وتارەکانیدا ژیانەوەی چین (واتە بوونی چین بە سەرکردەی داهاتووی گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتیی و چەقی جیهان) بە داهاتوویەکی نکۆڵی هەڵنەگر وەسف دەکات. ئەم گەشبینیەی شی بێ بنەما نییە. چین توانیویەتی لە زۆر ڕەهەند پێشکەوتنی بەرچاو بەدەست بهێنێت. کاریگەریی ئەمریکا، بەهۆی نەبینینی ڕۆڵی سەرکردەی جیهانی لە زۆر بابەتدا، کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە. لەگەڵ ئەوەی چین لە چەند بەرەیەک سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، هێشتا جەنگەکەی نەبردۆتەوە.

سیاسەتەکانی شی لە مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتی وەک ڤایرۆسی کۆرۆنا (بە تایبەتی سیاسەتی لە هەمبەر کەلوپەلی پارێزگاریکردنی تایبەت (PPT))، دەستدرێژیە بەردەوامە سەربازییەکانی، سەرکوتکردنی هۆنگ کۆنگ، ناتەبایی و نائامادەیی لە کارکردن لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی لە گەڕان بەدوای هۆکاری سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا و زۆر بابەتی تر بوونەتە هۆکاری کەمکردنەوەی متمانەی نێودەوڵەتی بە چین.

شی دەیەوێت وێنەی وڵاتەکەی لەنێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بە "متمانەپێکراو،

خۆشەویست و ڕێزلێگیراو" بنەخشێنێت. پرۆژەکانی (پشتین و ڕێگاوبان BRI)، (ئەنتسوتی کۆنفوشیوس) و لێکەوتەی هەوڵەکانی بۆ دووبارە دارشتنەوەی (سیستەمی حکومڕانی نێودەوڵەتیی) داهاتووی قبوڵکردنی سەرکردایەتی چین لای وڵاتان ڕوونتر دەکاتەوە.

لە ئێستادا پێ ناچێت بیرۆکەی چین وەک سەرکردەی جیهانی ئەو بازارە گەرمەی هەبێت. ترس هەیە کە چین تەنیا مەبەستییەتی سوود لە مافەکانی وەک سەرکردەی جیهان وەربگرێت، بەڵام ئامادە نەبێت ڕووبەڕووی ئەو بەرپرسیاریەتانە بێتەوە کە ئەم ڕۆڵە لەگەڵ خۆی دەیهێنێت.

ئەگەری بەدیهێنانی ئامانجی شی لە "ژیانەوەی چین" پەیوەستە بە زۆر بابەتەوە و فرە ڕەهەندە. بابەتەکانی بەردەوامی چین لە گەشەسەندنی ئابووریی، گەشەی سەربازیی، پشتگیری سەرکردە باڵاکانی جیهان و بەردەوام بوونی لە گەیاندنی بیرۆکەی چین بە جیهان و لە هەمووی گرنگتر پشتگیریی گەلی چین نموونەی ئەو بابەتانەن، بەڵام لە ئێستادا گرنگترین بابەت کە شی پێویستە ڕووبەڕووی ببێتەوە، توانایەتی لە ناسینەوە و دانپێدانانی بەو دابڕانە قووڵ و مەزنەی لەنێوان چین و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا هەیە. مەبەست ئەو جیاوازییە زۆرەیە لە نێوان ئەوەی شی دەیەوێت بیگەیەنێتە جیهان و ئەوەی جیهان لەوی دەوێ.

---

Foreign Affairs – January / February 2022 – Volume 101.
Xi Jin Ping's New World Order, Can China remake the international system?
Elizabeth Economy